زستـان و بـەهـاری

# ئیسلامی سیاسی

عومەر عەلی غەفوور

زستان و بەهاری

# ئیسلامی سیاسی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عومەر عەلی غەفوور
زستان و بەهاری ئیسلامی سیاسی
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٠٥
چاپی یەكەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٢٩٨ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: ڕۆشنا ڕەشاد
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەكرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسكە ئەحمەد

ژێنك:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی كتێب
ISBN: 978-9933-487-76-8

## ناوەڕۆك

پێشەكی ........ ٩
بەشی یەكەم: ئیسلامی سیاسی لە چارەكە سەدەیەكدا ........ ١٣
– ئیسلامی سیاسی و ئەزموونی دەسەڵات ........ ١٥
– شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) ........ ١٥
– كودەتا سەربازییەكەی سوودان (١٩٨٩) ........ ١٦
– بەرەی ئینقازی جەزائیر و كودەتای سوپا ........ ١٧
– كۆماری چیچان ........ ١٩
– موجاهیدین و تاڵیبانی ئەفغانستان ........ ٢٣
– حكوومەتەكانی رەفا و فەزیلە و دادی توركیا ........ ٢٦
– عێراقی دوای سەدام ........ ٣٠
– هەرێمی كوردستان ........ ٣٢
– حەماسی فەلەستین ٢٠٠٥ ........ ٣٥
– ئیسلامی سیاسی پاش بەهاری عەرەبی ٢٠١١ ........ ٣٨
– تونسی بوعەزیزی ........ ٤٢
– میسری ئیخوان موسلیمین ........ ٤٣
– مەغریبی داد و گەشە ........ ٤٧
– لیبیای قەزافی ........ ٤٨
– یەمەن ........ ٥١
– ئیسلامییەكانی یەمەن ........ ٥٣
– سووریای ئەسەد و ئیخوان ........ ٥٥
– ئوردن ........ ٥٩
– وڵاتانی كەنداو: ڕاپەڕینی بەحرێن.. ستەم و ململانەی تایفی ........ ٦٢

- تەنگژەی کوێت ........ ٦٨
- عێراق و کوردستان ........ ٧٠
- بەهاری نیوەچڵی کوردستان ........ ٧٣
- ئیسلامییەکانی کوردستان ........ ٨٠
- پاش ٢٠٠٣ ........ ٨٨
- سستبوونی گەشەی ئیسلامییەکانی کوردستان ........ ٩٢
- بزاڤە جیهادییەکانی ئیسلامی سیاسی ........ ٩٥
- حەماسی فەڵەستین و فتوای کردەی خۆکوژی ........ ٩٩
- قاعیدە.. رێکخراوە ئەختەبووتییە ترسناکەکە ........ ١٠١
- ئەزموونی دەوڵەتە ئاینییەکانی ناوچەکە ........ ١٠٨
- پرۆژەی دەوڵەتی شەریعەت ........ ١٠٩
- ئێران ........ ١١٠
- سوودان ........ ١١٢
- دەسەڵاتی ئاینیی عەرەبستانی سعوودی ........ ١١٧
- ئەزموونی حکوومەتی داد و گەشەپێدانی تورکیا ........ ١٢١
- ئەزموونی دەسەڵاتی ئیسلامییەکانی عێراق ........ ١٢٦
- رۆئاوا و سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی ........ ١٣٣
- شۆڕش و دیکتاتۆریەت ........ ١٤١
- کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە! ........ ١٤٤
- ئیسلامی و عەلمانی.. بەهار و خەزان ........ ١٥٥

**بەشی دووەم: ئیسلامی سیاسی: فیکر و سیاسەت** ........ ١٦١
- عەقڵی ئاینی و عەلمانی هەڵگری بەشێك لە خەسڵەتەکانی یەکترن ........ ١٦٣
- توندڕۆیی ئاینی ........ ١٧٨
- لە سەید قوتبەوە بۆ بن لادن........ ١٨٣

– بزاڤە ئیسلامییەکان.. سەرەتایەکی پاکیزەیی و کۆتاییییەکی سەرگەردان ............ ١٨٩
– لەتبوونی حزبە کوردی و ئیسلامییەکان ........................................................................ ١٩٦
– ئیسلامییەکانی عێراق و کوردستان لە بەردەم... ........................................................ ٢٠٤

**بەشی سێیەم: ئاین.. سیاسەت.. بەهاری عەرەبی و کوردی** ........................................ ٢١٣
– ئاین و سیاسەت و دەوڵەتی ئاینی .................................................................................. ٢١٥
– رۆشنبیر و نوێکردنەوە و ئیسلامی سیاسی ................................................................... ٢٢٦
– ئیسلام.. نوێبوونەوە و سیکیولاریزم ................................................................................ ٢٤١
– ئاین و راپەرینەکانی بەهاری عەرەبی .............................................................................. ٢٥٣
– ئاین و مەلا و خۆپێشاندانەکانی هەرێمی کوردستان ...................................................... ٢٦٧
– بەهاری عەرەبی و سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی ............................................................ ٢٧٣
– حزبە ئیسلامییەکان.. دووری و دۆستیی ........................................................................ ٢٨٤
– ناسنامەی ئیسلامی و داهاتووی یەکگرتووی ئیسلامی... ................................................ ٢٩٠
– بەهاری عەرەبی: ئیسلامی سیاسی و دیموکراسی .......................................................... ٣٠٢

## پێشەکی

ساڵی ٢٠١١ ساڵێکی جومگەیی و وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەدڵنیاییەوە دەرهاویشتەی لەسەر وڵاتانی تری دنیا و هاوکێشە سیاسی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانیش دەبێ، تێیدا دۆخ و نەخشەی سیاسیی ئەو ناوچەیە بەجارێك گۆڕا و تا ئەم ساتەش کارلێکەکانی لە گەرمەی چالاکیی خۆیدایە و تەپوتۆز و بڵخاخی هەراکە دانەمرکاوەتەوە.

لە ساڵی ٢٠١١دا ئەو ناوچەیەی، وێڕای نارەزایی و ملململانە و نائارامییە بەردەوامەکانی ناوی، لە رووی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسییەوە لە حاڵەتی سڕبوونێکی سامناکدا بوو، دەسەڵات لەلایەن چەند حزب و بنەماڵە و کەسایەتییەکی مێژووییەوە بە زەبری ئاگر و ئاسن بۆ دەیان ساڵ کۆنترۆڵ کرابوون و هیچ تروسکاییەك بۆ شڵەقان و گۆڕانی ئەو دۆخە لە ئاسۆوە بەدی نەدەکرا، بەشێوەیەك رێژیمەکان لە داهاتووی خۆیان و نەوەکانیشیان لە دەسەڵاتدا ئەرخەیان بوون.

سەرۆکەکان تا تەڕایی لە جەستەیاندا مابوو دەستبەرداری کورسیی دەسەڵات نەدەبوون و بۆ دوای مەرگی موحەقەقیشیان کوڕەکانیان ساز و ئامادە دەکرد.

شا حوسێنی شای ئوردن (١٩٣٥–١٩٩٩) کە حەسەنی برای جێنشینی بوو، بەهۆی شێرپەنجەوە بڕستی لەبەر بڕابوو، چەند رۆژێك پێش مەرگی بە پەلەپڕووز لە واشنتۆنەوە گەڕایەوە عەمان تا حەسەن لابدا و عەبدوڵڵای کوڕی بکاتە جێنشین.

حافز ئەسەدی سەرۆکی سووریا (١٩٣٠–٢٠٠٠) بەشاری کوڕی بۆ جێگرتنەوەی خۆی ئامادە کرد و پاش مردنی دەستکاریی دەستووری ئەو

ولاتە کرا و بەشار کرا بە سەرۆك.

سەدام حوسێن (١٩٣٧–٢٠٠٦) قوسەی و عودەی کوڕی ئامادە دەکرد، بەڵام ڕووداوەکان بە ئاقارێکی تردا چوون و بە ئاکام نەگەیشتن.

حوسنی موبارەك جەمالی کوڕی و قەزافی سەیفولئیسلامی کوڕی و عەلی عەبدوڵڵا ساڵحیش کوڕەکەی بۆ وەرگرتنی تەخت دوای خۆیان ئامادە دەکرد.

سەرۆکەکان و حزبەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا ڕێژەیەکی نەگۆڕیان بەدەست دەهێنا، کە ٩٩٪ و سەرووتر بوو.

کەس بەبیری نەدەهات ڕۆژێك بێ ئەو ڕێژیم و سەرۆکانە لەلایەن گەلانیانەوە بگۆڕێن، مەگەر زلهێزێکی دەرەکی بێتە مەیدان، وەك لە ٢٠٠٣ لە عێراق ڕووی دا. تا وای لێ هاتبوو عەرەب لە دەستەپاچەییان بەرامبەر دەسەلاتەکانیان بووبوونە نوکتەی سەر زاران.

بەڵام لە پڕ بە خۆسووتاندنی گەنجێکی تونسیی تووڕە لە هەژاری و گەندەڵی و ناعەدالەتی، لە ١٧ کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ٢٠١٠ وەك هەڵدانەوەی سەرقەپاغی گڕکانێکی پەنگخواردوو دۆخی ناوچەکەی تەقاندەوە و خەڵك وەك شارەمێرووله و بێباك لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکان، لە دژی ستەمکاری و ناعەدالەتی و گەندەڵیی ڕێژیمەکانیان ڕژانە سەر شەقامەکان و توانییان لە بازنەی مانگێکدا دوو سەرۆکی دیکتاتۆری مێژوویی لە تونس و میسر بڕووخێنن، ساڵی ٢٠١١ تەواو نەبوو ڕێژیمی قەزافیش لە لیبیا بڕووخێنن و عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی سەرۆکی یەمەنیش ناچاری دەستبەرداربوون لە پۆستەکەی بکەن. شەپۆلەکە لە چەپۆکان بەردەوامە و وا لە ڕێیە بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریایش لەژێر پاڵەپەستۆی جەماوەرێکی ٥٠ ساڵ سەرکوتکراودا، کە تا ئێستە بەپێی دوایین ئاماری نارەسمی نێزیکەی ٢٠ هەزار قوربانیی

داوە، هەرەس بێنێ.

ئــەو دۆخــە ئــەو ڕێژیمانــەی ڕووخــانــد و بــاقــیــی ڕێژیــمــەکــانــی تــری نــاوچــەکــەیشی لــە شەقــام زاڵــەتـرەك کــرد، ئــەو شەقـامـەی جـاران دەیـان هەزاریشی وەك گیزەی مێشوولە بێبایەخ سەیر دەکرا و خەوی سەرانی ڕێژیمەکــانــی نــەدەزڕانــد، بــەهــۆی ئــەو تسۆنــامــیــیــەی هــەڵــی کــردووە، خۆپێشاندانی چەند سەد کەسێك لە ترسا ڕۆحی دەسەڵاتداران دەبا و نــاچــاری مــاستــاوکـردن بـۆ مـیللـەت و بـەخـۆداچـوونـەوە و ئـەنجـامـدانـی چاکسازیی جیدی دەکا.

دیــاردەیــەکــی تــر لــەو پــەرەسەنـدنـانــەدا جـێی سەرنجە، دەرکـەوتـن و سەرکەوتنی هێزەکانی ئیسلامیی سیاسییە، چ لە گەرمەی ڕووداوەکان و چ لـەپـاش هــەڵــبـژاردنـەکـانـی دوای ڕووخـانـی ڕێژیمەکـان، لـە تـونس و مەغریب و میسر و کوێت ئیسلامییەکان زۆرینەیان بەدەست هێنا و بوونە دەسەڵات، چاوەڕوان دەکرێ لە هەریەك لە لیبیا و سووریا و ئوردن و جەزائیر و شوێنانی تریش هەمان سیناریۆ بەجۆرێ لە جۆرەکان دووبارە ببێتەوە.

ئـیسلامـیـیـەکـان کـە لـە مـاوەی دەیـان ساڵـی ڕابـردوودا نـە بـە هـێزی چەکداری و نە بە خەباتی مەدەنی نەیانتوانی بگەنە دەسەڵات، وا لەسەر بــاڵــەکــانــی بــەهــاری عــەرەبــی دەگــەنــە دەسەڵات، ئــەوەیش لــێکدانـەوەی جـۆرەوجـۆری بـۆ ئـەزمـوونـی دەسەڵاتـداریـی ئـەو بزاڤـانـە و داهـاتووی ناوچەکە بەدوای خۆیدا هێناوە.

ئـەم کتێبـە لێکۆڵـینـەوەیـە لـە لایـەنـە جۆرەوجۆرەکـانـی ئـەزموونی ئەو تەوژمە، چ وەك حزب و گرووپی دەرەوەی دەسەڵات و چ وەك ڕێژیمی سیاسی، چ وەك جیهانبینی و گوتار و چ وەك بەرنامەی کاری سیاسی و ڕۆڵیان لە هاوکێشەی سیاسیی وڵاتەکانیان و لە ڕووداوەکانی بەهاری

عەرەبی و قۆناغی پاش ئەو بەهارەدا.

کتێبەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێك دێ، بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیە کە درێژترین بەشی کتێبەکەیە.

بەشی دووەمی کتێبەکە ژمارەیەك وتار و کورتە لێکۆڵینەوەی فیکرین کە لە بۆنەی جیاوازدا لەسەر لایەنە جیاوازەکانی فیکر و کرداری ئیسلامی سیاسی بەگشتی و ئیسلامی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی. بەشی سێیەمیشی چەند دیمانەیەکی رۆژنامەوانیی بەندەیە کە لە کات و بۆنەی جیاوازدا کراون و بەدەوری چەمکەکانی ئیسلام، فیکری ئیسلامی، ئیسلامی سیاسی، نوێبوونەوەی ئاین، توندوتیژی، ئاین و راپەرینەکانی بەهاری عەرەبی و ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و خۆپێشاندانەکانی بەهاری ٢٠١١ی کوردستاندا دەخولێنەوە..

عومەر عەلی غەفوور

ئابی ٢٠١٢

بەشی یەکەم

# ئیسلامی سیاسی لە چارەکە سەدەیەکدا

# ئیسلامی سیاسی و ئەزموونی دەسەڵات

* **شۆڕشی گەلانی ئێران ۱۹۷۹**

یەکەمین سەرکەوتنی مێژوویی (ئیسلامی سیاسی) لە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پیادەکردنی ئەجێندا فیکری و سیاسییە تیۆرییەکانی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا، بەسەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران[۱] لە ساڵی ۱۹۷۹ بە رابەرایەتیی ئیمام روحوڵڵا خومەینی (۱۹۰۲–۱۹۸۹) بەسەر رێژیمی محەمەد رەزا شای پەهلەوی (۱۹٤۱– ۱۹۷۹) دەستی پێ کرد، کە پاش ٥٥ ساڵ لە رووخانی خەلافەتی عوسمانی توانی یەکەمین دەوڵەت لەژێر ناوی ئیسلامدا دروست بکاتەوە کە دروشمی (نە شەرقی نە غەربی، جمهوری ئیسلامی) بەرز کردەوە و بوو بەیەکەمین ئەزموونی (دەسەڵاتی ئیسلامی) کە لەو ماوە رابردووەدا بزاڤە ئیسلامییە سیاسییەکان، بەهەردوو باڵی سوننە و شیعە، هەروەها باڵی مەدەنی و جیهادییەوە، تیۆریزەیان بۆ دەکرد و شەقامیان لەسەر پەروەردە دەکرد.

ئەگەرچی کۆمارە ئیسلامییە نوێیەکە هەر زوو ئەجێندایەکی مەزهەبیی شیعی باڵی بەسەردا کێشا و لە بریی ئیسلامە گەردوونی و میسالییە نامەزهەبییەکە، بەپێی دەستوور (قانوونی ئەساسی) مەزهەبی جەعفەریی کردە مەزهەبی رەسمیی دەوڵەت و کەوتە وێزەی رەمزە ئیسلامییە سونەکانی وڵات، بەتایبەت کوردەکان، کە دیارترینیان ئەحمەدی موفتی زادە و ناسری سوبحانی و مەلا محەمەدی رەبیعی بوون.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە ئیسلامییە دڵگەرمی و گوڕێکی گەورەی بەتەوژمی ئیسلامیی دنیا بەخشی. فەهمی هوەیدی رۆژنامەنووس و بیرمەندی ئیسلامیی ناسراوی میسری کە لەو

ڕۆژنامەنووسانە بووە لە بەراییەکانی سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا سەردانی ئێرانی کردووە و دیمانەی لەگەڵ گەورە سەرکردەکانی شۆڕشدا کردووە، لە کتێبی (ایران من الداخل)دا وێڕای دەربڕینی چەندان سەرنج و تێبینیی ڕەخنەییانە لە شێوازی پیادەکردنی پڕۆژەی ئیسلامی دەگرێ، لەوانە پاکتاوکردنی نەیاران و بەزۆر سەپاندنی شەریعەت، بەڵام خۆشحاڵیی خۆی بەرامبەر کۆی ئەزموونەکە ناشارێتەوە.

ئەو ئەزموونە نەك تەنیا تەوژمە ئیسلامییەکە، بگرە بووبووە جێ سەرنج و بایەخی زۆر لە بیرمەندانی دنیایش کە ڕەخنەیان لە سیستمی سیاسیی باڵادەستی جیهان هەیە، لەوانە فەیلەسووفی بەناوبانگی فرەنسی میشیل فۆکۆ (١٩٢٦–١٩٨٤) داهێنەری چەمکی "ئەرکیۆلۆجیای مەعریفە"یە کە لە سەرەتای شۆڕشەکەدا سەردانی ئێرانی کردووە و نێزیکەی ١٥ وتاری شیکاری بۆ ڕۆژنامە فرەنسی و ئیتاڵییەکان لەبارەیەوە، نووسیوە ئەزموونی شۆڕشە ئاینییەکەی ئێرانی بەجۆرێك لە "سیاسەتی ڕۆحی" دادەنا و ئێرانی بە "گیانی دنیایەك بێگیان"دا ناو دەبرد کە یاخیبوون و دابڕانێکی بنەڕەتیی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە سیستمی نوێی ڕۆئاوا و سیستمی سۆڤیەتی و چینیدا، ئەوەیشی بەداهێنان لە فیکری بەشەریدا داناوە و بەتوندی بەرگریی لێ کردووە[٣].

* **کودەتا سەربازییەکەی سوودان ١٩٨٩**

یەکەمین سەرکەوتنی ئیسلامییەکان دوای ئەزموونەکەی ئێران سەرکەوتنی کودەتایەکی سەربازی بوو کە بە ڕابەرایەتیی حزبی بەرەی ئیسلامیی نەتەوەییی سوودانی کە حەسەن تورابی سەرۆکایەتیی دەکرد بەسەر حکوومەتەکەی (سادق مەهدی) سەرۆکی حزبی ئوممەدا کرا لە ٣٠ حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٨٩ و فەریق عومەر حەسەن بەشیر سەرکردەی کودەتاکە و یەکێك لە قوتابیانی تورابی کرا بە سەرکۆمار.

چەند ساڵێك پێش لەو كودەتایە و لە بڕیارێكی لە ناكاو و چاوەڕواننەكراودا جەعفەر نومێری سەرۆكی سوودان (١٩٣٠-٢٠٠٩) كە لە نێوان ١٩٦٩ تا ١٩٨٥ سەركۆماری ئەو وڵاتە بوو، پێڕەوكردنی یاساكانی شەریعەتی ئیسلامی ڕاگەیاند.

تورابی دواتر بوو بەسەرۆكی پەرلەمانی ئەو وڵاتە و زۆری نەبرد لەسەر دەسەڵات ناكۆكی كەوتە نێوان تورابی و بەشیر، لە ئەنجامدا لە كۆتاكانی ساڵی ١٩٩٩دا بەشیر پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و تورابیشی لە پۆستەكەی دوورخستەوە و ماڵبەندی كرد. لە سەردەمی بەشیردا پرۆسەی ئاشتەواییی نیشتمانی بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینی و ژمارەیەك لە سەركردە دیارەكانی ئۆپۆزسیۆن گەڕانەوە وڵات لەوانە سادق مەهدی و جەعفەر نومێری (سەركۆماری پێشتر)، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریی باشووری سوودان بەسەرۆكایەتیی جۆن گەرەنگ (١٩٤٥-٢٠٠٥) ڕێككەوتننامەیەكی ئاشتییان بەناوی ڕێككەوتننامەی نیفاشا بۆ كۆتاهێنان بە كێشەی باشووری سوودان ئیمزا كرد، كە بەپێی ڕاپرسییەكی گشتی لە باشووری سوودان كە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەسەرپەرشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان بەڕێوە دەچێ، چارەنووسی باشوور دیاری بكرێ. دوای ئەوەی لە ڕاپرسییەكەدا ٩٩٪ی باشوورییەكان دەنگیان بەسەربەخۆیی دا، هەرێمی باشووری سوودان لە ٩ تەمووز/یۆلیۆی ٢٠١٠دا كۆماری باشووری سوودانیان ڕاگەیاند و بوو بە ١٩٣ەیەمین دەوڵەتی دنیا.

* **بەرەی ئینقازی جەزائیر و كودەتای سوپا**

سێیەم سەركەوتنی سیاسیی ئیسلامییەكانی ناوچەكە، سەركەوتنی بەرەی ئینقازی ئیسلامیی جەزائیر بەسەرۆكایەتیی عەباسی مەدەنی بوو لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی جەزائیر لە كۆتای ساڵی ١٩٩١دا.

پاش ئەوەی لەژێر پاڵەپەستۆی ڕاپەڕینی خەڵکی جەزائیردا لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ دەستووری جەزائیر هەموار کرا تا ڕێگە بە فرە حزبی بدرێ، بەرەی ئینقاز لە ١٨ شوبات/ فێبرایەری ١٩٨٩ دامەزرا و لە ٦ ئەیلوولی ١٩٨٩دا حکوومەت بەڕەسمی دانی بە بەرەدا نا و لە ماوەیەکی کورتدا سەرکەوتنی گەورەی لە هەڵبژاردنە جۆرەوجۆرەکاندا بەدەست هێنا، کە دیارترینیان هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٦ کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ١٩٩١ بوو، کە توانی لە کۆی ٢٣١ کورسیی پەرلەمان ١٨٨ کورسیی بەدەست هێنا کە دەیکردە نێزیکەی ٨٢٪ی کورسییەکان، ئەوەیش مەترسیی لای دەسەڵاتی ئەو وڵاتە دروست کرد، هەر بۆیە لە ١١ شوباتی ١٩٩٢دا لە ناکاو شازلی بن جدیدی سەرۆکی جەزائیر دەستی لە سەرۆکایەتیی دەوڵەت کێشایەوە و دەسەڵات بۆ ئەنجوومەنی باڵای دەوڵەت گوێزرایەوە کە لە دەستی عەسکەردا بوو بەسەرۆکایەتیی خالید نزار.

نزار ڕۆژێك دوای دەست لەکارکێشانەوەکەی بن جدید، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی دا و باری نائاساییی لە وڵاتدا ڕاگەیاند و شاڵاوێکی بەرفراوانی گرتنی سەرکردە و ئەندام و لایەنگرانی بەرە دەستی پێ کرد کە جگە لە مەدەنی و عەلی بلحاجی جێگری، نێزیکەی ٢٠ هەزار کەسی تریش گیران. ئەوەیش زیاتر لە دە ساڵ شەڕی خوێناوی لە نێوان دەسەڵات و گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکانی ئەو وڵاتە لێ کەوتەوە، کە هەزاران کەسی تێدا کوژرا.

بەڵام هاوکات دوو حزبی ئیسلامیی مەدەنی ڕێپێدراو لە کاری سیاسی بەردەوام بوون، ئەوانیش بزووتنەوەی حەماس بوو بەسەرۆکایەتیی مەحفووز نەحناح (١٩٤٦-٢٠٠٣) (دواتر ناوی گۆڕا بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی، کە حزبێکی ئیخوانییە)

ئەم حزبە لە ساڵی ١٩٩٠ لەلایەن نەحناحەوە دامەزرا. ساڵی ١٩٩٥ نەحناح بەشداریی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا کرد و بەپلەی دووەم هات و ٣,٢ ملیۆن دەنگی هێنا ٢٥٪. لە ١٩٩٧ بەشداریی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی فرەیی کرد و ٧١ کورسیی بەدەست هێنا و وەزیرەکانی بۆ ٧ وەزیر بەرز بووەوە. لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٢دا لە پلەی سێیەمەوە بۆ پلەی چوارەم پاشەکەی کرد و ٣٨ کورسیی پەرلەمان و ٣٨ شارەوانیی بەدەست هێنا.

حزبی رەسمیی دووەم حزبی نەهزەیە بەسەرۆکایەتیی عەبدوڵڵا جابەڵڵا.

* **کۆماری چیچان**

دوای هەرەسی سۆڤیەت، لە یەکەم هەڵبژاردنی کۆماری چیچاندا لە ١٧ تشرینی یەکەمی ١٩٩١، جەنەراڵ جەوهەر دۆدایڤ (١٩٤٤-١٩٩٦) بە بەدەستهێنانی ٨٥٪ی دەنگەکان بوو بە سەرۆك چیچان و سەربەخۆیی چیچانی راگەیاند و هەر لە سەرەتاوە سەروسیما و مەیلێکی ئیسلامییانە بە سەرکردایەتیی کۆمارەکەوە دیار بوو.

لە مانگی ١١ی ١٩٩٤ەوە رووسیای سەرۆك بۆریس یەڵتسین هەوڵی دا لە رێی هێزی سەربازییەوە چیچان بگێڕێتەوە ژێر سایەی رووسیا و دەستی بە لەشکرکێشی و بۆردمانکردنی گرۆزنی پایەتەختی چیچان و ناوچەکانی تری کۆمارەکە کرد و شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوولادا هەڵگیرسا و لە شوباتی ١٩٩٥دا چەکدارانی چیچانی دەستیان بەچۆڵکردنی گرۆزنی کرد. لە هێرشێکی ئاسمانیدا لە ٢١-٤-١٩٩٤ دۆدایڤ کوژرا و سەلیم خان یەندەر بایڤ (١٩٥٢-٢٠٠٤) بوو بە سەرۆك تا هەڵبژاردنی ئەسلان مەسخادۆڤ لە ١٩٩٧. شەڕ بەردەوام بوو تا لە ئەنجامدا هێزەکانی رووسیا پاش وێرانکردنی شارەکە توانییان

گرۆزنی بگرن.

بەهۆی دژواریی دۆخی مەیدان لەلایەك و بەهۆی پاڵەپەستۆی ناودەوڵەتی لەلایەکی ترەوە رووسیا و چیچان لە ٣١-٨-١٩٩٦ رێککەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد، بەو پێیە شەڕ رادەگیرێ و رووسیا لە چیچان دەکشێتەوە و لە ٣١-١٢-٢٠٠١ راپرسییەکی گشتی دەکرێ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو کۆمارە.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٤-٩٦دا گرووپە چیچانییەکان چەندان کردەوەی بەبارمتەگرتنیان ئەنجام دا، مەترسیدارترینیان بەبارمتەگرتنی ٣ هەزار بارمتە بوو لە شاری کزلیار لە کۆماری داغستان لە باشووری قۆقاز لەلایەن سەرکردەی مەیدانیی چیچانی سەلمان رادویڤەوە، دوای دەستکردنەوەی هێزە رووسیاییەکان ٢٠٠ کەس کوژران لەناویاندا ٧٨ سەربازی رووسیایی.

لە هەڵبژارنی یەنایەری ١٩٩٧دا ئەسلان مەسخادۆف (١٩٥١-٢٠٠٥) بە بەدەستهێنانی ٦٨,٩٪ی دەنگەکان سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بوو بەسەرۆکی چیچان و لە ١٢-٢-١٩٩٧ بە رەسمی سەرۆکایەتیی وەرگرت. مەسخادۆف و یەڵتسن لە ١٢-٥-١٩٩٧ پەیماننامەی ئاشتییان ئیمزا کرد، بەو پێیە پێوەندییەکانیان لەسەر بناغەی یاسای نێودەوڵەتی دادەمەزرێنن، کە نابێ چەك بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان بەکار بێ و چیچانیش دەتوانێ بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێ.

لە ئەیلوولی ١٩٩٩ زنجیرەیەك تەقینەوە لە چەند ناوچەیەکی رووسیا و داغستان روویان دا تێیاندا ٢٥٠ کەس کوژران و شامیل باسایڤ و گرووپە چەکدارە چیچانییەکان کۆماری ئیسلامیی داغستانیان راگەیاند، بەو هۆیەوە یەڵتسن پەیماننامەکەی هەڵوەشاندەوە و دوای ئەوە شەڕ دەستی پێ کردەوە و چیچانییەکانیش دەستیان بە کاری پارتیزانی کرد،

لەناویدا چەند کارێکی بەبارمتەگرتنی خەڵکی مەدەنی.

ئەگەرچی خولی یەکەمی شەڕەکە لە ساڵی ١٩٩٤ بەهۆی پەلاماری رووسیاوە بە سەرۆکایەتیی بۆریس یەڵتسن (١٩٣١–٢٠٠٧) بوو و تێیدا دۆدایڤیی سەرۆکی کۆمارە نوێیەکەیش کوژرا، بەڵام دواتر هەردوولا پەیماننامەی ئاشتییان ئیمزا کرد و چیچان بە شێنەیی بەرەو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەچوو، کەچی ساڵی ١٩٩٩ بەهۆی توندڕەویی شامیل باسایێڤ سەرکردەی مەیدانیی چیچان و چەند سەرکردەیەکی تری ئیسلامیی عەرەبەوە کە بەبێ حسابکردن بۆ نەیاری مەسخادۆڤ بێباکانە چوون دەستیان بەسەر چەند گوندێکی داغستاندا گرت و کۆمارێکی ئیسلامییان تێدا راگەیاند، رووسیا شەڕی دەست پێ کردەوە و وڵاتەکەی وێران کرد و مەسخادۆڤ ناچاری شەڕی چەکداری کرد، کە سەرەنجامەکەی لە ٢٠٠٥ بەدەستی هێزەکانی رووسیا کوژرا.

گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکانی چیچان، کە هەر لە سەرەتاوە بوونە هێزی باڵادەستی کۆماری چیچان، وێڕای جەربەزەییی سەربازییان، بەهۆی توندڕۆییانەوە لە بیرکردنەوەی سیاسیدا، یان وردتر بڵێین بەفیتی باڵە توندڕۆکەی ناو ئەو گرووپانە لە نموونەی شامیل باسایێڤ، ئەو وڵاتە و ئەزموونەکەیان لەبار برد. ئەوە بوو لە ماوەی ئەو شەڕەدا سەرکردە سەرەکییەکانی چیچان یەك لە دوای یەك کوژران: دۆدایڤی دامەزرێنەری کۆماری چیچان لە ٢١ نیسانی ١٩٩٦ کوژرا، سەلیم خان یەندەربایێڤی سەرۆکی کاتی لە نێوان ١٩٩٦–١٩٩٧، کە لە ١٣ شوباتی ٢٠٠٤ لە قەتەر تیرۆر کرا، ئەسلان مەسخادۆڤی سەرۆکی چیچان، کە سەرکردەیەکی میانڕەو بوو و هەوڵی دەدا جڵەوی توندڕۆکان بکا، بەڵام تازە کار لە کار ترازا و گێژەڵووکەکە رایماڵی و لە ٨ ئاداری ٢٠٠٥ کوژرا، خەتابی عەرەب ئەفغانی بە رەگەز ئوردنی لە ٢٠ ئاداری ٢٠٠٢ و تەنانەت شامیل باسایێڤ خۆیشی لە ١٠ تەمووزی ٢٠٠٦ کوژرا.

باسابیڤ رۆڵی سەرەکیی لە زۆر لە بە بارمتەگرتنەکانی خەڵکی مەدەنی لە رووسیا و چیچان هەبوو، هەریەك لە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکەتیی ئەوروپا لە لیستی کەسە تیرۆریستەکانیان دانا.

لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا ٥٠ چەکداری چیچانی لە هۆڵێکی شانۆ لە مۆسکۆ نێزیکەی ٨٠٠ کەسیان بە بارمتە گرت و دواتر جگە لە کوژرانی هەر ٥٠ چەکدارەکە، بە کوژرانی زیاتر لە ٩٠ بارمتە و برینداربوونی زیاتر لە ١٠٠ کەسی تر بەکۆتا هات.

هەروەها لە یەکی ئەیلوولی ٢٠٠٤دا ژمارەیەکی تری چەکداری چیچانی لە قوتابخانەی بیسلان لە ئۆسیتیای باشووری رووسیایش هەمان کردەوەیان دووبارە کردەوە و زیاتر لە هەزار ژن و منداڵیان بەبارمتە گرت، کە لە ٣ی ئەیلوول هێزێکی تایبەتی رووسیایی بەسەریدا دا و کردەوەکە بە کوژرانی ٢٧ چەکدارەکە (١٠ چەکداریان عەرەب بوون) و کوژرانی نێزیکەی ٤٠٠ کەس و برینداربوونی زیاتر لە ٧٠٠ی تر بەکۆتا هات، کە زۆربەیان منداڵ بوون. باسایێڤ لە ١٨ی مانگ لە ئینتەرنێتدا بەرپرسیاریەتیی هێرشەکەی گرتە ئەستۆ.

لە ٩ ئایاری ٢٠٠٤ لە ئەنجامی تەقینەوەیەك لە ئاهەنگی ٥٧ ساڵەی سەرکەوتنی رووسیا، کە لە گرۆزنی ساز کرا، پتر لە ٣٠ کەس کوژران و پتر لە ٥٠ی تریش بریندار بوون، لەناو کوژراوەکاندا ئەحمەد قادرۆفی سەرۆکی چیچان بوو کە لەلایەن رووسیاوە دانرابوو و چەکدارانی چیچانی بەرپرسیاریەتییەکەیان گرتە ئەستۆ.

بەو شێوەیە ئەو کۆمارە تازەیەی دۆدایڤ لە ساڵی ١٩٩١ بە دڵ و میر پێکی هێنا و ئومێدی هەبوو وەك گەلانی تری دنیا چیچانییەکانیش دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئارامیان هەبێ، بەهۆی ملهوڕیی یەڵتسێن (کە لە ١٠ حوزەیرانی ١٩٩١ تا ٣١ کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ سەرۆکی رووسیا

بوو) لەلایەك و سەرەڕۆییی باڵی توندڕۆی گرووپە چەکدارە چیچانییەکان و عەرەبە ئەفغانەکانی ناو ئەو گرووپانەوە لەبار برا و وڵاتەکەیش وێران کرا و گیانی هەزاران کەسیش بوونە سووتەمەنیی عەقڵیەتی شەڕدۆستی.

* **موجاهیدین و تاڵیبانی ئەفغانستان**

هەر لە سەروبەندی رووداوەکانی جەزائیردا، دوای کشانەوەی هێزەکانی داگیرکەری سۆڤیەتی لە ئەفغانستان لە تەمووز/یۆلیۆی ۱۹۸۹، حکوومەتە شیوعییەکەی کابۆل بەسەرۆکایەتیی محەمەد نەجیبوڵڵا (۱۹٤٦–۱۹۹٦) تا دەهات لە رووخان نێزیك دەبووەوە و لەبەریەك دەترازا، تا لە بەهاری ۱۹۹۲دا گرووپەکانی موجاهیدینی ئەفغانستان، کە ماوەی زیاتر لە ۱۰ ساڵ بوو بۆ دەرکردنی سۆڤیەت دەجەنگان، کابۆلی پایەتەختیان کۆنترۆڵ کرد و نەجیبوڵڵا لە ۱۷ نیسان/ئەپریلی ۱۹۹۲دا پەنای بردە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کابۆل.

گرووپەکانی موجاهیدین بەزۆری گرووپی ئیسلامی بوون و بۆ بەرگرتن لە هەژموونی سۆڤیەت لەلایەن ئەمەریکا و پاکستان و سعوودیەوە پاڵپشتی دەکران و سەتان عەرەب–ئەفغانیی ئیسلامیش بۆ بەشداری لە شەڕەکەدا چووبوونە ریزی ئەو گرووپانە، دیارترینی ئەوانە دوکتۆر عەبدوڵڵا عەزام (۱۹٤۱–۱۹۸۹) سەرکردەی ناسراوی ئیخوان موسلیمینی فەڵەستین و ئوسامە بن لادنی ملیۆنێری سعوودی (۱۹٥۷–۲۰۱۱) بوون، کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا "نووسینگەی خزمەتگوزارییەکان"یان لە ئەفغانستان دامەزراند بۆ ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاری و خێرخوازی و هەروەها کۆکردنەوەی ئەو عەرەبانەی بە مەبەستی (جیهاد) لە دژی سۆڤیەت دەچوونە ئەفغانستان. عەزام لە ئەنجامی مینڕێژکرانی ئۆتۆمۆبێلەکەی لە ۲٤–۱۱–۱۹۸۹ لەگەڵ دوو

کوڕیدا (محەمەد و ئیبراهیم) لە پاکستان کوژرا و بن لادنیش لە ساڵی ١٩٨٨ ڕێکخراوی قاعیدەی دامەزراند بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکەتیی سۆڤیەت و دواتریش ئەمەریکا و زنجیرەیەك هێرشی خوێناویی لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا ئەنجام دا، لەوانە هێرشەکانی ١١ی ئەیلوول/سێپتەمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر نیویۆرك و واشنتۆن، تەقینەوەکانی مەدرید لە ٢٠٠٤ و تەقینەوەکانی ٧ تەمووز/یۆلیۆی ٢٠٠٥ لە لەندەن. تا لە ١ ئایار/مایۆی ٢٠١١ لەلایەن هێزێکی کۆماندۆسی ئەمەریکاییەوە لە شوێنی خۆحەشاردانی لە شاری ئەبوت ئابادی پاکستان غافڵگیر کرا و کوژرا و ئەمەریکاییەکان رایان گەیاند تەرمەکەیان فڕێ داوەتە دەریاوە.

**دیارترینی گرووپە ئیسلامییەکانی ئەفغانستان، بریتی بوون لە:**

* (جەمعیەی ئیسلامی) بەسەرۆکایەتیی بورهانەدین رەبانی سەرۆکی پێشووی ئەفغانستان (لە ٢٠-٩-٢٠١١ لە کردەوەیەکی خۆکوژیی تاڵیباندا کوژرا)، ئەحمەد شامەسعوود سەرکردەی مەیدانیی دیاری ئەو حزبە بوو کە پاش سەرکەوتنی تاڵیبان بەسەر گرووپەکانی موجاهیدین و دەرپەڕاندنیان لە کابوڵ لە ساڵی ١٩٩٦، سەرکردایەتیی هاوپەیمانیی باکوری دەکرد و لە دۆڵی بانشیر بەرەنگاریی سەختی تاڵیبانی دەکرد، لە ١٠ ئەیلوول/سێپتەمبەری ٢٠٠١دا بەدەستی تاڵیبان لە تەقینەوەیەکدا کوژرا.
* حزبی جیهادی ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی عەبد رەبە ڕەسووڵ سەیاف.
* حزبی ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی قەلبەدین حیکمەتیار.
* بەرەی نیشتمانی بەسەرۆکایەتیی سیبغەتوڵڵا موجەدیدی.
* ئەمە جگە لە حزبی وەحدەی ئیسلامیی شیعی.

بەڵام ئەو گرووپانە ناکۆکیی قووڵی مێژوویی و سیاسییان هەبوو، هەر

بۆیە بەپێی ڕێککەوتنێك چوونە ناو کابوڵ، کە سیبغەتوڵڵا موجەدیدی سەرۆکی بەرەی نیشتمانی بۆ ماوەی دوو مانگ ببێتە سەرکۆمار، دوای ئەو ڕەبانی بۆ ٤ مانگ ببێتە سەرۆك، ئەندازیار حیکمەتیار ببێتە سەرۆك وەزیران و شامەسعوودیش ببێتە وەزیری بەرگری. هەر زوو بەهۆی دەستگرتنی ڕەبانی بەسەر دەسەڵات و ڕازینەبوونی حیکمەتیار بە ڕێککەوتنی چوونە ناو کابوڵ و ناکۆکییەکانی لەگەڵ شامەسعوود لەبارەی چەکدارکردنی لایەنەکان و باڵادەستیی وەزارەتی بەرگری لە کابوڵ، دۆخەکە تەقییەوە و حیکمەتیار بە هاوکاریی جەنەراڵ عەبدورەشید دۆستەم کەوتە بۆردمانی کابوڵ و شامەسعوودیش وەڵامی دایەوە و شەڕی ناوەخۆ هەڵگیرسا و درێژەی کێشا تا بزووتنەوەی تاڵیبان، کە لە قوتابیانی قوتابخانە ئاینییەکان بوون، لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٥ەوە خۆیانیان کۆ کردەوە و دوای دەستگرتن بەسەر قەندەهاردا هەڵیان کوتایە سەر کابوڵ و توانییان سەرجەم گرووپەکانی موجاهیدین هەریەك بەلایەکدا دەرپەڕێنن و لە ٢٦ ئەیلوول/سێپتەمبەری ١٩٩٦دا دەست بەسەر کابوڵدا بگرن، هاوکات هەڵیان کوتایە سەر بارەگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و نەجیبوڵڵایان گرت و لەداریان دا.

تاڵیبان کۆماری ئیسلامیی ئەفغانستانی ڕاگەیاند و لە ڕاوەدوونانی پاشماوەی گرووپەکانی موجاهیدین، کە بەرەیەکیان بەناوی هاوپەیمانیی باکور بەسەرکردایەتیی ئەحمەد شامەسعوود پێك هێنابوو، بەردەوام بوو و توانی ڕایان بماڵێ، بەڵام شامەسعوود لە دۆڵی بانشیر سنووری بۆ پێشڕەویکردنی تاڵیبان دانا، هەر بۆیە ناوی "شێرەکەی بانشیر"ی بەسەردا بڕا و ڕۆژێك بەر لە هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ی نیویۆرك و واشنتۆن، لە کاتی دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا بەهۆی تەقینەوەیەکەوە، کە پێ دەچێ پلانی تاڵیبان و قاعیدە بووبێ، کوژرا.

شەڕی نێوان تاڵیبان هاوپەیمانیی بەردەوام بوو تا ئەمەریکا و

هـاوپـەیمانـەکـانـی لـە تشریـنـی یـەکـەم/ئـۆکـتـۆبـەری ٢٠٠١ کۆتـایـان بـەدەسەڵاتی تـاڵیبـان هێنا.

* **حکوومەتەکانی ڕەفا و فەزیڵە و دادی تورکیا**

لە ١٩٩٦ و لە پەرەسەندنێکی چاوەڕواننەکراودا پارتی ڕەفاهی تورکی بەسەرۆکایەتیی نەجمەدین ئەربەکان (١٩٢٦-٢٠١١)ی پاشخان ئاینی لـە هـەڵـبـژاردنـە پـەرلـەمـانـیـیـەکـەی ئـەو کـاتـەی تـورکـیـادا زۆریـنـەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەست هێنا و توانی بە هاوپەیمانیی حزبی ڕێگەی ڕاست بەسەرۆکایەتیی تانسۆ چیللەر حکوومەتێك پێك بێنێ.

ئـەو سەرکـەوتـنـەی حزبی ڕەفـا لـە تورکـیـای زێد و پێگـەی خـەلافـەتی ئیسلامیی عوسمانی بۆ ماوەی زیاتر لە ٦٠٠ ساڵ (١٢٩٩-١٩٢٣) و دواتـر دایـکـی ڕێژیمە عـەلمانـیـیـەکـانـی نـاوچـەکـە و رادیـکـالـتـریـنـیـان، لـە بومەلەرزەیەك دەچوو کە دەنگدانەوەکەی زۆری کەم نەبوو لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩.

کـەمـال ئـەتـاتـورك (١٨٨١-١٩٣٨) لـە ٣ ئـادار/مـارسی ١٩٢٤ خەلافەتی هەڵوەشاندەوە و دەوڵەتی تورکیای نوێی عەلمانیی دامەزراند کە بوو بەدایکی ڕێژیمە عەلمانییەکانی ناوچەکە و رادیکالانە کاری بۆ بنبڕکردنی سیما ئاینییەکان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکیا و سەپـانـدنـی عـەلمـانـیـیـەتی دەوڵـەت و قـەدەغـەکردنی هـەر چـالاکـیـیـەکی سیاسیی ئاینی لەو وڵاتە لە دەستووردا کرد، هاوکات دەستوور و سوپای کردە قەڵغان و سوپەری ناسنامەی عەلمانی و تۆرانیی دەوڵەتەکە.

ئەگەرچی بەپێی دەستوور دامەزراندنی حزبی ئاینی قەدەغەیە و تا ئێستەیش هیچ حزبێکی سیاسی پاشگری ئاینی بەخۆیەوە نەناوە و لە پـێڕەوی نـاوەخـۆی خـۆیـدا ئـامـاژەی بـە مـەرجـەعـیـەتـی ئـایـنـیـی خـۆی نەکردووە، هەموولا نکووڵی لە دینیبوونیان دەکەن، بەڵام لە پراکتیکدا ئەو

حاڵەتە پاشخانە ئاینییە موحافیزکارانەکەی سەرکردەکانی ڕەفا و دواتر حزبی فەزیلەی میراتگری یان حزبی داد و گەشەپێدانی تورکیا بەسەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی ئێستە ناشارێتەوە، بەتایبەت کە ئەربەکان لە ماوەی ئەو ساڵەی سەرۆکی حکوومەت بوو لە بریی ڕووکردنە ئەورووپا، ڕووی کردە قووڵاییە عەرەبی و ئیسلامییەکەی و سەردانی لیبیا و ئێرانی کرد و پێکهێنانی گرووپی هەشتی ئیسلامی ڕاگەیاند، کە جگە لە تورکیا، حەوت وڵاتی تری ئیسلامی دەگرتە خۆی: ئێران، پاکستان، ئەندەنووسیا، مالیزیا، میسر، نایجیریا و بەنگلادیش.

هەر بۆیە ساڵی ١٩٩٧ دادگەی دەستووریی تورکیا بەتۆمەتی هەڕەشەکردن لە سیستمی عەلمانیی وڵات حزبی ڕەفای هەڵوەشاندەوە و بۆ ماوەی ٥ ساڵ چالاکیی سیاسی لە ئەربەکان قەدەغە کرد و دواتریش تۆمەتی خواردنی پارەی ڕەفای دایە پاڵ و زیندانی کرد (لە ١٨ ئابی ٢٠٠٨ بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستییەوە، عەبدوڵڵا گوڵی سەرکۆمار فەرمانی ئازادکردنی دەرکرد).

دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبی ڕەفا، بەسوود وەرگرتن لە میکانیزمە یاساییەکەی تورکیا، هەر هەمان ساڵ ئەربەکان لە ڕێی سەرکردەکانی حزبەکەیەوە حزبێکی نوێیان بەناوی حزبی فەزیلە بەسەرۆکایەتیی ڕەجائی کۆتان دامەزراند، کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیادا لە ساڵی ١٩٩٩ زۆرینەی کورسییەکانی بەدەست هێنا، بەڵام ئەمیش بەهەمان تۆمەت لەلایەن دادگەی ناوبراوەوە لە ٢٢ حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠٠١دا هەڵوەشێنرایەوە.

ساڵی ٢٠٠١ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گوڵ و ژمارەیەکی تر لە سەرکردەکانی فەزیلە، پارتی "داد و گەشەپێدان"یان دامەزراند و

ئەردۆگان بوو بەسەرۆکی حزبەکە و لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی ٢٠٠٢دا زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەست هێنا، بەڵام بەهۆی خوێندنەوەی هۆنراوەیەکی ئاینی لە یەکێك لە وتارەکانیدا، دادگە بەتۆمەتی هەڕەشەکردن لە سیستمی عەلمانیی تورکیا ڕێگەی بە ئەردۆگان نەدا پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێ و بەشێوەیەکی کاتی عەبدوڵڵا گوڵ پۆستەکەی وەرگرت.

پارتی داد و گەشەپێدان تا ئێستە لە سێ خولی لە دوای یەکی پەرلەماندا (٢٠٠٢، ٢٠٠٦، ٢٠١١)دا زۆرینەی بەدەست هێناوە و توانی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی دەوڵەت (سەرۆکی حکوومەت و سەرکۆمار و سەرۆکی پەرلەمان) کۆنترۆڵ بکا، لە ساڵی ٢٠١٠دا دەستووری هەموار کرد، هەروەها توانی تا ڕادەیەکی زۆر پاشەکشە بەدەسەڵاتی مێژوویی سوپا بکا و بەتۆمەتی پیلاندانان بۆ کودەتاکردن بەسەر حکوومەتدا لە پرۆسەیەکی گوماناوی بەناوی "ئەرگەنەکۆن"، کە بۆ نێزیکی ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە، دەیان لە سەرکردەکانی سوپا بداتە دادگە.

پارتی داد و گەشەپێدان لەسەر ئاستی سیاسی توانی پێگەی وڵاتەکەی بەهێز بکا بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە پاڵ مانەوەی پێوەندیی ستراتیجی لەگەڵ ئیسرائیلدا، توانی پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی خۆش بکا، بەتایبەتتر بەهۆی داکۆکییەکانی لە فەڵەستینییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەردۆگان لەگەڵ شیمۆن پێریزی سەرۆکی ئیسرائیل لە مونتەدای داڤۆس لە ٢٠٠٩/١/٢٩[٤] و دواتر ڕەوانەکردنی کەشتیگەلی ئازادی بۆ شکاندنی گەمارۆی سەر غەزە، لە ٢٠١٠/٥/٣١، هێزێکی دەریایی ئیسرائیلی تەقەی لە یەکێك لە کەشتییەکانی "کەشتیگەلی ئازادی" کرد کە پێداویستیی مرۆیی بەرەو غەزە هەڵگرتبوو کرد و ١٩ لە سەرنشینانی کوشت و ٢٦یشی بریندار کرد، کە ٩یان تورك بوون، بەو هۆیەشەوە تورکیا باڵوێزی خۆی لە تەلئەبیب

کێشایەوە تا ئیسرائیل داوای لێبووردن دەکا و قەرەبووی قوربانییەکان دەکاتەوە، بەڵام ئیسرائیل سوور بوو لەسەر رەتکردنەوەی پۆزش و بەو هۆیەشەوە لە ٢٠١١/٩/٢ تورکیا باڵوێزی ئیسرائیلی دەرکرد و گشت رێککەوتننامە سەربازییەکانی لەگەڵی هەڵپەسارد.

لە ٢٠١٠/٣/١٠ شا عەبدوڵڵای شای عەرەبستانی سعوودیە خەڵاتی (شا فەیسەڵی جیهانی بۆ خزمەتکردنی ئیسلام)ی بەخشییە رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا، بەهۆی بەرگریکردنی لە کێشەکانی ئومەتی ئیسلامی بەتایبەت کێشەی فەڵەستین.

لە رووی ئابووریشەوە وڵاتەکە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی بەشێوەیەك لە ساڵی ٢٠١١دا دوای وڵاتی چین، تورکیا بوو بەدووەمین دەوڵەتی دنیا لە گەشەی ئابووریدا و لە چارەکی سێیەمی ساڵی ٢٠١١دا رێژەی گەشەی گەیشتە ٨,٢ ٪. هەموو ئەمانە وای کرد ئەزموونی داد و گەشەپێدان ببێتە جێ سەرنجی نەك تەنیا سەرجەم هێزە ئیسلامی و عەلمانییەکانی ناوچەکە و وەك ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە پێکەوەژیانی ئیسلام و عەلمانییەت سەیری بکەن، بگرە جێ سەرنجی وڵاتانی دنیایش.

راستە پارتی داد و گەشەپێدان بە رەسمی حزبێکی ئیسلامی نییە چونکە بەپێی دەستوور قەدەغەیە و تەنانەت ئەردۆگان لە سەردانەکەی بۆ میسر دوای کەوتنی رژێمەکەی حوسنی موبارەك لە ساڵی ٢٠١١، داوای لە میسرییەکان، کە ئیسلامییەکان هێزی باڵادەستن تێیاندا، کرد لە عەلمانییەت نەترسن، بەڵام لە تورکیای ئەتاتورکیدا کە بەپێی یاسا پۆشینی حیجاب لە داوودەزگە و بۆنە رەسمییەکاندا قەدەغەیە و چوونی ژنە پەرلەمانتارێکی حزبی فەزیلە بەناوی مەروە قاوەقچی لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان بەمەبەستی سوێندخواردن هەرا و تەنگژەیەکی گەورەی نایەوە کێشەکە بە سزادانی قاوەقچی و لێسەندنەوەی

ڕەگەزنامەی تورکی بەتۆمەتی بوونی ڕەگەزنامەی ئەمەریکایی بەکۆتا هات لە کاتێکدا ئەوە پاساوێکی نایاسایی بوو و هەردوو یاسای ئەمەریکا و تورکیا ڕێگە بەبوونی دوو ڕەگەزنامە دەدەن و دەیان هەزار تورك دوو ناسنامەیان هەیە، لە سایەی سیستمێکی ڕادیکاڵ-عەلمانیی وادا دەرکەوتنی ئەردۆگانی سەرۆك وەزیران و عەبدوڵلا گوڵی سەرکۆمار و ئەحمەد داودئۆغلۆی وەزیری دەرەوە شان بەشانی هاوسەرە بالاپۆشەکانیان لە سەردانە ڕەسمییەکانیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، جگە لە ئیسلامیبوونی ئەو پارتە هیچ تەئویلێکی تر هەڵناگرێ، بەتایبەت کە هەوڵ دەدا ناوی سیمبوڵە مێژووییەکانی دەوڵەتی عوسمانی زیندوو بکاتەوە، لەوانە ناوانی یەکێك لە پرۆژەکانی بۆ بەکۆمپیوتەرکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن (کە بریتییە لە دابەشکردنی تەختە کۆمپیوتەری (iPad) بەسەر ملیۆنان قوتابی و مامۆستادا کە هەموو مادەکانی خوێندنی تێدایە و قوتابی پێویستی بەهەڵگرتنی جانتا و کتێب و دەفتەر نامێنێ و لە شوباتی ٢٠١٢دا بەشێوەیەکی ئەزموونی دەست بە جێبەجێکردنی کرا) بەناوی سوڵتان محەمەد فاتیح (١٤٢٩-١٤٨١) کرد کە حەوتەمین خەلیفەی عوسمانییە و لە ساڵی ١٤٥٣دا فەتحی قوستەنتینییەی کرد ئەستەمبوڵ.

هەر بۆیە کەم نین ئەو چاودێرانەی پێیان وایە داد و گەشەپێدان لە هەوڵی زیندووکردنەوەی پێگە مێژووییەکەی دەوڵەتی عوسمانیدایە لە دنیای عەرەبی و ئیسلامی و جیهان و بە "عوسمانییە نوێیەکان" ناویان دەبەن .

* **عێراقی دوای سەدام**

دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن لە نیسان/ئەپریلی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانانیەوە لە شەڕی ناسراو بە "ئازادیی عێراق"

ئیسلامییەکانی عێراق بەهەردوو باڵی شیعە و سوننەوە، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا وەك باقیی حزبە سیاسییەکانی تر قەدەغە کرابوون و بەتوندی سەرکوت کرابوون، گەیشتنە دەسەڵات و بوونە هێزی باڵادەست لە عێراقی نوێدا.

لە ئەنجوومەنی حوکمی عێراقیدا کە دووەم دەستەی حوکمڕانیی عێراقی بوو کە پاش رووخانی سەدام لەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە CPA بەسەرۆکایەتیی پول برێمەری حاکمی مەدەنیی ئەمەریکا لە عێراق لە ١٣ تەمووز/یۆلیۆی ٢٠٠٣ دامەزرا و لە ٢٥ ئەندام پێك هات کە نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانی عێراق و گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییان دەکرد و تا یەکی حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠٠٤ بەردەوام بوو، بەشی زۆریان لە ئیسلامییەکان بوون، لەوانە، لە شیعەکان: محەمەد بەحرلعلوم، عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، ئیبراهیم جەعفەری (سەرۆکی حزبی دەعوە)، موەفەق روبەیعی (دواتر بوو بەراوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی)، عیزەدین سەلیم (لە تەقینەوەیەکی خۆکوژیدا لە ١٧ ئایار/مایۆی ٢٠٠٤ کوژرا). هەروەها لە سوننەکانیش موحسین عەبدولحەمید سەرۆکی حزبی ئیسلامیی عێراق (ئیخوان موسلیمین) و سەلاحەدین محەمەد بەهادینی ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەبینران. هەروەها رەوتی سەدریش بەسەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر دوای گۆڕانکارییەکانی عێراق وەك هێزێکی ئیسلامیی شیعیی کاریگەر دەرکەوت.

ئێستە لە دەرەوەی بەشە کوردییەکە، بەشی هەرە زۆری بارستە و هێزە سیاسییە کاریگەرەکانی ناو حکوومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریی عێراق لە ئیسلامییەکانن. تەنانەت گرووپە چەکدارییە نەیارەکانی پرۆسەی سیاسی و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاشەوە، گرووپی ئیسلامی بوون یاخۆ سیمای ئاینییان بەخۆیان داوە با لە جەوهەریشدا

دینی نەبن، لەوانە: ڕێکخراوی جیهاد و تەوحید، ڕێکخراوی قاعیدە، ئەنساروسوننە، جەیشی ئیسلامی، سوپای راشیدین، کەتیبەکانی سەلاحەدین، دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق، گرووپی نەقشبەندی، سوپای محەمەد، کە ئەم دووانەی دوایی وا ناسراون لە پاشماوەکانی حزبی بەعسی سەدامن.

* **هەرێمی کوردستان**

بەڵام لە هەرێمی کوردستان حزبە ئیسلامییەکان لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا گەشەیەکی سنووردارییان کردووە و نەیانتوانیوە بگەنە دەسەڵات، یان تەنانەت ببنە بەشێکی گرینگیش لە دەسەڵات.

لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانیی هەرێمی کوردستاندا لە ١٩ ئایار/مایۆی ١٩٩٢ کە بەرەی کوردستانی ڕێکی خست، لیستی ئیسلامی کە چوارچێوەیەك بوو بۆ حزب و گرووپە ئیسلامییەکان (بزووتنەوەی ئیسلامی و هەردوو خەتی یەك و دووی ئیخوان) نەیانتوانی بگەنە بنمیچی ٧٪ کە پێویست بوو بۆ چوونە ناو پەرلەمان و تەنیا ٥,١٪ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا.

لە ماوەی نێوان یەکەم هەڵبژاردن و دووەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا (١٩٩٢–٢٠٠٥)، کە سەردەمی دوو ئیدارەییی پێ دەگوترێ، دوو هەڵبژاردن بەجیا لە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان ئەنجام دراوە، یەکەمیان لە ئیدارەی سلێمانی بوو لە ٣ شوبات/فێبرایەری ٢٠٠٠، ئەوی تریشیان لە ئیدارەی هەولێر (هەولێر و دهۆك) لە ساڵی ٢٠٠١ بوو.

لەوەی ئیدارەی سلێمانیدا لیستی پارتی دیموکرات بەشداریی نەکرد و رکابەری بە پلەی یەکەم لە نێوان یەکێتیی نیشتمانی و حزبە ئیسلامییەکاندا بوو بەتایبەت یەکگرتووی ئیسلامی، کە ئەمەی دوایی

لەنێو شاری سلێمانی ١٧,٥٣٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

لە ئیدارەی هەولێریش لیستی یەکێتیی نیشتمانی بەشداریی نەکرد و رکابەری لە نێوان لیستی پارتی و حزبەکانی تردا بەتایبەت یەکگرتوو بوو، کە بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی رەسمیی یەکگرتوو، نوێنەری ئەو حزبە بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر ٢٠٪ی دەنگەکان و نوێنەریان بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیی دهۆك ١٩٪ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە.

لە هەڵبژاردنەکانی قوتابیانی کوردستان کە لە هەردوو ناوچەی سەوز و زەرد (ئیدارەی سلێمانی و هەولێر) بەڕێوە دەچوو، رێکخراوی یەکگرتووی قوتابیانی سەر بە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەگشتی نزیکەی ٢٠٪ی دەنگەکانی بەدەست دەهێنا و ئەو هەڵبژاردنانە و هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان لەو ساڵانەدا دەری خست یەکگرتووی ئیسلامی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پاش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێزی سێیەمە، لە هەر ناوچەیەکیش بەجیا دوای حزبی دەسەڵاتداری ناوچەکە هێزی دووەم بوو بەڵام بەجیاوازییەکی زۆر.

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی کوردستاندا و بە دیاریکراوی لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٩٥ەوە بە حوکمی ئەوەی ئەو ناوچەیە چەقی قورساییی هێزە سەربازییەکەی بوو، ئیدارەیەکی نیوچە سەربەخۆی لە چوارچێوەی ئیدارەی سلێمانیدا لە دەڤەری هەڵەبجە هەبوو، کە تا ساڵی ٢٠٠٠ بە کردەوە بەردەوام بوو.

لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی کوردستان لە کانوونی یەکەم/دیسیمبەری ٢٠٠٥، یەکگرتووی ئیسلامی بەلیستی جیا دانەبەزی، لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا دابەزی (کە زۆربەی حزبە کوردییەکانی لەخۆ گرتبوو) و بە تەوافوق ٩ کورسیی لە

کۆی ١١١ کورسیی پەرلەمان وەرگرت، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش بەسەرۆکایەتیی عەلی باپیر بەجیا دابەزی و ٦ کورسیی بەدەست هێنا. واتە هەردوو حزبە ئیسلامییە سەرەکییەکە پێکەوە ١٥ کورسییان بەدەست هێنا کە دەکاتە نێزیکەی ١٣٪ی کورسییەکانی پەرلەمان.

لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا لە ٢٥ تەمووز/یۆلیۆی ٢٠٠٩، هەردوو حزب لە لیستێکی چوارحزبیدا بەناوی (لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی) لەگەڵ دوو حزبی بچووکی عەلمانیدا (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی قادر عەزیز و حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتیی محەمەدی حاجی مەحموود) دابەزین و پێشبینییان دەکرد دوای لیستی کوردستانی (لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی) بەپلەی دووەم بێن و ٢٠–٢٥ کورسی بەدەست بێنن، بەڵام ئەنجامەکان بەو شێوەیە دەرنەچوون و لیستەکە تەنیا ١٣ کورسیی بەدەست هێنا، لەوەیش ٣ کورسی درایە دوو حزبە هاوپەیمانەکەیان و ١٠ کورسی بۆ دوو حزبە ئیسلامییەکە مایەوە (یەکگرتوو ٦ کورسی و کۆمەڵ ٤ کورسی). لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیش بەسەرۆکایەتیی سدیق عەبدولعەزیز ٢ کورسیی بەدەست هێنا، بەوە ژمارەی کورسیی ئیسلامییەکان دەگاتە ١٢ کورسی، بەو شێوەیە رێژەکەیان لە پەرلەمانی کوردستاندا لە ١٣٪ەوە بۆ ١١٪ دابەزی و لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین بڵێین بەبەراورد بەوەندە ساڵەی تەمەن، ئیسلامییەکان گەشەیەکی شایانی باسیان نەکردووە، ئەگەرچی خۆیان یاری بە ژمارە دەکەن و دەڵێن ئەوەندە هەزار دەنگمان زیادی کردووە، بەڵام لە بەرەنجامدا ئەوەی سەنگی مەحەکە کورسیی پەرلەمان و قورسایی و قەبارەی سیاسییە لە گۆڕەپانەکەدا.

چاوەڕواننەکراوی هەڵبژاردنەکە سەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان بوو بەسەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا، کە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزرابوو، بە

پلـەی دووەم و ٢٥ کـورسیـی بـەدەست هـێنـا و بـوو بـە هـێزی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا.

* **حەماسی فەڵەستین ٢٠٠٥**

یـەکێکی تر لـە سەرکـەوتـنـەکـانـی رەوتـە ئیسلامـیـیـەکانی ناوچەکە، کە ئـەویش زۆر کـەس بـە بـلـەرزەیـەکـی راستـەقـیـنـەیـان دانـا، سەرکـەوتـنـی بـزووتـنـەوەی حـەمـاسی ئـیسلامـیـی فـەڵـەسـتـیـن بـوو لـە هـەڵـبـژاردنـە پەرلەمانییەکەی فەڵەستین لە حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠٠٥، کە توانی لە کۆی ١٣٢ کورسیی ئەنجوومەنی یاسادانان ٧٦ کورسی بەدەست بێنێ کە دەکاتە ٥٤,٥٪ی کورسییەکان.

بـزووتـنـەوەی حـەمـاس کـە وەك فیکری سیـاسی سەر بـە قـوتـابـخـانـەی ئیخوان موسلیمینە، لە ٦ کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٨٧ لەلایەن شێخ ئەحمەد یاسین (١٩٣٦-٢٠٠٤) و شەش سەرکردەی تری ئیخوان موسلیمینی فەڵەستینەوە هاتە دامەزران و باڵێکی سەربازیشی بەناوی کـەتـیـبـەکـانـی (عـزالـدیـن الـقسام)ەوە دامـەزرانـد بۆ لێدانی ئیسرائیل، هـاوشێوەی حـزبـەکـەی ئـەردۆگـان -کـە توانـی کۆتـایـی بـە بـالادەستـیـی هـەردوو حـزبـی مـێژوویـی رێگـەی راست (چـیـلـلـەر) و نـیشتـمـانـی دایك (مەسعوود یەڵماز) بێنێ- حەماسیش توانی پاشەکشە بە بزووتنەوەی مێژوویـی فـەتـح بـەسەرۆکـایـەتـیـی مـەحـموود عـەبـاس (جێگرەوەی یاسر عەرەفات) بکا، بەشێوەیەك جۆرج بوشی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا سەرکەوتنەکەی حەماسی بە"زەنگی مەترسی بۆ سەرکردایەتیی کۆنی فەڵەستینی" دانا.

ئەوەی سەیر بوو، جیاواز لە هەڵوێستی دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەرامبەر سەرکەوتنی ئیسلامییەکان، کە بە زەبروزەنگ و سەرکوتکردن وەڵامی سەرکەوتنەکانی ئەو رەوتەیان لە هەڵبژاردندا دەدایەوە (وەك ئەوەی لە

جەزائیر لە ١٩٩٢ رووی دا و لە تورکیاش لە ١٩٩٧ و ١٩٩٩ رووی دا) مەحموود عەباسی سەرۆکی دەسەڵاتی فەڵەستینی نەك ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی هەڵنەوەشاندەوە، بگرە ئیسماعیل هەنییەی سەرکردەی حەماسی بۆ پێکهێنانی حکوومەت راسپارد و حکوومەت بەسەرۆکایەتیی حەماس پێك هات. بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکانی حەماس و فەتحەوە حکوومەتە یەکگرتووەکە زۆر تەمەنی نەکرد و پاش هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان فەتح و حەماسدا، لە ١٤ حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠٠٧ حەماس دەستی بەسەر کەرتی غەزەدا گرت و بەری رۆئاوایش لە دەستی فەتحدا مایەوە. عەباس لە مەرسوومێکدا هەنییەی لە کار لادا و سەلام فەیازی بۆ پێکهێنانی حکوومەت راسپارد. بەڵام هەنییە ملی بەو بڕیارە نەدا و وەك سەرۆکی حکوومەتی غەزە لە کارەکانی بەردەوام بوو. دوای نێزیکەی ٤ ساڵ، بە میانیگەریی میسر لە ٤ ئایار/مایۆی ٢٠١١دا بزووتنەوەی فەتح و حەماس رێککەوتننامەی ئاشتەواییان لە قاهیرە ئیمزا کرد و بڕیارە حکوومەتێکی یەکەتیی نیشتمانی پێك بێنن.

دوای دوولەتبوونی ئیدارەی فەڵەستینی، ئەمەریکا و یەکەتیی ئەورووپا و ئیسرائیل ئەو سزایانەیان لەسەر ناوچەکەی فەتح هەڵگرت کە پاش پێکهێنانی حکوومەت لەلایەن حەماسەوە و قایل نەبوونی بە داننان بە ئیسرائیلدا، بەسەر فەڵەستینییاندا سەپاند و رێگەیان لە گەیشتنی کۆمەکییە داراییەکان دەگرت، بەڵام گەمارۆکەی سەر غەزە هەر مایەوە و گرژییەکانی نێوان حەماس و ئیسرائیل گەیشتە لووتکە و لە ئەنجامدا ئیسرائیل لە ٢٠٠٨/١٢/٢٧ دەیان فڕۆکەی جەنگیی ئیسرائیلی لە هێرشێکی لە ناکاودا بۆردمانێکی چڕ و خێرای دەیان لە بارەگاکانی حەماس و حکوومەتەکەی لە غەزە کرد و لە چەند خولەکێکدا نێزیکەی ٣٠٠ کەس کوژران و زیاتر لە ٦٠٠ی تریش بریندار بوون، زۆربەی بەرکەوتووەکانیش لە دەزگا ئەمنییەکانی حەماس بوون، بەدوای

ئەوەیشدا هێرش و پەلامارەکانی لە ئاسمان و زەوی و دەریاوە بۆ سەر غەزە دەست پێ کرد کە ٢٢ رۆژی خایاند و جگە لە زیانە ماڵییەکان، زیاتر لە ١٠٠٠ فەڵەستینی کوژراون و زیاتر لە ٥٠٠٠یش بریندار بوون.

لە ٢٠٠٩/١٠/١٦ ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەزۆرینەی دەنگ راپۆرتی دادوەر ریچارد گۆڵدستۆنیان لەبارەی شەڕەکەوە پەسند کرد و تێیدا هەردوو لایەنی ئیسرائیل و حەماسی بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ تۆمەتبار کرد.

لە دە ساڵی رابردوودا دەیان لە سەرکردەکانی حەماس لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە کوژران، لەناویاندا ئەحمەد یاسینی سەرۆکی رۆحیی بزووتنەوەکە و دوکتۆر عەبدولعەزیز رەنتیسی سەرۆکی حەماس و مەحموود زەهار و ئیسماعیل ئەبوشەنەب سەرکردەی دیاری بزووتنەوەکە.

***

## ئیسلامی سیاسی پاش بەهاری عەرەبی ۲۰۱۱

٥٠ ساڵ زیاترە، لەو کاتەی ئەو گەلانە سەربەخۆییان لە ئیستیعماری ئەوروپایی وەرگرتووە و دەوڵەتی نیشتمانییان پێك هێناوە، گەلانی عەرەبی لەژێر سایەی ڕێژیمگەلێکی دیکتاتۆریی تاککەسی و تاکحزبی تاکبنەماڵەییدا دەژین، کە بە جیاوازیی سروشت و ئایدیۆلۆجیاکانیانەوە بەشێوەیەکی گشتی- دەرفەتێکی جیدییان بۆ ئازادیی فیکری و سیاسی و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات و بەشداریی هاووڵاتی لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا نەڕەخساندووە.

ئەو ڕێژیمانە، کە بەشێکی زۆریان مشەخۆری داهاتێکی بێ شوماری نەوتن کە بەبێ کرد و کۆششێك لەژێر زەوییەوە بۆیان هەڵدەقوولێ، وەك کە ئازادیی سیاسییان لە گەلانیان زەوت کردووە و تەنانەت بە هەموویانەوە لە شەڕەکانیاندا لەگەڵ دەوڵەتێکی بچووکی وەك ئیسرائیلدا شکستیان هێناوە و ئەمەی دوایی لە ساڵی ١٩٦٧ توانی شکست بە سوپای هاوبەشی وڵاتانی عەرەبی بێنێ و جگە لە کەرتی غەزە و بەری رۆئاوای خاکی فەڵەستین، بەشێك لە خاکی میسر (بیابانی سینا) و سووریا (بەرزاییەکانی جۆلان) و لبنان (کێڵگەکانی شەبعا لە باشوور) داگیر بکا، نەشیانتوانیوە لە رووی گەشەی ئابووری و زانستی و عیمرانییەوە خۆشگوزەرانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ گەلانیان دەستەبەر بکەن.

وڵاتانی عەرەبی لە کۆزەینی گشتیی دنیادا، نموونەی ئەو دنیایەن کە دیموکراسییەتێکی راستەقینەی تێدا نییە، لە هەندێ وڵاتی وەك سعوودیە و عێراق و سووریا و لیبیا دیموکراسییەت سفر، لە هەندێ وڵاتی تریش دیموکراسییەتێکی شەرمن و شکڵی و تەلبەندکراو هەبووە، بەو شێوەیەی مانەوە و باڵادەستیی بنەماڵە یاخۆ حزب و سەرۆکی حوکمڕان مسۆگەر

بێ، وەك لە ئوردن و میسر و جەزائیر و مەغریب.

نموونەی ئەو وڵاتانەن کە گەلانیان کەمترین بەشدارییان لە بڕیاری سیاسی و گوشار دروستکردن لەسەر دەسەڵاتدا هەیە، بەشێوەیەك دەسەڵات لە ڕادەبەدەر لە ئاست داواکاری و نارەزاییەکانی شەقامدا خەمسارد و بێباك بوو، چونکە زۆر بەئاسانی دەیتوانی بە زەبری ئاگر و ئاسن سنوور بۆ هەر سەرکێشییەکی دابنێ. ئەو بێ ئیرادەییەی شەقامی عەرەبی لە دە ساڵی رابردوودا لە کەناڵە ئاسمانییە ئازادە عەرەبییەکانەوە بووبووە نوکتە.

نموونەی ئەو وڵاتانەن سەرۆکەکانیان لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا ٩٩,٩٩٪ی دەنگەکان دێنن، کە شتی وا لە دنیادا بێوێنەیە.

نموونەی ئەو وڵاتانەن سەرۆکەکانیان لە پیرترین سەرۆکەکانی دنیان و زۆرترین ماوە لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە، قەزافی و سوڵتان قابووس بن سەعیدی سوڵتانی عومان ٤٢ ساڵ، عەلی عەبدوڵڵا ساڵح ٣٣ ساڵ، حافز ئەسەد ٣٠ ساڵ، سەدام حوسێن بە رەسمی ٢٤ ساڵ و بە کردەوە ٣٥ ساڵ، شا فەهد بن عەبدولعەزیز ٢٣ ساڵ، حوسنی موبارەك ٣٠ ساڵ، زەینولعابدین بن عەلی ٢٣ ساڵ لە دەسەڵاتدا ماون. سوڵتان قابووس و شێخ حەمەدی میری قەتەر بۆ گەیشتن بە کورسیی دەسەڵات کودەتایان بەسەر باوکیاندا کرد.

لەو وڵاتانەن سەرۆك و شا و میرەکانیان لە دەوڵەمەندترین دەوڵەمەندەکانی دنیان.

بەپێی کۆواری فۆربس Forbesی ئابووریی ئەمەریکا کە بایەخ بە ئاشکراکردنی سامانی دەوڵەمەندەکانی جیهان دەدا، هەروەها سایتی ئینسکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیا (کە پشتی بەسەرچاوەی تایبەتمەند بەستووە)، لە ساڵی ٢٠١٠ لەناو دەوڵەمەندترین شا و سەرۆکەکانی دنیا

٧ شا و میری عەرەب هەیە و سامانەکانیان بەم شێوەیە:

موعەمەر قەزافی زیاتر لە ٧٠ ملیار دۆلار، حوسنی موبارەك زیاتر لە ٤٠ ملیار دۆلار، شا عەبدوڵڵای سعوودیە نێزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار، خەلیفە بن زاید ئال نهەیان سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات ١٨ ملیار دۆلار، محەمەد بن رەشید ئال مەکتووم سەرۆك وەزیرانی ئیمارات نێزیکەی ٥ ملیار دۆلار، شا محەمەدی شەشەمی شای مەغریب ٢,٥ ملیار دۆلار، حەمەد بن خەلیفەی میری قەتەر ٢,٥ ملیار دۆلار، سوڵتان قابووس، سوڵتانی عومان ٧٠٠ ملیۆن دۆلار. میری کوێت ٣٥٠ ملیۆن دۆلار.

رەنگە ئەم ژمارانە هەندێ ناوردییان تێدا بێ و لە ژمارە راستەقینەکە زیاتر یاخۆ کەمتر بن، بەڵام ئاماژەی پشت ژمارەکان گرینگە.

ئەمە لە کاتێکدا سامانەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا پاش نێزیکەی ١٠ ساڵ لە دەسەڵات تەنیا ٢ ملیۆن دۆلارە و سامانەکەی ئۆبامایش ١٠ ملیۆن دۆلارە [٥].

لەو وڵاتانەن زۆرترین بودجە لە کڕینی چەك و ئامراز و کەرەستەی سەرکوتکردندا خەرج دەکەن و زۆرترین کات وڵاتەکانیان لە کێشە و تەنگژەی سیاسی و ئەمنیدان و زۆرترین هەواڵی نائارامییەکانی وڵاتانیان لە میدیاکانی دنیادا بڵاو دەبێتەوە.

لەو وڵاتانەن زۆرترین ژمارە هەڵگەڕانەوە و کودەتای سەربازی و زۆرترین ململانەی خوێناوی لەناو هێزە سیاسییەکانیدا هەیە و زۆرترین کەس دەکوژرێن. کەم وڵاتی ناوچەکە هەیە کودەتایەکی سەربازی یان زیاتری بەخۆوە نەبینیبێ، هەندێ جار کوڕ کودەتای سوور و سپیی بەسەر باوکیدا کردووە، وەك لە عومان لە ساڵی ١٩٧٠ و لە قەتەر لە ٢٧ حوزەیرانی ١٩٩٥ رووی دا[٦].

لە بریی هەواڵی پێشکەوتن و داهێنان، هەواڵی تەقینەوە و شەڕ و

کوشتارە بەردەوامەکان سیمای زاڵی هەواڵەکانی رۆهەڵاتی ناوەڕاستە.

نموونەی ئەو وڵاتانەن کە رێژیمەکانیان بۆ دەیان ساڵ بەناوی باری نائاسایی (مەترسیی ئیسرائیل و پیلانی ناحەزانی ناوەخۆ گوایە کە هەڕەشە لە ئاسایشی دەوڵەت دەکەن) بەسەر وڵاتدا دەسەپێنن و لە سایەیدا دڵتەزێنترین تاوان ئەنجام دەدەن. نموونەی ئەو وڵاتانەن زۆرترین زیندانیی سیاسییان هەیە و زۆرترین ئەشکەنجە و پێشێلکاری لەو گرتووخانانەدا رووو دەدا.

نموونەی ئەو وڵاتانەن کە شەفافیەت لە ئیدارە و حوکمڕانییاندا نییە و زانیارییەکان لای تاقمێکی دەسەڵاتدارن و بڕیارەکان لەپشت پەردەوە دەدرێن و گەل تەنیا رۆڵی سووتەمەنی دەبینێ. نموونەی ئەو وڵاتانەن کە لە هەموو سیستمە پاشایی و ئەمیری و کۆمارییەکاندا دەسەڵات بە میرات لە باوانەوە بۆ کوڕانیان دەگوێزرێتەوە.

نموونەی ئەو وڵاتانەن کەمترین گەشەی ئابووری و زانستی بەخۆوە دەبینن و هاووڵاتییانیان کەمترین سوود لە داهاتی وڵاتەکانیان وەردەگرن.

نموونەی ئەو وڵاتانەن کەمترین بەشدارییان لە بەرەوپێشبردنی زانست و تەکنەلۆجیا و شارستانێتیی سەردەم و چارەسەرکردنی کێشە مرۆیی و سیاسی و ئابوورییەکانی جیهاندا هەیە.

هەموو ئەمانە بۆمبی کاتبەند بوون لە جەستەی ئەو وڵاتانەدا، کە ناو بەناو سەرەتاتکێی راپەڕینیان دەکرد و بەتوندی سەرکوت دەکران، تا کورد وتەنی– جامەکە پڕ بوو و لە بەهاری ٢٠١١دا لەگەڵ تەقینی کانیاوەکانی بەهاردا، راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبیش لە تونسەوە یەکەم پریشکی دا و وەك شەتڵی ئەڵغام یەك لەدوای یەك تەقینەوە، کە دواتر ناوی "بەهاری عەرەبی"یان بەسەردا بڕا، کە چ وەك کاتی سەرهەڵدانی

ڕووداوەكان و چ وەك سروشتی گۆڕانكارییەكەیش "بەهار" بوو بۆ گەلانی عەرەبی. دروشمی "گەل رووخاندنی ڕێژیمی دەوێ: الشعب یرید اسقاط النظام" بوو بەدروشمی سەرتاسەری گەلانی ڕاپەڕیوی بەهاری عەرەبی، لە تونسەوە بۆ میسر و بۆ یەمەن و بۆ سووریا. هەندێكیش لە روانگەی باڵادەستبوونی ئیسلامی سیاسی لە قۆناغی پاش سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەكە ناوی دەنێن "بەهاری ئیسلامی".

## تونسی بوعەزیزی

لە ١٧ كانوونی یەكەم/دیسیمبەری ٢٠١٠ گەنجێكی تونسی بەناوی محەمەد بوعەزیزی دوای شكاندنی عارەبانەی سەوزە فرۆشتنەكەی لەلایەن پۆلیسەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و دوای چەند رۆژێك گیانی لەدەست دا. ئەو ڕووداوە بوو بەچەخماخەی ڕاپەڕینی گەلی تونس لە دژی ڕێژیمەكەی زەینولعابدین بن عەلی كە لە ساڵی ١٩٨٧ەوە تاكڕەوانە حوكمی وڵاتی دەكرد، ڕاپەڕینەكە وەك ئاگری ناو پووش و پەڵاش سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە و سەدان كەس لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە سەركوتكەرەكانی ڕێژیمەوە كوژران یاخۆ بریندار بوون.

بن عەلی كە بە درێژاییی ٢٣ ساڵ گوێی بەمیللەتەكەی نەدا و تاكڕەوانە حوكمی كرد و وڵاتەكەی كردبوو بە مەزرای تایبەتی خۆی و بنەماڵە و دەستوپێوەندەكەی، كاتێ زانی كێردی گەل گەیشتووەتە سەر گەردنی، هاتە سەر تەلەڤزیۆن و لە وتارێكدا بە خەڵكی گوت لێتان تێگەیشتم "فهمتكو"، بەڵام ئەو لێتێگەیشتنە، جا بە ڕاست بووبێ یاخۆ تەنیا بۆ لەخشتەبردنی خەڵك بووبێ، كاتێ رووی دا كات زۆر درەنگ بووبوو.

سەرەنجام دوای ئەوەی شەپۆلی خۆپێشاندانەكە گەیشتە پایەتەخت، بەشێوەیەكی دراماتیكی و لە ماوەیەكی پێوانەییدا، كە تەنیا مانگێكی خایاند، بن عەلی لە ١٤ كانوونی یەكەم/یەنایەری ساڵی ٢٠١١ لەگەڵ

لەیلا تەرابلوسی هاوسەری بە فڕۆکەیەك وڵاتیاذ  بەرەو عەرەبستانی سعوودی بەجێ هێشت. لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی پاش رووخانی رێژیمەکەی بن عەلی لە ٢٣ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠١١، کە رێژەی بەشداریکردن تێیدا نزیکەی ٨٠٪ بوو، حزبی نەهزەی ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی راشد غەنووشی، کە لە ساڵی ١٩٩٧وە لە تونس قەدەغە کرابوو، ٩٠ کورسی لە کۆی ٢٧٠ کورسیی ئەنجوومەنی دامەزراندن (پەرلەمان)ی بەدەست هێنا.

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، حزبی نەهزە لەگەڵ براوەی دووەم (حزبی کۆنگرە لە پێناو کۆماری بەسەرۆکایەتیی مونسیف مەرزووقی) و سێیەم (بارستەی دیموکراسی لە پێناو کار و ئازادییەکان بەسەرۆکایەتیی مستەفا بن جەعفەر) بۆ دابەشکردنی سێ سەرۆکایەتییەکەی وڵات رێك کەوتن.

بەپێی ئەو رێککەوتنە سێقۆڵییە، حەمادی ئەلجەبالی ئەمینداری گشتیی حزبی نەهزە پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت، مەرزووقی پۆستی سەرکۆمار و بن جەعفەریش پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی وەرگرت و لە ٢٣ کانوونی یەکەم/دیسیمبەری ٢٠١١دا پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ متمانەی بەخشییە کابینەکەی جەبالی، کە لە ٣٠ وەزیر و ١١ وەزیری دەوڵەت پێك هات.

### میسری ئیخوان موسلیمین

راپەڕینە سەرکەوتووەکەی تونس بوو بە ئیلهامگەیێنی گەلانی ناوچەکە کە دەیان ساڵە لەژێر باڵی چەند حزب و سەرۆکێکی تاکڕەودا دەیانناڵاند و لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگی پاش هەڵاتنەکەی بن عەلی بەجارێك راپەڕینی گەلانی ناوچەکە وەك شەتڵی ئەڵغام یەك لەدوای یەك لە میسر و

جەزائیر و مەغریب و لیبیا و بەحرێن و سووریا و تا رادەیەکیش لە عێراق و هەرێمی کوردستان تەقینەوە، هەر بۆیە ناو نرا "بەهاری عەرەبی".

هەندێ لەوانە دوای چەند رۆژێك دامرکانەوە، وەك لە مەغریب و جەزائیر، هەندێکیان لە ماوەی چەند هەفتە یاخۆ مانگێکدا رژێمەکانیان هەرەسیان هێنا، وەك لە میسر و لیبیا و تا رادەیەکیش یەمەن کە ئەمەی دوایی پاش چەند مانگێك لە خۆپیشاندانی نارەزایی و کوژران و بریندار بوونی سەتان کەس، بەپێی دەستپێشخەرییەکی وڵاتانی کەنداو، کە لە مانگی نیسان/ئەپریلی ٢٠١١وە کاریان لەسەر دەکرد تا دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیان پێ قایل کرد و پاش چەند جارێك سرتەسرتکردن، یەمەن قایل بوو بە گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات لە عەلی عەبدوڵڵا ساڵح(ی سەرۆکی ئەو وڵاتە لە ١٩٧٨ەوە) بۆ عەبد رەبە مەنسوور هادی جێگری و لە ٢٠١٢/٢/٢٧دا ساڵح بە رەسمی پۆستەکەی رادەستی هادی کرد.

هەندێك لە راپەرینەکانیش بەهۆی هاوکێشە سیاسییەکەی ناوچەکەوە بەبێ یەکلابوونەوە درێژەیان کێشا، وەك لە سووریا و بەحرێن.

لە ٢٥ کانوونی یەکەم/یەنایەری ٢٠١١ راپەرین لە دژی رژێمەکەی حوسنی موبارەك، کە پاش تیرۆرکردنی ئەنوەر ساداتی سەرۆکی پێشوو، لە ١٩٨١ەوە تاکرەوانە حوکمی میسری دەکرد دەستی پێ کرد و قاهیرە و زۆربەی شارەکانی میسری گرتەوە و دوای زنجیرەیەك رووداوی خوێناوی، موبارەك لەژێر پاڵەپەستۆی خۆپیشاندانەکان لە ١٤ شوبات/فێبرایەری ٢٠١١ بەناچاری دەستبەرداری دەسەڵات بوو و بەشێوەیەکی کاتی بەرێوەبردنی کاروباری وڵاتی بەئەنجوومەنی باڵای سەربازی بەسەرۆکایەتیی موشیر حوسێن تەنتاوی سپارد.

راپەرینەکەی میسر لە کاتێکدا رووی دا کە رژێمەکەی موبارەك لە

لووتکەی لەخۆبایيبوونيدا بوو و موبارەکی تەمەن ٨٣ ساڵ دوای ٣١ ساڵ دەسەڵات، بەو پيری و کەنەفتييەش ليکی بۆ کورسييەکەی دەڕژا و بەنياز بوو خۆی بۆ خولێکی نوێی سەرۆکايەتی کانديد بکاتەوە، هەروەها هاوشێوەی حافز ئەسەدی سەرۆکی سووريا (١٩٣٠-٢٠٠٠) ئەويش جەمالی کوڕی بۆ جێگرتنەوەی خۆی ئامادە دەکرد.

جياواز لە هەڵبژاردنە پەرلەمانييەکەی ساڵی ٢٠٠٥ کە پەڕاوێزێکی باشی ئازادی درابوويە هێزە سياسييە رکابەرەکان و توانيبوويان رێژەيەکی بەرچاو لە کورسييەکان بەدەست بێنن، لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١٠دا رێژيمەکەی موبارەك گژبەری (تحدی)ی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ميسری کرد و رێگەی نەدا هيچ چاودێرێکی بيانی چاودێريی هەڵبژاردنەکەی ٢٨ تشرينی دووەم/نۆڤەمبەر و ٥ کانوونی يەکەم/ديسەمبەری ٢٠١٠ بکا، هەر بۆيە ئيخوان موسليمين کە لە خولی پێشووی پەرلەماندا ٨٨ کورسيی پەرلەمانی بەدەست هێنابوو، پاش بەڕێوەچوونی خولی يەکەمی هەڵبژاردنەکە هيچ کورسييەکی بەدەست نەهێنا و لەگەڵ حزبی وەفد، حزبی نيشتمانيی ديموکراسيی دەسەڵاتداريان بە ئەنجامدانی "ساختەکاريی ئابڕووبەر" تۆمەتبار کرد کە ٩٥٪ی کورسييەکانی خولی يەکەمی بەدەست هێنابوو، لە خولی دووەم کشانەوە و پەرلەمانی نوێيان بە "ناشەرعی" لە قەڵەم دا.

کۆمەڵی ئيخوان موسليمينی ميسر کە لە ئاداری ساڵی ١٩٢٨ لەلايەن حەسەن بەناوە (١٩٠٦-١٩٤٩) دامەزرا و بە "دايك"ی بزووتنەوە ئيسلامييەکانی دنيا دادەنرێ و بەرفراوانترين رێکخراوی ئيسلامی سياسييە و لە زياتر لە ٧٠ وڵاتدا باڵی هەيە و ئێستە محەمەد بەديع رابەری گشتييەتی[٧]، لە ساڵی ١٩٥٤ بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ کوشتنی جەمال عەبدولناسری سەرکۆماری ئەوکاتی ميسر (١٩١٨-١٩٧٠) قەدەغە کرا و بە رێکخراوێکی نایاسایی لە قەڵەم درا ئەگەرچی بە کردەوە

بـواری چـالاکـیـیـەکـی سنـووورداری پـێ دەدرا و نـووسیـنـگـەی ئیرشاد و مورشیدی گشتیی بەئاشکرا هەبوو و لە هەڵبژاردنەکانیشدا کاندیدەکانی وەك کەسایەتیی سەربەخۆ بەشدارییان دەکرد.

دوای نـەمـانـی رژێیمەکـەی مـوبـارەك، ئـیـخـوان مـوسلـیمین حزبێکی سیاسیی بەناوی حزبی ئازادی و داد (الحرية والعدالة) بەسەرۆکایەتیی محەمەد مورسی دامەزراند و لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی دوای مــوبــارەکــدا کــە بــە سێ خــول لــە نــێوان لــە ٢٨ و ٢٩ تشریــنــی دووەم/نۆڤێمبەری ٢٠١١ تا ٣ و ٤ کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠١٢ بەڕێوە چوو، بە بەدەستهێنانی نێزیکەی ٤٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمان پلەی یەکەمی بەدەست هێنا حزبی (نوور)ی سەلەفیش بە بەدەستهێنانی نێزیکەی ٢٠٪ی دەنگەکان پلەی دووەمی بەدەست هێنا و پێکەوە زیاتر لە ٦٠٪ی کورسییەکانیان بردەوە.

سەعد کـەتـاتـنـی لـەسەر لـیستـی ئـیـخـوان بـوو بـەسەرۆکـی یـەکـەمین پەرلەمانی دوای موبارەك کە ئەنجوومەنی باڵای سەربازیی دەسەڵاتدار لـە رۆژە کـۆتـاکـانـی دەسەڵاتـی خۆی لـە نـاوەڕاستـی حوزەیرانـی رابـردوو (٢٠١٢) ئــەو پــەرلــەمــانــەی هــەڵــوەشانــدەوە. لــە هــەڵــبــژاردنــە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتەیشدا کە بە دوو خول لە ئایار (بەبەشداریی زیاتر لە ١٠ کاندید) و حوزەیرانی رابردوو (کە تەنیا محەمەد مورسی و ئەحمەد شەفیقی دواین سەرۆك وەزیرانی سەردەمی موبارەك مانەوە و رکابەرییان کرد) بەڕێوە چوون، مورسی کاندیدی حزبەکەی ئیخوان مـوسلـیمین بـە بـەدەستـهێـنـانـی نزیکـەی ٥٢٪ی دەنگـەکـان سەرکـەوتـنـی بەدەست هێنا و لە ٣٠ی حوزەیران وەك سەرۆکی میسر سوێندی یاسایی خوارد و بە رەسمی دەسەڵاتی لە ئەنجوومەنی باڵای سەربازی وەرگرتەوە.

**مەغریبی داد و گەشە**

دوای ئەوەی پریشکی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی گەیشتە مەغریبیش، بۆ بەرگرتن لە تەقینەوەی دۆخەکە، شا محەمەدی شەشەمی شای مەغریب بڕیاری هەمواركردنی دەستووری وڵاتی دا تا بتوانرێ هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدرێ، تێیدا دەستبەرداری هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بوو بۆ حکوومەت.

دوای ئەوەی لە تەمووز/ یۆلیۆی ٢٠١١دا لە ڕاپرسییەکی گشتیدا هەمواركردنە دەستوورییەکە پەسند کرا، لە ٢٣ تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ٢٠١١ هەڵبژاردن بەڕێوە چوو، کە لە کۆی ١٣ ملیۆن کەس کە مافی دەنگدانیان هەبوو، ڕێژەی بەشداریکردن ٤٥٪ بوو، لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٧دا، ڕێژەکە ٣٧٪ بوو.

لە هەڵبژاردنەکەدا لە کۆی ٣٩٥ کورسیی پەرلەمان، حزبی داد و گەشەپێدانی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی عەبدولئیلا بن کیران بە بەدەستهێنانی ١٠٤ کورسی پلەی یەکەمی بەدەست هێنا و شای مەغریب سەرۆکی حزبی ناوبراوی بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕاسپارد. لە ٣ کانوونی دووەم/یەنایەری ئەمساڵ (٢٠١٢) حکوومەتی نوێی مەغریبی کە عەبدولئیلا بن کیران سەرۆکایەتیی دەکا لە بەردەم شا محەمەدی شەشەمی شای ئەو وڵاتەدا سوێندی یاسایی خوارد.

حزبی براوە جگە لە پۆستی سەرۆکی حکوومەت ١٢ وەزارەتیشی وەرگرت لەگەڵ وەزیری دەوڵەتێك، حزبی ئیستقیلال ٦ وەزارەت، هەریەك لە حزبی بزووتنەوەی میللیی ڕاستڕەو و حزبی پێشکەوتن و سۆشالیستی چەپ ٤ وەزارەتیان بەرکەوت، ٥ وەزارەتیش کە میدیای مەغریبی ناوی "وەزارەتە سیادییەکان"ی لێ ناون و وا باوە ڕاستەوخۆ لەلایەن شای

مەغریبەوە دادەنرێن و حزبەکان کەسیان بۆ کاندید ناکەن، درایە کەسایەتییە سەربەخۆکان.

***

**لیبیای قەزافی**

بیرم دێ دوای سەرکەوتنەکەی بەرەی ئینقازی ئیسلامیی جەزائیری لە کانوونی یەکەمی ساڵی **١٩٩١**، موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا گوتی "لە هەر وڵاتێکی عەرەبی هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێ هەمان ئەنجامی دەبێ". بەڵام ئەو کە خۆی بەتەمەنترین سەرۆکی عەرەبی بوو لەسەر کورسیی دەسەڵات، بیرکردنەوەیەکی سەیری هەبوو و خۆی لە دەرەوەی گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و دنیا دادەنا، بگرە سیستمی دیموکراسیەتی لیبرالی بە سیستمێکی فریودەر و نانوێنەرایەتیی راستەقینە دادەنا و لە بریی ئەوە تیۆرێکی لە کتێبە بەناوبانگەکەی "کتێبە سەوزەکە"دا بۆ ئیدارەکردنی وڵات دانابوو کە پشتی بە دروستکردنی لێژنە میللییەکان لە یەکە ئیدارییە جیاوازەکان دەبەست، کە بەحساب خەڵك لە رێیانەوە راستەوخۆ گوزارشت لە بۆچوونی خۆیان دەکەن و بەشدارییەکی پراکتیکی لە دروستکردنی بڕیاری وڵاتدا دەکەن.

لەم روانگەوە وای دادەنا کە ئەو لە ساڵی **١٩٧٧**ەوە سەرۆکایەتیی دەوڵەتی سپاردووە بەو لێژنانە و ئەو هیچ پێوەندییەکی بە ئیدارەی دەوڵەتەوە نەماوە و تەنیا فەرماندەی شۆڕشە. هەر لەم رووەوە سەیفولئیسلامی کوڕیشی کە دەسەڵاتێکی گەورەی هەبوو و بە میراتگرەوەی عەرشی بابی دادەنرا، هیچ پۆستێکی رەسمیی نەبوو، لە کاتێکدا قەزافی و کوڕەکانی دەسەڵاتێکی گەورەیان هەبوو.

قەزافی پێی وابوو (الکتاب الاخضر)ەکەی باشترین تیۆری بۆ مرۆڤایەتی هێناوە، کە جێگرەوەی نییە، هەمیشە خۆی وەك دەمڕاست و

حەکیمی عەرەب و ئەفریقیا و دنیا دەخستە روو، لە وتارێکیدا لە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان  لە یەکی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند و وەرگێڕەکە توانای بەردەوامبوونی نەما، هێرشی توندی کردە سەر ئەنجوومەنی ئاسایش و سیستمی لیبرالیی رۆئاوا و لە کۆتاییشدا وەك نارەزایی بەرامبەر لاوازیی رۆڵی کۆمەڵەی گشتی لە چاو ئەنجوومەنی ئاسایش، بە بەرچاوی کامێرای میدیاکانەوە نامیلکەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانی دڕاند و فڕێی دا.

هەر بۆیەش پاش هەرەسی رێژیمەکەی بن عەلی دراوسێی، بەخەیاڵیدا نەدەهات کە دوو رۆژی تر رەشەباکە خۆ لە بەردەرگەی ئەویش دەپەستێ، لەبەر ئەوە وەك حەکیم و ریشسپیی ناوچەکە هاتە گۆ و لەبارەی راپەڕینەکەی تونسەوە سەرکۆنەی گەلی تونسی کرد کە بن عەلی سەرۆکێکی "باش بوو و دەبوو رێی پێ بدەن ئەو خولەی سەرۆکایەتی تەواو بکا". ئەو خەیاڵپلاوێکی کەموێنە بوو.

لە ١٧ ئادار/مارسی ٢٠١١ لە شاری بەنغازی راپەڕین لە دژی دەسەلاتەکەی قەزافیی سەرکردەی (فاتیح) دەستی پێ کرد و لە ماوەیەکی کەمدا زۆر لە شارەکانی ئەو ولاتەی گرتەوە و سەتان کەس لەو رووبەڕووبوونەوانەدا کوژران، قەزافی لە وتارێکی سەمەرەدا شۆڕشگێڕەکانی بە "جرج" وەسف کرد و بەڵێنی دا ماڵ بەماڵ راویان بنێ و لەناویان ببا، بۆ ئەو مەبەستەیش دژە هێرشی لە دژی شۆڕشگێڕەکان دەست پێ کرد و گەمارۆی شاری بەنغازیی دا، لە ٢٧-٦-٢٠١١ دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای بەتۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژی مرۆڤایەتی فەرمانی گرتنی بۆ قەزافی و سەیفولئیسلامی کوڕی و عەبدولا سنووسی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی رێژیمەکەی دەرکرد.

بۆ پاراستنی خەڵکەکەیش پەیمانی ناتۆ ناوچەی دژە فڕینی بەسەر

لیبیادا سەپاند و هەروەها لە ڕێی هێزی ئاسمانییەوە پاڵپشتیی لە شۆڕشوانان کرد و بۆ چەند مانگێك بەبەردەوامی بۆردمانی ئامانجە بنکە و هێزەکانی قەزافییان دەکرد، تا لە ٢٢ ئاب/ئۆگستسی ٢٠١١دا تەرابلوسی پایەتەخت کەوتە دەست هێزەکانی شۆڕشوانان، لە ٢٣ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەریشدا شاری سرت دوا پێگەی هێزەکانی قەزافییان کۆنترۆڵ کرد و قەزافی و موعتەسەمی کوڕی دوای بەدیلگرتنیان لە شارەکەدا کوژران. لە ٢٣ی هەمان مانگیشدا مستەفا عەبدولجەلیل سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کاتیی لیبیا لە شاری بەنغازی بە ڕەسمی ڕزگاربوونی لیبیای لە حوکمی ٤٢ ساڵەی قەزافی ڕاگەیاند. لە ٣١-١٠-٢٠١١ ناتۆ بە ڕەسمی کۆتاهاتنی کردە سەربازییەکانی لە لیبیا ڕاگەیاند.

ئەگەرچی لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لیبیا پاش قەزافی لە سەرەتای تەمووزی ڕابردوو ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتە نەبوونە هێزی یەکەم و بەپێی ئەو ئەنجامەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی لیبیا لە ١٧ی تەمووزی ٢٠١٢ لە کۆی ٨٠ کورسیی لیستەکان لە کۆنگرەی نیشتمانیی گشتی (پەرلەمان) هاوپەیمانیی هێزە نیشتمانییەکان بەسەرۆکایەتیی مەحموود جبریل بە پلەی یەکەم هات و ٣٩ کورسیی بەدەست هێنا و حزبی داد و بنیاتنانی سەر بەئیخوان موسلیمینیش بە پلەی دووەم هات و ١٧ کورسیی بەدەست هێنا (١٢٠ کورسیش هی کاندیدە تاکەکەسییەکانە)، بەڵام ڕەنگە ئاستەم نەبێ دەرك بە قەوارەی ڕەوتی ئیسلامی لەو وڵاتە بکەین، ئەوە بوو قەزافی و سەیفولئیسلامی کوڕی هەر لە ڕۆژە بەراییەکانی ڕاپەڕینەکەوە هۆشدارییان دەدا کە ئەوەی لەپشت ئەو یاخیبوونەوەیە ڕێکخراوی قاعیدەیە. سوژدە سوپاسگوزارییەکەی مستەفا عەبدولجەلیلیش لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆتاییی ڕێژیمەکەی قەزافی ئاماژەیەکی روونن بۆ ئەو واقیعە. لە ٢ی

ئادار/مارسی ٢٠١٢ بۆ یەکەمین جار ئیخوان موسلیمینی لیبیا لە شاری تەرابلوسی پایەتەخت دامەزراندنی حزبێکی سیاسیی راگەیاند بەمەبەستی بەشداریکردن لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ئەو وڵاتە پاش قەزافی لە تەمووزی ٢٠١٢ و چاودێران پێشبینییان دەکرد، هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی تری ناوچەکە، ئیخوان موسلیمین لە هەڵبژاردنەکانی لیبیایش سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بێنێ.

لە لیبیا ئیخوان موسلیمین لەساڵی ١٩٦٨ دامەزرا، دوای شۆڕشی فاتیح لە ساڵی ١٩٦٩، ئیخوان وەك کەسایەتی بەشداریی وەزارەتەکانیان کرد کە لە ١٩٧٣ دامەزرا، لە هەمان ساڵدا سەرکردەکانی گیران و ناچار کران لەسەر تەلەڤزیۆن هەڵوەشاندنەوەی حزبەکە رابگەیەنن. ساڵی ١٩٨٠ ژمارەیەك قوتابیی لیبی لە دەرەوە گەڕانەوە و فیکری ئیخوانیان هێنا و گرووپەکەیان بە نهێنی دروست کرد، تا لە حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٨ ئاشکرا کران و زیاتر لە ١٥٢ لە سەرکردەکانیان گیران، لەبەرئەوەی پێکهێنانی حزبی سیاسی قەدەغە بوو. لە ١٦ شوبات/فیبرایەری ٢٠٠٢ دادگەی گەل کە بۆ دادگەییکردنیان پێك هێنرا، سزای لەداردانی بەسەر عەبدولقادر عیزەدین موراقیبی گشتیی ئیخوان و سالم ئەبوحەنەکی جێگریدا سەپاند و ٧٣ی تریشیان بە بەندکردنی هەتاهەتایی حوکم دران.

**یەمەن**

عەلی عەبدوڵڵا ساڵح یەکێك بوو لەو سەرۆکە عەرەبانەی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ بوو تاکڕەوانە حوکمی یەمەنی دەکرد و هەندێك وەسفیان کردبوو بەوەی لەو ٣٠ ساڵەدا لەسەر "سەری مارەکان" گەمەی کردووە. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی راپەڕینەکەی گەلی میسر لە ١٣-٢-٢٠١١ ، خۆپێشاندانی ناڕەزایی لە دژی رێژیمەکەی ساڵح لە سەرتاسەری یەمەندا

دەستی پێ کرد و دروشمە بەناوبانگەکەی بەهاری عەرەبی (الشعب یرید اسقاط النظام)یان بەرز کردەوە و لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی دەسەڵاتدا پێکیان دادا و بەهۆیەوە سەتان لە خۆپێشاندەران کوژران یاخۆ بریندار بوون، کار گەیشتە ئەوەی هەندێ لە ئەفسەرانی سوپایش بچنە ریزی خۆپێشاندەرانەوە.

ساڵح سوور بوو لەسەر مانەوە لە دەسەڵاتدا تا خولی سەرۆکایەتییەکەی تەواو دەکا و خۆی بە سەرۆکی شەرعی لە قەڵەم دەدا و ناو بەناویش لە بەرامبەر ئاپۆڕای خۆپێشاندەرانی نەیار، کە لە لاوانی شۆڕش و ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی وڵات پێك هاتبوو، ئەویش دەیان هەزار لە لایەنگرانی خڕ دەکردەوە و وتاری بۆ دەدان.

لە ٣ی حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠١١ لە کاتی نوێژی هەینیدا مووشەکێکی سەرچاوە نادیار (یان دەوترێ مینێك) بەر مزگەوتی کۆشکی کۆماری و بەهۆیەوە عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی سەرۆکی یەمەن بە سەختی بریندار بوو، هەروەها هەریەك لە عەلی محەمەد مجەور سەرۆکی حکوومەت و یەحیا ئەلراعی سەرۆکی پەرلەمان و عەبدولعەزیز عەبدولغەنی سەرۆکی ئەنجوومەنی شوورای یەمەنیش بریندار بوون (عەبدولغەنی دوای سێ مانگ، لە ٢٢ ئابی ٢٠١١ بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە لە نەخۆشخانەیەکی عەرەبستانی سعوودی گیانی لەدەست دا). ساڵح بۆ چارەسەر گوێزرایەوە سعوودیە و عەبد رەبە مەنسوور هادی جێگری ساڵح ئەرکەکانی گرتە ئەستۆ.

بۆ چارەسەری تەنگژەی ئەو وڵاتە وڵاتانی هاریکاریی کەنداو دەستپێشخەرییەکیان بۆ گواستنەوەی دەسەڵات پێشکێش کرد، کە لەژێر پاڵەپەستۆی خۆپێشاندانەکانی ناوخۆ و پاڵەپەستۆ ناودەوڵەتییەکاندا دەسەڵاتی یەمەن بە پرۆژەکە قایل بوو و لە ٢٠١١/١١/٢٣ ساڵحی

سەرۆکی یەمەن لە ریازی پایەتەختی سعوودیە دەستپێشخەرییە گواستنەوەی دەسەڵات ئیمزا کرد و بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە ٧ کانوونی یەکەم/دیسیمبەری ٢٠١١ لە سەنعای پایەتەختی یەمەن، حکوومەتێکی ویفاقی نیشتمانی بەسەرۆکایەتیی محەمەد سالم کەسایەتیی ئۆپۆزسیۆن پێك هات کە لە ٣٤ وەزیر پێك هات، کە نیوە بە نیوە لە  نێوان حزبی "کۆنگرەی نیشتمانیی گشتی"ی دەسەڵاتدار و هاوپەیمانەکانی لەلایەك و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن (بارستەی دیداری هاوبەش) و هاوبەشەکانی دابەش کران.

هەر بەپێی ڕێککەوتنەکە، کە پارێزبەندیشی بەخشیوەتە ساڵح لە هەر راوەدوونانێکی قەزایی لەسەر ئەو تاوانانەی هێزەکانی لەو چەند مانگەدا دژ بەخۆپێشاندەران کردبوویان، هەردوولا قایل بوون وەك سەرۆکێکی تەوافوقی و تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی، دەنگ بە عەبد رەبەی جێگری ساڵح بدەن. بەو پێیەش لەو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەی لە ٢٠١٢/٢/٢١ بەڕێوە چوو، ڕێژەی دەنگدان ٦٦٪ بوو، عەبد رەبە وەك تاکە کاندید ٩٩,٨٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

لە ٢٧ی  هەمان مانگدا عەلی عەبدوڵڵا ساڵح پاش ٣٣ ساڵ حوکمڕانی بە رەسمی دەسەڵاتی رادەستی عەبد رەبە کرد و بەوەیش تسۆنامییەکەی بەهاری عەرەبی کۆتاییی بەچوارەمین سەرۆکی مێژوویی ناوچەکە هێنا.

### ئیسلامییەکانی یەمەن

لە یەمەن "گردبوونەوەی یەمەنی بۆ چاکسازی" حزبی ئیسلامی سەرەکییە لەو وڵاتە کە بەدرێژکراوەی ئیخوان موسلیمین ناو دەبرێ و لە گەورەترین حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی یەمەنە کە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی یەمەن، لە ١٣ ئەیلوول/سێپتەمبەری ١٩٩٠ لەسەر دەستی

شێخ عەبدوڵڵا ئەلئەحمەر دامەزرا. ئەحمەر لە ٢٨ کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کرد و محەمەد عەبدوڵڵا ئەلیەدومی کرایە سەرۆکی لێژنەی باڵای حزبەکە. بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٣ و ١٩٩٧ و ٢٠٠٣ی کردووە و هەمیشە براوەی دووەم بووە.

لە هەڵبژاردنەکانی نیسان/ئەپریلی ساڵی ١٩٩٣ توانی بەشداریی دەسەڵات بکا. ئەگەرچی لە هەڵبژاردنەکەی نیسان/ئەپرێلی ١٩٩٧ کورسییەکانی کەم بوونەوە، بەڵام هێشتا بەهاوئاهەنگی لەگەڵ حزبی کۆنگرەی نیشتمانیی دەسەڵاتدار هەندێ پێگەی لە دەسەڵاتدا ما، تا لە ٢٠٠٦دا کاندیدێکی بۆ رکابەریکردنی ساڵح پێشکێش کرد و ناکۆکی کەوتە نێوانیان.

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشەکەی شوباتی ٢٠١١یشدا ناکۆکیی نێوان هەردوو حزب زیاتر بوون.

لە یەمەن جگە لەو حزبە ئیسلامییە ئیخوانییە، گرووپە چەکدارییە ئیسلامییەکانی وەك رێکخراوی قاعیدە چالاکن. چاوەڕوان دەکرێ لەگەڵ ئەو تەنگژەیەی بەرۆکی حزبی دەسەڵاتداری مێژوویی یەمەن و رکابەری سەرەکیی "گردبوونەوەی یەمەنی بۆ چاکسازی" گرتووە و بەهۆیەوە ژمارەیەك لە سەرکردەکانی دەستیان لە کار کێشایەوە لەلایەك و ئەو سەرکەوتنانەی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی ناوچەکە (تونس، مەغریب، میسر، کوێت) بەدەستیان هێناوە لەلایەکی تر، چانسی ئەو حزبە ئیسلامیی یەمەن بۆ بوونە یەکەمی گۆڕەپانە سیاسییەکە زیاتر بکەن.

**سووریای ئەسەد و ئیخوان**

حزبی بەعسی سووریا لە ٨ مارسی ١٩٦٣ کودەتای کرد و حافز ئەسەد (١٩٣٠–٢٠٠١) لە ١٢ ئاداری ١٩٧١ بە رەسمی بوو بەسەرکۆماری ئەو وڵاتە، لە راپرسییەکانی ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٨٥ و ١٩٩٢ و ١٩٩٩دا هەڵبـژێراوەتـەوە. لە ١٠ حوزەیرانی ٢٠٠١ مرد و پاش هەمواركردنی دەستووری وڵات، بەشار ئەسەدی کوڕی لە جێی ئەو بوو بەسەرکۆمار.

لە ١٧ی ئاداری ٢٠١١ ڕاپەڕین لە دژی ڕێژیمەکەی بەشار ئەسەد، دەستی پێکرد و تا نووسینی ئەم چەند دێرەیش – کە ناوەڕاستی تەمووزی ٢٠١٢یە و ساڵێك و چوار مانگی تەواو بەسەر ئەو ڕاپەڕینەدا تێپەڕیوە، بەردەوامە و تا دێ ئاڵۆزتر دەبێ بەپێی ئامارێکی سایتی (شهداء سوریا ) http://syrianshuhada.com ژمارەی کوژراوانی توندوتیژییەکانی ئەو وڵاتە لە ماوەی ٥٠٣ رۆژدا و تا ١ی ئابی ٢٠١٢ گەیشتووەتە زیاتر لە ٢٢٩٠٠ کەس. ئەمە جگە لە هەزاران برینـدار و گیراو و هەندێ لە شارەکانی وەك حەما و حمسیش بەهۆی شەڕوشۆڕەوە بوونەتە وێرانە و شەڕ و پێکدادانی نێوان سوپای رژێمی سووریا و چەکدارانی سوپای ئازادیی سووریا گەیشتووەتە دیمەشق و پلانە ئاشتییەکەی کوفی ئەنانی نێردەی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی پاش چەند مانگێك کارکردن نەیتوانی سنوورێك بۆ توندوتیژییەکان دابنێ و سەرەنجام لە سەرەتای ئابدا ئەنان دەستی لە کارەکەی کێشایەوە، ئەوەیش پاش دوو هەفتە لە تەقینەوە گەورەکەی نێو تەلاری ئەنجوومەنی نەتەوەیی سووریا لە ١٨ی تەمووزی ٢٠١٢، کە لەکاتی کۆبوونەوەی ژمارەیەك لە وەزیرەکان و بەرپرسانی ئەمنی روویدا ژمارەیەك لە گەورە بەرپرسانی ئەمنی و رەسمی کوژران لەوانە داود عەبدوڵڵا راجیحە

وەزیری بەرگری و ئاسف شەوکەتی سەرۆکی موخابەراتی سەربازی و زاوای بەشار ئەسەد و حەسەن تورکمانی یاریدەری جێگری سەرکۆمار، ئەمە جگە لە بریندار بوونی محەمەد ئەلشەعار وەزیری ناوەخۆ.

سووریا دۆخێکی لە چەند روویەکەوە تایبەتی هەیە، کە رەنگە ئەو تایبەتمەندییانە رۆڵیان هەبووبێ لەوەی تەنگژەی سووریا زیاتر لە ساڵێك درێژە بکێشێ، لەوانە:

**یەکەم:** بەهۆی سروشتی هاوکێشە سیاسییەکە و دابەشبوونە ئەتنی و تایفییەکەیەوە، کە جگە لە عەرەب کەمینەیەکی کوردیشی تێدایە، هەروەها بنەماڵەیەکی سەر بە کەمینەی عەلەویی شیعە مەزهەب حوکمی زۆرینەیەکی سوننە مەزهەب دەکەن. **دووەم:** سووریا بووەتە بەشێك لە هاوپەیمانەتییەکی ئیقلیمی (لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و حزبوڵڵای لبنانی) لە بەرامبەر ئەمەریکا و ئیسرائیل و تا رادەیەك بەرامبەر دەوڵەتانی سوننەی ناوچەکەش، هەر بۆیە ژمارەیەك لە وڵاتانی سوننەی کەنداو، لە سەروویانەوە سعوودیە و قەتەر بوونەتە سەرقافڵەی هەوڵەکانی وڵاتانی کۆمکاری عەرەبی بۆ پاڵەپەستۆ خستنەسەر رێژیمەکەی ئەسەد بەمەبەستی رووخاندنی، هەر بۆیە لە ١٢ تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ٢٠١١ کۆمکاری عەرەبی ئەندامەتیی سووریای لە رێکخراوەکەدا هەڵپەسارد تا کۆتایی بە توندوتیژییەکان بێنێ، لە ٢٧ی هەمان مانگیشدا بە کۆی دەنگ (جگە لە دەنگی عێراق و لبنان) چەپکێك سزای ئابووریی بەسەر دیمەشقدا سەپاند کە وەلید موعەلیمی وەزیری دەرەوەی سووریا بڕیارەکەی بە راگەیاندنی جەنگێکی ئابووری دژی سووریا لە قەڵەم دا[٨].

کار گەیشتە ئەوەی کۆمکاری عەرەبی لە دەستپێشخەرییەکدا بۆ چارەسەری تەنگژەی سووریا لە ٢٢ کانوونی دووەمی ٢٠١٢ داوایان کرد

ئەسەد دەسەڵاتەکانی بۆ جێگرەکەی بگوێزێتەوە و حکوومەتێکی یەکەتیی نیشتمانی بە بەشداریی ئۆپۆزسیۆن پێك بێ و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد بکا. دەستپێشخەرییەکە درایە ئەنجوومەنی ئاسایش بەمەبەستی پەسند و کارپێکردنی، بەڵام لە دانیشتنی رۆژی ٤ شوباتدا بەهۆی ڤیتۆی رووسیا و چینەوە شکستی پێ هێنرا.

لە ٧ شوباتی ٢٠١٢ی ولاتانی کەنداو باڵوێزی دیمەشقیان لە ولاتەکانیان دەرکرد و لە کۆنگرەی ناودەوڵەتیی "دۆستانی سووریا" کە لە ٢٧ شوباتی ٢٠١٢ لە تونس بەرێوە چوو، ریاز و دۆحە راشکاوانە داوای چەکدارکردنی ئۆپۆزسیۆنی سووریا (سوپای ئازادیی سووریا) و ناردنی هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتییان بۆ سووریا کرد. تەنانەت سعود ئەلفەیسەڵی وەزیری دەرەوەی سعوودیە راشکاوانە گوتی "بەخۆشی یان بەزۆر دەبێ رێژیمی سووریا بڕوا".

رەهەندی سێیەمی تایبەتمەندیی دۆخی سووریا پێوەندیی بەمێژووی رێژیمی بەعسی سووریاوە هەیە لەگەڵ بزاڤە ئیسلامییەکان و بەدیاریکراوی ئیخوان موسلیمینی سووریا، کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ئیخوان موسلیمین هەوڵی دا بەزەبری هێز ئەو رێژیمە بڕووخێنێ، بەڵام بەتوندی سەرکوت کرا، کە لووتکەی سەرکوتکردنەکە لە شاری حەمادا بوو و بەپێی سەرچاوەکان دەیان هەزار کەسی لە ئەندامانی گرووپە ئیسلامییەکان و خەڵکی شارەکە تێدا کوژرا. ئێستە پاش ٣٠ ساڵ دەڵێی مێژوو لە شارەکانی حمس و حەما خۆی دووبارە دەکاتەوە.

ئیخوان موسلیمینی سووریا لە سییەکانی سەدەی رابردوودا وەك بەشێك لە ئیخوان موسلیمینی جیهان لەلایەن چەند قوتابییەکەوە دامەزرا و مستەفا سوباعی یەکەم موراقیبی ئیخوانی سووریا بوو، ئەگەرچی خۆیان

زیاتر وەك هێزێكی دەعەوی دەناساند، بەڵام  بەردەم هێزی سەرەكیی ئۆپۆزسیۆن بوون لەو وڵاتە و شارەكانی حەما و حمس و دیمەشق پێگەی سەرەكییان بوو.

لە سەرەتای حەفتاكانەوە كەوتنە پێكدادان لەگەڵ ڕێژیمەكەی حافز ئەسەد و باڵی سەربازیی كۆمەڵەكە بەناوی پێشڕەوی شەڕوان (الطليعة المقاتلة) چەندان هێرشی سەربازیی لە دژی ڕێژیم ئەنجام دا تا ڕووبەڕووبوونەوەكە لە ڕووداوەكانی حەما لە ساڵی ١٩٨٢ گەیشتە لووتكە و هێزەكانی ڕێژیم بە پاڵپشتیی تۆپ و تانك هێرشێكی قورس و یەكلاكەرەوەیان كردە سەر شارەكە و–بەپێی بەیاننامەكانی ئیخوان– لە نێوان ٣٠–٤٠ هەزار كەسی تێدا كوژرا و هەزارانیش بۆ دەربازكردنی گیانیان هەڵاتن و لەو كاتەوە راوەدوو دەنرێن.

لە سەرەتای شەستەكانەوە یاسای باری نائاسایی لە سووریا كاری پێ دەكرێ، لە ٨ حوزەیرانی ١٩٨٠ كە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئیخوان و بەعس لە گەرمەیدا بوو یاسایەكی تری بۆ دەرچوو، بەو پێیە هەر كەس دەركەوێ ئەندامی ئیخوانە سزای لەداردانی هەیە و ماوەی مانگێك مۆڵەتیان درایە بۆ خۆبەدەستەوەدان.

بەپێی هەندێ سەرچاوەی نێزیك لە حزبی بەعسی سووریا[9] گەورەترین سەركەوتنی ئیخوان لە شەڕەكەیاندا گواستنەوەی بوو بۆ ناو دیمەشق و توانییان چەند تەقینەوەیەكی گەورە ئەنجام بدەن، یەكێكیان لە نووسینگەی سەرۆك وەزیراندا لە ئاب/ئۆگستسی ١٩٨١، یەكێكی تر لە دەرەوەی بارەگەی هێزە ئاسمانییەكان لە ئەیلولی هەمان ساڵ و سێیەمیان لە دەرەوەی بارەگای پسپۆڕانی رووسیایی لە تشرینی یەكەمدا بوو، بەعسییەكان بەشەو نەیاندەتوانی بەبێ پاسەوان بسووڕێنەوە، تەنانەت دوای تیرۆركردنی ئەنوەر ساداتی سەرۆكی میسر لە ٦ تشرینی

یەکەم/ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨١، ئیسلامییەکان هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد حافز ئەسەدیش هەمان چارەنووسی دەبێ، تەنانەت دووجاریش بۆمبی دەستیی بۆ هەڵدراوە و بەموعجیزە رزگاری بووە، وەك سەرچاوەی نێزیك لە رێژیمەکە باسی دەکەن، لە یەکێکیاندا ئەسەد شەقی لە بۆمبەکە داوە و دووری خستووەتەوە، لەوەی دووەمیشدا یەکێك لە پاسەوانەکانی خۆی بەسەر بۆمبەکەدا داوە و بەودا تەقیوەتەوە.

لە شوباتی ١٩٨٢دا شەڕ لە حەما گەیشتە لووتکە کاتێ چەکدارانی ئیسلامی "شۆڕشی حەما"یان راگەیاند و دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت و رێژیمیان خستە بەردەم رێگەی مان و نەمانەوە. هەر بۆیە رێژیم بڕیاری دا شەڕ لە حەما یەکلا بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە بە ١٢ هەزار سەربازەوە بەپاڵپشتیی تۆپ و تانك و بۆردمانی خەستی شارەکە هێرشی کردە سەری و سەرکوتی کردن.

ئێستەیش کە تا دێ بازنەی سەر رێژیمەکەی بەشار ئەسەد لەسەر ئاستی ناوەخۆ و عەرەبی و نێودەوڵەتی تەسکتر دەبێتەوە و تەنانەت بەرپرسانی ئەمەریکا و ئەمەریکاییش جەخت لەوە دەکەن رووخانی ئەو رێژیمە تەنیا لەسەر کات وەستاوە، ئەوا پێشبینی دەکرێ لە سووریای پاش بەعسدا ئیخوان موسلیمین پێگەیەکی سیاسیی گەورەی هەبێ، بەتایبەت بەهۆی ئەو مێژووەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی رێژیمی بەعسدا هەیەتی.

### ئوردن

لە ئوردنیش، ئەگەرچی تەباییەکی مێژوویی لە نێوان بنەماڵەی شاهانە و بزاڤی ئیسلامیی ئەو وڵاتەدا، بەتایبەت بەرەی کاری ئیسلامیی ئیخوانی کە گەورەترین هێزی ئیسلامیی ئوردنە، هەیە و ئیسلامییەکان لە ئوردن بە بەراورد بە وڵاتانی تری عەرەبی ئازادییەکی سیاسیی

بەرچاویان هەبووە، بەڵام ساڵی ۲۰۱۱ ئەو وڵاتەیش خاڵی نەبوو لە ناڕەزاییی شەقام کە هەندێ حاڵەتی توندوتیژیشی لێ کەوتەوە و شا عەبدوڵڵای دووەمی شای ئوردن بۆ بەرگرتن لە تەقینەوەی دۆخەکە، لە نیسانی ۲۰۱۱ لێژنەیەکی شاهانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە دەستوور و پێشنیازکردنی چەند چاکسازییەکی دەستووری بەمەبەستی گواستنەوەی هەندێ لە دەسەڵاتەکانی شا عەبدوڵڵای دووەم بۆ پەرلەمان پێك هێنا[١٠].

ئیخوانی ئوردن لە ١٩٤٥ دامەزراوە، بەهۆی پشتیوانی لە کێشەی فەڵەستین جەماوەری رووی لە یادی کرد. لە خولی ١١ەمی پەرلەماندا لە ١٩٨٩، ٢٢ کورسیی هەبوو، لە ساڵی ١٩٩١دا ٥ وەزارەتی هەبوو، لە ١٩٩٢ بەرەی کاری ئیسلامی دامەزراند و لە هەڵبژاردنی ١٩٩٣دا ١٧ کورسیی بەدەست هێنا، ئەویش دوای دەرچوونی یاسایەکی هەڵبژاردن بەناوی یاسای (یەك دەنگ)، کە هەندێ پێیان وابوو بۆ لەقاڵبدانی تەوژمی ئیسلامی دانراوە. بایکۆتی هەڵبژاردنی ١٩٩٧ی کرد، لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٣دا ١٧ کورسیی بەدەست هێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٧دا تەنیا ٦ کورسیی بەدەست هێنا.

بەرەی ئیسلامی داوای هەمووارکردنی مادەکانی ٣٤ و ٣٥ و ٣٦ی دەستوور دەکا، کە دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و دانان و لابردنی سەرۆك وەزیران و دانانی وەزیرەکان و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەعیان دەداتە پاشای وڵات.

لە ناوەڕاستی شوباتی رابردوو (٢٠١٢) یونایتد پرێس ئینتەرناسیونال لە زاری چەند دیپلۆماتێکی ئەوروپایی (سویسری و فرەنسایی) گواستەوە کە زنجیرە گفتوگۆیەکیان لەگەڵ بەرەی کاری ئیسلامی ئوردنی کردووە تا هەڵوێستیان لەبارەی بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەو وڵاتەوە بزانن و ئەو دیپلۆماتانە گوتوویانە "هاتنی ئیسلامی سیاسی بۆ سەر دەسەڵات

لە ئوردن شتێکی حەتمییە″.

ژنە دیپلۆماتێکی باڵای فرەنسی لە عەمانی پایەتەختی ئوردن پاش ئاماژەدان بەکۆبوونەوەیان لەگەڵ زەکی بن ئەرشید سەرۆکی دایرەی سیاسیی بەرەدا، گوتی ″ئێمە وا هەست دەکەین سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە دەوڵەتانی بەهاری عەرەبی بە ئەرێنی بەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی داهاتووی ئوردندا دەشکێتەوە″ و جەختی کرد ″ئیسلامی سیاسی بەرەو ئوردن بەڕێوەیە، ئەوە شتێکی حەتمییە″[١١].

## وڵاتانی کەنداو

### ڕاپەڕینی بەحرێن.. ستەم و ململانەی تایفی

ئەگەر هۆی ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی تونس و میسر تاکڕەویی سیاسی و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بێ و لە حاڵەتی سووریادا، کە بنەماڵەیەکی عەلەویی شیعە لە وڵاتێکی زۆرینە سوننەدا حوکم دەکا، لە پاڵ ستەمە سیاسییە گشتییەکەدا هەناسەیەکی ستەم و یاخیبوونی مەزهەبیشی تێدا بێ، ئەوا ڕاپەڕینی بەحرێن بەپلەی یەکەم بەرەنجامی ناکۆکیی ستەمی تایفییە، ئەوەیش وای کردووە کێشەکە تەنیا پێوەندیی بەهاوکێشەی ناوەخۆییی ئەو وڵاتە و شەقامی بەحرێنیدا نەبێ، بگرەرەهەندی ئیقلیمیش وەربگرێ و لەپشت شەقامی ناڕازیی شیعەوە ئێران و حزبوڵڵای لبنانی و شیعەکانی عێراق و لەپشت بنەماڵەی حوکمڕانی سوننەیشەوە وڵاتانی هاریکاریی کەنداو بوەستن.

ناکۆکیی مێژوویی نێوان لایەنگرانی سوننە و شیعە، کە لە بنەڕەتدا ناکۆکییەکی سیاسی بووە، هێشتا ڕۆڵێکی بنجی لە ڕەسمکردنی سیاسەتی زۆر لە وڵاتانی ئیسلامیدا دەبینێ تەنانەت ئەوانەشیان کە سیستمی سیاسییان عەلمانییە، ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە، بە سوننە و شیعەیانەوە، دیپلۆماسییەت یان وشکەتەقوا بەخەرج دەدەن و نکووڵی لە تائیفیبوونی پاڵنەرەکانیان دەکەن.

لێرەدا ئەوەی ئەو ڕژێمانە چەندە بە بیروباوەڕ پابەندی مەزهەبەکەیانن گرینگ نییە، بەقەدەر ئەوەی گرینگ ئەوەیە کە ئەو ئینتیما مەزهەبییە وەك کارتێکی فشار و هێز بۆ پتەوکردنی پێگە و هەژموونی سیاسیی خۆیان لە ململانێ ئیقلیمییەکەدا بەکار دێنن.

ئەو گرژی و پشێوییەی نێزیکەی دوو ساڵە لە ناوچەی کەنداودا هەیە، لەوانە شەڕی حووسییە شیعە مەزەبەکان و حکوومەتی یەمەن و سعوودیە لە ٢٠١٠، ململانێی نێوان شیعە و سوننەکانی کوێت و گرتنی چەند کەسێك لە کوێت بەتۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئێران، هەڵمەتی دەسەڵاتدارانی بەحرێن لە ئابی ٢٠١٠ دژ بەچالاکوانانی شیعە و راگەیاندنی ئاشکراکردن و گرتنی تۆڕێکی ″ئیرهابی″ کە بەگوتەی دەسەڵاتدارانی مەنامە هەوڵی رووخاندنی رێژیمی ئەو وڵاتەیان داوە، هەروەها ململانێی توندی نێوان فراکسیۆنە سوننە و شیعەکانی عێراق لە هەوڵەکانی پێکهێنانی حکوومەتدا، چەند نموونەیەکی زەقن بۆ ئەو ململانێ تایفییە، کە لەلایەنی شیعییەوە ئێران و لەلایەنی سوننیەوە سعوودیە سەرکردایەتیی دەکرد، ئەگەرچی هەردوولا قەسەمی سەختیش بخۆن کە ئەوان تائیفییانە بیر ناکەنەوە و سیاسەت ناکەن.

ئەگەر بێینە سەر گرژییەکانی ئەم دواییەی بەحرێن، کە تێیدا کەمینەیەکی سوننە حوکمی وڵاتێك دەکەن نێزیکەی ٧٠٪ی شیعەیە، ململانێ مێژووییەکەی هەردوو جەمسەرە شیعی و سوننەکە زەقتر دەردەکەوێ، بەتایبەت دوای خۆپێشاندانەکانی شوباتی ٢٠١١ کە دەیان کوژراو و برینداری لێ کەوتەوە و دەسەڵاتدارانی بەحرێن هێزەکانی (درع الجزیرة)ی سەر بەئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداویان بۆ کۆتاییهێنان بە خۆپێشاندانەکان بانگ کرد، کە پێیان وایە دەستی دەرەکیی تێ کەوتووە و مەبەستیشیان لەوە دەستی ئێرانە.

ئەگەرچی خۆپێشاندانەکانی بەحرێن، بەشێکن لەو شەپۆلی ناڕەزاییەی ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبیی گرتووەتەوە، بەڵام ئەو خۆپێشاندانانە لە بنەڕەتدا درێژەی ململانێ و ناکۆکییەکی قووڵترن، کە پێوەندیی بەپێکهاتەی تایفیی ئەو وڵاتەوە هەیە، کە ئەویش سکاڵای زۆرینەی شیعەیە لە پەراوێزخستنی لەلایەن کەمینەی سوننەی دەسەڵاتدارەوە.

لە ئابی ٢٠١٠ حکوومەتی بەحرێن رای گەیاند "تۆڕێکی ئیرهابی"ی ئاشکرا کردووە کە لە چەند کەسێکی "شیعە" پێك هاتوون و بەگوتەی بەرپرسانی مەنامە، پلانی ئەنجامدانی "پەلاماری تیرۆریستی و تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبێلی مینرێژکراویان هەبووە".

پێش لەوەیش ژمارەیەك پیاوی ئاینی و چالاکوانی شیعە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەحرێنەوە دەستگیر کران.

میشال دون توێژەر لە پەیمانگەی کارنیجی لەبارەی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی بەحرێنەوە دەڵێ "پەرەسەندنەکانی ئەمڕۆی بەحرێن ماوەی نێزیکەی شەش مانگە بەشێوەیەکی ترسناك رووی لە زیادی کردووە، بەڵام سەرەتاکەی بۆ مێژوویەکی زۆر دوورتر دەگەڕێتەوە، چونکە شا حەمەد بن عیسا ئال خەلیفە ئۆپۆزسیۆنی پلیشاندووەتەوە و چەند پلانێکی ئیستیفزازی دژ بە شیعە پیادە کردووە بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیی وڵاتەکە کە ٧٠٪ی شیعەیە و داواکارییە لوجیکییەکانی ئۆپۆزسیۆنی بە بەخشینی دەسەڵاتی زیاتر بە پەرلەمان فەرامۆش کردووە".

ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننە لە بەحرێن مێژوویەکی درێژی هەیە و لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا گەیشتە لووتکە، بەڵام بەبۆچوونی چاودێران کاتێ شا حەمەد لە ساڵی ١٩٩٩دا دەسەڵاتی وەرگرت، میساقی کاری نیشتمانی پەسند کرد و بەڵێنی چاکسازیی سیاسیی دا، ئازادیی زیاتری بە میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی دا و گیراوانی سیاسیی ئازاد کرد و رێگەی بە نەیارانی دا بگەڕێنەوە وڵات، دۆخەکە ئارامییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، ئەوەیش پشتیوانییەکی گەورەی بۆ پەیدا کرد تەنانەت لەلایەن کۆمەڵەی ویفاقی شیعییەوە و قایلی کرد بەشداریی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ بکا، بەڵام دزەکردنی

بەیاننامەیەك بۆ میدیاكان لە ٢٠٠٦دا كە باسی لە پلانێكی حكوومەت دەكرد بۆ بەخشینی رەگەزنامە بە كەسانی عێراقی و سووریایی و پاكستانی تا پێكهاتەی دیمۆگرافیی وڵاتەكە لە بەرژەوەندیی سوننە بگۆڕێ، دۆخەكەی ئاڵۆز كردەوە.

ئەگەرچی دەسەڵاتداران رەتیان كردەوە پلانێكی وا هەبێ، بەڵام شیعەكان پێیان وایە پەرەسەندنە دیمۆگرافییەكان راستیی بوونی پلانێكی لەو جۆرەیان سەلماندووە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ بزووتنەوەی (الحق)ی شیعی دامەزرا و زۆر لە شەقامی شیعی شوێنی كەوتن بەتایبەت دوای تۆمەتباركردنی ویفاق بەوەی بە بەشداریكردنی لە پرۆسەی سیاسیی ساختە و دژ بە شیعەدا تەنازولی لە پرەنسیپەكانی خۆی كردووە.

كێشەكە زۆر ئاڵۆزتر بوو كاتێ لە ئابی ٢٠١٠دا دەسەڵاتدارانی بەحرێنی ٢٥ كادیری ئەو حزبەیان بەناوی قەڵاچۆكردنی تیرۆرەوە گرت.

دوای چەند مانگێك بێدەنگی و لەگەڵ سەرهەڵدانی راپەڕینەكانی تونس و میسر و یەمەندا، لە ١١ شوباتی ٢٠١١ شەقامی بەحرێنیش جموجۆڵ و خۆپیشاندانی نارەزایی تێ كەوت و خۆپێشاندەران لە گۆڕەپانی (لوئلوئە)دا كۆ بوونەوە و پێكدادانی پۆلیس و خۆپێشاندەرانی شیعە دەیان كوژراو و برینداری لێ كەوتەوە و لەژێر پاڵەپەستۆی دۆخەكەدا، مەنامە داوای كۆمەكیی سەربازیی لە وڵاتانی هاریكاریی كەنداو كرد و هەر دەستبەجێ هێزێكی سەربازیی لە هێزەكانی (قەڵغانی جەزیرە)، بەبەشداریی هەزار سەربازی سعوودی گەیشتنە مەنامە بۆ پاڵپشتیكردنی هێزە ئەمنییەكانی ئەو وڵاتە لە كۆنترۆڵكردنی دۆخەكەدا.

هێزەكانی ئۆپۆزسیۆنی بەحرێن و ئێران داخڵبوونی ئەو هێزەیان بەداگیركردن لە قەڵەم دا. هاوكات هەندێ لە رێكخراوەكانی قوتابیان و

لاوانی ئێرانی ئامادەیی خۆیان نیشان دا بەمەبەستی ″جیهادکردن″ روو بکەنە بەحرێن. حەسەن نەسروڵڵای ئەمیینداری حزبوڵڵای لبنانی بوو بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئال خەلیفەی بە بنەماڵەی موبارەك و قەزافی چوواند و داوای لە بەحرێنییەکان کرد بەرگری لە مافەکانیان بکەن، حکوومەتی بەحرێنیش بەتوندی وەڵامی نەسروڵڵای دایەوە و وتارەکەی بەوتارێکی ″ئیرهابی″ لە قەڵەم دا.

لە عێراقیش شیعەکان پشتیوانیی خۆیان بۆ هاومەزەبە بەحرێنییەکانیان دەربڕی، خۆپێشاندانی نارەزاییان ئەنجام دا و تەنانەت پەرلەمانی عێراق لە ئاداری ٢٠١١ کارەکانی خۆی بۆ نێزیکەی ١٠ رۆژ هەڵپەسارد و ئەو بڕیارەیشی لە سایتی پەرلەمان بڵاو کردەوە، ئەگەرچی دواتر نکووڵییان کرد لەوەی هەڵپەساردنەکە بەهۆی ئەوەوە بووبێ.

چاودێرانی سیاسی بەدووری نازانن کێشەی بەحرێن و ململانێی ئێران و وڵاتانی کەنداو بەتایبەت سعوودیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی ئیقلیمی لە ناوچەکەدا، بەتایبەت کە جگە لە دۆسیەی بەحرێن، کاری کردووەتە سەر پێوەندییەکانی کوێت و ئێرانیش، ئەویش دوای ئەوەی کوێت لە کۆتاکانی مانگی ئاداری ٢٠١١ بەتاوانی سیخوڕیکردن بۆ ئێران، سزای لەداردانی بۆ دوو ئێرانی و کوێتییەك دەرکرد و باڵیۆزی خۆی لە تاران کێشایەوە. لە ١٨ی تەمووزی ٢٠١٢یشدا دەسەڵاتدارانی یەمەنی ئاشکراکردنی تۆڕێکی سیخوڕیی ئێرانیان ڕاگەیاند و بەوهۆیەوە سەرۆکی یەمەن ئامادە نەبوو پێشوازی لە مەسعوود حوسێنی نێردەی سەرۆکی ئێران بکا، کە بۆ ئەو بابەتە سەردانی سەنعای کرد و ڕەتی کردەوە وڵاتەکەی دەست لە کاروباری یەمەن وەربدا.

ئەوەیش مەترسییەکە زیاتر دەکا ئەوەیە لەم ماوەیەی دواییدا ئێران و

وڵاتانی کەنداو لە کێبەرکێیەکی توندی خۆ پڕچەککردندان.

لە ٢٤ ئابی ٢٠١٠ ئەمەریکا و سعوودیە دەستیان بە وتووێژەکانیان کرد بۆ ئیمزاکردنی گەورەترین سەودای فرۆشتنی چەکی ئەمەریکی بە ریاز بە بەهای ٦٠ ملیار دۆلار، کە بەهای بەشی یەکەمی سەوداکە، کە سعوودیە پێی رازی بووە، ٣٠ ملیار دۆلارە و لە ٨٤ فڕۆکەی جەنگی و ١٧٨ کۆپتەری جۆرەوجۆر پێك دێ.

هەر لەو سەروبەندەدا وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا کۆنگریسی ئاگەدار کرد لە بوونی پلانێك بۆ فرۆشتنی ٢٠٩ یەکە لە مووشەکی پاتریۆتی دژە مووشەك بە هێزی بەرگریی ئاسمانیی کوێتی، کە بەپێی راپۆرتێکی ئاژانسی ئینتەرتاسی رووسی لە واشنتۆنەوە، بەهای ئەو گرێبەستە دەگاتە ٩٠٠ ملیۆن دۆلار.

هەروەها هێزی ئاسمانیی عومانی داوای لە کۆمپانیای Lockheed Martin ئەمەریکی کردووە بۆ کڕینی ١٨ فڕۆکە لە جۆری F-16 Fighting Falcon بەهای ئەو گرێبەستەیش بە ٣,٥ ملیار دۆلار دەخەملێنرێ.

بەپێی ئامارەکان تا ئێستە لە نائارامییەکانی بەحرێندا نێزیکەی ٥٠ کەس کوژران و سەتانی تریش بریندار بوون و تا نووسینی ئەم چەند دێرە تەنگژەکە بەردەوامە و لە هەینی (٩ ئاداری ٢٠١٢) گەورەترین خۆپێشاندانی شیعەکانی ئەو وڵاتە لە ماوەی ساڵی رابردوودا لە مەنامەی پایەتەخت بەڕێوە چوو کە دەیان هەزار کەس تێیدا بەشدار بوون، ئەوەیش ژمارەیەکی گەورەیە بۆ وڵاتێك کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ٥٥٠ هەزار کەس بێ و ٧٠٪یان شیعە بن.

خۆپێشاندەران سەرکۆنەی سەرکوتکردنی راپەڕینەکەی ساڵی رابردوویان لەلایەن حکوومەتەوە کرد و هاواریان "بڕووخێ حەمەد"، کە

مەبەست شێخ حەمەد بن خەلیفە بن عیسا ئال خەلیفەی شای بەحرێنە. بەڵام بەبێ توندوتیژی بەکۆتا هات.

* **تەنگژەی کوێت**

کوێت لە هاوینی ساڵی ٢٠١٠دا دووچاری تەنگژەیەکی ناوەخۆیی لە نێوان شیعە و سوننەکانی وڵاتەکە بووەوە، ئەویش پاش ئەوەی پیاوێکی ئاینیی شیعە بەناوی یاسر حەبیب لە کۆڕێکیدا، کە لە مانگی رەمەزاندا لە لەندەنی پایەتەختی بەریتانیا رێکی خستبوو، تانەی لە عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر محەمەد دابوو بە "دوژمنی خوا و پێغەمبەر" وەسپی کردبوو، ئەوەیش گرژیی لە نێوان زۆرینەی سوننە و کەمینەی شیعەی ئەو وڵاتەدا دروست کرد و خەریك بوو دەببووە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەییی وڵاتەکە، بەتایبەت کە ئەو پەرەسەندنە هاوکات بوو لەگەڵ دەستگیرکردنی دوو کەس بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئێران، ئەوەیش مەترسیی ئەوەی لای دەسەڵاتدارانی کوێت دروست کرد کە ئێران دەست بخاتە کاروبای ناوەخۆیەوە، هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی کوێتی بەتوندی ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە بوونەوە.

لە ١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٠ وەزارەتی ناوەخۆی کوێت هەموو کۆبوونەوە و ڕێپێوانێکی قەدەخە کرد، وەزارەتی ئەوقافیش بڕیاری دا هەموو مزگەوتەکانی ئەو وڵاتە دوای نوێژ دابخرێن و ڕێ لە هەر کۆبوونەوە یان وانەوتنەوەیەکی ئاینی بگیرێ.

جابر ئەلموبارەك بریکاری سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگریی کوێت رای گەیاند حکوومەت بە هێزی یاسا ڕێ لە بەستنی هەر کۆڕ و سیمینارێك دەگرێ، کە دۆخەکە تێك بدا. هاوکات ئەنجوومەنی وەزیرانی کوێتی پڕۆژە بڕیارێکی پەسند کرد و بەو پێیە بەتۆمەتی سووکایەتیکردن بە "خاتوو عائیشە" رەگەزنامەی کوێتی لە یاسر حەبیب سەندەوە.

ئەو کێشەیە کۆتا هات، بەڵام لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١١دا لە کوێت ناڕەزاییەکی جەماوەری لە دژی دەنگۆی وەرگرتنی بەرتیل لەلایەن دەیان ١٣ پەرلەمانتارەوە لە حکوومەت سەری هەڵدا و تەنگژەیەکی سیاسیی لە وڵاتدا دروست کرد و ئۆپۆزسیۆن داوای دەست لەکارکێشانەوەی شێخ ناسر ئەلموحەمەد ئەلسوباح سەرۆکی حکوومەتیان دەکرد و بۆ ماوەی چەند مانگێك ناو بەناو گردبوونەوەی ناڕەزایی لە بەردەم پەرلەمانی کوێتیدا ئەنجام دەدرا کە داوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی حکوومەتیان دەکرد، تا لە ١٦ تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ٢٠١١دا دەیان لە خۆپێشاندەرانی تووڕە هەڵیان کوتایە سەر تەلاری پەرلەمان و چوونە ناوی و سەتانیش لە دەرەوە گرد بووبوونەوە، کە ژمارەیەك پەرلەمانتاری ئۆپۆزسیۆنیشیان تێدا بوو. دواتر ئۆپۆزسیۆن هەڕەشەی ئەنجامدانی خۆپێشاندانێکی گەورەی کرد بۆ رووخاندنی حکوومەت، هەر بۆیە لە ٢٨ تشرینی دووەمی ٢٠١١ حکوومەتەکەی شێخ ناسر دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکێشی میری کوێت کرد.

لە ٢/٢/٢٠١٢ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوێت بەڕێوە چوو تێیدا ئۆپۆزسیۆن بە سەرکردایەتیی ئیسلامییەکان بە بەدەستهێنانی ٣٤ کورسی لە کۆی ٥٠ کورسیی پەرلەمان زۆرینەیان بەدەست هێنا، لە کاتێکدا لە خولی پێشوودا ٢٠ کورسییان هەبوو، ئەوەیش ئەنجامێکی بێ پێشینە بوو لەو وڵاتە.

ئیخوان و سەلەفییەکان ٢٣ کورسییان بەدەست هێنا بەرامبەر ٩ کورسی لە خولی پێشوودا، لیبرالییەکان تەنیا ٢ کورسییان بەدەست هێنا بەرامبەر ٥ کورسی لە خولی پێشوودا، شیعەکانیش ژمارەیان لە ٩ کورسییەوە بۆ ٧ کورسی دابەزی، ئافرەتیش هیچ کورسییەکی بەدەست نەهێنا، بەڵام پاشتر میری کوێت ئەم پەرلەمانە نوێییەی هەڵوەشاندەوە.

## عێراق و کوردستان

دەسەڵاتدارانی عێراقی کە زۆربەیان لە ئیسلامییە شیعە و سوننەکانن، لەگەڵ تەشەنەکردنی راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا جەختیان لەوە دەکرد ئەوەی لە وڵاتانی عەرەبی روو دەدا لە عێراق روو نادا، لەبەرئەوەی بەهاری عێراق ساڵی ١٩٩١ دەستی پێ کردووە و حکوومەتی نوێی عێراقیش هاوشێوەی رژێمەکانی موبارەك و قەزافی و ئەسەد و بن عەلی نییە، بگرە لە رێی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە هاتووەتە سەر دەسەڵات و سیستمی وڵاتیش دیموکراسی و پەرلەمانییە، بەڵام ئەمە رێی لەوە نەگرت ترسێکی جیدییان لە روودانی پەرەسەندنێکی چاوەڕواننەکراو لێ بنیشێ، بەتایبەت کە حکوومەت دوای ٨ ساڵ و بە بودجەیەکی زەبەلاحەوە نەیتوانیوە ئاسایش و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی دەستەبەر بکا و بێکاری و گەندەڵی بنبڕ بکا.

لە ٢٥ شوباتی ٢٠١١ خۆپێشاندانی ناڕەزایی لە گۆڕەپانی تەحریری بەغدا و چەندان شار و شارۆکەی عێراقدا (لەوانە نەجەف و کەربەلا و مووسڵ و تکریت و قادسیە و کەرکوك) روویان دا و داوای چاکسازی و خزمەتگوزاری و بنبڕکردنی گەندەڵییان دەکرد، لە هەندێ شوێنی وەك مووسڵ و حەویجە خۆپێشاندەران دەستیان بەسەر ژمارەیەك لە داوودەزگەکانی حکوومەتدا گرت.

ئەگەرچی خۆپێشاندانەکان لە ماوەیەکی کورتدا و بەبێ توندوتیژییەکی زۆر کۆتایان هات، بەڵام توانییان حکوومەت ناچار بکەن بە بەرنامەی کاری خۆیدا بچێتەوە، نووری مالیکی سەرۆك وەزیران ماوەی ١٠٠ رۆژ مۆڵەتی دایە وەزیرەکانی تا ئەدای خۆیان باش بکەن، دواتر بە رێککەوتن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کابینەی حکوومەتەکەی کە لە زیاتر لە ٤٠

وەزارەت پێك دەهات بچووك كردەوە و لە كۆی ٩ وەزارەتی دەوڵەت هەشتیانی هەڵوەشاندەوە.

لەناو سوننەی عەرەبی عێراقدا ئیخوان موسلیمین (حزبی ئیسلامیی عێراقی بەسەرۆكایەتیی ئوسامە تكریتی) دیارترین گرووپی سیاسیی ئیسلامییە كە لە ساڵی ١٩٦٠ دامەزراوە، بەڵام چەند ساڵێك پاش هاتنە سەر كاری حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ خۆلادان لە پاكتاوكردن، كاری ڕێكخستنی لەناو عێراقدا ڕاگرت، بەڵام لە دەرەوەی عێراق چالاكییان هەبوو، بەتایبەت پاش ١٩٩١ و ڕۆژنامەیەكیشیان لە هەندەران بەناوی (دار السلام) دەردەكرد كە جاروبار دەگەیشتە كوردستان، تا ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە نیسان/ئەپریلی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمەریكاوە، ئەوكات حزبی ئیسلامیی عێراقی دەستی بەچالاكیی سیاسیی ئاشكرا كردەوە د.موحسین عەبدولحەمید كە كوردێكی كەركووكییە بوو بە ئەمینداری گشتیی حزبەكە و یەكێك بوو لە ٢٥ ئەندامەكەی ئەنجوومەنی حوكمی عێراق كە بەبڕیاری بریمەر لە ٢٠٠٣ دامەزرا.

لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆڵی دوكتۆر موحسین كرایە ڕۆڵێكی تەشریفاتی و ناوی سەرۆكی حزبی لێ نرا و تاریق هاشمی كرایە ئەمینداری گشتیی حزبی ئیسلامی و سەركردەی فیعلیی حزبەكە و لە یەكەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدامدا (ئەنجوومەنی نیشتمانیی كاتی) لە كانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠٠٥ لە چوارچێوەی بەرەی تەوافوقدا دوای لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی شیعە و هاوپەیمانیی كوردستان سێیەم لیستی پەرلەمان دەرچوو.

پاش هەڵبژاردنەكەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كاتیی عێراق لە ٣١ كانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠٠٥، حاجم حەسەنی ئەندامی مەكتەبی

سیاسیی حزبەکە بوو بەسەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی (حەسەنی دواتر لەو حزبە جیا بووەوە و چووە ناو لیستی دەوڵەتی یاسای نووری مالیکیی سەرۆك وەزیران).

لە دووەم هەڵبژاردندا بۆ یەکەمین پەرلەمانی هەمیشەییی عێراق (ئەنجوومەنی نوێنەران) لە ۱٥ کانوونی یەکەم/دیسەمبەری هەمان ساڵ ٤٤ کورسیی بەدەست هێنا و هاشمی پۆستی جێگری سەرکۆماری عێراقی وەرگرت. لە ۲٤ ئایاری ۲۰۰۹ دەستی لە پۆستەکەی وەك کەسی یەکەمی حزب کێشایەوە بەناوی ئەوەی ناکرێ دوو پۆستی حزبی و حکوومەتی هەبێ و دەیەوێ خۆی بۆ کاری حکوومەت یەکلا بکاتەوە، ئەوەیش لەلایەن چاودێرانەوە بە جیابوونەوە لە حزبەکە لێکدرایەوە، بەڵام هاشمی ئەوەی رەت کردەوە و رای گەیاند هێشتا ئەندامی ئەو حزبەیە.

بەڵام لە ۱۲ ئەیلوولی ۲۰۰۹ هاشمی و ژمارەیەك لە سەرکردە دیارەکانی لەوانە عەبدولکەریم سامەرائی و عومەر کەربوولی عەبدولکەریم سامەرائی بەرەسمی لەو حزبە جیا بوونەوە و بارستەی (تەجدید)یان بەسەرۆکایەتیی هاشمی دامەزراند و بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لە ۷ ئادار/مارسی ۲۰۱۰ چووە ناو لیستی عێراقییە بەسەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی، کە تێیدا عێراقییە بە بەدەستهێنانی ۹۱ کورسی لە کۆی ۳۲٥ کورسی زۆرترین کورسیی بەدەست هێنا.

بەرەی تەوافوقیش بەسەرۆکایەتیی ئەیاد سامەرائی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان بە کردەوە تەنیا حزبی ئیسلامی (بەسەرۆکایەتیی ئوسامە تکریتی) تێدا مایەوە و لەو هەڵبژاردنەدا زۆر پاشەکشەی کرد و تەنیا ٦ کورسیی بەدەست هێنا و هیچ پۆستێکی سیادیی لە حکوومەت و پەرلەماندا بەرنەکەوت.

پاش جیابوونەوەکەی هاشمی و هاوەڵەکانی لە حزبی ئیسلامی لە ٢٠٠٩، ئوسامە تکریتی بوو بە ئەمینداری گشتیی حزبەکە.

**بەهاری نیوەچڵی کوردستان**

پاش چەند رۆژێك لە سەرکەوتنی شۆڕشەکەی گەلی تونس لە ١٤ کانوونی دووەمی ٢٠١١، بزووتنەوەی گۆڕان بەسەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لە ٢٥ تەمووز/یۆلیۆی ٢٠٠٩دا ٢٥ کورسی لە ١١١ کورسیی پەرلەمانی کوردستان و بەدەست هێنابوو و بووبووە هێزی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆنی لە خولی سێیەمی پەرلەماندا و سەرسەختانە بەگژ سیاسەتی حکوومەت و دوو حزبە دەسەڵاتەکەی هەرێم (پارتی و یەکێتی)دا دەچووەوە، لە ٢٩ کانوونی یەکەم/یەنایەری ٢٠١١ لە بەیاننامەیەکدا داوای هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنێکی پێشوەختی کرد، ئەوەیش لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پارتی و یەکێتییەوە بەتوندی رەت کرایەوە و بە کودەتایەکیان دانا و هێزەکانی ئاسایشیان خستە حاڵەتی ئامادەسازی.

پێشتریش و کەمتر لە ٦ مانگ پاش بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە ئیئتیلافی بارستە کوردستانییەکان کە لە لیستە کوردییە براوەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لە ٩ ئاداری ٢٠١٠ پێك هاتبوو (هاوپەیمانیی کوردستان: پارتی و یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی)، لە ٢٩ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ بەپاساوی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی چاکسازی لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتی هەرێمەوە، پاشەکشەی لەو ئیئتیلافە کوردییە کردبوو.

لە ١٧ شوبات/فێبرایەری ٢٠١١ خۆپێشاندانێکی مۆڵەتدار لە بەردەرکی سەرای سلێمانی بۆ پشتگیری لە گەلی تونس و داواکاریی

چاكسازی لە هەرێم ساز كرا، بەڵام سەرلەئێوارە دەیان لە خۆپێشاندەران روویان كردە لقی ٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان لە شەقامی سالم و بەردبارانیان كرد، پاسەوانەكانی لقیش تەقەیان لە هێرشبەرەكان كرد و گەنجێك بەناوی "رێژوان عەلی" كوژرا و زیاتر لە ٥٠ كەسیش بریندار بوون. هەر هەمان رۆژ بارەگاكانی گۆڕان لە هەولێر و سۆران لەلایەن لایەنگرانی پارتییەوە سووتێنران.

گۆڕان و هەردوو حزبە ئیسلامییە ئۆپۆزسیۆنەكەیش (كۆمەڵ و یەكگرتوو) بێبەریبوونی خۆیان لەو پەرەسەندنە و هێرشەكەی سەر لقی ٤ی پارتی راگەیاند و بە "گێرەشێوێنی"یان لە قەڵەم دا، بەڵام دوای ئەوەی خۆپێشاندانەكە لە رۆژانی دواتردا لە سلێمانی و گەرمیان ناوچەكانی درێژەی كێشا، هاتنە ناو خۆپێشاندانەكان و هاوشێوەی خۆپێشاندانەكانی بەهاری عەرەبی كە لە گۆڕەپانی تەحریردا خڕ دەبوونەوە و نوێژی هەینییان دەكرد و ناویان لەو هەینییانە دەنا، بەردەركی سەرای سلێمانی، كە دواتر خۆپێشاندەران رۆژانە لەوێدا كۆ دەبوونەوە و وتاریان دەدا و هوتافیان دەكێشا، ناونرا "سەرای ئازادی" و نوێژی هەینی بەپێشەوایی مەلاكانی سەر بە ئۆپۆزسیۆن بەڕێوە دەچوو و هەر هەینییەك ناوێكیان لێ دەنا و تێیدا رەخنەیان لە دەسەڵاتی هەرێم دەگرت.

خۆپێشاندەران جەختیان لە سروشتی ئاشتییانەی خۆپێشاندانەكەیان دەكرد و ناو بەناو گوڵیان پێشكێشی هێزەكانی پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان دەكرد، بەڵام ناو بەناو توندوتیژی لە نێوان خۆپێشاندەران و پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكاندا رووی دەدا، بەتایبەت لە سلێمانی و هەڵەبجە و كەلار و چەمچەماڵ، تێیاندا تا بڵاوەپێكردنی خۆپێشاندانەكان بەزەبری هێز لە ١٨ نیسان/ئەپریلدا، زیاتر لە ١٠ كەس كوژران كە دووانیان پۆلیس بوون و سەتانی تریش بریندار بوون، كە ژمارەیەكیان

پـۆلـیس بـوون. بـەڵام لـە هـەردوو پـارێزگـەی هـەولـێر و دهـۆك رێگـە بەئەنجامدانی خۆپیشاندان نەدرا.

پاش دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان پەرلەمان ٩ دانیشتنی نائاسایی بۆ تاوتوێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەران ساز کرد و شاندێکی پەرلەمان سەردانـی خـۆپـیشـانـدەرانـی کـرد و لـەگـەڵ ئـەنجوومـەنـی سەرای ئـازادی (دەستەیەك بوو ئیدارەی گردبوونەوەکەی دەکرد و لە نوێنەرانی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و ژمارەیەك کەسایەتیی بێلایەن، لەوانە فارووق رەفیق و ناسك قادری هاوسەری) کۆ بووەوە و گوێی لە داواکارییەکانیان گرت و لـەژێر رۆشنـایـیـی ئـەوەدا چـەنـد بـڕیـارێکـی ١٧ خـاڵـی دەرکرد لـەوانـە، سەرکۆنەی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و هەڵکوتانە سەر بارەگا حزبی و رەسمییەکان، ئازادکردنی گیراوانی خۆپیشاندەر، کێشانەوەی ئەو هێزە سەربـازیـیـانـەی بـراونـەتـە سلـێمـانـی و دوورخستـنـەوەی پێشمـەرگـە لـە ململانەی سیاسی، لێکۆڵینەوە لەو کەمتەرخەمییانەی لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە لە رووداوەکاندا کراوە، حکوومەت باری خزمەتگوزارییەکان و گوزەرانی خەڵك باشتر بکا، هەروەها لیژنەیەکی باڵای لێکۆڵینەوە راستیی رووداوەکان بۆ رای گشتی ئاشکرا بکا.

لە ٢٠١١/٣/٣ هـەرسێ حزبی ئۆپۆزسیۆنی هـەرێم "گۆڕان، یەکگرتووی ئـیسلامـی، کـۆمـەڵـی ئـیسلامـی"، پـڕۆژەیـەکـی چـاکسازیـی سیـاسیـی هـاوبـەشیـان راگـەیـانـد کـە لـە ٢٢ خـاڵ پـێك دێ، لـەوانـە، داوایـان کـرد دەستـووری هـەرێم کـە لـە خـولـی پـێشووی پـەرلـەمـانـدا پـەسند کـرابـوو– بگـەڕێتـەوە پـەرلـەمـان و هـەموار بـکرێتـەوە، دەستـەی بـاڵای هـەڵـبـژاردنـی هـەرێم لە کەسانی بێلایەن پێك بێ، یاسای خۆپیشاندان هەموار بکرێ، جیاکردنەوەی حزب لە حکوومەت، گۆڕینی وەزیر و بریکاری وەزیرەکانی پـێشمـەرگـە و نـاوەخـۆ و دارایـی و سەرچـاوە سروشتـیـیـەکـان بـەکـەسانـی سەربەخۆ و تەکنۆکرات.

هەروەها داوایان کرد لە ماوەی ٢ مانگدا ئەو داواکارییانە جێبەجێ بکرێن. ئەگەر لەو ماوەیەدا جێبەجێ نەکرا سەرۆکی هەرێم بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت رابگەیەنێ و حکوومەتێکی یەکەتیی نیشتمانی سەرپەرشتیی ئەو قۆناغە و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە بکا.

لە ٥ی نیسانیشدا هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەیان بەوە دا کە بەهۆی جێبەجێنەکردنی پرۆژە ٢٢ خاڵییەکەی ئۆپۆزسیۆن لە ماوەی خۆیدا، داوای هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی هەرێم و پێکهێنانی حکوومەتێکی ئینتیقالی دەکەن.

## چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێم

ئەگەرچی خۆپێشاندانەکەی کوردستان بەهارێکی نیوەچڵ بوو و بەئامانجەکانی خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان نەگەیشت، بەڵام رۆڵی هەبوو لەوەی پاڵەپەستۆ بخاتە سەر دەسەڵاتی هەرێم بۆ بەخۆداچوونەوە و ئەنجامدانی چاکسازیی ئیداری و سیاسی، ئەوە بوو سەرۆکی هەرێم لە ئاداری ٢٠١١دا رای گەیاند حکوومەت بەرنامەی جیدیی بۆ چاکسازی بەدەستەوەیە و لە ماوەی ٢–٣ مانگدا ئاسەواری دەردەکەوێ، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی زەوییەکانی موساتەحە و پاسەوانەکانی بەرپرسان و چەند بوارێکی تر پێك هێنا.

لە ٢١ ئاداردا سەرۆکی هەرێم پرۆژەیەکی بۆ "چاکسازی" پێشکێش کرد کە لە ٢٢ خاڵ پێك هاتبوو، لەوانە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی وەزاریی بەرفراوان، کاراکردنی چاودێریی دارایی و داواکاریی گشتی، دامەزراندنی کۆمیسیۆنی دەستپاکی، روونکردنەوەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم، کردنی کۆمپانیا گەورەکانی هەرێم بە کۆمپانیای پشکداری، سڕینەوەی سیماکانی دوو ئیدارەیی و لە ١٩ نیسانی ٢٠١١ش

لێژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی چاکسازییەکان پێك هێنا کە ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ١٨ ئەندام و لێژنەکە یارمەتیی سەرۆکی هەرێمیان دەدا لە دەرکردنی بڕیارە چاکسازییەکان و لێکۆڵینەوە لەو دۆسیانەی بە گومانی بوونی گەندەڵی دەدرانە لێژنەکە.

لە ٢٠١١/٦/١٤ سەرۆکی هەرێم قۆناغی یەکەمی ئەنجامی پڕۆژەی چاکسازیی ڕاگەیاند کە تێیدا ئاماژە بەگێڕانەوەی سەتان دۆنم زەویی موساتەحە کرا، کە خەڵك سکاڵای زۆریان لەوە هەیە ئەو زەوییانە وەك ئیمتیاز دەدرێنە بەرپرس و دەستڕۆیشتووان بەبێ ئەوەی بەو شێوەی یاسا دیاری کردووە بۆ وەبەرهێنان بەکار بێن.

سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بەوەش دا کە لە ماوەیەکی نزیکدا "ستراتیجییەتی چاکسازی" رادەگەیەنرێ.

هەروەها لەژێر پاڵەپەستۆی ئۆپۆزسیۆن و خۆپیشاندانەکاندا سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، کە بەدەست لیستی زۆرینەی یەکێتی و پارتییە، بەجیا بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکوومەت و جەعفەر مستەفا وەزیری پێشمەرگە و کەریم سنجاری وەزیری ناوەخۆی بانگهێشتنی پەرلەمان کرد بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران لەبارەی ئەو دۆخەوە و لە کۆتاشدا سەندنەوەی متمانەی هەرسێکیانی خستە دەنگدانەوە و بە زۆرینەی دەنگ متمانەیان وەرگرتەوە. لە ٣١ ئایاری ٢٠١١ پەرلەمانی کوردستان مووچەی پلە تایبەتەکانی ١٠٪ کەم کردەوە.

لە ٢٧ حوزەیرانی ٢٠١١ یەکێتی و پارتیش پڕۆژەیەکی چاکسازییان بەناوی (پڕۆژەی هاوبەشی نوێبوونەوە و ئایندەسازیی یەکێتی-پارتی) ڕاگەیاند. لە ٢٨ ئابی ٢٠١١ سەرۆکی هەرێم چەند بڕیارێکی لە بەرژەوەندیی داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن دەرکرد، لەوانە بڕیاری

گێڕانەوەی بودجەی ئۆپۆزسیۆن کە لە کاتی خۆپێشاندانەکاندا رای گرتبوو-و چارەسەرکردنی کێشەی سزادراوانی سیاسی و رادەستکردنی تۆمەتبارانی رووداوەکانی ١٧ شوبات و رۆژانی دواتر. هەروەها لە ٢٠ ئەیلوولی ٢٠١١ حکوومەتی هەرێم کۆی گرێبەستە نەوتییەکانی رادەستی سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کرد. بەڵام تا ئەم ساتەیش ئۆپۆزسیۆن پێی وایە بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم جێبەجێ نەکراون.

لە ١٢ ئاداری ٢٠١٢ لیژنەی بەدواداچوونی پڕۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پوختەیەکی ئەنجامی ١١ مانگی رابردووی کاری لیژنەکەی راگەیاند و دەقەکەی لە سایتی سەرۆکایەتیی هەرێمدا بڵاو کردەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دراوە لیژنەکە، ١٧٤ کەیسی گەندەڵیی بەدەست گەیشتووە و ١١٠یان تەواو بوون و کار لەوانی تریشدا بەردەوامە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان داوا کراوە ٥٣ کەس بدرێنە داواکاری گشتی و هەندێکیان دراونەتە دادگە.

لیژنەی بەدواداچوونی پڕۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێم، بەشی تەندەرینی بەیەکێك لە "ناشەفافترین" بوارەکانی کاری داوودەزگەکانی حکوومەت داناوە.

ڕاپۆرتەکە رەخنەی لە کەرتی وەبەرهێنانی هەرێم گرتووە و ئاماژەی بەوە داوە وەبەرهێنان لە ئامانجی خۆی ترازاوە و زیاتر لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێکردن و ڤێلادا چڕ کراوەتەوە، بەو هۆیەوە وەبەرهێنانی دەرەکی لە ١٠٪ تێپەڕ ناکا، ئەوەیشی بە ئاماژە بۆ "سەرنەکەوتنی هەرێم لە وەبەرهێناندا" لە قەڵەم داوە.

هەروەها وەزارەتی شارەوانی تۆمەتبار دەکا بەوەی "زۆرترین زیانی بەزەوییە کشتوکاڵییەکان گەیاندووە"، ماستەرپلانەکانی بێ لێکدانەوەی

پێویست کراون و لەسەر حسابی سەوزایی ڕووبەری نیشتەجێکردن زیاد کراوە.

لێژنەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا جەخت لەوە دەکا سنوور بۆ گەندەڵی دانراوە و بۆ یەکەم جار بناغەیەکی پتەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دانراوە.

لە کۆتادا ئاماژەی بەوە داوە لێژنەکە بەهاوکاریی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم سەرقاڵی داڕشتنی پرۆژەی ستراتیجییەتی چاکسازییە، تا پرۆسە چاکسازییەکە بەردەوام بێ و پاشەکشە نەکا.

ئەمانە بەبێ ئەو شەپۆلی نارەزاییەی ناوچەکە و هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بەو ئاسانییە نەدەهاتنە دی.

## ئیسلامییەکانی کوردستان

**کورتەیەکی مێژوویی**

سەرەتای کاری ئیسلامیی سیاسی لە کوردستان[١٢] بۆ سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، لەو کاتەدا شاندێکی زانایانی ئاینیی هەڵەبجە لەوانە مەلا عوسمان عەبدولعەزیز و مەلا عومەری برای و مەلا محەمەد بەهائەدین، بەشدارییان کرد لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی ئیسلامیی عێراقی لە بەغدا لە حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٦٠.

ئەگەرچی بەشداریکردنەکە وەك زانایان بووە نەك وەك ئەندامی ئەو حزبە، بەڵام ئەو پێوەندییەی محەمەد مەحموود سەواف، زانای ئیخوانی عێراقی لەگەڵ ئەو زانایانە دروستی کرد، سەری کێشا بۆ دروستبوونی رێکخستنی ئیخوان موسلیمین لە هەڵەبجە و لەوێشەوە بۆ شارەکانی تری کوردستان.

دوای هاتنە سەر کاری حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨، لە ساڵی ١٩٧١ ئیخوانی عێراق، کە عەبدولکەریم زەیدان ڕابەرایەتیی دەکرد بۆ پاراستنی ئەندامەکانیان لە گرتن و تیاچوون، فتوای هەڵوەشاندنەوەی راگرتنی کاری رێکخستنی دا، بەوە لە کوردستانیش کارەکە راگیرا.

لە کۆتای حەفتاکاندا بەتایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران جموجۆڵی ئیسلامی لە کوردستانیش دەستی پێ کردەوە.

ئەو کاتە مەلا سدیق عەبدولعەزیز دەستی بە رێکخستن و دانانی خانەکانی ئوسرە و وانەوتنەوە و بانگەواز بەپێی بیری ئیخوان کرد، هاوکات گرووپێکی تر بەشێوەی گرووپ گرووپ لە شارەکانی کوردستان بەتایبەت لە هەڵەبجە و سلێمانی و دهۆك و هەولێر، لەسەر هەمان

ڕێبازی ئیخوان دەستیان بەجموجۆڵ و چالاکی کرد، لەوانە سەڵاحەین محەمەد بەهائەدین، کە دواتر یەکگرتووی ئیسلامییان پێك هێنا، بەڵام هەندێ لە ئەندامە دێرینەکانی ئیخوان لە کوردستان پابەند بوون بەبڕیاری سەرکردایەتیی ئیخوانی عێراقەوە بەراگرتنی ڕێکخستن.

لە سەرەتای هەشتاکان تا ناوەڕاستی هەشتاکان ئەندامەکانی کوردستان و شارەکانی تری عێراق، بەتایبەت مووسڵ و بەغدا، پێوەندییان بەیەکەوە کرد و جۆرێك لە ڕێکخستنیان دروست کردەوە، سەرەتا باڵی مەلا سدیق و دواتر باڵی سەڵاحەدین پێوەندییان کردبوو، باڵی یەکەم مەلا عوسمان عەبدولعەزیزیان بە ئەمیری کارەکە لە کوردستان ناساندبوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ ڕێکخستنی ئیخوان لەلایەن ڕێژیمەوە ئاشکرا کرا و دەیانیان لە شارەکانی عێراقدا گیران، لە کوردستانیش ژمارەیەك گیران لەوانە حەسەن شەمێرانی لە هەڵەبجە، حەسەن پێنجوێنی لە سلێمانی، عومەر ئیسماعیل لە هەولێر، مەلا سدیقیش پێش گرتنی خۆی دەرباز کرد و لەگەڵ قوتابییەکانی چوونە ئێران.

پێشتریش چەند ئیخوانێکی ڕەوتەکەی تر لەوانە بورهان محەمەد ئەمین و سەڵاحەدین محەمەد بەهائەدین و عەلی محەمەد و عومەر عەبدولعەزیز چووبوونە ئێران و ئامادەکارییان بۆ چالاکی دەست پێ کردبوو، تەنانەت بۆ دامەزراندنی حزبێك بەناوی "ئەنسار" داوای مۆڵەتیان لە ئێران کردبوو، بەڵام مۆڵەتیان پێ نەدان.

دوای ئەوەی مەلا سدیق و قوتابییەکانی چوونە ئێران ڕووبەڕووی دوو کێشە بوونەوە، لەلایەك کێشەی دوو باڵیی ئیخوان سەری هەڵدا، مەلا سدیق خۆی بەخاوەنی کارەکە دەزانی و پێی وا بوو ئەو پێشتر دەستی بەکاری ڕێکخستن کردووە، هاوکات بڕیارێکی ئیخوانیش هەیە هەر

ئیخوانێك بچێته ولاتێکی تر دەبێ پێوەندی بەسەرکردایەتیی ئەو ولاتەوە بکا، واتە گرووپی سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین کە پێشتر لە ئێران کارەکەیان گرتبووە ئەستۆ.

لەلایەکی ترەوە لە ئایاری ١٩٨٧و دوای راپەڕینەکەی خەڵکی هەڵەبجە مەلا عوسمان و چەند زانایەکی تری ئاینی چوونە ئێران و بزووتنەوەی ئیسلامیی چەکداریان راگەیاند، پێشتریش باڵی مەلا سدیق مەلا عوسمانیان وەك ئەمیری ئیخوان لە کوردستان ناساندبوو، نەدەکرا لە فەرمانی دەرچێ، ئەمە لە کاتێکدا ئیخوان لەگەڵ کاری چەکداریدا نەبوو.

دوای دروستبوونی بزووتنەوە بەهائەدین نامەیەکی لە د. نوعمان سامەڕائییەوە کە دیارە بەرپرسی کاری ئیخوان بووە لە عێراق، بۆ مەلا عوسمان هێنا، تێیدا ناڕەزاییی ئیخوانی لە پێکهێنانی هێزی چەکداری پێ راگەیاند و داوای لێ کرد مادام دۆخی ئێوە ئەوە دەخوازێ رابەرایەتیی بزووتنەوەکە بداتە براکانی یان مەلا ئیبراهیمی کوڕی، ئەویش بەمە رازی نەبوو و بەیەکجاری کەوتە دەرەوەی ئیخوان.

مایەوە کاری هەردوو باڵەکەی ئیخوان، لە کۆتای ساڵی ١٩٨٨ هەردوولا بەئامادەبوونی د. عەبدولمەجید ناوێك کە خەڵکی بەغدا و بەرپرسی ئەو رێکخستنەی ئیخوانی عێراق بوو کە کەوتە بەر هەڵمەتی گرتن، رێککەوتنێکیان بۆ یەکگرتن ئیمزا کرد و عومەر رێشاوی کرایە بەرپرسی رێکخستنەکە.

هەردوو گرووپی ئیخوانی کوردستان لە ئۆردوگاکانی ئێران پێکەوە خەریکی کاری بانگەواز و پەروەردە و رێکخستنی ئیخوانی بوون، تا دوای راپەڕینی ١٩٩١ گەڕانەوە کوردستان.

دوای گەڕانەوە مەلا سدیق پێی وا بوو بەپێی نەریتی ئیخوان، لێرە ئەمان خاوەنی پرۆژەکەن و پێویستە ببنە ئەمیر و باڵەکەی تر ببنە جێگر، لەسەر

ئەمە کێشە دروست بوو، چونکە باڵەکەی تر پێیان وا بوو ڕێککەوتنەکە وا بووە لە عێراق پێوەندی بە ڕێکخراوی سەرانسەری عێراقەوە دەکرێ.

لەمەوە خەتی یەك و دووی ئیخوان دروست بوو، هەریەکەیان بەجیا کەوتە جموجۆڵ و سەردانی ئیخوانی دەرەوە بۆ پەیداکردنی مۆڵەتی کارکردن بەناوی ئیخوانەوە، مەلا سدیق بۆی پەیدا نەکرا، بەڵام سەڵاحەددین محەمەد بەهائەدین نامەی لە ئیخوانەوە هێنا کە ئەوەی ئیخوانە پێوەندی بەوەوە بکا، خەتی دوویش بەمە رازی نەبوون و لە ٢٢ تشرینی دووەمی ١٩٩٢ کۆنگرەیان بەست و جیابوونەوە و پێوەندییان بە ئیخوانەوە نەما و دواتر بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامییان دامەزراند.

بزووتنەوەی ڕاپەڕین لە ١٩٩٩ لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی یەکیان گرت و بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامییان دروست کرد، ئەم یەکگرتنە زۆر دەوامی نەکرد و لە ٣٠ ئایار/مایۆی ٢٠٠١دا زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتییەکەی جیا بوونەوە و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیان بەسەرۆکایەتیی عەلی باپیر ڕاگەیاند، کە زۆربەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی لەخۆ گرت، بەڵام مەلا سدیق لەگەڵ بزووتنەوە مایەوە و بوو بەجێگری ڕابەری گشتیی بزووتنەوە، کە ئەو کاتە مەلا عەلی عەبدولعەزیز بوو.

مەلا عەلی عەبدولعەزیز لە ١٧ ئادار/مارسی ٢٠٠٧دا کۆچی دوایی کرد، بزووتنەوە بێ ڕابەر بوو، تا ساڵی ٢٠٠٩ کۆنگرەی بەست و مەلا محەمەد عومەر عەبدولعەزیز کرا بە ڕابەر، ئەویش دواتر دەستبەرداری پۆستەکەی بوو بۆ مەلاسدیق عەبدولعەزیزی مامی.

لە کۆنگرەی دەیەمی بزووتنەوەیشدا لە شاری هەولێر لە ناوەڕاستی تەمووزی ئەمساڵ (٢٠١٢) عیرفان مەلا عەلی عەبدولعەزیز (لە ١٢ی تەمموز) بە زۆرینەی دەنگ بوو بە پێنجەم ڕابەری بزووتنەوەکە و سدیق عەبدولعەزیزی مامی و یەکێك لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی ڕەوتی

ئیسلامیی کوردستان دۆڕاندی و تەنانەت نەیتوانی دەنگی پێویست بۆ سەرکردایەتیش بێنێ.

بزاوتە ئیخوانییەکەیش لە ٦ی شوبات/فێبرایەری ١٩٩٤دا لەژێر ناوی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا خۆی راگەیاند و لەو کاتەوە سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی بوو، کە ناوبراو لە ٣ی ئاداری ٢٠١٢ لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد لە کۆنگرەی داهاتووی حزبەکە لە ئایاری هەمان ساڵ خۆی بۆ پۆستی ئەمینداری گشتی کاندید ناکاتەوە. ئەوە بوو لەو کۆنگرەیەدا بەهائەدین خۆی کاندید نەکردەوە و لەنێو چوار کاندیددا محەمەد فەرەج ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی حزبەکە بەزۆرینەی دەنگ وەك دووەم ئەمینداری گشتیی ئەو حزبە هاتە هەڵبژاردن.

لەبارەی گرووپە ئیسلامییەکانی تری کوردستانەوە بەپێی ئەو دیمانانەی کتێبەکە، لە سەرەتای هەشتاکاندا بزووتنەوەی پێوەندیی ئیسلامی هەبووە کە سەرەتا شێخ محەمەد بەرزنجی و دواتر شێخ عەبدوللەتیف واژەیی رابەرایەتییان کردووە و باڵێکی سەربازیی هەبووە بەناوی "لەشکری قورئان".

ئەم بزووتنەوەیە لە حوزەیرانی ١٩٨٧دا چووە نێو بزووتنەوەی ئیسلامی و مەلا عوسمان عەبدولعەزیز بوو بە رابەری.

لە ناوەڕاستی هەشتاکانیشدا چەند گرووپێکی تر لە ئێران دروست بوون، لەوانە گرووپی ئەنسار، کە ئیسماعیل مەلا ساڵحی هەڵەبجەیی سەرۆکایەتیی کرد، هەروەها گرووپی حزبوڵڵا کە شێخ عەبدولقادر و دواتر شێخ ئەدهەم بارزانی سەرۆکایەتییان دەکرد، هەروەها جوندوڵڵایش کە مەلا لوقمان تەوێڵەیی سەرۆکایەتیی دەکرد.

***

دوای ئازادبوونی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بزووتنەوەی ئیسلامیی چەکدار بە سەرۆکایەتیی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز گەشەیەکی جەماوەریی پێوانەییی بەخۆوە بینی و لە رووی سەربازییەوە بوو بە هێزی سێیەم دوای یەکێتی و پارتی و زۆر کەس پێشبینییان دەکرد تەنیا بەچەند ساڵێکی کەمی تر دەتوانێ ببێتە هێزی دووەم یاخۆ یەکەم، هەر لەو روانگەوە بوو لە یەکەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمدا لە ١٩-٥-١٩٩٢ مەلا عوسمان عەبدولعەزیزی رابەری بزووتنەوە وەك رکابەر لە بەرامبەر مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی و جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی و مەحموود عوسمان سەرۆکی پارتی گەل خۆی بۆ سەرۆکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کاندید کرد، بەڵام دەنگێکی کەمی هێنا.

ئەو گەشە خێرایەی بزووتنەوە و کۆبوونەوەی هەزاران چەکداری گەنج لە دەوری، وای کرد هەندێ لە سەرکردەکانی تووشی جۆرێك لە بایەخوایی و متمانەبەخۆبوونێکی زیاد لە سنوور ببن و بەو هۆیەشەوە لە ساڵە بەراییەکانی دوای راپەرینەوە، لەسەر هەندێ کێشەی بچووك کە بە کێشەی بلۆك و قاز ناویان دەرکرد، لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی چەند جارێك بەشەڕ بێن کە قورسترینیان لە کۆتای ساڵی ١٩٩٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٩٤دا بوو کە بە نسکۆی بزووتنەوە و داگیرکردنی سەرکردایەتییەکەی لە بێتواتە و دەرکردنیان لە شارەکان و گرتنی دەیان لە چەکدارەکانیان بە شێخ عوسمانی رابەریشیەوە کۆتاییی هات و ئەوەی دەرباز بوو چوونە چیاکانی سەرسنوور بەتایبەت لە سنووری هەڵەبجە و نەگەڕانەوە تا سەرهەڵدانی شەڕی ناوەخۆی نێوان پارتی و یەکێتی لە نیسان/ئەپریلی ١٩٩٤، کە هێزەکانی بزووتنەوە و پارتی پێکەوە هێرشیان کردەوە سەر بارەگاکانی یەکێتی لە ناوچەی خورماڵ و هەڵەبجە و بۆ ماوەیەك دەستیان بەسەردا گرت.

شەڕەکە بە کەڕ و فەڕ بەردەوام بوو تا نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٥ەوە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان لایەنە شەڕکەرەکان، ناوچەی هەڵەبجە کەوتە ژێر کۆنترۆڵ و ئیدارەی بزووتنەوە و پارتی کە لە رووی سەربازی و ئیدارییەوە بزووتنەوە هێزی باڵادەستی ناوچەکە بوو.

باوەڕی رادیکالانەی بزووتنەوە بە چەك و سەرقاڵبوونی بە شەڕەکانەوە و دواتریش قەتیسبوونی لە دەڤەری هەڵەبجەدا وای کرد لە رووی گەشەی جەماوەرییەوە تووشی سستبوون ببێ، لە بەرامبەردا کارکردنی یەکگرتووی ئیسلامی لەناو خەڵك و لە شارەکان و خستنەگەڕی مەکینەیەکی ئیعلامیی بەرفراوان لە رادیۆ و تەلەڤزیۆن و رۆژنامە، هاوکات سەرپەرشتیکردنی بۆ دەزگا خێرخوازییەکانی رابیتەی ئیسلامیی کورد بەسەرۆکایەتیی دوکتۆر عەلی قەرەداغی و دەزگای خێرخوازیی ئیسلامیی جیهانی و رۆڵی بەرچاویان لە مووچەبڕینەوە بۆ هەزاران منداڵی بێباوك و دروستکردنی سەتان مزگەوت و بنکەی تەندروستی و پرۆژەی ئاو لە شار و شارۆکە و گوندەکان لەو دۆخە ئابوورییە سەختەی ئەوکاتەی کوردستاندا، زیاد لەوانەیش مەدەنیبوونی حزبەکە و خۆدوورگرتنی لە هەڵگرتنی چەك و نەگلان لە شەڕی ناوەخۆوە و بوونی بنکەیەکی فراوانی خەڵکی خوێندەوار و ئەکادیمی، هەموو ئەمانە وای کرد ئەو حزبە لە ماوەی نێوان ١٩٩٢ (پێش راگەیاندنی وەك حزبێك لە ٦ شوباتی ١٩٩٤) تا نێزیکی ساڵی ٢٠٠٠ گەشەیەکی پێوانەیی بکا و پێشی بزووتنەوەی ئیسلامی بداتەوە و هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستانیش تەنگاو بکا.

بەڵام پاش ئەو قۆناغە ئەو حزبە تا ڕادەیەکی زۆر لە گەشە وەستا، بەشێوەیەك لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٥دا ٩ کورسیی لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا بەرکەوت، بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٩دا تەنیا ٦ کورسیی هێنا. هەروەها لە هەڵبژاردنە

پەرلەمانییەکەی عێراق لە دیسەمبەری ٢٠٠٥دا ٥ کورسی لە کۆی ٢٧٠ کورسیی پەرلەمان بەدەست هێنا کەچی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لە ئاداری ٢٠١٠دا لە کۆی ٣٢٥ کورسیی پەرلەمان تەنیا ٤ کورسیی بەدەست هێنا.

بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامیش (کە پێشتر بە خەتی دووی ئیخوان لە کوردستان دادەنران)، چالاکییان هەبوو، بەڵام نەك لە ئاستی چالاکی و قەبارەی یەکگرتوو (خەتی یەکی ئیخوان)دا، تا لە ساڵی ١٩٩٩دا لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا یەکیان گرت و بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی کوردستانیان پێك هێنا، کە کەمتر لە دوو ساڵ تەمەنی کرد و لە دوای یەکەمین کۆنگرەی حزبە نوێیەکە لە ئابی ٢٠٠٠، بەهۆی رازینەبوونی مەلا عەلی عەبدولعەزیز رابەری گشتیی بزووتنەوەی یەکبوون بەئەنجامی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی نوێ، کە زۆر لە سەرکردە کۆنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی دەرنەچووبوون، پاش چەند مانگێك لە کۆنگرەکە و دوای بە بنبەستگەیشتنی گفتوگۆ و هەوڵەکان بۆ ئیحتیوا و چارەسەری ناکۆکییەکەیان تووشی لێکترازان هات، بەشی زۆریان لەگەڵ عەلی باپیر جیا بوونەوە و لە ٣١ ئایاری ٢٠٠١ کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیان راگەیاند.

بەشێکیشی کە باڵی توندڕۆی ناو بزووتنەوەکە بوو جیا بوونەوە و گرووپی جوندولئیسلامیان بەسەرۆکایەتیی وریا هەولێری ناسراو بە (ئەبوعەبدوڵڵای شافیعی) دامەزراند کە لە ناوچەی بیارەی هەورامان گیرسانەوە و جاڕی شەڕیان لە دژی هێزە عەلمانییەکان دا و زنجیرەیەك شەڕی خوێناوییان لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیدا کرد کە دەیان پێشمەرگەی یەکێتی تێدا کوژران، لەناویاندا شەوکەتی حاجی مشیر ئەندامی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵکردنیان لە دەرەوەی تاقەتی یەکێتی بوو.

دواتر بەپێی ڕێککەوتنێك، کە دەوترا سازشێك بووە لەسەر داوای یەکێتی و بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە (لەمە دڵنیا نیم چەندە ڕاستە)، ئەو هێزە لەگەڵ باڵێکی تری بزووتنەوە بەناوی باڵی ئیسلاح کە مەلا نەجمەدین کرێکار سەرۆکایەتیی دەکرد و لەو ئینشیقاقەدا تا ڕادەیەك بێلایەن مابووەوە، یەکیان گرت و ناوەکەیان گۆڕی بۆ ئەنسارولئیسلام و مەلا کرێکار بوو بەئەمیری.

لە هێرشەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیدا بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی سەدام لە ئاداری ٢٠٠٣، بەتۆمەتی پێوەندیبوون بە ڕێکخراوی قاعیدەوە، بنکە و بارەگاکانی ئەنساریش کەوتنە بەر بۆردمانی قورس و بەدوای ئەوەیشدا هێزەکانی یەکێتی لە زەوییەوە هێرشیان کردنە سەر و ئەوەی ڕزگاری بوو ڕووی کردەوە سنوورەکانی ئێران، کە پاشتر گەڕانەوە و بەناوی گرووپی ئەنسارولسوننەدا شان بەشانی ڕێکخراوی قاعیدە هێرش و پەلامارەکانیان بۆ سەر هێزەکانی ئەمەریکا و عێراق و حکوومەتی هەرێم و شیعەکان ئەنجام دەدا. ئەبوعەبدوڵڵای شافیعی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە ڕومادی لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە گیرا.

دوای ئەو لێکترازانەی بزووتنەوەی یەکبوون، ئەو بەشەی بەحساب جیانەبوونەوە و خۆیان بە بزووتنەوە ئەسڵییەکە دەزانی، گەڕانەوە سەر ناوە کۆنەکەی "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق".

**پاش ٢٠٠٣**

پاش ڕووخانی ڕێژیمی سەدام و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، یەکگرتووی ئیسلامی تووشی هیچ کێشەیەك نەبوو لەبەرئەوەی هێزێکی بێ میلیشیا بوو، بگرە لە ئەنجوومەنی حوکمدا ئەمیندارەکەی بەشدار بوو، هەروەها لە حکوومەتی کاتیی عێراقدا بەسەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی کە

لـه حـوزەیـران/یـۆنـیـۆی ٢٠٠٤ دامـەزرا، بـە وەزیـرێك بـەشدار بـوو کـە عـەبـدورەحـمـان سدیـق وەزیـری ژیـنـگـە بـوو، هـەروەهـا لـە ئـەنجوومـەنـی نـیشتـمـانـیـی کـاتـیـدا کـە لـە کـانـوونـی دووەم/یـەنـایـەری ٢٠٠٥ هـاتـە هـەڵبژاردن، لـە چوارچێوەی لیستی هـاوپـەیمـانیی کوردستاندا ٥ کورسیی بـەرکەوت و بـەشداریی لـە لێژنـەی نووسینـەوەی دەستووری هـەمیشـەییی عێراقدا کرد.

بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی بەهۆی ئەوەی هێزێکی چەکدار بوو، گومان لە پـێوەنـدیـیـەکـانـی لـەگـەڵ ئـەنسارولـئیسلام دەکرا و بـارەگـاکـانـیشیـان لـە نـاوچـەی ئـەحـمـەد ئـاوا لـە پـێگـەکـانـی ئـەوان نـێزیك بـوون، لـەگـەڵ دەستپێکردنی بۆردمانی بارەگاکانی ئەنساردا، لە ٢٢ی ئاداری ٢٠٠٣دا ئـەمـەریکا لـە مووشـەکبـارانـی بـارەگـاکـانـی کـۆمـەڵی ئیسلامیشی کرد لـە ئەحمەد ئاوا و بەو هۆیەوە ٣٣ کەس کوژران و ١٥ی تریش بریندار بوون. چەند رۆژێك پێشتریش و لە ٤ی ئاداری ٢٠٠٣ عەبدوڵڵا قەسریّ و چوار پێشمەرگەی تریان لە رێی گەڕانەوەیان لە رانیەوە بۆ ئەحمەد ئاوا لە بـازگەی تـاسڵووجە لەلایەن هێزێکی یەکێتییەوە تەقەیـان لیّ کرا و کوژران.

دۆخی کۆمەڵی ئیسلامی دژوار بوو، دەیان لە ئەندامانیان لەلایەن هـێزەکـانـی ئـاسایشی هـەرێمـەوە بـەتـۆمـەتـی تـیرۆر گیرابـوون، تـەنـانـەت لیستی هـاوپـەیمـانیی کوردستـان (کە لە دوو حزبە سەرەکییەکە و یەکگرتوو و چەند حزبێکی تری کوردی بۆ بەشداری لە هـەڵبژاردنەکانی پـەرلـەمـانی کوردستان و ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق لە ٣١ یەنـایەری ٢٠٠٥ پێك هـاتبوو) کۆمـەڵ وەرنـەگیرا و خۆی بـەجیا بـەشداریی کرد و بۆ پـەرلـەمـانـی کوردستان ٦ کورسی و بۆ پـەرلـەمـانی عێراقیش ٢ کورسیی بەدەست هێنا.

لـە ٢٠٠٣/٧/١٠ هـێزێکـی ئـەمـەریـکـایـی دای بـەسەر کـاروانـی ئۆتۆمۆبێلەکەیاندا و عەلی باپیر و دوو ئەندامی سەرکردایەتی (تۆفیق

کەریم و دارا محەمەد ئەمین) و ١٠ لە پاسەوانەکانی گیران و باپیر پاش ٦٠٩ رۆژ گرتن لە ٢٨ نیسانی ٢٠٠٥ ئازاد کرا، بەڵام هاوەڵ و پاسەوانەکانی لە ماوەی چەند هەفتە و مانگێکدا ئازاد کران، ئەویش پاش ئەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵ مەکتەبی عەسکەریی هەڵوەشاندەوە و دروشم و ئارمی حزبەکەی گۆڕی و باسوخواسی جیهادی چەکداریی تێدا سڕیەوە. پاش ئەوەیش یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبەکە کە دڵشاد گەرمیانی بوو، هەر بە داواکراوی لەلایەن ئەمەریکاییەکان مایەوە و لە ئێران خۆی حەشار دا و پاش ئەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق نەما، لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە مۆڵەتی گەڕانەوەی پێ درا و لە رۆژی هەینی ٩ ئاداری ٢٠١٢ لە رێی فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە گەڕایەوە کوردستان، لە ١٩ی ئاداریش (مەلا سەلمان)ی سەرکردەی ئەو حزبەیش بەهەمان شێوە گەڕایەوە هەولێر.

دوای ئەو گۆڕانکارییانە و ئازادکردنی باپیر و هاوڕێکانی، دۆخی حزبەکە بەرەو ئاساییبوونەوە چوو، ئەوە بوو بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لە ١٥ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ چووە ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەك کورسیی بەرکەوت. (لەو هەڵبژاردنەدا یەکگرتووی ئیسلامی لە لیستەکە کشایەوە و بڕیاری دا بەجیا دابەزێ، بەو هۆیەشەوە لە ٥ کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەدا و ١٠ رۆژ پێش لە دەستپێکردنی دەنگدانەکە بارەگاکانی لە ناوچەی بادینان لەلایەن لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سووتێنران و سەرۆکی لیستی حزبەکەیش لە هەڵبژاردنەکەدا، کە موشیر ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو لەگەڵ دوو ئەندامی تری ئەو حزبە لەو رووداوانەدا کوژران[١٣].

یەکگرتوو و کۆمەڵ لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ دوو حزبی تری کوردی لیستێکی هاوبەشیان راگەیاند و ١٣

کورسییان بەدەست هێنا، لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقیش لە ٢٠١٠ بەجیا دابەزین و یەکگرتوو ٤ کورسی و کۆمەڵ ٢ کورسیی بەدەست هێنا.

بزووتنەوەی ئیسلامیش بە سەرۆکایەتیی مەلا عەبدولعەزیز کە پاش لێکترازانەکەی ٢٠٠١ بچووك بووەوە و دەسەڵاتەکەی هەڵەبجەی لەدەست دا، لە سەرەتای هاتنی ئەمەریکادا تووشی کێشە بوو، ئەوە بوو لە هەڵمەتێکدا بۆ سەر بارەگاکەیان لە هەڵەبجە لە ٢ ئابی ٢٠٠٣ هێزێکی ئەمەریکایی مەلا عەلی عەبدولعەزیز و مەلا عومەر عەبدولعەزیزیان لە هەڵەبجە گرت و برد، بەڵام پاش چەند رۆژێك ئازاد کران و رەنگە لایەنە کوردییەکان لەوەدا رۆڵیان هەبووبێ، چونکە هیچ پێوەندییەکیان بە ئەنسارەوە نەبوو، تەمەنیان لە سەروو حەفتا ساڵەوە بوو، تەنانەت مەلا عومەر ئەندامی بزووتنەوەیش نەبوو.

لە ٢٠٠٧ عەلی عەبدولعەزیز لە وڵاتی سووریا کۆچی دواییی کرد، ماوەیەك حزبەکە بێ رابەر مایەوە، تا لە ٢٠٠٩دا کۆنگرەیان بەست و مەلا محەمەد عومەر عەبدولعەزیز کرایە رابەر، ئەویش دواتر دەستی لە پۆستەکەی هەڵگرت بۆ سدیق عەبدولعەزیزی مامی، کە بەشی هەرە زۆری ئەندامانی پێشووی حزبەکەی (راپەڕینی ئیسلامی) پشتیان تێ کرد و لەگەڵ عەلی باپیر جیا بوونەوە دواین ڕاپەرینیش وەك باسمان کرد، عیرفان مەلا عەلی عەبدولعەزیزە.

بزووتنەوە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لە ٢٠٠٩ توانی ٢ کورسی بەدەست بێنێ و بە پۆستی وەزیری ئەوقاف (کامیل حاجی عەلی) بەشداریی کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمی بە سەرۆکایەتیی بەرهەم ئەحمەد ساڵح (٢٠٠٩-٢٠١٢) کرد، کە دوو حزبە ئیسلامییە ئۆپۆزسیۆنەکەی تر بایکۆتیان کرد و بوونە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا.

بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠١٠ لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستان دابەزی و هیچ کورسییەکی بەدەست نەهێنا.

بزووتنەوەی ئیسلامی لە بەهاری ٢٠١٢ و لە کاتی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی دەیەمی حزبەکە، جارێکی تر تووشی کێشەیەکی تری قووڵی ناوەخۆیی بووەوە کە ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچوون تووشی ئینشیقاقێکی تر ببێ، ئەمجارەیان لەناو خودی بنەماڵەی ئال عەبدولعەزیزی دەسەڵاتداری مێژوویی بزووتنەوەکە، ئەویش لە نێوان باڵی مەلا محەمەد عومەر عەبدولعەزیز جێگری ڕابەری گشتی و کوڕانی مەلا عەلی عەبدولعەزیز بەسەرۆکایەتیی عیرفانی مەلا عەلی. ئەوە بوو لە ١٠ی ئاداری ٢٠١٢ جێگری رابەری گشتی لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەیان بە "بێئاکامبوونی هەوڵەکانی چاکسازی" لەناو حزبەکە دا و رای گەیاند کاری خۆیان لەو کەسانە جیا دەکەنەوە کە بە گوتەی بەیاننامەکە، لە ڕێی راست لایان داوە و کار بەپێڕەوی ناوەخۆ ناکەن و بڕیاریان داوە بزووتنەوە لەو "بێسەروبەری"یە رزگار بکەن.

### سستبوونی گەشەی ئیسلامییەکانی کوردستان

حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکانی ناوچەکە ناکارا و کەم گەشەن و نەیانتوانیوە ببنە رەقەمێکی قورس لە هاوکێشە سیاسییەکەدا، یاخۆ بەشدارییەکی میحوەری لە دەسەڵاتدا.

ئەوان پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ١٩٩٢دا تەنیا ٥,١٪ی دەنگەکانیان هێنا و نەگەیشتنە ٧٪ی پێویست بۆ چوونە پەرلەمان، بەشداریی کابینەی یەکەم و دووەمی حکوومەتیان نەکرد. پاش سەرهەڵدانی شەڕی ناوەخۆ و لەتبوونی حکوومەتی هەرێم بۆ دوو ئیدارە، لە ئەیلوولی ١٩٩٦دا کابینەی سێیەم لە هەولێر رۆژ نووری شاوەیس لە

ئەیلوول/سێپتێمبەری ١٩٩٦ پێك هات و یەكگرتووی ئیسلامی بە پۆستی وەزیری داد (هادی عەلی) بەشداریی كرد، لە كابینەی چوارەمیشدا كە بەسەرۆكایەتیی نێچیرڤان بارزانی لە كانوونی یەكەم/دێسێمبەری ١٩٩٩دا پێك هێنرا، هادی عەلی لە پۆستەكەیدا مایەوە و بزووتنەوەیش بە پۆستی وەزیری كشتوكاڵ (محەمەد بازیانی) و وەزیری داد (مەلا عەبدولغەنی تەها) بەشداریی كرد، بەڵام پاش ئەوەی بەپێی رێككەوتنی بزووتنەوە و یەكێتی، لە حكوومەتەكەی ئیدارەی سلێمانیدا بزووتنەوە بەهەردوو وەزیری داد (.......) و ئەوقاف (مەلا محەمەد عومەر) بەشداریی كرد، لەوەی هەولێر پاشەكشەیان كرد.

لە كابینەی پێنجەمیشدا كە لە ٧ ئایار/مایۆ ٢٠٠٦دا بەسەرۆكایەتیی نێچیرڤان بارزانی پێك هات، یەكگرتوو بە دوو پۆستی وەزارەت بەشداریی كرد، وەزیری بازرگانی (محەمەد رەئووف) و وەزیری هەرێم (ئەبوبەكر عەلی)، كۆمەڵیش بە وەزارەتێك كە وەزارەتی ژینگە بوو (دارا محەمەد ئەمین)ی بەشداری كرد.

هەردوو حزبە ئیسلامییەكەی ناو حكوومەت خۆیان بەردەوام گلەییی ئەوەیان دەكرد كە بەشداریی ئەوان لە حكوومەتدا بەشدارییەكی رەمزییە نەك هاوبەش لە حكوومەت و دروستكردنی بڕیاردا و سكاڵایان لەوە دەكرد ئەوان تەنیا پۆستی وەزیرەكەیان هەیە نەك وەزارەت، تەنانەت یەكێك لە هۆكارەكانی كشانەوەی یەكگرتوو لە هاوپەیمانیی كوردستان لە ٢٠٠٥ ئەوە بوو كە یەكێتی و پارتی لە پرسە گرینگەكاندا پرسیان پێ ناكەن و خۆیان بڕیار دەدەن. ئەمە ئەگەر بە دیوێكیدا نیشانەی قۆرخكردن بێ لەلایەن دوو حزبەكەوە، بە دیوێكی تریشدا بەڵگەی ئەوەیە حزبە ئیسلامییەكان ئەو قورساییە سیاسییەیان نییە مەترسی بۆ سەر دوو حزبەكە دروست بكەن، ئەگینا ئەوانیش نەیاندەتوانی بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بكەن.

له ٢٠٠٩ەوه کۆمەڵ و یەکگرتوو بوونە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام بە درەنگ وەخت و پاش ئەوەی هێزێکی تری ئۆپۆزسیۆنی بەهێز بە ٢٥ کورسیی پەرلەمان و سەرکردایەتییەکی خاوەن ئەزموون لە کاری سیاسی و ئیدارە کە بزووتنەوەی گۆڕان بوو، سەری هەڵدا و ئیتر ئەوان لە دۆخی ئۆپۆزسیۆنبوونیشیاندا هەر لە ریزەکانی دواوە دەبن و لە پاڵ گۆڕاندا دەشارێنەوە و بەبێ ئەو ناتوانن سەرکێشیی ئۆپۆزسیۆنبوون بکەن.

لەم روانگەیەوە ئەستەم دێتە بەرچاو لە مەودایەکی بەرچاودا ئەو هێزانە و بەتایبەت یەکگرتوو کە سەر بەقوتابخانەی ئیخوان و قووڵاییەکی زیاتری هەیە، ببنە داد و گەشەپێدانی تورکیا و حەماسی فەڵەستین و نەهزەی تونسی و ئیخوانی میسر و بەرە لەژێر پێی یەکێتی و پارتی دەربکێشن، ئیدی مەگەر شتێك روو بدا کە بەخەیاڵدا نەهاتبێ.

## بزاڤە جیهادییەکانی ئیسلامی سیاسی

ئەگەرچی ئیخوان موسلیمین و هێزە ئیسلامییە مەدەنییەکان بەشی هەرە زۆری تەوژمی ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی پێك دێنن، بەڵام لە بەرامبەردا تەوژمێکی چەکداری (جیهادی)یش لە ناوچەکەدا هەیە کە توندوتیژی بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی بەکار دێنێ، جا چ بۆ گەیشتن بەدەسەڵات بێ، وەك لە میسر و جەزائیر و یەمەن و سۆماڵ و کوردستان، یاخۆ بەرەنگاریکردنی هێزێکی بیانی بێ، وەك لە ئەفغانستان و فەڵەستین و عێراق و چیچان.

لە حاڵەتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی بیانیدا کەم نین ئەوانەی رەوایی بەو جۆرە شەڕە دەدەن وەك مافی بەرگری لەخوکردن کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە گەلانی وڵات داگیرکراوی داوە و لەو روانگەوە لە سەدەی رابردوودا دەیان بزووتنەوەی چەکداری بە ئایدۆلۆجیای ئاینی و نەتەوەیی و چەپەوە لە وڵاتانی ناوچەکە دامەزراون و خەباتی چەکدارییان کردووە، لەوانە هێزە سیاسییەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستان.

بەڵام ئەوەی کاری چەکدارانەی ئەو گرووپە ئیسلامییانەی کردە دیاردەیەکی ترسناك، بوونی عەقڵیەتێکی رادیکاڵییانەی پەڕگیر و توندڕۆیە کە لە شەڕەکەیدا لە پێناو ئامانجەکانیدا دوور لە نزمترین ئاستی عەقڵانیەتی سیاسی و مرۆڤایەتی، تەڕ و وشك، تاوانبار و بێتاوان پێکەوە دەسووتێنێ، نەك تەنیا لەگەڵ هێزی داگیرکەردا بگرە لەگەڵ خەڵکە موسڵمان و تەنانەت ئیسلامییەکانیشدا، ئەوەیش بەزیانی خۆیان و دۆزەکانیان و کۆی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی و گەلانیان و ناوبانگی ئیسلام و موسڵمانان لە دنیادا تەواو بووە.

***

لە ئەفغانستان گرووپەکانی موجاهیدین چەندە قوربانییان لە خەبات دژی سۆڤیەتدا دا، ئەوەندەیشیان لە شەڕی ناوەخۆی نێوانیان لە سەرەتای نەوەتەکانەوە لە یەکتر کوشت و وڵاتەکەیان وێران کرد و زەمینەیان بۆ هاتنە سەر کاری تاڵیبان و گەشەی قاعیدە لەو وڵاتە و دواتر داگیرکردنی وڵاتەکە لەلایەن ئەمەریکاوە لە ٢٠٠١ و ئەو هەموو وێرانکارییەی بەسەر وڵاتەکەدا هات و تا ئێستەیش بەردەوامە، خۆش کرد.

***

لە میسر گرووپە ئیسلامییە جیهادییەکانی وەك جەماعەی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی عومەر عەبدورەحمان، کە لەساڵی ١٩٨١دا ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسریان تیرۆر کرد، لە هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا جگە لە کوشتن و هەوڵی کوشتنی نووسەران و بیرمەندانی میسری (فەرەج فۆدە و نەجیب مەحفووز)، بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر هێزە ئەمنییەکان و گەشتیارانی بیانی، سەرەنجام لەلایەن رێژیمی حوسنی موبارەکەوە سەرکوت کران.

جەماعەی ئیسلامیی میسری لە ئابی ١٩٩٣ هەوڵی کوشتنی حەسەن ئەلفی وەزیری ناوەخۆ و لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ هەوڵی کوشتنی عاتف سدقی سەرۆك وەزیرانیان دا و لە ساڵی ١٩٩٥یش هەوڵی کوشتنی موبارەکی سەرۆکی پێشووی میسریان لە ئەدیس ئەبابا دا لە ساڵی ١٩٩٥ و لە هەمان ساڵدا و بارەگەی باڵوێزخانەی میسریان لە ئیسلام ئاباد تەقاندەوە.

لە ١٨ نیسانی ١٩٩٦دا لە هێرشێکدا بۆ سەر هۆتێلێك لە نێزیك هەرەمەکانی جیزە ١٨ گەشتیاری یۆنانییان کوشت و ١٤ی تریش بریندار بوون. لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ لە ئوقسور لە ماوەی ٤٥ خولەکدا ٥٨ کەسیان کوشت کە زۆربەیان گەشتیاری سویسری بوون. لە

٢٣ تەمووزی ٢٠٠٥ لە زنجیرە تەقینەوەیەکدا لە سەیرانگەی شەرملشێخ ٦٠ کەس کوژران. ئەمانە و دەیان هێرشی تری خوێناوی بەناوی هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی.

لە ١٩٩٧ سەرکردەکانی جەماعە لەناو گرتووخانەکەیانەوە دەستپێشخەرییەکیان بۆ راگرتنی توندوتیژی راگەیاند و هەندێکیان پێداچوونەوەیان بەبۆچوونەکانی رابردوویان لە کاری سیاسیدا کرد.

***

لە جەزائیر پاش هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٩١ کە بەرەی ئینقاز زۆرینەی رەهای تێیدا بەدەست هێنابوو چەند گرووپێکی چەکداری ئیسلامی دروست بوون، دیارترینیان جەماعەی ئیسلامی و سوپای ئینقاز بوون کە تەنیا بەکوشتنی پۆلیس و سوپای جەزائیری وازیان نەدەهێنا بگرە، سەتان خەڵکی بێ گوناهیشیان لە حزبەکان و خەڵکی ئاسایی کوشت سەرەنجام گەڕانەوە لای حکوومەت. بەپێی ئامارێکی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی کە لە ساڵی ١٩٩٠ مەحفوز نەحناح وەك حزبێکی ئیسلامیی ئیخوانیی بێچەك دایمەزراند، لە توندوتیژییەکانی جەزائیردا نێزیکەی ٥٠٠ کادیری لەدەست داوە، لەناویاندا شێخ بوسلەیمانی جێگری سەرۆکی بزووتنەوەکە.

***

لە سۆماڵ شەڕی نێوان گرووپە ئیسلامییە چەکدارییەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەو وڵاتەی کردە دۆزەخ.

یەکەتیی مەحاکیمی ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی شێخ شەریف شێخ ئەحمەد پاش شەڕێکی قورس لەگەڵ ڕکابەرەکانی تردا لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦دا دەستی بەسەر زۆربەی خاکی سۆماڵدا گرت، بەڵام دواتر بەهۆی هاتنە ناوەوەی سوپای ئەسیوبی بۆ پاڵپشتی لە حکوومەتی

سۆماڵی، مەحاکیمی ئیسلامی شکستی هێنا و سەرکردایەتییەکەی بۆ دەرەوەی سۆماڵ هەڵاتن.

پاش ئەوەی لە ئەیلوولی ٢٠٠٧دا مەحاکیم لە شاری ئەسمەرە هاوپەیمانیی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سۆماڵیدا گرێ دا، باڵێکی توندڕۆی بەناوی "بزووتنەوەی لاوانی موجاهید" لێ جیا بووەوە کە مەحاکیمی ئیسلامی بە "هاوپەیمانیکردن لەگەڵ عەلمانییەکان و وازهێنان لە جیهاد لە پێناو خوا" تۆمەتبار کرد و شەڕێکی خوێناوی لە دژی مەحاکیم (کە دواتر و لە کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠٠٩ شێخ شەریف بوو بە سەرۆکی سۆماڵ و تا ئێستە بەردەوامە) و حکوومەتی سۆماڵی دەست پێ کرد.

لاوانی موجاهید لە ٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ هێرشێکی خۆکوژیی کردە سەر بارەگای عەلی محەمەد غیدی سەرۆك وەزیرانی سۆماڵ و بەهۆیەوە ٧ کەس کوژران. هەروەها لە ئاداری ٢٠٠٨ چالاکییەکانی لە هەردوو هەرێمی بای و بکول زیادی کرد و بەسەر هێزەکانی حکوومەت و هاوپەیمانە ئەسیوبییەکانیاندا سەرکەوتن، هەروەها توانییان دەست بەسەر ژمارەیەك شاری سۆماڵدا بگرن، لەوانە شارەکانی بەیداوا و بۆلۆ بوردە و ئەبادۆ و جەوهەر.

چەند جارێك ئەمەریکا بۆردمانی بنکە و بارەگاکانیانی کردووە، لەوانە لە بۆردمانێکی ئاسمانیی ئەمەریکادا لە بەرەبەیانی یەکی ئایاری ٢٠٠٨، ئادەم حاشی عیرۆ ناسراو بە ئەبوحوسێن ئەلئەنساری سەرۆکی بزووتنەوەکە، کە بە زەرقاویی سۆماڵ ناو دەبرا، لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری توسمریب لە ناوەڕاستی سۆماڵ کوژرا.

تا ئێستە شەڕی شەبابی موجاهیدین لەگەڵ حکوومەتی سۆماڵ بەردەوامە، بەڵام لەم دواییەدا تووشی کۆمەڵێك شکان و پاشەکشە بوون.

***

## حەماسی فەڵەستین و فتوای کردەی خۆکوژی

لە فەڵەستین حەماس و جیهادی ئیسلامی ئەگەرچی لە چوارچێوەی خەباتی رەوای هەر گەلێکی بندەست بۆ رزگاربوون لە داگیرکەر کار دەکەن، بەڵام ئەوانیش بە پێڕەویکردن لە گریمانەیەکی هەڵە کە پێی وایە لە ئیسرائیل کەس مەدەنی نییە، جیاوازییان لە نێوان ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکاندا نەدەکرد لەناو ئاپۆڕای خەڵکی مەدەنیدا، کە ژن و منداڵی بێ گوناهـ و ساوا و نابالّقیان تێدایە کە هێشتا نازانن کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل و ستەم و داگیرکردن چییە، هێرش و پەلامارەکانیان ئەنجام دەدا و بۆ یەکەم جاریش لەلایەن کەسانی وەك شێخ یوسف قەرزاوی و ژمارەیەك زانای ئاینیی ترەوە، فتوای رەواییی خۆتەقاندنەوە لە دژی ئیسرائیل دەرچوو کە تا ئەو کاتە شتی وا لەناو ئەدەبیاتی فیقهی و سیاسیی بزاڤە ئیسلامییەکاندا نەبوو و خۆکوشتن بە حەرام دادەنرا– لە باتیی کردەی خۆکوژی ناوی (کردەی ئیستیشهادی) لێ نرا و لەوە بەدوای ئەو دیاردە ترسناکە بوو بەباو و نەك گیانی ئیسرائیلی و ئەمەریکاییەکان، بگرە گیان و ژیانی هەزاران موسڵمانیشی لە ژن و پیاو و منداڵ لە عێراق و ئەفغانستان و پاکستان و ئێران و ئوردن و سعوودیە و سووریا ماشییەوە[١٤].

بەبڕوای بەندە، دەرکردنی ئەو فتوایە هەڵەیەکی ستراتیجیی ئاینی و ئەخلاقی بوو کە ئەو زانا ئاینییانە و بزاڤە ئیسلامییە چەکدارییەکان تێی کەوتن، ئەگەرچی رەنگە لە رووی سیاسی و سەربازییەوە سوودیان لێ بینیبێ، بەڵام ئەوەندەی لە ئەدەبیاتی ئەخلاقیی ئیسلام تێگەیشتبم بنەمای (الغایة تبرر الوسیلة) و ئەنجامدانی کارێکی خراپ لەبەرئەوەی ئەنجامێکی باشی لێ دەکەوێتەوە، یان (لەوانەیە) لێی بکەوێتەوە، رێگە پێنەدراوە.

د. عەبدولکەریم زێدان زانا و ئوسووڵی و سەرکردەی دیاری ئیخوانی عێراق دەڵێ: "خەسڵەتی سێیەمی سیستمی ئەخلاق لە ئیسلامدا ئەوەیە کە پابەندبوون بە ئەخلاقەوە لە وەسیلەکان و لە ئامانجەکانیشدا پێویستە، ناکرێ بگەینە ئامانجی شەریف بە وەسیلەی قێزەون، لێرەوە لەناو چەمکەکانی ئەخلاقی ئیسلامیدا جێی بنەمای ناقۆڵای "الغایة تبرر الوسیلة" نابێتەوە، ئەوە مەبدەئێکە لە وڵاتی کوفرەوە بۆمان هاتووە، بەڵگەیش لەسەر ئەوە کە دەبێ وەسیلەیش مەشرووع بێ ئەوەیە کە خوا دەفەرمووێ، [وان استنصروكم في الدين فعليكم النصر الا على قوم بينكم وبينهم ميثاق، والله بما تعملون بصير]، ئەم ئایەتە پیرۆزە لەسەر موسڵمانان پێویست دەکا بەدەم سەرخستنی برا ستەملێکراوەکانیانەوە بچن، بەڵام ئەگەر سەرخستنیان دەیخواست پەیمانێك کە لەگەڵ کافرە ستەمکارەکاندا لە نێوانماندا هەیە هەڵوەشێنینەوە، نابێ سەربخرێن، چونکە وەسیلەکەی خیانەت و هەڵوەشاندنەوەی پەیمان و بەڵێنە و ئیسلامیش رقی لە خیانەت و خائینەکان دەبێتەوە.." [١٥].

گەلانی ئازادیخواز نابێ بەهەمان نەفەسی "شەلم کوێرم، نابوێرم"ی داگیرکەرەکانیان کار بکەن و لە خەباتیاندا لە دژی داگیرکەران هەموو بەهایەکی ئینسانی بخەنە لاوە.

بگرە لەناو گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکانی فەڵەستینیشدا شەڕی خوێناوی رووی دا، ئەوە بوو لە ١٤/ ٨/ ٢٠٠٩ هێزە ئەمنیەکانی سەر بەحکوومەتەکەی بزووتنەوەی حەماسی ئیسلامی فەڵەستینی لە کەرتی غەزە هەڵیانکوتایە سەر بارەگای گرووپی (جند انصار الله) کە گرووپێکی (سەلەفیی جیهادی) بوو و دوکتۆر عەبدوللەتیف موسا ناسراو بە (ابو النور المقدسی) سەرۆکایەتی دەکرد، ئەویش پاش ئەوەی مەقدیسی لە وتاری هەینی لە مزگەوتی ئیبن تەعییە لە شاری رەفەح دامەزراندنی «ئیمارەی ئیسلامی فەڵەستین»ی ڕاگەیاند و حەماسی بەحزبێکی

عەلمانی ناوزەد کرد.

لە ئەنجامی پێکدادانی هێزەکانی حەماس و چەکدارانی ئەو گرووپەدا ٤ کەس کوژران و ٣٨ی تریش بریندار بوون و دەست بەسەر بارەکانیاندا گیرا.

گرووپی فەتحولئیسلامیش کە گرووپێکی توندڕۆ بوو بە سەرۆکایەتیی یوسف شاکر ئەلعەبسی لە خێوەتگەی (نهر البارد)ی لبنان پێگەیان داکوتا، لە ٢٠ ئایاری ٢٠٠٧ سوپای لبنان هێرشی کردە سەریان و پاش بۆردمانێکی سەختی چەند رۆژە توانی پاکتاویان بکا و دەست بەسەر بارەگاکەیاندا بگرێ.

**قاعیدە.. رێکخراوە ئەختەبووتییە ترسناکەکە**

لە هەموو گرووپە چەکدارەکان توندوتیژتر و ئومەمیتر رێکخراوی قاعیدەیە کە لە ساڵی ١٩٨٨دا لەلایەن ئوسامە بن لادنی بە رەگەز سعوودییەوە لە ئەفغانستان دامەزرا و لە سەرەتای نەوەتەکاندا شەڕی لە دژی "جوولەکە و سەلیبییەکان" و بۆ دەرکردنی ئەمەریکا لە کەنداوی عەرەبی راگەیاند و لە کۆتای نەوەتەکاندا زنجیرەیەك تەقینەوەی خوێناوی لە دژی ئامانجەکانی ئەمەریکا ئەنجام دا.

سەرلەبەیانیی ٧ ئابی ١٩٩٨ دوو بارهەڵگری مینڕێژ لە بەردەم هەردوو باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە نایرووبی (پایەتەختی کینیا) و داروسەلام (لە تەنزانیا) لە یەك کاتدا (١٠ خولەکیان بەین بوو) تەقینەوە و بەهۆیانەوە لە نایرووبی ٢١٣ کەس و لە داروسەلامیش ١١ کەس کوژران و رێکخراوی قاعیدە بە ئەنجامدانی تۆمەتبار کرا. بەو هۆیەوە بە فەرمانی بیل کلینتۆنی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا لە ٢٠ ئابی ١٩٩٨ بە مووشەکی کرۆز بۆردمانی کارگەی دەرمانی شیفا لە سوودان و چەند

ئامانجێك له‌ ئه‌فغانستان كرا.

گه‌وره‌ترین هێرشیشی له‌ ١١ ئه‌یلوولی ٢٠١١ بوو بۆ سه‌ر هه‌ردوو تاوه‌ری سه‌نته‌ری بازرگانیی جیهانی له‌ مانهاتنی نیویۆرك كه‌ نێزیكه‌ی ٣ هه‌زار كه‌سی تێدا كوژرا و قاعیده‌ به‌رپرسیاره‌تییه‌كه‌ی گرته‌ ئه‌ستۆ و به‌هۆیه‌وه‌ ئه‌مه‌ریكا شه‌ڕی نێوده‌وڵه‌تیی دژ به‌ "تیرۆر"ی راگه‌یاند، تێیدا له‌ ساڵی ٢٠٠١دا سه‌ركردایه‌تیی هاوپه‌یمانییه‌كی نێوده‌وڵه‌تیی كرد و رێژیمی تاڵیبانی ئه‌فغانستانی له‌ ٢٠٠١ رووخاند و له‌ ٢٠٠٣یشدا به‌تۆمه‌تی پێوه‌ندی به‌ قاعیده‌ و هه‌بوونی چه‌كی كۆكوژ رێژیمی سه‌دام حوسێنی له‌ناو برد.

قاعیده‌ بوو به‌رێكخراوێكی تیرۆریستیی نێوده‌وڵه‌تی و په‌ل و باڵی له‌ زۆر له‌ وڵاتانی ناوچه‌كه‌ هه‌بوون و چالاكییان ئه‌نجام ده‌دا و خه‌ڵكیان ده‌كوشت. له‌ ئه‌فغانستان و پاكستانه‌وه‌ تا ئه‌نده‌نووسیا و فیلیپین و تا به‌ریتانیا و له‌وێوه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ جه‌زائیر و مه‌غریب و یه‌مه‌ن و سعوودیه‌ و ئوردن و شام.

پاش ئه‌و بۆشاییه‌ ئه‌منیه‌یش له‌ ساڵی ٢٠٠٣ له‌ عێراق دروست بوو، عێراق بوو به‌مه‌یدانی سه‌ره‌كیی چالاكییان، كه‌ سه‌ره‌تا به‌ناوی رێكخراوی (جیهاد و ته‌وحید) و (ئه‌نسارولسوننه‌) و دواتر به‌ناوی (رێكخراوی قاعیده‌ له‌ وادی رافیده‌ین) و (ده‌وڵه‌تی عێراقی ئیسلامی) هێرشی چه‌كداری و ته‌قینه‌وه‌ی خۆكوژییان له‌ دژی ئامانجه‌ ئه‌مه‌ریكی و عێراقییه‌كان، له‌ حكوومه‌ت و حزبه‌كان و شیعه‌كانیش به‌تایبه‌تی، ئه‌نجام ده‌دا، كه‌ ده‌یان هه‌زار كه‌سی عێراقی له‌ پۆلیس و سه‌رباز و ژن و منداڵ له‌ ته‌قینه‌وه‌ خۆكوژییه‌كانیاندا كوژران و بریندار بوون و هیچ جیاوازییه‌كیان له‌ نێوان مه‌ده‌نی و عه‌سكه‌ریدا نه‌ده‌كرد، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌ دیارده‌ی سه‌ربڕینی ئه‌و كه‌سانه‌ی ده‌یانگرتن و بڵاوكردنه‌وه‌ی وێنه‌كه‌ی له‌ ئینته‌رنێت و

تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکاندا، بەتایبەت لە چەند ساڵی یەکەمی دوای رووخانی رێژیم کە توانیبوویان ناوچە سوننەکان نیوچە کۆنترۆڵ بکەن و شکاندنیان ئاسان نەبوو. چەند تەقینەوەیەکی خۆکوژیشیان لە کوردستان ئەنجام دا کە سەتان کەسیان تێدا کوژرا، خوێناویترینیان ئەوەی یەکی شوباتی ٢٠٠٤ بوو، کە لە ماوەی چەند خولەکێکدا و لە کاتی رێورەسمی پێشوازیکردنی لە میوانانی جەژنی قوربان، دوو تەقینەوەی خۆکوژی لەناو بارەگای مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر روویان دا و تێیاندا نێزیکەی ١٠٠ کەس کوژران (کە ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتیی هەردوو حزب و گەورە بەرپرسی حکوومەتیان تێدا بوو) و دەیانی تریش بریندار بوون.

رێکخراوی قاعیدە بوو بە هێزێکی زەبەلاح لە عێراقی دوای سەدام بەتایبەت لە ناوچە سوننییەکان و توانیبوویان سێگۆشەی سوننی بکەنە سێکوچکەی مەرگ بۆ نەیارەکانیان، ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٦ دانی بەوە دا نا کە دەسەڵاتی بەسەر پارێزگای ئەنباردا نەماوە، بەتایبەت لە شاری فەلووجە.

ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە پرۆسەیەکدا بەناوی surge دەیان هەزار سەربازی نوێی رەوانەی عێراق کرد بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە گەرمەکان و هەروەها رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی شەڕی تایفی لە نێوان شیعە و سوننەدا، کە تا دەهات ململانەی نێوان هەردوو تایفە بەرەو ئەوە دەچوو، بەتایبەت پاش تەقاندنەوەی مەزاری هەردوو ئیمامی شیعەکان لە سامەڕا عەلی هادی و حەسەن ئەلعەسکەری لە ٢٢ کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠٠٦، کە لە ئەنجامی کاردانەوەی شیعەکاندا لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا زیاتر لە ١٣٠ کەس کوژران و دوای ئەوەیش رۆژانە تەرمی چەندان کەس لەناو رووباری دیجلە و سەر زبڵ و

پـەنـا و پـەسێوەکـانـدا دەدۆزرانـەوە، کـە لـەو شەڕە نـەگریسەدا دڕنـدانـە دەکوژران.

هـەر بۆیـە لـەگەڵ حکوومـەتی عێراقی  و بەهـاوکاریی هۆزەکانی ناوچە سوننییـەکـان، لـەپێشیـانـەوە هـۆزەکـانـی ئـەنبـار کـە لـە سەرەڕۆییـیەکانی قـاعیدە وەڕس بووبوون، ئـەنجوومـەنەکانی سەحوە و ئیسنادیـان دروست کرد و دەیان هـەزار چەکداریان لە رۆڵەکانی هۆزەکان بەسەرۆکایەتیی خـالید ئـەبو ریشە[١٦]  پـێك هـێنـا و تـوانـییـان زەبری کوشندە لـە قـاعیدە بـوەشێنـن و لـە کـردەیـەکـی سەربـازیـی ئـەمـەریکـایـی–ئـوردنـیدا لـە ٨ حوزەیرانی ٢٠٠٦ ئەبومەسعەب زەرقـاویی بە رەگەز ئوردنی سەرکردەی یەکەمی گرووپەکە و ٧ لە یاریدەرانی لە نێزیك شاری بەعقووبە  بکوژن. هـەڵمەتەکە کە بەنـاوی ″سەپاندنی یاسا″ بەڕێوە چوو بەردەوام بوو و توانی تا ڕادەیەکی زۆر چالاکیی گرووپە چەکدارەکان سنووردار بکا و پێگەی حکوومـەت بەهێز بکا.

پـاش پاکتـاوکردنی زەرقـاوی ئەبوئەیوبی میسری (یاخۆ ئەبوحەمزەی موهـاجیر) بوو بـە ئـەمیری قـاعیدە لـە عێراق و دواتریش دەوڵـەتی ئیسلامیی عێراقی بەسەرۆکایەتیی ئەبوعومەر بەغدادی راگەیاند، کە چەند جارێك هـەواڵی کوشتنی ئەم دوو سەرکردەیەی قاعیدە بڵاو کرایەوە بەڵام راست دەرنـەچوو، تـا لـە ١٩ نیسـانی ٢٠١٠ نووری مـالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لـە کۆنگرەیەکی رۆژنـامـەوانیدا لـە بـەغدا، کوشتنی هـەردوو سەرکردەکەی قـاعیدەی لـە کردەیـەکی ئیستیخبـاراتیدا لـە نـاوچەی سەرسار –بە وێنەی تـەرمـەکـانیانـەوە– راگەیـاند و لـە ٢٥ی هـەمـان مـانگیشدا رێکخراوی قـاعیدە لـە بـەیـانـنـامـەیـەکدا لـەسەر تـۆڕی ئـینـتـەرنێت دانـی بـە کـوژرانـی میسری و بەغدادیدا نـا. هـەروەهـا لـە ٣ ئـایـاری ٢٠١٠یش هێزەکـانی ئـەمـەریکا گرتنی ئەبوعەبدوڵڵای شافیعی (وریـا هـەولێری) بـەرپرسی ئـەنساروئیسلامیـان راگەیـاند و وێنـەکـەشیـان بـە گیراوی بڵاو کردەوە.

ئەو هەڵمەتە چالاکییەکانی قاعیدەی تا رادەیەکی زۆر سنووردار کرد، بەتایبەت لە رووی ئەنجامدانی هێرش و پەلامارەوە، بەڵام نەتوانرا بەر بەدیاردەی تەقینەوەی ئۆتۆمۆبێلی مینرێژ و هێرشی خۆکوژی بگیرێ و دوای کوشتنی سەرکردەکانی قاعیدەیش سەتان تەقینەوەی گەورە روویان داوە، کە هەزاران قوربانییان لێ کەوتووەتەوە و ئەو حاڵەتە تا ئەم ساتەیش بنبڕ نەبووە و ناو بەناو روو دەدا، ئەوە بوو لە ٢٣ شوباتی ٢٠١٢ زنجیرەیەك تەقینەوە شارەکانی بەغدا و پارێزگەکانی کەرکوك و مووسڵ و سەلاحەدین و بابل و دیالەیان گرتەوە، کە نێزیکەی ٧٠ کەسیان تێدا کوژرا و دەیانی تریش بریندار بوون. هەر هەمان رۆژ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بودجەی ٢٠١٢ی پەسند کرد کە تێیدا مادەیەك تەرخان کرابوو بۆ تەرخانکردنی بڕی ٦٠ ملیار دینار (٤٠ ملیۆن دۆلار) بۆ کڕینی ٣٥٠ ئۆتۆمۆبێلی گوللەبەند بۆ پەرلەمانتارانی عێراق، ئەوەیش هەرایەکی گەورەی لە شەقام و میدیای عێراقدا لێ کەوتەوە، تا پەرلەمان لە دانیشتنی رۆژی ٦ ئاداردا لەسەر داوای ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پەرلەمان یاساکەی خستەوە دەنگدان و بەزۆرینەی دەنگ یاسای کڕینی ئۆتۆمۆبێلەکان هەڵوەشایەوە. دواترین زەبریشیان لە ٢٣ی مانگی ڕابردوو (تەمووز) بوو، کە زنجیرەیەك تەقینەوە لە چەند شارێکی عێراق روویاندا کە زیاتر لە ٢٠٠ کەسیان تێدا کوژار و قاعیدە بەرپرسیارییەتی گرتە ئەستۆ.

لەوانەیش ترسناکتر هەوڵدانی قاعیدە بوو بۆ دروستکردنی شەڕی ئاینی (موسڵمان و مەسیحی) و تایفی (سوننە و شیعە) و نەتەوەیی (عەرەب و کورد) لە عێراق، ئەویش بە هێرشکردنە سەر حوسەینییە و مەزارگە و کەسایەتییەکانی شیعە و ئاپۆڕای خەڵکی شیعە لە پرسە و شایی و مەراسیمی رۆژانی عاشووردا، هەروەها هێرشکردنە سەر مەسیحییەکان و کڵێساکانیان، کە لەو هێرشانەدا

بە هەزاران کەس کوژراون.

ئەوە بوو لە ٢٩ی ئابی ٢٠٠٣ پاش نوێژی جومعە ئۆتۆمۆبێلێکی مینرێژکراو لە بەردەم مزگەوتی ئیمامی عەلی لە نەجەف تەقییەوە و تێیدا زیاتر لە ١٢٥ کەسی تر کوژران لە نێویاندا محەمەد باقر حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی بالاّی شۆڕشی ئیسلامیی شیعیی ناسراو و زیاتر لە ٢٣٠ی تریش بریندار بوون. هەروەها هێرشی سەر مەزاری هەردوو ئیمامەکەی شیعەکان لە سامەڕا لە کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠٠٦یش قاعیدە و گرووپە هاوشێوەکانی تۆمەتبار کران.

لە ٢ ئایاری ٢٠١٠ لە ئەنجامی تەقینەوەی دوو ئۆتۆمبێل کە پاسێکی هەڵگری قوتابیانی مەسیحیی لە پارێزگای مووسڵ کردبووە ئامانج، کەسێك کوژرا و ٨٣ی تریش بریندار بوون.

هەروەها لە ٣١ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ چەند چەکدارێك زیاتر لە ١٠٠ کەسیان لە کڵێسای (سەیدە نەجات) لە کەڕادەی بەغدا بەبارمتە گرت و هێزە ئەمنییەکانی عێراق دوای تەوقکردنی کڵێساکە هەڵیان کوتایە سەر چەکدارەکان و لە ئەنجامدا زیاتر لە ٦٠ کەس کوژران و بریندار بوون . هەروەها ٨ لە ٩ چەکدارەکە کوژران و نۆیەمیش خۆی تەقاندەوە و رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقی سەر بەقاعیدە بەرپرسیاریەتیی لەو هێرشە راگەیاند.

هەروەها سەتان کوردیش لە پێشمەرگە و هاووڵاتیی ئاسایی لەلایەن ئەو گرووپانەوە لە دەڤەری مووسڵ و دیالە و سەلاّحەدین و کەرکووك و تەنانەت لەناو هەرێمی کوردستانیش لە رێی تەقینەوە خۆکوژییەکانەوە، کە هەموو خۆکوژەکان عەرەب بوون، کوژراون و هەزارانیش لە ناوچەکانی تەماسی نێوان ناوچە کوردی و عەرەبییەکان لەبەر هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە ماڵوحاڵی خۆیانیان بەجێ هێشتووە.

کاره بێ دیسپلین و توندوتیژەکانی ئەو گرووپە چەکدارانە سیمایەکی توندوتیژییانەی بە ئیسلام و کۆی گرووپە ئیسلامییەکان و دنیای ئیسلامی لە زەینی گشتیی دنیادا داوە، هەر بۆیە وەك لە وتاری تریشدا نووسیومە توندڕۆی ئاینی سەرەخۆرەی ئاینە.

## ئەزموونی دەوڵەتە ئاینییەکانی ناوچەکە

لە دەستووری زۆر لە وڵاتە عەرەبییەکاندا نووسراوە کە "ئاینی ئیسلام ئاینی رەسمیی دەوڵەتە"، بەڵام ئەم برگە دەستوورییە بەکردەوە زیاتر لە هەندێ دروشمی ئاینیدا رەنگی داوەتەوە، وەك قەدەغەکردنی خواردن و خواردنەوە لە مانگی رەمەزان، دەستپێکردنی بەرنامەکان بەخوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز و بانگدان لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی رەسمی... هتد، ئەگینا سیستەمی سیاسییان لەسەر بناغەی ئاینی دانەمەزرابوو، مەگەر لە هەندێ لە یاساکانی باری کەسایەتیدا.

هەروەها تەنانەت لکاندنی پاشگری (ئیسلامی)ش بەناوی دەوڵەتەکەوە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ئاینیی سیاسییە، وەك کە مۆریتانیا ناوی "کۆماری مۆریتانیای ئیسلامی" بوو لە کاتێکدا ئەو دەوڵەتە بە واتا ئاینییە-سیاسییەکەی ئیسلامی نەبوو و هەندێ جار پاشگری (ئیسلامی) زیاتر لە بریی وشەی (موسڵمان) وەك ناسنامەی کلاسیکی ئەو گەلانەی شوێنکەوتووی ئاینی ئیسلامن بەکار هاتووە و هیچ پێوەندییەکی بە مەرجەعیەتی ئاینی-سیاسییەوە نییە. حزبەکەی نەواز شەریف لە پاکستان ناوی (رابیتەی ئیسلامی)یە، لە کاتێکدا ئەو حزبە حزبێکی سیکیولارە نەك ئیسلامی، بەڵام (جەماعەی ئیسلامیی پاکستانی) بەسەرۆکایەتیی قازی حوسێن ئەحمەد حزبێکی ئیسلامیی سیاسییە.

لە بەرامبەردا هەندێ دەوڵەت نەریتی ئاینی زۆر تێیاندا زاڵە و پێرەوی لە حوکمەکانی شەریعەتیش دەکەن کەچی پاشگری ئیسلامییان پێوە نییە، وەك عەرەبستانی سعوودی و تا رادەیەك مەغریبی عەرەبیش کە تا ئێستەیش بە شای وڵات دەڵێن (امیر المؤمنین) و گەورە بەرپرسانی وڵات

وەك كۆیلە و مسكێن بۆی دەنوشتێنەوە و بۆ مفەرك دەستی زیارەت دەكەن.

لكاندنی پاشگری (ئیسلامی) مێژوویەكی كۆنی نییە، تەنانەت دەوڵەتی خەلافەت و سەڵتەنەت و ئەمارەتە ئیسلامییەكانی مێژوویش بەناوی بنەماڵە حوكمڕانەكانەوە ناو نراون نەك ئیسلامی (ئەمەوی، عەباسی، بوەیهی، سەلجووقی، ئەیووبی، عوسمانی..).

كۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی **١٩٧٩** و كۆماری ئیسلامیی ئەفغانستان لە سەردەمی حوكمڕانیی موجاهیدینی ئەفغانی (١٩٩٢–١٩٩٦) و ئەمارەتی ئیسلامیی ئەفغانستان لە سەردەمی دەسەڵاتی تاڵیباندا (١٩٩٦–٢٠٠١) و دەوڵەتی داغستانی ئیسلامی كە سەركردەی مەیدانیی چیچان شامیل باسایێڤ لە ساڵی **١٩٩٩** لە ناوچە سنوورییەكانی داغستان رای گەیاند، تاكە نموونەن كە ئەو پاشگرە رەهەندێكی مەرجەعی و سیاسیی هەڵگرتووە.

لە سوودان لە ساڵی **١٩٨٩**ەوە تەوژمێكی ئیسلامیی سیاسی لەو وڵاتە حوكمڕانە كە سەرەتا حەسەن تورابی و دواتر عومەر بەشیر ڕابەرایەتیی دەكەن، بەڵام دەوڵەتەكەیان ناونەنا (ئیسلامی)، كە چەند ساڵ پێشتر جەعفەر نومێری پێڕەوكردنی شەریعەی راگەیاند.

### پرۆژەی دەوڵەتی شەریعەت

حزب و تەوژمە ئیسلامییەكان خۆیان بە هەڵگری پرۆژەیەكی چاكسازیی راستەقینە و بێ هاوشێوە دادەنێن كە لە سایەی باڵادەستیی شەریعەتی ئیسلامی لە دەوڵەتدا دێتە دی، بەڵام ئەزموونی پراكتیكییان چ وەك حزب و چ وەك دەسەڵات تا ئەم ساتە زۆر دوورە لەو وێنە ئەرخەوانییەی لە ئەدەبیاتیاندا باسی دەكەن.

**ئێران**

لە ئێران دەوڵەتی ئیسلامی نەك نەیتوانی ببێتە دەوڵەتێکی نموونەیی لە یەکسانی و دادپەروەری و مرۆڤدۆستی و ئازادیی فیکری و سیاسی و خۆشگوزەرانیدا، نەك نەیتوانی ببێتە مێرگی دیموکراسییەت و فرەیی سیاسی کە هەموو تەوژمە فیکری و سیاسییەکان ئازادانە کاری سیاسی بکەن و بگەنە دەسەڵات، بگرە نەیتوانی تەجاوزی قۆزاخە مەزهەبییە تەسکەکەیش بکا و وەك کۆمارێکی ئیسلامیی شیعە هاتە مەیدان و سوننەی ئەو وڵاتەی لە قاڵب دا، تەنانەت لەناو بازنە شیعییەکەیشدا نەیتوانی ئیستیعابی بۆچوونە جیاوازەکان بکا، ئەوە بوو لەبەر بۆچوونی جیاوازی لە مەسەلەی ویلایەتی فەقیهدا، دووەم پیاوی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەهێزترین کاندید بۆ جێگرتنەوەی ئیمام خومەینی، کە ئایەتوڵڵا عوزما حوسێن مونتەزری (١٩٢٢-٢٠٠٩) بوو لە ساڵی ١٩٨٨ دوور خرایەوە و دواتر خرایە ژێر حاڵەتی ماڵبەندی تا لە ١٩ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا لە شاری قوم بەبێنازی سەری نایەوە، کەچی دەسەڵاتدارانی ئێران تا ئێستەیش سڵ ناکەنەوە لەوەی سەید عەلی خامەنەیی رابەری باڵای کۆماری ئیسلامی بە "وەلی ئەمر"ی سەرجەم موسڵمانانی جیهان ناو ببەن.

راستە لە دەیەی یەکەمی دوو هەزارەکان و بەتایبەت لە سەردەمی حکوومەتەکەی سەرۆکی باڵی ریفۆرمخواز محەمەد خاتەمیدا (١٩٩٧-٢٠٠٥) ئێران کرانەوەیەکی فیکری و سیاسیی بەرچاوی بەخۆوە بینی و میدیا ئازادییەکی باشی وەرگرت و دادگە رۆڵێکی کاریگەری لە لێپێچینەوەی بەرپرسان وەرگرتبوو و بووبووە جێ سەرنجی وڵاتانی دەوروبەر کە لەناو تاکرەویدا نغرۆ بووبوون، بەڵام ئەو حاڵەتە لەگەڵ

هاتنی مەحموود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی سەر بەباڵی موحافیزکاردا رووی لە پاشەکشە کرد، بەتایبەت پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠٠٩دا کە ئۆپۆزسیۆن لایەنگرانی نەژادیان بەدەستکاریکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تۆمەتبار کرد و بەو هۆیەوە کاندیدەکانی باڵی ریفۆرم (میر حوسێن مووسەوی و مەهدی کەڕووبی) سەرکردایەتیی شۆڕشی مەخمەڵییان کرد و خۆپێشاندانی بەرفراوانیان لە تاران و شارەکاندا ئەنجام دا، دەسەڵاتدارانیش تۆمەتی فیتنەگێڕی و کلکگرێدان لەگەڵ دوژمنانی رێژیمە ئیسلامییەکەیان دایە پاڵ بزووتنەوەی سەوز کە لەلایەن باڵی ئیسلاحیی ناو خودی رێژیمە ئیسلامییەکەوە (لەوانە هاشمی رەفسەنجانی و کەڕووبی و مووسەوی) سەرکردایەتی دەکرا و بەتوندی سەرکوتی کرد و چەندان لە سەرکردەکانی گیران و درانە دادگە و کەڕووبی و مووسەویش خرانە ژێر باری ماڵبەند، هەر بۆیە ئیسلاحییەکان بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەیان کرد کە لە ٢ ئاداری ٢٠١٢ بەڕێوە چوو.

لە سەروو هەموو ئەمانەوە تا ئێستە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە نییە دان بەمافە سیاسی و کولتوورییەکانی نەتەوەی کورد بنێ و لەو رووەوە حزبی بەعسی عێراق هەنگاوی بوێرانەتری ناوە، لە کاتێکدا بەپێی دروشمەکانیان بوایە کە باس لە یەکسانی و برایەتیی نێوان موسڵمانان دەکەن– دەبوو هەر لە ساڵە بەراییەکانی شۆڕشدا ئەو پرسەی چارەسەر بکردایە.

هەروەها نەیتوانیوە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکا و دەرفەتی کار و ژیانێکی خۆش بۆ هاووڵاتییانی دابین بکا، زۆر لە هاووڵاتییانی کوردی ئێرانی سکاڵا لەوە دەکەن ساڵانە دەیان هەزار قوتابی خوێندن تەواو دەکەن بەبێ ئەوەی دەوڵەت دەرفەتی کاریان بۆ دەستبەر بکا، مەگەر بۆ ئەوانەی بنەماڵەی شەهیدن یاخۆ لە بەرپرسانەوە نێزیکن.

لە بریی چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکەی، هاوشێوەی یەکەتیی سۆڤیەت و ململانەی شەڕی ئەستێرەکان لەگەڵ ئەمەریکا لە قۆناغی شەڕی سارددا، خووی داوەتە هەڵمەتی خۆپڕچەککردن و خۆسەرقاڵکردن بە کێشە ئیقلیمییەکانی وەك کێشەی لبنان و عێراق و بەحرێن و فەڵەستین، کە وڵاتەکە لە رووی داراییەوە دادەچۆڕێنن، لە کاتێکدا بەلای هاووڵاتیی ئێرانییەوە ئەو پرسانە ئەگەر گرینگییەکیشیان هەبێ دوای چارەسەری کێشە ناوەخۆیییەکان دێن. سەرەنجامی ئەو سیاسەتەیش وڵاتەکەی تووشی گۆشەگیرییەکی ناودەوڵەتیی گەورە و سەپاندنی دەیان سزای ئابووریی سەخت بەسەر دامەزراوە داراییەکانی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە بەهۆی بەرنامە ناوەکییەکەیەوە کە ئەمەریکا و ئەورووپا گومانیان لە ئاشتیبوونەکەی هەیە و بەو هۆیەوە وڵاتەکەی لە لێواری شەڕێکی سەربازی نێزیك کردووەتەوە. بەرەنجامی هەموو ئەوانەیش قورسایی زیاترە بۆ سەر شانی گەلانی ئێران.

***

ئەگەر ئەمە حاڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ کە پێشکەوتووترین سیستەمی ئیسلامییە لە چاو ئەوانی تردا و یەکێکە لە وڵاتە نەوتییە گەورەکانی ناوچەکە و دنیا، ئەوا رەنگە پێویست نەکا باس لە ئەزموونی ئەفغانستانێکی وێران و هەژار و دواکەوتوو بکەین، کە سیمای زەقی "شەڕ و شەڕ و دیسان شەڕ" و کاولکاری و تەسکبینی و هەژاری و دواکەوتن بووە، چ لە سەردەمی ٤ ساڵ دەسەڵاتی پڕ لە نائارامیی موجاهیدین و چ لە سەردەمی تاریکی تاڵیباندا.

***

**سوودان**

لە سوودانیش کە ئیسلامییەکان نەك لە رێی سندووقەکانی دەنگدانەوە

بگرە لە ڕێی کودەتایەکی سەربازییەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست، ڕاستە هەندێ کرانەوە و مروونەتی سیاسییان بەخەرج دا و دەرگەیان بۆ گەڕانەوەی زۆر لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوە بۆ وڵات خۆش کرد، لەوانە سادق مەهدی و جەعفەر نومێری، هەروەها لە سەردەمی ئەواندا کێشەی باشووری سوودان بەپێی ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی کە لە ٢٠٠٥ ئیمزایان کرد بەکۆتا هات، بەڵام نەیانتوانی بەدەر لە پاڵەپەستۆی دەرەکی ئەو کارانە بکەن و لە ناوەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن چارەسەری کێشەی ناوچە کێشەدارەکانی وەك هەرێمی دارفۆر بکەن، بگرە بۆ چارەسەرکردنی پەنا بۆ ڕێگەچارەی سەربازی برا و تاوانی گەورەیش لەلایەن سوپا و هێزە میللییەکانی جەنجەویدی سەر بەحکوومەتەوە ئەنجام درا و بەو هۆیەوە لە ١  تەمووز/یۆلیۆی ٢٠٠٨ لویس مۆرینۆ داواکاری گشتیی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی بەتۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ لە هەرێمی دارفۆر فەرمانی گرتنی بۆ عومەر بەشیر دەرکرد، حکوومەتی سوودانیش بڕیارەکەی بەبڕیارێکی سیاسی و نادادپەروەرانە لە قەڵەم دا.

هەروەها لە یەکی ئاداری ٢٠١٢یش هەمان دادگە فەرمانی گرتنی بۆ عەبدوڕەحیم محەمەد حوسێن وەزیری بەرگریی سوودان دەرکرد بەتۆمەتی کوشتنی مەدەنییەکان لە دارفۆر.

هەرێمی  بەرفراوانی دارفۆر لە ڕۆئاوای سوودان، لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە دووچاری شەڕێکی ناوخۆیی بووە، کە بەهۆیەوە بەپێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان – ٣٠٠ هەزار کەس و بەگوتەی دەسەڵاتدارانی خەرتووم ١٠٠ هەزار کەس کوژراون و ٢,٧ ملیۆن کەسیش ئاوارە بوون.

دەسەڵاتی عومەر بەشیر کە لە ڕێی کودەتای سەربازییەوە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، چەندە لافی کرانەوە و دیموکراسییەت لێ بدا، نەیدەتوانی

و ناتوانێ بەبێ ئەو مەچەکە ئاسنینە و زەبروزەنگی سەربازی، ٢٣ ساڵ و زیاتر درێژە بەدەسەڵاتی خۆی بدا.

دەسەڵاتەکەی بەشیر لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا تووشی چەندان کودەتا بووەتەوە، دیارترینیان کودەتاکەی ساڵی ١٩٩٠ بوو بەسەرۆکایەتیی فەریق خالید ئەلزین نەمرد و ژمارەیەك گەورە ئەفسەری تر، کە شکستی هێنا و ٢٨ ئەفسەر دەستگیر کران و لە دادگەیەکی سەربازیدا لەدار دران.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا، لە ٣٠ کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠١١ەوە دەنگی نارەزایی لە شەقامی سوودانیش بەرز بووەوە، کە هەندێکیان داوای چاکسازیی سیاسی و ئابووری و هەندێکیان داوای گۆڕینی ڕێژیمیان دەکرد. لە ١٧ یەنایەری ٢٠١١ هێزە ئەمنییەکانی سوودان حەسەن تورابی سەرۆکی حزبی کۆنگرەی میللیی بەرهەڵستکاریان گرت بەتۆمەتی ئەوەی زانیارییان لا بووە ناوبراو بەنیازی دروستکردنی "ئاشووب"ە لە وڵاتدا، بەو هۆیەشەوە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن هەڕەشەی دابەزینە شەقام و رووخاندنی حکوومەتەکەی بەشیریان کرد.

لە ٣١ یەنایەر پۆلیس ڕووبەڕووی نێزیکەی هەزار قوتابی بوونەوە کە لە زانکۆی ئوم دەرمانەوە دەستیان بەخۆپێشاندان کرد و دروشمی دژ بە بەشیریان دەوتەوە. دوای چەند خۆپێشاندانێکی تری نارەزایی، لە ٢٣ ئاداری ٢٠١١ حزبی کۆنگرەی نیشتمانیی دەسەڵاتدار هەڕەشەی لە ئۆپۆزسیۆن کرد کە لەسەر زەوی دەیانسڕێتەوە ئەگەر بێتو خۆپێشاندانەکان بە ئاقاری هەوڵی رووخاندنی ڕێژیمەکەی بەشیردا ببرێ. لە مانگی ڕابردوویش لە خەرتومی پایەتەخت قوتابیان لە دژی ڕێژیم ڕژانە سەرشەقام.

ئەگەرچی ناکرێ ئۆباڵی هەموو کێشە ناوەخۆییەکانی سوودان کە

ریشەیـان بـۆ پـێش قـۆنـاغـی حـکـوومـەتـە ئـیسلامـیـیـەکـەی خـەرتـووم دەگـەڕێتـەوە، بـەڵام ئـەویش بـەرپـرسە لـەوەی نـەیـتـوانـیـوە وڵاتـەکـە لـە کەشوهـەوای سەربـازی و جـەنگ بباتە دەرەوە.

هـەر لـەم دواییـەدا بـوو حکوومـەتی خـەرتـووم زەنگـی شـەڕی بـەرامبـەر کۆماری باشووری سوودان و یاخییانی دارفۆر و باشووری کوردۆڤان لێ دا.

لە ٣ ئاداری ٢٠١٢ عومەر حەسەن بەشیر سەرۆکی سوودان هەڕەشەی شاڵاوێکی سەربازیی یەکلاکەرەوەی لە بزووتنەوەی میللیی بەرهەڵستکار لە باشووری کوردەڤان کرد، بۆ ئەو مەبەستەیش دەستی بە ئامادەسازیی سەربـازی کـرد و داوای لـە سەرۆکـی ویـلایـەتـەکـان کـرد سەربـازگـەی بەرگریی میللی بکەنەوە و لە هەر ویلایەتێك لیوایەك سەرباز بەناوی (لیوای پەرچدانەوە) پێك بێنن، ویلایەتی خەرتوومی پایەتەختیش ٧ لیوا ئامادە بکا.

بەشیر لە وتارێکیدا لە بەردەم هەزاران لە هێزەکانی بەرگریی میللیی سەر بەحکوومەت، کە لە ٢٠ ساڵی رابردوودا لە کاتی شەڕی باشوور و باکوری سووداندا شان بەشانی سوپای سوودانی شەڕی دەکرد، هەڕەشەی لەناوبردنی یاخیبوونی باشووری کوردەڤانی کرد و ئاماژەی بەوە دا وڵاتەکەی ئامادەیە ″١٨ هەزار شەهید لە شەڕی دژ بەبزووتنەوەی میللیی یاخی ببەخشێ″.

لـە حـوزەیـران/یـۆنـیـۆی٢٠١١ شەڕ لـە نێوان حـکوومـەتـی سوودانـی و بزووتنـەوەی میللـی لـە ویلایـەتـی باشووری کوردەڤان هـەڵگیرسا، پاش ئەوەی ″سوپای میللی″ی باڵی سەربازیی بزووتنەوەکە رەتی کردەوە چەك دابنێ، کە لە ماوەی شەڕی نێوان باکور و باشووری سوودان شان بەشانی بـاشووریـیـەکـان شەڕی دەکـرد و ئـەو شەڕە بـە ئـیـمـزاکـردنـی

ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی لە ٢٠٠٥ بەکۆتا هات.

لە ٦ ئاداری ٢٠١٠یش نافیع عەلی یاریدەری عومەر بەشیری سەرۆکی سوودان و جێگری لە سەرۆکایەتیی حزبی کۆنگرەی نیشتمانیی دەسەڵاتداردا، رای گەیاند توانیویانە پلانێکی ئەمەریکا بۆ دەستوەردانی سەربازی لە سوودان و یارمەتیدانی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و گرووپە یاخییە چەکدارەکانی هەرێمی دارفۆر و باشووری کوردەڤان بۆ رووخاندنی رێژیمی سوودان پووچەڵ بکەنەوە.

هەروەها رەتی کردەوە باشوور رێگر بووبێ لە پێڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی و جەختی کرد، شەریعەت جێبەجێ کراوە، بەڵام نەك ١٠٠٪.

لەسەر ئاستی ناوەخۆی تەوژمە سیاسییە حوکمڕانەکە بەشیر و تورابیی مامۆستای نەیانتوانی سیستمێك بۆ رێکخستنی کارەکانیان لە ئیدارەی دەوڵەتدا دابنێن و سەرەنجام بەشیر کودەتای بەسەر تورابیشدا کرد و لە دەسەڵات دووری خستەوە و ماڵبەندی کرد.

بەکورتی و بە کوردی، ئەو ئەزموونانە ئەزموونێکی بەشەری بوون و وەك باقیی ئەزموونە سیاسییەکانی تر سەرکەوتن و شکستیان هەبووە و ئەزموونەکەیان ملکەچی یاسا و پێوەرەکانی دنیای سیاسەت و ئیدارە و دەوڵەتداری بووە، نەك ملکەچی بەهاگەلێکی بان-واقیع و بان-مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی. بەم سیمایەشەوە ئەو دەوڵەتەی لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئیسلامییەکاندا باسی دەکرێ، زیاتر تێزێکی خەیاڵکردە، نەك واقیعی.

***

دوو ئەزموونی تر ماوە کە دەکرێ ئەوانیش بەشێوەیەك لە شێوەکان بەئەزموونی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیایەکی ئاینی–سیاسی دابنێین، ئەوانیش عەرەبستانی سعوودی و ئەزموونی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیان.

عەرەبستانی سعوودی کە لە **١٩٣٢دا** قاڵبی کۆتاییی خۆی وەك ئەو دەوڵەتەی ئەمڕۆ وەرگرتووە، خۆی وەك شانشین یان کۆمارێکی ئیسلامی نەناساندووە، بەڵام ناونانی شای سعوودیە بەخزمەتکاری دوو حەرەمە پیرۆزەکە (خادم الحرمين الشريفين) لە سەردەمی شا فەهد بن عەبدولعەزیز (١٩٢٠–٢٠٠٥) کە لە ساڵی **١٩٨٢دا** تەختی پاشایەتیی وەرگرت، هەروەها بالادەستیی دامەزراوەی ئاینی و کارکردن بەئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە روانگەی مەزهەبی سەلەفیەتی وەهابییەوە، ئەو سیستمەی کردووەتە یەکێك لە ئاینیترین سیستمە حوکمڕانەکانی دنیا.

سیستمی شانشینی سعوودی لە هاوپەیمانیی عەقڵیەتێکی خێڵەکیی بنەماڵەیی لەگەڵ عەقڵیەتێکی سەلەفیی وەهابی پێك دێ کە هەر لە سەرەتاکانی دروستبوونیەوە ئەو دوو رەوتە لە هاوپەیمانیی نێوان میر محەمەد بن سعوودی گەورە و شێخ محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب (١٧٠٣–١٧٩١) دامەزرێنەر و ئیمامی وەهابییە سەلەفییەکان، هاتووەتە کایە.

سعوودیە بەحوکمی ئەوەی شوێنی سەرهەڵدانی ئیسلام و دوو حەرەمە پیرۆزەکەی موسڵمانانی دنیایە پێگەیەکی سیاسی و ئابووریی تایبەتی هەیە و هەوڵیش دەدا ئەو پێگە ئاینییە مێژووییە لە رووی سیاسیشەوە

بەرجەستە بکا و خۆی وەك دەمڕاست و زلهێزێکی ئیسلامی بخاتە روو بەتایبەت لە نوێنەرایەتیکردنی سوننە لە بەرامبەر شەپۆلی شیعەگەرێتی و هەوڵە فراوانخوازییەکانی ئێران بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕش و دەستگرتن بەسەر ناوچەی کەنداو و شوێنە پیرۆزەکان و سوودوەرگرتن لە پێکهاتەی شیعە لە سعوودیە و وڵاتانی تری کەنداو بەتایەت لە بەحرێن و کوێت.

ئەو ململانەیە لەوەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست بووە بەردەوامە و ریاز و تاران لەسەر خاوەنداریەتی ئەو مەرجەعیەتە ئاینییە لە ململانەدان، کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا گەیشتبووە لووتکە و بۆ بەرگرتن لە هەوڵەکانی شۆڕشە ئیسلامییە شیعییەکە بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەت ئەوانەی کەمینەی شیعەیان تێدایە وەك سعوودیە کە لە ناوچەی قەتیف نیشتەجێن، لە شەڕی هەشت ساڵی نێوان عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨) سعوودیە پاڵپشتیی لە رێژیمی سەدام دەکرد.

ئەگەرچی پێوەندییەکانی ریاز و تاران لەپاش نەوەدەکانەوە بەرەو ئاساییبوونەوە هەنگاوی ناوە و مەحموود ئەحمەدی نەژادی سەرکۆماری ئێران سەردانی ریازی کرد و لەگەڵ شا عەبدوڵڵا کۆ بووەوە، بەڵام ململانەکەیان هەر ماوە و لەم ساڵانەی دواییشدا زیادی کردووەتەوە، بەتایبەت دوای رووداوەکانی بەحرێن و ناردنی سوپای قەڵغانی جەزیرە بۆ ئەو وڵاتە لە ئاداری ٢٠١١ و تەنانەت لە ململانەی شیعە و سوننەیش لە عێراق.

ئەمە لە رووی سیاسەتی دەرەوە.

هەرچی وەك سیستمی دەوڵەتداریشە، عەرەبستانی سعوودی بەحوکمی پێکهاتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگەکەی، کە رەوتی سەلەفییەت تێیدا باڵادەستە کە تەوژمێکی رادیکالیی داخراوی ئیسلامییە و

ولاتەکەیش ولاتێکی خێڵەکییە و بنەماڵە تێیدا بالادەستە، بە بەراورد بەو توانا داراییە زەبەلاحەی کە لە رێی داهاتی گەورەی نەوت و هەروەها گەشتی ئاینیی حەج و عەمرەوە دەستی دەکەوێ و سیما رواڵەتییەکانی دنیای هاوچەرخی تێدا بەرچاوە وەك باڵەخانە و تەلاری بەرز و قەشەنگ و شەقامی فراوان و بەرزیی ئاستی گوزەران و بەو هۆیەشەوە زۆر لە کەموکوورییەکانی شاردووەتەوە، سیستمێکی سیاسی و ئاینیی تا بڵێی کلاسیك و بە رووی پێشکەوتنە سیاسی و میدیاییەکانی دنیادا، داخراوە.

تا ئێستە ئەو ولاتە بە رووی میدیای جیهانیدا داخراوە و زۆر لە کەناڵە بەناوبانگەکانی جیهان رێگەیان پێ نادرێ رووماڵی رووداوەکانی ئەو ولاتە بکەن. سیستمی ولات لەلایەن بنەماڵەیەکەوە بەرێوە دەبرێ کە پاشاکانی تا تەرایی لە جەستەیان دەبڕێ و جێنشینەکانیان لە چاوەڕوانی گەیشتن بەتەختی پاشایەتیدا پیر دەبن دەستبەرداری دەسەلات نابن. شا فەهد بن عەبدولعەزیزی پاشای پێشوو کە لە ۱۹۹۵ەوە بەهۆی نەخۆشییەوە بەکردەوە توانای بەرێوەبردنی دەوڵەتی نەمابوو و لە ۱۹۹۷ەوە میر عەبدوڵلای برای (پاشای ئێستە لە ۲۰۰۵ەوە) کارەکانی ڕادەپەڕاند، بەڵام هەر ئامادە نەبوو دەست لە پۆستەکەی بەربدا تا لە ۲۰۰۵دا مرد، ئەنجا میر عەبدوڵلا بوو بەپاشا. ئەمەی دوایش کە ئێستە تەمەنی ۸۷ ساڵە و بە ئاستەم قسەی دێتە دەرەوە و چەند ساڵێکە بەردەوام لە رێی نەخۆشخانەکانی ئەمەریکادایە، ئامادە نییە تا بە سەر زیندووە دەستبەرداری پۆستەکەی ببێ بۆ جێگرەکەی پێشووی، سوڵتان بن عەبدولعەزیز (۱۹۳۱–۲۰۱۱) کە لە تەمەنی خۆی نێزیك بوو، تا ئەوە بوو بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە تەمەنی ۸۰ ساڵیدا مرد و ئەو ئاواتەی نەهاتە دی کە ببێتە پاشا.

میر نایفیش کە دوای مردنی ئەو لە ۲۷ ئۆکتۆبەری ۲۰۱۱ بوو بەجێنشین، تەمەنی ۷۸ ساڵ بوو، جا لە حوزەیرانی رابردوو بە نەخۆشی

کۆچی دوایی کرد و بەنامرادی سەری نایەوە.. لە سعوودیە شتێك نییە بەناوی هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکوومەت و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، نەك تەنیا ئافرەت بگرە پیاوانیش مافی دەنگدانیان نییە، ئەو ئەنجوومەنی شوورایەش کە هەیە رۆڵێکی راوێژکارانەی ناپابەندکاری هەیە و هەموو یاسا و بڕیارەکان لەلایەن شاوە دەدرێن.

ئەمە جگە لەوەی هەندێ نەریتی زۆر دواکەوتووی بێوێنە لە دنیادا لەو وڵاتە هەیە، ئەویش جۆری مامەڵەکردنە لەگەڵ ئافرەت، کە نەك تەنیا لە رووی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا پەراوێز خراوە و بزرە، بگرە تەنانەت مافی ئەوەیشی نییە ئۆتۆمۆبێل لێ بخورێ لە وڵاتێکدا کە وەك شاری مێرووله ئۆتۆمۆبێل جمەیان دێ تێیدا، هەر بۆیە عەرەبستانی سعوودی زێدی یەکەمی ئیسلام، بووەتە سیمبولی یەکێك لە داخراوترین وڵاتەکانی دنیا.

بنەماڵەی حوکمڕان لە شانشینی سعوودیە کە خۆیان بە میراتگری شەرعیی ئیسلام دادەنێن، لە بریی پێشاندانی نموونەی خاکیبوون و دنیانەویستی و دادگەریی کۆمەڵایەتی، بوونەتە نموونە لە فەخفەخە و تەرەف و دەوڵەمەندییەکی لە رادەبەدەر.

شا فەهدی پاشای پێشووی سعوودیە، وەك سایتی ویکیپیدیا باسی دەکا، ١٢ ژنی هێناوە.

شا عەبدوڵڵا بە یەکێك لە گەورە زەنگینەکانی دنیا دادەنرێ، کۆواری (فۆربس)ی ئەمەریکایی بۆ دەوڵەمەندترینەکانی دنیا لە راپۆرتی ساڵی ٢٠١٠، سامانەکەی بە ١٨ ملیار دۆلار مەزەندە کردووە.

***

**ئەزموونی حکوومەتی داد و گەشەپێدانی تورکیا**

لە تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە حزبێکی خاوەن پاشخانی ئاینی حوکمڕانە و لە سێ هەڵبژاردنی لەدوای یەکدا زۆرینەی بەدەست هێناوە و توانی هەرسێ پۆستە سیادییەکەی وڵات (سەرۆکایەتیی کۆمار و حکوومەت و پەرلەمان) کۆنترۆڵ بکا، کە ئەویش حزبی داد و گەشەپێدانە بەسەرۆکایەتیی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا.

ئەزموونی دەسەڵاتی داد و گەشەپێدان کراوەیی و نەرمییەکی بەرچاوی بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە ناوەخۆیی و دەرەکییەکانی وڵاتەکە پێشان داوە و دروشمی (کێشە سفر)ی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوە بەرز کردەوە، ئەحمەد داود ئۆغڵوی وەزیری دەرەوە، کە بە هنری کیسنجەری تورکیا ناو براوە، بەئەندازیاری ئەو سیاسەتە دانراوە، ئەوەیش پێگەی سیاسیی ئەنقەرەی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهاندا بەهێز کردووە[١٧].

هەروەها بەهۆی ئەو گەشەسەندنە ئابوورییەی هێناویەتییە کایە، توانیویەتی تا رادەیەکی زۆر متمانەی شەقامی تورکی لە سێ هەڵبژاردنی لەدوای یەکدا مسۆگەر بکاتەوە و ببێتە مایەی سەرسامیی زۆر لە چاودێر و بەرپرسانی دنیا، زیاد لەوانەیش ببێتە جێ سەرنجی بزاڤە ئیسلامییەکانی ناوچەکە و زۆر لە دەستەبژێری عەلمانیی ناوچە عەرەبییەکەیش، کە بەکۆپییەکی پێشکەوتووی ئیسلامی سیاسی دەبینن جیاواز لە کۆپییە عەرەبییەکە، کە رادیکاڵییەت و ئەرسۆزۆکسییەت و داخران و دەمارگیری و ئایدیۆلۆجیبوون بەسەریاندا زاڵە.

بەپێی دەزگای ئاماریی تورکیا، لە چارەکی یەکەمی ٢٠١٠ تا چارەکی یەکەمی ٢٠١١، ئابووریی تورکیا بە رێژەی ١١٪ گەشەی کردووە. بەپێی

هەمان دەزگا لە ساڵی ٢٠١١، لە نێوان حوزەیرانی ٢٠١٠ تا حوزەیرانی ٢٠١١ ڕێژەی بێکاری لەو وڵاتە بە ڕێژەی ١,٣٪ دابەزیوە و گەیشتووەتە ٩,٢٪.

هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەرسامیی خۆی بەو ڕێژە گەشەیەی ئابووریی تورکیا پێشان دا و گوتی "گەشەکردن بەرێژەی ١١٪ ئاسان نییە، ئەوەیش لە گەورەترین ژمارەکانە لەناو دەوڵەتانی دنیادا و بەرەنجامی سەقامگیری و ئیرادەیەکی سیاسین"، هەروەها پێشبینیی کرد "ئەگەر تورکیا بەو شێوەیە بەردەوام بێ، دەبێتە بزوێنەری بنەڕەتیی ئابووریی ناوچەکە"[١٨].

هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی پەیمانگەی ئاماری تورکی (تورکسات) لە چارەکی سێیەمی ٢٠١١دا ئابووریی تورکیا بەرێژەی ٨,٢٪ زیادی کردووە و دوای چین بە پلەی دووەم هات لە جیهاندا[١٩].

هەندێ لە چاودێران پێیان وایە داد و گەشەپێدان عوسمانییە نوێیەکانن و هەوڵ دەدەن پێگە نێودەوڵەتییەکەی جارانی دەوڵەتی عوسمانی وەك سەنتەری خەلافەت لە جیهانی ئیسلامیدا زیندوو بکەنەوە، ئەوەتا حکوومەتەکەی ئەردۆگان ناوی (الفاتح)ی لە یەکێك لە پڕۆژە گرینگەکانی لە کەرتی پەروەردە و زانستدا ناوە، کە ئەویش پڕۆژەی دابەشکردنی تەختە کۆمپیوتەری ئای پادە بەسەر ژمارەیەك لە قوتابخانەکانی تورکیادا بەشێوەیەکی ئەزموونی، کە هەموو پرۆگرامەکانی خوێندنی تێدایە و قوتابی لە هەڵگرتنی کتێب و دەفتەر ڕزگاریان دەبێ، کە نازناوی "محەمەد فاتیح" خەلیفەی حەوتەمی عوسمانییە کە لە ساڵی ١٤٩٣ فەتحی قوستەنتینییە (ئەستەمبۆڵ)ی کرد.

بەڵام نە ئەو حزبە خۆی وەك حزبێکی ئاینی-ئیسلامی ناساندووە و نە دەستوور و سیستمی سیاسیی وڵاتیش کە لەسەر بناغەی عەلمانییەتێکی

تـونـدڕۆ دامـەزراوە و سوپـا و دادگـەی بـاڵای دەستـووری بـەتـونـدی پارێزگاریی لێ دەکەن، ڕێ بەدامەزراندنی حزبێکی ئاینی و ڕێژیمێکی ئـایـنـی لـە وڵاتـدا دەدەن. هـەر بـۆیـە ئـەو حـزبـە تـەنـیـا لـە مـەودایـەکی سنووردراردا دەکرێ وەك ئەزموونێکی ئیسلامی سیاسی لە دەسەڵاتدا، کە نەیاری سەرسەختی عەلمانییەتە، سەیر بکرێ، ئەگەرچی ڕەنگە هێشتا زوو بـێ بڕیـار لـەسەر پێناسە و ستراتیـجییـەتی سیـاسیـی ئـەو حزبـە لـە مـەودایـەکـی دووردا بـدەیـن، بـەتـایـبـەت ئـەگـەر لـەو هـەڵـمـەتـی تـەنگ پـێـهـەڵـچـنیـنـەی دژ بـەدەسەڵاتـی تـەقلـیدیـی سوپـا و سووپـەری مێژوویـی سیستمی عەلمانی دەستی پی کردووە، بتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ و دەستـی بـۆ گـۆڕیـنـی سیستـمـی سیـاسیـی وڵات بـەدەر لـە پـاڵـەپـەستۆ و لەمپەرەکانی پاسەوانانی سیستمە کۆنەکە (سوپا و دادگە) واڵاتر بێ.

پارتی داد و گەشەپێدان لە دۆسیەی کێشەی کورددا لە تورکیا، ساڵی ٢٠٠٩ پڕۆژەیەکی بەناوی کرانەوەی دیموکراسی بۆ چارەسەری کێشەی کورد ڕاگەیاند، کە تا ڕادەیەکی باش لەلایەن پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتـەپـە)ی کـوردی تـورکیـا بـەسەرۆکـایـەتیـی ئـەحـمـەد تـورك (ئـەم حزبـە کوردییە لە ١١ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ بەتۆمەتی پێوەندی بەپارتی کرێکارانی کوردستان PKKەوە لەلایەن دادگەی دەستوورییەوە قەدەغە کـرا و لـە جـێی ئـەو پـارتـی کـۆمـەڵـگەی ئـاشتـی و دیموکراسی (بـەدەپـە) بەسەرۆکایەتیی سەڵاحەدین دەمیرتاش لە یەکی شوباتی ٢٠١٠ دامەزرا) و تەنانەت خودی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی بەندکراوی PKKەیشەوە پشتگیریی لێ کرا.

هەر لەسەر داوای ئۆجەلان و بۆ نیشاندانی نیازپاکیی حزبەکەی لە ئاست پڕۆژەی (کرانەوەی دیموکراسی)، لە ١٩ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩، ٣٤ ئـەنـدامـی پـەکـەکـە، کـە ٢٦یـان لـە قـەندیل و ٨ کـەسیشیـان دانیشتووی کەمپی مەخموور بوون، بەناوی کاروانی ئاشتی لە هەرێمی

کوردستانەوە بەرەو تورکیا گەڕانەوە. بڕیار بوو گرووپی سێیەمیش لە پەکەکەی دانیشتووی ئەورووپاوە ڕوو لە تورکیا بکەن. (ئەمانە لە تورکیا قۆڵبەست کران، تا لە ١٩ تەمووز/یۆلیۆی ٢٠١٠ گەڕانەوە مەخموور).

ئەردۆگان بە ڕووی هەرێمی کوردستانیشدا کرانەوەی پێشان دا. لە ٢٩ ئاداری ٢٠١١ سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆ بووەوە و هەمان ڕۆژ کونسوڵگەی وڵاتەکەی لە هەولێر کردەوە. هەروەها لە ٢ حوزەیرانی هەمان ساڵ بە داوەتی ڕەسمیی تورکیا، بۆ یەکەم جار وەك سەرۆکی هەرێم مەسعوود بارزانی و شاندێکی ڕەسمیی هەرێم سەردانی ئەنقەرەیان کرد و لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆ بوونەوە.

لە ٢٠١٠/١/١٦یش بەبەشداریی زیاتر لە ٣٠ میدیاکاری هەرێمی کوردستان و ٣٠ میدیاکار و کەسایەتیی تورکیا، کۆنفرانسێك بۆ قووڵکردنەوەی ئاشتی و پێکەوەژیان لەژێر ناونیشانی "ڕۆڵی میدیا لە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا" لە شاری ئەستەمبۆڵی تورکیا بەڕێوە چوو، کە تێیدا چەندان بابەت لەلایەن هەردوولاوە پێشکێش کران و گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.

بەڵام حزب و کەسایەتییە کوردییەکانی تورکیا پێیان وایە ئەردۆگان جیدی نییە لە چارەسەری کێشەی کورد و لەو دەیان مادەیەی لە پرۆژەی هەموارکردنی دەستووردا، کە لە ڕاپرسییەکەی ڕۆژی ١٢ ئەیلوولی ٢٠١٠ بە ڕێژەی ٥٨٪ دەنگی پێ درا، هیچ مادەیەکی تێدا نییە پێوەندیی بە چارەسەری کێشەی کوردەوە هەبێ. هەروەها حکوومەت لە هەڵمەتی تەنگ پێهەڵچنین و گرتنی چالاکانی کوردی تورکیا بەتۆمەتی پێوەندی بە پەکەکە بەردەوامە. ئەمە جگە لەوەی تورکیا دەستی لە لەشکرکێشی و بۆردمانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هەڵنەگرتووە، کە زیانی

گیانی و ماڵیی بە گوندنشینەکان گەیاندووە، ئەوە بوو لە ٢١-٨-٢٠١١ باڵەفڕێکی تورکی بۆردمانی ئۆتۆمۆبێلی هاووڵاتییەکی لە گوندی (کورتەك)ی سەر بەشارەدێی سەنگەسەر لە بناری قەندیل کرد و بەهۆیەوە هەر حەوت سەرنشینەکەی کوژران کە لە یەك خێزان بوون، کە ژنێك و سێ منداڵیان لەنێودا بوو، تەمەنی یەکێکیان ٦ مانگ بوو، ئەوەیش شەپۆلێکی ناڕەزاییی بەرفراوانی لە شەقامی کوردیدا دروست کرد.

هەروەها لە ٢٨ کانوونی یەکەمی ٢٠١١یش فڕۆکەکانی تورکیا بۆردمانی گوندی ڕۆبۆسکیی سەر بەپارێزگای شرناخی کوردستانی تورکیایان کرد و ٣٤ گوندنشین و کۆڵبەریان کوشت، کە ژمارەیەکیان منداڵ بوون و حکوومەتی تورکیا ڕای گەیاند هێرشەکە بە هەڵە رووی داوە و ئامانج چەکدارانی پەکەکە بووە.

بەڵام لە هەموو بارەکاندا دەکرێ ئەزموونی ئەو حزبە وەك ئەزموونی تەوژمێکی ئاینی-ئیسلامی سەیر بکرێ کە توانیویەتی برەو بەبیرکردنەوەی دەوڵەتییانەی خۆی بدا بەشێوەیەك بتوانێ ئیدارەی سیستمێکی سیاسیی کراوە و عەلمانی بکا.

***

## ئەزموونی دەسەڵاتی ئیسلامییەکانی عێراق

لە عێراقی عەرەبیی دوای سەدام حوسێندا تەوژمی ئیسلامی، بەهەردوو باڵی شیعە و سوننە بە سیاسی و چەکدارییەوە باڵادەستە، شەقامی شیعە دابەش بووە بەسەر چەند رەوتێکی ئاینی و ئیسلامی-سیاسیدا (حزبی دەعوەی ئیسلامی بەهەردوو باڵی ئیبراهیم جەعفەری و نووری مالیکییەوە، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی عەمار حەکیم، رەوتی سەدر بەسەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر و حزبی فەزیلە بەسەرۆکایەتیی هاشم هاشمی)، ئەمە جگە لە وابەستەیی بە مەرجەعیەتە ئاینییەکانی شیعە لە سەروویانەوە ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی. تەنانەت شیعە کورد (کوردی فەیلی) و تورکمانەکانیش تا رادەیەکی زۆر پابەندن بە مەرجەعیەتە مەزهەبییەکەیانەوە نەك بە نەتەوەکەیانەوە.

هەرچی سوننەیە زیاتر سەر بەحزب و دەستە و رێکخراوە ئیسلامییەکانە، لەوانە حزبی ئیسلامیی عێراق کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی دیسەمبەری ٢٠٠٥ لە چوارچێوەی بەرەی تەوافوقدا زۆرترین کورسییەکانی ناوچە سوننییەکانی بەدەست هێنا. هەروەها لەوانە دەستەی زانایانی موسڵمان بەسەرۆکایەتیی شێخ حارس ئەلزاری کە پاش هاتنی ئەمەریکا دروست بوو و دوای چەند ساڵێك حکوومەتی عێراق تۆمەتی پاڵپشتیکردنی تیرۆری دایە پاڵ و عێراقی بەجێ هێشت. ئەمە جگە لەو گرووپە چەکدارییانەی کە لە دژی ئەمەریکا و پرۆسەی سیاسی سەریان هەڵدا، کە بە راست بێ یان بە ناڕاست ناوی ئاینی-ئیسلامییان لە خۆیان نابوو، لەوانە جیهاد و تەوحید (قاعیدە)، سوپای ئیسلامی، سوپای محەمەد، سوپای راشیدین، گرووپی نەقشبەندی، ئەنسار ئەلسوننە.

زەڵمای خەلیلزاد باڵوێزی ئەمەریکا لە عێراق لە نێوان (نیسانی ٢٠٠٥ – ئـاداری ٢٠٠٧)[٢٠] لە برووسکەیەکی نهێنیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژەی بەم باڵادەستییەی تەوژمی ئیسلامی بەسەر دۆخی عێراقی نوێدا کردووە[٢١].

لێرەدا بەلای هەڵسەنگاندنی کاری رەوتە چەکدارییەکاندا ناچین، چونکە وەك پێشتر باسمان کرد ئەوانە بوونە مایەی هەڵساندنی گۆمی خوێن لە عێراق، بەڵام باس لەوانە دەکەین کە لە پرۆسەی سیاسیدان.

مادام تەوژمی ئیسلامی سیاسی لە عێراقی نوێدا باڵادەست و حوکمڕان بێ، کەواتە لە هەموو ئەو کێشە و تەنگژە و کەموکورتی و نائارامی و خراپیی باری گوزەران و گەندەڵی و ناعەدالەتییەیش بەرپرسە کە تا ئێستەیش عێراق بەدەستیانەوە گرفتارە.

ئەو حزب و تەوژمانە هەر لە سەرەتاوە نەیانتوانی لە سیاسەتکردن و ئیدارەی دەوڵەتدا تەجاوزی نەزعە مەزهەبییە تەسکەکە بکەن و لە بریی ببنە ئیسلامیی سوننی یان شیعی، ببنە ئیسلامیی محەمەدی و پێکەوە خاکییانە و پێشمەرگانە و بەرپرسانە، وەك لە رووی تیۆرییەوە باسی دەکەن، شان بدەنە ژێر ئەرکی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی نوێ کە دیکتاتۆر و دوای ئەویش داگیرکردن و پشێویی ئەمنیی پاش هەرەسی رێژیم وێرانیان کردبوو، دواتر ئاساییە لە دۆخێکی ئارام و جێگیردا ململانەی یەکتریش بە شێوازە یاساییەکان بکەن، بەپێچەوانەوە بوون بە فتیلەی هەڵگیرسان و زیندووکردنەوەی دەمارگیریی تەسکی مەزەبی و ئەمیان بوو بەنوێنەری شیعە و ئەویان بە نوێنەری سوننە و بەربوونە گیانی یەکتر. حزبی ئیسلامی و دەستەی زانایانی سوننە، سوپای مەهدی سەر بە رەوتی سەدر و سوپای بەدری سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و وەزارەتی ناوەخۆ کە بەدەست بەیان جەبر زوبێدیی شیعەوە بوو، بەپاکتاوکردنی سوننە

تۆمەتبار دەکرد، ئەوانەی دواییش ئەو دوو لایەنەیان بە پاڵپشتیکردنی تەکفیر و تیرۆریستەکان تۆمەتبار دەکرد.

دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی تاریق هاشمی جێگری سەرکۆماری عێراق لە لیستی عێراقییە بە تۆمەتی تێوەگلان لە کاری تیرۆریستی لە ١٩ تشرینی دووەمی ٢٠١١ لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای دادوەرییەوە، کە هاشمی بە ملکەچکردن بۆ مالیکی سەرۆك وەزیران تۆمەتباری دەکا، بەشێکی بۆ هەندێ رووداو دەگەڕێتەوە کە دراوەتە پاڵ هاشمی لەو کاتەی ئەمینداری گشتیی حزبی ئیسلامیی عێراق بووە پێش لەوەی لە ٢٠٠٩ لەو حزبە جیا ببێتەوە.

ئەو حزبانە بۆ خۆبەهێزکردن لەو ململانە مەزهەبییەدا هەرلایەکیان لەگەڵ بەشێك لە هێزە ئیقلیمییەکاندا بوونە هاوپەیمان، مالیکی و شیعەکان لەگەڵ ئێران و ئیسلامییە سوننەکانیش لەگەڵ سعوودیە و تورکیا، ئەم حاڵەتە بە روونی لە تەنگژەی پێکهێنانی کابینەی دووەمی حکوومەت، کە لە ئاداری ٢٠١١ تا کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ درێژەی کێشا، دیار بوو. حکوومەتەکەی نووری مالیکی لە کاتێکدا لە ٢٠٠٣وەوە پاش رووداني زۆر لە تەقینەوەکان رێژیمی سووریای بەدالدەدانی بەعسییەکان و ئاسانکاری بۆ هاتنە ناوەوەی چەکدارانی عەرەب و ئەنجامدانی هێرشەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان تۆمەتبار دەکرد و لە ٢٠١٠دا کار گەیشتنە کێشانەوەی باڵوێز، کەچی بەپێچەوانەی شەقامی سوننەی عێراقی و عەرەبی، پاش سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی گەلی سووریا دژ بە رێژیمەکەی ئەسەد لە ئاداری ٢٠١١وەوە بوو بەپشتیوانێکی سەرسەختی ئەو رێژیمە و لەگەڵ لبنان تاکە دەوڵەتی عەرەبی بوون دەنگیان بەسزاکانی کۆمکاری عەرەبی دژ بەدیمەشق نەدا، کەچی راشکاوانە پشتگیریی لە خۆپێشاندانی شیعەکانی بەحرێن دەکرد و بەو هۆیەوە پێوەندیی عێراق و وڵاتانی کەنداو تێك چوو.

ئەو حزبانە دوای نۆ ساڵ نەیانتوانی سیستمێکی سیاسیی جێگیر و دیموکراسی بنیات بنێن، کە لەسەر بناغەی هاووڵاتیبوون دامەزرابێ نەك تایفی و هەموو کەس لە بەردەم یاسادا یەکسان بێ، دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ و چاودێریکی بێگەرد و بێلایەن بێ بەسەر حکوومەت و سیستمە سیاسییەکەوە و رێگە لە ستەم و تاکڕەوی و سەرەڕۆیی سیاسی بگرێ، تا ئێستەیش دەسەڵاتی دادوەری لەژێر هەژموونی هێزە سیاسییەکاندایە و لایەنەکانی دەرەوەی بازنە شیعییەکە بە ملکەچی هێزە باڵادەستەکانی دەزانن.

نەیانتوانی سیستمێك بنیات بنێن رێگە نەدا هێزێکی سیاسی بە نەفەسی تاکڕەوانە رەفتار بکا و هەوڵی قۆرخکردنی جومگەکانی دەسەڵات و هەنگاونان بەرەو زیندووکردنەوەی دیکتاتۆرییەت بدا، لە بریی ئەوە دەسەڵات لە رێی سندووقەکانی دەنگدانەوە بەشێنەیی دەستاودەست بکا، بەپێچەوانەوە نووری مالیکی پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٧ی ئاداری ٢٠١٠دا بینی لیستی (عێراقییە)ی ئەیاد عەلاوی بە بەدەستهێنانی ٩١ کورسی بووەتە یەکەم و لیستەکەی ئەو (دەوڵەتی یاسا) ٨٩ کورسیی هێنا و سەرۆکایەتیی حکوومەت لەدەست دەدا، تانەی لە بێگەردیی هەڵبژاردنەکەدا و ئەنجامەکەی رەت کردەوە و بێ گوێدانە ئەنجامەکان رای گەیاند ئەو حکوومەت پێك دێنێ، بەو هۆیەشەوە تەنگژەی پێکهێنانی حکوومەت سەری هەڵدا کە زیاتر لە ٨ مانگ درێژەی کێشا، ئەمە لە کاتێکدا پاش هەڵبژاردنەکە و پێش لەوەی ئەنجامەکان دەرکەون لە لێدوانێکیدا زۆر ستایشی پیشەوەریی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کرد. تەنانەت دادگەی باڵای دەستووریش لەو ملنەدانەی مالیکی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان پشتیوانیی لە مالیکی کرد، ئەویش بەوەی تەفسیری "گەورەترین بارستە"ی ناو پەرلەمان – کە بەپێی دەستوور مافی پێکهێنانی حکوومەتی هەیە– بەو شێوەیە کرد کە ئەو

بـارسـتـەیـەیـە لـەنـاو پـەرلـەمـان پـێك دێ نـەك ئـەوەی لـە هـەڵـبـژاردن بردوویەتییەوە، بەوەیش مافی دەستووریی پێکهێنانی حکوومەتیان لە دەستی عێراقییە هەڵپرووکاند بەوەی هەردوو لیستە شیعییەکە (دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانی) یەکیان گرت و بوون بە خاوەنی ١٥٩ کورسی.

حکوومەتی عێراق نەیتوانی زۆر لە کێشە گرینگەکانی وڵات کە سەرچاوەی نائارامی و کێشەن لەناو پێکهاتە و بارستە سیاسییەکاندا چارەسەر بکا، لەوانە کێشەکانی نێوان کورد و بەغدا لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی تایبەت بەناوچە جێناکۆکەکان (لە کەرکوك و مووسڵ و دیالە)، کێشەی پێشمەرگە و پرسی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم.

نەیتوانی رێککەوتننامەی هەولێر لە ١١ تشرینی دووەمی ٢٠١٠، کە بەهۆیەوە حکوومەت پێك هات بکاتە کۆتا رێکەوتن لە پرسی پێکهێنانی حکوومەتدا، هەر بۆیە حکوومەت بە نیوەچڵی راگەیەنرا و تا ئەم ساتەیش کە زیاتر لە ساڵ و نیوێك بەسەر پێکهێنانی حکوومەتدا تێپەڕیوە هەرسێ وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی بێ وەزیرن و مالیکی خۆی بە وەکالەت بەڕێوەیان دەبا و عێراقییە مالیکی بەخۆدزینەوە لە رێککەوتننامەی هەولێر تۆمەتبار دەکا، ئەوە بوو لە تشرینی یەکەمی ٢٠١١ ساڵح موتڵەگی جێگری سەرۆك وەزیران لە لیستی عێراقییە لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی CNNی ئەمەریکا مالیکی بە "دیکتاتۆر" تۆمەتبار کرد، لە بەرامبەردا مالیکی داوای لە پەرلەمان کرد متمانە لە موتڵەگ وەربگرێتەوە و یەکلایەنەیش لە پۆستەکەی لایدا و بەو هۆیەوە گرژییەکانی نێوان هەردوولا زیادیان کرد.

عێراقییە و هەندێ جار کوردیش لەو بڕوایەدان رەوتی باڵادەست لە عێراق، کە ئیسلامییە شیعەکانن، بەتایبەتتر نووری مالیکی سەرۆك

وەزیران کە دوو خولە سەرۆك وەزیرانە و ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن چاوی لە خولێکی تریش بێ، عێراق بەرەو تاکڕەوی و مەرکەزییەت دەبەن و لە هەوڵی ئەوەدان لە دەسەڵاتەکانی هەرێم و پارێزگاکان کەم بکەنەوە و بۆ مەرکەزی بگێڕنەوە، بەتایبەت لە مەسەلەی نەوتدا، هەر بۆیە بۆ خۆقوتارکردن لەو رووتکردنەوەیە لە دەسەڵات لە ٢٨ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠١١ ئەنجوومەنی پارێزگای سەڵاحەدین و لە ١٢ کانوونی یەکەم/دیسەمبەری هەمانساڵیش ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی عێراقییە بە هەرێمبوونی پارێزگاکانیان راگەیاند و باسی ئەوە هەیە پارێزگای ئەنباریش هەمان پلانی هەیە، ئەمە لە کاتێکدا سوننەکان سەرەتا زۆر دژی فیدراڵیبوونی هەرێم بوون و بە سەرەتای پارچەپارچەکردنی وڵاتیان دادەنا. داواکەشیان، کە دەستوور رێگەی پێ داوە، لەلایەن مالیکییەوە رەت کرایەوە.

ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکانی عێراقی نوێ نەیانتوانی بەر بەگەندەڵی بگرن و عێراق لە سەردەمی ئەواندا بۆ نێزیکەی ١٠ ساڵ لە ریزەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمین گەندەڵترین وڵاتانی دنیادا دێ لە راپۆرتی رێکخراوی شەفافیەتی ناودەوڵەتیدا.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا وێڕای بودجەی زەبەلاحی عێراق (بودجەی ساڵی ٢٠١١ زیاتر لە ٨٠ ملیار دۆلار و هی ٢٠١٢ نێزیکەی ١٠٠ ملیار دۆلار بوو)، هێشتا نەیانتوانیوە کێشەی ئاسایش، بێکاری و هەژاری، هەروەها کێشەی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی وەك ئاو و کارەبا و خوێندن و تەندروستی چارەسەر بکەن، بەڵام تا ئێستەیش کار بەیاسایەکی گەندەڵ دەکەن کە پول بریمەری حاکمی مەدەنیی ئەمەریکا لە ٢٠٠٣ دایناوە، بەو پێیە ئەندامانی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق بە مانگانەی ٤٠ هەزار دۆلار و وەزیر و پەرلەمانتارەکانیش بە نێزیکەی ١٠

هەزار دۆلار خانەنشین دەکرێن و پارەیەکی زۆری وڵات لە کەرتێکی بێ مانای لەو شێوەیەدا بەفیڕۆ دەچێ. تا ئەم ساتە ژمارەیەك لە سەرکردە ئیسلامییەکانی عێراق (بە شیعە و سوننەوە) لەو خانەنشینییە سوودمەندن، لەوانە: حاچم حەسەنی، مەحموود مەشهەدانی، ئەیاد سامەڕائی، خالید عەتیە. باسی ئەوە هەیە لەم دواییەدا ئەو یاسایە هەموار کرا بێ و مووچە و خانەنشینییەکە کەم کرابێتەوە.

## ئەنجام

وەك لەم بابەتەوە روون بووەوە، هێز و حزب و حکوومەتەکانی ئیسلامی سیاسی وەك هەر هێزێکی تری ئاسایی شتی باش و شتی خراپیشیان بووە. هەندێ شتیان رەنگە زۆر باش و هەندێ شتیشیان زۆر خراپ و ترسناك بێ، بەڵام لە هەموو بارەکاندا لەو خوێندنەوەیە بەو ئەنجامە بەراییە دەگەین کە ئەو گرووپانە نە فریشتەن – وەك خۆیان ئاماژەی وا بە دەرەوە دەدەن– و نە شەیتانیشن – وەك هەندێ لە نەیارانیان وایان وێنا دەکەن. بگرە مرۆڤن و پڕۆژەکەشیان پڕۆژەیەکی بەشەرییە. هەر بۆیە وەك هەر ئەزموونێکی بەشەری سەرکەوتن و شکست، هەروەها سوود و زیانی بۆ کۆمەڵگە هەیە. لەم روانگەوە دەبێ خۆیان و دەوروبەرەکەشیان بەم چاوەوە لێیان بڕوانن، چەندە بتوانن بە ئاراستە پۆزەتیڤەکەدا هەنگاو هەڵگرن و پێشڕەوی بکەن هێندە جێ دەگرن و پێش دەکەون، چەندەیش بە دیوە نێگەتیڤەکەدا خلۆر ببنەوە، هێندە بەرەو داهێزران و شکست و پووکانەوە و لەناوچوون دەچن.

## رۆئاوا و سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی

تا رووداني هێرشەکانی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئەمەریکا و رۆئاوا بەگشتی بەتوندی بەرەنگاریی هاتنە سەر دەسەڵاتی هێزەکانی ئیسلامی سیاسییان دەکرد، بۆ ئەو مەبەستەیش پشتیوانیی حاشاهەڵنەگریان لە رێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە دەکرد.

هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر واشنتۆن و نیویۆرك، بەرپرسانی واشنتۆنی راچڵەکاند و بوو بەخاڵێکی وەرچەرخان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا، چونکە ئیدارەی ئەمەریکی ئەو بڕوایەی لا دروست بوو کە هۆکاری رووداني ئەو پەلامارانە بۆ پشتگیریکردنی بێ قەیدوشەرتی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ رێژیمەکانی ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست، کە بەزەبری ئاگر و ئاسن تەمەنی خۆیان درێژ دەکەنەوە و رێگە بە هێزە نوێیەکانی شەقام – کە تەوژمی ئیسلامی دیارترینی ئەو هێزانەیە– نادەن گوزارشت لە خۆیان بکەن و جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، ئەوەیش هەستێکی قووڵی دژ بەئەمەریکای لە شەقامە عەرەبی و ئیسلامییەکەدا دروست کردووە، بەتایبەت کە واشنتۆن پاڵپشتێکی ستراتیجیی سیاسەتەکانی ئیسرائیلیشە، سەرەنجام ئەو تووڕەییە لە شێوەی پەلاماری تیرۆریستیدا دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا خۆی دەنوێنێ کە بە هۆکاری سەرەکیی هێز و مانەوەی رێژیمەکانی دەزانن.

ئەمەریکا رێگەی بە رێژیمی سەدام دا ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و شیعەکانی باشوور لە ساڵی ١٩٩١دا سەرکوت بکا تا رێگە ببڕێتەوە لەوەی حزبە ئیسلامییە عێراقییەکان لە بەغدا دەسەڵات بگرنە دەست.

هەر لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵدا رۆئاوا بەگشتی پێشوازیی لە لەباربردنی سەرکەوتنەکەی بەرەی ئینقازی ئیسلامیی جەزائیری کرد، کە

زیاتر لە ٨٠٪ی دەنگەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەو وڵاتەی بەدەست هێنابوو، فرەنسا هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازیی کرد ئەگەر بێتو بەرەی ئینقاز بێتە سەر حوکم.

دوای ئەوەی پارتی رەفاهی ئیسلامی- تورکیا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیادا لە ١٩٩٦دا زۆرینەی بەدەست هێنا و حکوومەتی پێك هێنا، زۆری نەبرد دادگەی دەستووریی تورکیا بەتۆمەتی هەڕەشەکردن لە سیستمی عەلمانیی تورکیا پارتی رەفاهیی هەڵوەشاندەوە، دواتر حزبی فەزیلەیشی هەڵوەشاندەوە کە لەسەر داروپەردووی رەفاه بەهەمان تۆمەت هەڵوەشاندەوە. ئەمەریکا و یەکەتیی ئەورووپا نەك دژ بەو دوو بڕیارە نەوەستان، بگرە پێشوازییان لێ کرد.

بەڵام دوای ١١ی سێپتەمبەر واشنتۆن سیاسەتێکی نوێی گرتە بەر، بۆ جوانکردنی سیما و ناوبانگی خۆی لە جیهانی ئیسلامیدا، ئەویش لە رێی راگەیاندنی پڕۆژەی رۆهەڵاتی نوێ و کرانەوەیەکی زیاتر بە رووی هێزە ئۆپۆزسیۆنە میانڕەوەکاندا، کە بزاوتە ئیسلامییەکان هێزی سەرەکی پێك دێنن، هاوکات پاڵەپەستۆ خستنەسەر رێژیمەکان بۆ کرانەوە و ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسی.

رووخاندنی رێژیمی تاڵیبان و سەدام حوسێن لەلایەن ئەمەریکاوە لە ماوەیەکی پێوانەییدا، سەرانی ئەو رێژیمانەی وریا کردەوە لەوەی ئەگەر ملکەچی شەپۆلی چاکسازی و دیموکراسیزەکردن نەبن چارەنووسیان لە رێژیمەکەی مەلا عومەر و سەدام حوسێن باشتر نابێ. بەتایبەت کە زانییان وا ئیتر ناتوانن بە بەرزکردنەوەی دروشمی "ئیسلامۆفۆبیا" درێژە بە پشتگیریکردنی ستراتیجیی واشنتۆن بدەن. ئەوە بوو لە کۆتاکانی ٢٠٠٣دا موعەممەر قەزافی خۆبەخشانە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئاشکرا

کرد و سەرجەم کەرەستەکانی رادەستی واشنتۆن کرد. قەزافی راشکاوانە گوتی "ئەگەر وا نەکەین دەمانشێلن".

لە میسر بەهۆی ئەو پەڕاوێزە ئازادییەی هەڕەشە جیدییەکانی ئەمەریکا بۆ رژێمەکان هێنایە کایە، ئیخوان موسلیمینی میسر توانییان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی میسردا لە ساڵی ٢٠٠٥ لە کۆی ٤٤٠ کورسیی پەرلەمان ٨٨ کورسی بەدەست بێنن.

هەروەها لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی فەڵەستیندا لە ٢٠٠٦دا بزووتنەوەی حەماسی ئیسلامی لە کۆی ١٣٢ کورسیی ئەنجوومەنی یاسادانان بزووتنەوەی حەماس ٧٦ کورسیی بەدەست هێنا، کە بلەرزەیەك بوو بۆ خۆی و مەحموود عەباسی سەرۆکی دەسەڵاتی فەڵەستینیش بەبێ سڵەمینەوە حەماسی بۆ پێکهێنانی حکوومەت راسپارد. ئەوە لە نەوەدەکاندا لە موحەڕەمات بوو.

لە حاڵەتە تورکییەکەیشدا، ئەمەریکا و ئەوروپا کە پێشتر دژ بەبالادەستیی حزبە نیوچە ئاینییەکان بوون، لە ئاست سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا بەسەرۆکایەتیی رەجەب تەیب ئەردۆگاندا لە ساڵی ٢٠٠٢ بێدەنگییان هەڵبژارد و تەنانەت دوای ئەوەیش پەرلەمانی تورکیا رازی نەبوو هێزەکانی ئەمەریکا لە تورکیاوە داخلی عێراق ببن بۆ هێرشکردنە سەر رژێمی سەدام لە ٢٠٠٣دا، واشنتۆن کاری بۆ رووخاندنی دەسەڵاتەکەی ئەردۆگان نەکرد.

لە عێراقیش واشنتۆن نەك رێگری لە هاتنە سەر کاری حزبە ئیسلامییەکان نەکرد، وەك لە ساڵی ١٩٩١دا کردی، بگرە بوو بەیەکێك لە هاوپەیمانە گەورەکانی حزبە ئیسلامییەکان بە شیعە و سوننەوە. ئەوە بوو لە هەریەك لە ئەنجوومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی محەمەد باقر ئەلحەکیمی کۆچکردوو، حزبی دەعوەی ئیسلامی

بەسەرۆکایەتیی ئیبراهیم جەعفەری، حزبی ئیسلامیی عێراقی بە سەرۆکایەتیی موحسین عەبدولحەمید و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە یەکەم یەکەی ئیداریی دوای رووخانی رێژیمدا (ئەنجوومەنی حوکم) کە پۆل بریمەری حاکمی مەدەنیی ئەمەریکا لە عێراق لە ۲۰۰۳دا پێکی هێنا، بەشدارییان کرد و تا ئێستەیش ئەوان بڕبڕەی پشتی حکوومەتن.

بەم پێیە ئەمەریکا ئەو حەساسیەتەی نەما کە جاران لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان هەیبوو و گەیشتە ئەو باوەڕەی دەکرێ گرووپە میانڕەوەکانی ئەو تەوژمە بێنە دەسەڵات و لە هەمان کاتدا دۆستی واشنتۆنیش بن و مەرج نییە هەمان تەجروبەی ئێران دووبارە بکەنەوە، بەوە هەم وێنەی ئەمەریکا لە شەقامە ئیسلامییەکاندا گۆڕانی ئیجابیی بەسەردا دێ و هەم بەرژەوەندییەکانیشی پارێزراو دەبن.

بەڵام شکستی سیاسی و سەربازیی ئەمەریکا لە عێراق و درێژەکێشانی شەڕەکە تا ۱٦ کانوونی یەکەمی ۲۰۱۱ کە سوپای ئەمەریکا بەتەواوی لە عێراق کشایەوە و لەو ۸ ساڵ و نیوەیدا لە عێراق نێزیکەی ٤٥۰۰ سەربازی ئەمەریکا کوژران و زیاتر لە ۳۰ هەزار بریندار بوون، هەروەها مەترسیی ئیدارەی ئەمەریکا لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی عێراق و ئەفغانستان لەگەڵ رێژیمەکانی تری ناوچەکەدا (کە جگە لە زیانە گیانییەکانی نێزیکەی نیو تریلیۆن دۆلاریش خەرجی ئەو دوو شەڕە بووە)، وای کرد سەرانی ئەو رێژیمانە ورەیان تێ بکەوێتەوە، بەتایبەت کە ئەمەریکا دەستەوەدامانی ئەو رێژیمانە دەبوو تا رۆڵ ببینن لە هێورکردنەوەی دۆخی عێراقدا. هەر بۆیە کەوتنەوە گژبەریکردنی رۆهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ شکستی هێنا". دەسەڵاتدارانی میسر وەك گژبەرییەك بۆ یەکەمین جار لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تشرینی دووەمی ساڵی ۲۰۱۰ رێگەیان نەدا هیچ چاودێرێکی نێودەوڵەتی چاودێریی هەڵبژاردنەکە بکا، سەرەنجامەکەیشی ئەوە بوو حزبی دەسەڵاتدار زۆرینەی هەرە زۆری

کورسییەکانی بەدەست هێنا و حزبە بەرهەڵستکارە خاوەن قورساییەکانی وەك وەفد و ئیخوان دوای ساختەکارییەکانی خولی یەکەم لە بەشداریکردنی خولی دووەم کشانەوە و حزبی نیشتمانیی دەسەڵاتداریان بەئەنجامدانی ساختەکاریی ئابڕووبەر" تۆمەتبار کرد و پەرلەمانی نوێیان بە ناشەرعی لە قەڵەم دا. دوای ئەو ئەنجامەیش واشنتۆن لەژێر ترسی گرێی عێراقدا هەڵوێستێکی سەختگیرانەی بەرامبەر ئەو سەرکێشییەی قاهیرە دەرنەبڕی.

لە ١٧ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ٢٠١٠دا بە خۆسووتاندنی محەمەد بوعەزیزی سەوزەفرۆشی تونسی، تسۆنامیی راماڵینی رێژیمە عەرەبییەکان هەڵی کرد و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا سەرسەختترین دەسەڵاتی عەرەبی راماڵی (رێژیمی زەینولعابدین بن عەلی). هێشتا چلەی بوعەزیزی نەچووە وا تسۆنامییەکە میسریشی گرتەوە و بەدوای ئەودا وەك ئاگرێك لە پووش و پەڵاشی هاوین بەربووبێ، راپەڕینی جەماوەری وڵاتانی یەمەن و بەحرێن و جەزائیر و مەغریب و ئوردن و لیبیا و سووریا و عێراق و تەنانەت کوێت و سعوودیەیشی گرتەوە.

بەپێچەوانەی سیاسەتە کلاسیکییەکەی رۆئاوا لە سەدەی بیستەمدا، دوای پەرەسەندنەکانی میسر، هەر زوو کۆشکی سپی هاتە سەر خەت. ئەگەرچی موبارەك هەوڵی دەدا واشنتۆن بە تارمایی ئیخوان موسلیمین بترسێنێ، بەڵام واشنتۆن ئەو ترسەی پێوە دیار نەبوو، هەر بۆیە پشتی شەقامی گرت و داوای کرد توندوتیژی دژ بەخۆپێشاندەران بەکار نەیەت و لەگەڵ پەرەسەندنی رووداوەکانیشدا واشنتۆن زمانی دژ بە موبارەك توندتر کرد و سەرەنجام داوای لە موبارەك کرد دەسەڵات بەجێ بێڵێ.

لە راپەڕینەکانی وڵاتانی تری عەرەبیشدا واشنتۆن و وڵاتانی ئەوروپایی پشتیوانییان لە خۆپێشاندەرانی شەقام کرد. لە لیبیا

موعەممەر قەزافی زۆر هەوڵی دا رۆئاوا بە بوعبوعی قاعیدە بترسێنێ تا پشتی نەگرن، بەڵام بەپێچەوانەی ویستی ئەوانەوە جووڵانەوە و یارمەتیی شۆڕشوانەکانیان دا تا توانییان رژێمی قەزافی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١١دا بڕووخێنن.

رۆئاوا هەمان هەڵوێستی پاڵپشتیشی هەبوو لە راپەڕینەکانی یەمەن و سووریا، ئەگەرچی پاڵپشتییەکە نەگەیشتە ئاستی یارمەتیی سەربازی.

دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی تونس و مەغریب و میسر کە ئیسلامییەکان زۆرینەیان تێدا بەدەست هێنا، ئەمەریکا و ئەورووپا هیچ نیگەرانییەکیان پێشان نەدا، بگرە رایان گەیاند کە پراگماتییانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەنجامانە دەکەن و دەبێ چاوەڕوان بین تا بزانین ئەو گرووپانە بە کردەوە چۆن رەفتار دەکەن.

لە کاتی هەڵبژاردنەکەی مەغریبدا هیلاری کلنتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، کە پێشوەخت پێشبینیی سەرکەوتنی ئیسلامییەکان دەکرا، پیرۆزباییی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەی لە مەغریبییەکان کرد و داوای لە پەرلەمانی نوێ و کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەو وڵاتە کرد، لەگەڵ شا محەمەدی شەشەم کار بۆ جێبەجێکردنی دەستووورە هەمواركراوەکە بکەن بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی گەلی مەغریب.

هەروەها ئامادەییی وڵاتەکەی پێشان دا بۆ کارکردن لەگەڵ پەرلەمانی نوێ "لە پێناو بەهێزکردنی دەسەڵاتی یاسا و بەرزکردنەوەی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و شەفافییەت و هەنگاو هەڵگرتن بەرەو چاکسازیگەلێکی دیموکراسییانەی بەردەوام".

پاش دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، کە حزبی داد و گەشەپێدانی ئیسلامی (کە لە خولی پێشووی پەرلەماندا ٤٧ کورسیی هەبوو) بە بەدەستهێنانی ١٠٤ کورسی لە کۆی ٣٩٥ کورسیی پەرلەمان زۆرینەی

بەدەست هێنا، مارك تۆنەر گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا گوتی ″پێویستە چاوەڕوان بین و ببینین ئەم حزبە لە واقیعدا چۆن کار دەکا، ئەو شتانە چین بە ئاشکرا دەیانڵێ و چۆن مومارەسەی دەسەڵات دەکا″.

تۆنەر گوتی ″ئەو ناوەی هەر حکوومەت یان حزبێك هەڵی گرتووە بایەخی کەمترە لەوەی دەیکا، گرینگ ئەوەیە بزانین ئاخۆ لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی ڕێساکانی دیموکراسیدا کار دەکا یان نا″.

هەروەها لە ١٨ی کانوونی دووەم/یەنایەری ئەمساڵیش ئان پاترسۆن باڵوێزی ئەمەریکا لە قاهیرە سەردانی بارەگای سەرەکیی ئیخوان موسلیمینی میسری لە موقەتەم کرد و لەگەڵ محەمەد بەدیع مورشیدی گشتیی ئیخوان کۆ بووەوە و دواتر وێنەیەکی دۆستانەیشیان بۆ یادگاری گرت و لە میدیاکان بلاو بووەوە.

بەم پێیە بەستەڵەکی زستانی پێوەندییەکانی ڕۆئاوا و ئیسلامی سیاسی توایەوە و ئێستە ڕۆئاوا دۆستی ئیسلامییەکانە، هەر لە عێراقەوە بیگرە تا تورکیا و تا دەگاتە حزب و دەسەڵاتە ئیسلامییە نوێکانی تونس و میسر و مەغریب و لیبیا.

تا ئێستە ئەمەریکا بەینی تەنیا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و حزبوڵلای لبنان و حەماسی ئیسلامیی فەڵەستین نائاسایی و گرژە، ئەویش شتێکی زیاتر تاکتیکییە و دەکرێ چارەسەر بکرێ. ئاخر سەرکردەکانی ئێران و سەرکردە شیعییەکانی عێراق هەمان فیکر و باکگراوندی ئیسلامییان هەیە و هاوپەیمانی ستراتیجیی یەکن، بەلام لە کاتێکدا زۆربەی حزبە ئیسلامییە شیعەکانی عێراق بە ئاشکرا دۆست و هاوپەیمانیی ئەمەریکان، کەچی ئێرانییەکان و حزبوڵلای لبنانی کەوتوون بە ڕقدا و سوورن لەسەر لێدانەوەی قەوانەکەی هەشتاکان لە وەسفکردنی ئەمەریکا بە ″شەیتانی گەورە″ و ″ئیستیکباری عالەمی″ و

بەرزکردنەوەی دروشمی "مرگ بر امریکا".

کەواتە مەسەلەکە عەقیدەی ئیسلامی و (وەلا و بەرائـ)ی دینی و شەڕی (کوفر و ئیمان) و (ئیستیزعاف و ئیستیکبار) نییە، بگرە زیاتر گەمەیەکی سایکۆلۆجی و سیاسیی رووتە. هەرچی هەڵوێست لە حەماسە، مەسەلەکە پێوەندیی بە داننان بە ئیسرائیلدا هەیە، ئەگینا ئەمەریکا هەر لەو کاتەی لە ٢٠٠٦دا قایل بوو حەماس بەشداریی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی فەڵەستین بکا و دوای سەرکەوتنی حکوومەتیش پێك بێنێ، بەڵگەی ئەوەیە کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ حەماس نییە[٢٢].

## شۆڕش و دیکتاتۆرییەت

سەرۆك و ڕێژیمەکانی وڵاتانی عەرەبی بەزۆری لە ڕێی کودەتا و شۆڕشەوە هاتوونەتە سەر دەسەڵات، یاخۆ لانی کەم میراتگری دەسەڵاتێکن کە بەو شێوە دەسەڵاتی وەرگرتووە. واتە ئەوان سەرەتا خەباتکار و شۆڕشگێڕی نیشتمانی و هەڵگری شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و خەباتی نیشتمانی بوون و لە بنەڕەتدا ئەو سەرۆك و حزبانە بۆ چاکسازیکردن لە سیستمی سیاسی و ئیداریی دەوڵەتدا هاتوون، کە بەرقەرارکردنی ئازادی و دیموکراسییەت و خۆشگوزەرانی ئامانجی هەر شۆڕشێکی ئازادیخوازین، حزبی بەعس دروشمی (ئازادی) بەرز دەکاتەوە، حزبەکەی زەینولعابدین ناوی حزبی (نیشتمانی...) بوو، حزبەکەی موبارەك ناوی (حزبی نیشتمانیی دیموکراسی) بوو، قەزافی شۆڕشەکەی ناو نابوو شۆڕشی فاتیح، واتە رزگارکەر و پێی وابوو کتێبە سەوزەکەی ئازادی و دیموکراسیی راستەقینە بەرجەستە دەکا. ئەو ڕێژیمانە تا دوا ساتەکانی رووخانیشیان، بە راستییان بووبێ یان بۆ فریودان، پێداگرییان لەوە دەکرد ئەوان عاشقی دەسەڵات و کورسی نەبوون و نین تەمەنیان لە خزمەتکردنی نیشتمانەکەیاندا خەرج کردووە.

بەڵام ئەوان ئەو راستییەیان لە بیر یاخۆ فەرامۆش کرد کە مەنتیقی شۆڕش قۆناغێکە و دەبێ لەگەڵ گەیشتن بە دەسەڵاتدا، لەسەر رەفەی مێژوو دابنرێ و بە مەنتیقی دەوڵەت و هاووڵاتی کار بکرێ، ئەگەر شتێك لەو مەنتیقە شۆڕشگێڕییە بۆ قۆناغی دەوڵەت بەکار بێ، ئەوە برێتییە لەو گیانە پێشمەرگانە و لەخۆبوردوانە و خاکییەی لە کەسی شۆڕشگێڕدا هەیە، کە بۆ هەموو قۆناغێك گرینگە.

بەدەربڕینێکی تر دەبێ دەوڵەت شۆڕش بەسەر شۆڕشدا بکا، ئەگینا رۆژ

بە ڕۆژ شۆڕشگێڕان بەرەو دابڕان لە جەماوەر و شەقام دەچن و لە کۆتادا دیکتاتۆرییەت بەرهەم دێننەوە، کە ئاکامەکەی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشێکی نوێ دەبێ کە شۆڕشە ساختە یاخۆ لە ڕێ ترازاوەکە رادەماڵێ، وەك ئەوەی لە ئەزموونی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو و بلۆکی سۆسیالیستشیدا بینیمان.

هەر بۆیە شۆڕشوانان دەبێ سووتەمەنی بن بۆ خزمەتکردنی گەلانیان، یان لانی کەم نەبن بە کوانووی سووتاندنی گەلانیان، هەر بەو شێوەیەش تا دەمرن جێی ڕێز و ستایشی گەلانیان دەبن. خۆ ئەگەر شۆڕش ببێتە ئامراز و پلیکانە بۆ دەستگەیشتنی کۆمەڵێك سیاسی بەدەسەڵات بەمەبەستی قۆرخکردن و گەندەڵی و چەوساندنەوەی گەل، ئەوا زوو یان درەنگ باجی ئەو ناپاکییە لە شۆڕش و گەل دەدەن و لە بریی ستایش، دەکەونە بەر نەفرەتی گەلانیان. سەیری کۆتایی نیلسۆن ماندێلای سەرۆکی پێشووی باشووری ئەفریقیا و و کۆتاییی هەریەك لە شای ئێران و سەدام حوسێن و زەینولعابدین بن عەلی و موعەمەر قەزافی و حوسنی موبارەك و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بکە. ماندێلا (١٩١٨-..) ٢٦ ساڵ لە بەهاری تەمەنی لە خەباتی لە پێناو گەلەکەی و نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی لە زیندانـدا بەسەر برد، کاتێ لە ١٩٨٩یش ئازاد کرا و لە یەکەم هەڵبژاردندا لە ١٩٩٤ بوو بەسەرکۆماری باشووری ئەفریقیا، تەنیا ٦ ساڵ لە دەسەڵاتدا مایەوە (ئایاری ١٩٩٤- حوزەیرانی ٢٠٠٠) و خۆویستانە دەستبەرداری پۆستەکە بوو، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٩٣ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی پێ بەخشرا و تا ئێستەیش جێی ڕێزی گەلەکەی و گەلانی دنیایشە. ئەوەیش ئاخرشەڕیی دیکتاتۆرەکان کە بەو دیمەنە سامناك و ئابڕووبەرانەیە گەیشتن.

شای ئێران دۆستە دێرینەکانی پشتیان تێ کرد و بەبێنازی لە پەنابەریدا سەری نایەوە. سەدام کوڕە بەناز و دەستڕۆیشتووەکانی کوژران

و ماڵ و منداڵەکانی پەراگەندە و پەناهەندەی وڵاتان بوون و خۆیشی دوای زنجیرەیەك دیمەنی ناو قەفەسی دادگە لەدار درا. زەینولعابدین بە پەلەپڕووز لە وڵات هەڵات و بەکزی لە سایە و سێبەری شای سعوودیەدا کسکۆڵەی کردووە، دادگەی وڵاتەکەیشی بەتۆمەتی کوشتنی هاووڵاتییان و بەفیرۆدانی سامانی وڵات بەغیابی دادگەیی خۆی و لەیلا تەرابلوسی هاوسەری و خزمە دەستڕۆیشتووەکانی کرد. موبارەك دوای لەکارلادانی لە رووی دەروونی و جەستەیییەوە هەرەسی هێنا و لەسەر پشتی قەرەوێڵەیەك و بەپاڵکەوتوویی و دەست لە کونەلووت، بە بەرچاوی زوومی کامێراکانی دنیاوە لە قەفەسی دادگەدا لەگەڵ جەمال و عەلای کوڕی و نەبیل عادلی وەزیری ناوەخۆی رێژیمەکەیدا وەستێنران. قەزافی و موعتەسەمی کوڕی دوای بەدیلگرتنیان لە دیمەنێکی ئابڕووبەر و دڵتەزێندا لەلایەن گەلەوە هەتك کران و بە ئەشکەنجە کوژران. عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بەهۆی ئەو مووشەکەی بەر کۆشکەکەی کەوت جەستە و روومەتی بوو بە پارچەیەك خەڵووز و تا سێ مانگ کەڵکی ئەوەی نەبوو لە تەلەڤزیۆن دەربکەوێ و تا ئێستەیش هەر خەریکی چارەسەرە. گەر دۆخی سووریا بەو شێوەیەی ئێستە بەردەوام بێ چارەنووسی بەشار ئەسەدیش لەوانەی پێشوو باشتر نابێ.

ئاخۆ ئەوە پاداشت و ئاکامی ئەو سەرکردانە دەبوو کە شۆڕش لە پێناو گەلانیاندا دەکەن، ئەگەر بێتو بەعەقڵیەتی شۆڕشگێڕی و تۆتالیتاری حوکمڕانییان نەکردایە؟

## که زۆر هات قەواڵە بەتاڵە!

ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و حزبە دەسەڵاتگەراکان خەڵك و گەل بەمێگەلێکی بێ ئیرادە دەزانن کە شوانێك بە گۆچانی دەستییەوە دەیانداتە بەر خۆی و بۆ کوێی بیەوێ و چۆنی بوێ لێیان دەخوڕێ، نان و ئاویان دەداتێ یان نایانداتێ، نە بۆیان هەیە ملەجوڕێ بکەن و نارەزایی دەرببڕن، نە بۆشیان هەیە رەخنە بگرن و داوا لە شوانە بکەن سیاسەتی بەرامبەریان بگۆڕێ، چونکە شوانەکە عاقڵ و دانایە ئەوان ئاژەڵ و بێ ئاوەز، خۆ ئەگەر کەمترین سەرکێشی بکەن بەگۆچان شین و مۆریان دەکاتەوە.

ئەوان بە سوودوەرگرتن لە ململانەی رۆهەڵات و رۆئاوا لە سەردەمی جەنگی سارد و دواتریش بە سوودوەرگرتن لە ترسی رۆئاوا لە ئیسلامۆفۆبیا، بۆ دەیان ساڵ دەستیان لە بینەقاقای گەلانیان گیر کردبوو، هەر جموجۆڵێکی نارەزاییان بەناوی هەرەشەکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی و ئەمنیی دەوڵەت سەرکوت دەکرد. هەر بۆیە ئەو ڕێژیمانە بە ئەرکی خۆیانیان نەدەزانی کەمترین چاکسازی لە سیستمی سیاسیی وڵاتدا بکەن، کە دەرگا بە رووی ئازادی و بەشداریکردنی هاووڵاتی لە چاودێریکردنی دەسەڵات و دروستکردنی بڕیاری سیاسی و گۆڕینی حزب و بنەماڵە و کەسی حوکمڕان بکاتەوە.

گەل چەندە لە رووی هۆشیاریی سیاسییەوە لەپاش بێ، حزبی ئۆپۆزسیۆنی پێشرەوی نەبێ کە لە گەندەڵی و ستەمکارییەکانی دەسەڵات هۆشیاری بکاتەوە، بەڵام هێندە هەستی خۆرسکی هەیە دەرك بە قورسایی و ئامازەکانی ستەمکاری و گەندەڵی بکات ئەوەیش لە پرتە و بۆڵەی ژێرلێوەوە دەست پێ دەکا و تا دێ کەڵەکە دەبێ و جامی تووڕەیی کۆهەستی خەڵك پڕ دەبێ، سەرەنجام لە دەرفەتێکدا بە رووی دەسەڵاتە

ستەمکارەکەدا دەتەقێتەوە. چەندەیش بواری هەناسەدان کەمتر بێ زووتر جامەکە پڕ دەبێ، بەپێچەوانەشەوە. ئەمە یاسای مێژووە و بە روونترین شێوە لە ئەزموونی ڕێژیمە عەرەبییەکانی ئەم ناوچەیە لە ساڵی ٢٠١١دا دەردەکەوێ.

لە وڵاتانی میسر و جەزائیر و سووریا دەیان ساڵە باری نائاسایی ڕاگەیەنراوە و لە سایەی ئەو دۆخەدا دەسەڵاتداران بەبێ سڵەمینەوە هەر دەنگێکی ناڕەزایییان سەرکوت و دەستەمۆ کردووە و وەك خیانەتێکی گەورە مامەڵەیان لەگەڵ هەر هەوڵدانێك بۆ گۆڕینی دەسەڵات کردووە و بێ دوودڵی لە هەر جموجۆڵێکی لەو جۆرەیان داوە. ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆبەخۆ بیریان لەوە نەکردەوە ئەو باری نائاساییە هەڵگرن، دەرفەتی یەکسان بۆ ململانەی هێزە سیاسییەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات بڕەخسێنن، چاکسازیی سیاسی و ئابووری بکەن، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بێننە کایە و ڕێگە لە قۆرخکاری و گەندەڵیی سیاسی و دارایی و ئیداری ببڕنەوە.

زەینولعابدین بن عەلیی سەرۆکی لادراوی تونس دوای ٢٣ ساڵ و کاتێ پەتەکە گەیشتە ملی بەخەڵکی وت "لێتان تێگەیشتم". حوسنی موبارەکی میسر دوای ٣٠ ساڵ و کاتێ بەردەرگای پێ گیرا ئەنجا بڕیاری دا جێگرێك بۆ خۆی دابنێ و خۆی بۆ خولێکی نوێ کاندید نەکاتەوە و جەمالی کوڕی کاندید نەکا و دەستوور هەموار بکا تا کەسانی تر توانای ڕکابەریکردنیان هەبێ، قەزافیی لیبیا دوای ٤٢ ساڵ تاکڕەوی و خۆبەبتکردن، دوای ئەوەی شۆڕشگێڕان خۆیان بۆ هەڵکوتانە سەر تەرابلوسی پایەتەخت ساز کرد بیری کەوتەوە دەستوور هەموار بکا و هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجام بدا و داوای گفتوگۆ لە ئۆپۆزسیۆن بکا. عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی یەمەن دوای زیاتر لە ٣٢ ساڵ و دوای ئەوەی تەوژمی ناڕەزایی تەنگی پێ هەڵچنی ئینجا دەڵێ باوەڕم بە میراتگری نییە و خۆم

بۆ خولێکی تری سەرۆکایەتی کاندید ناکەمەوە، هێشتایش موزایەدەی دەستپاکی بەسەر گەلەکەیەوە دەکرد و دەیگوت ئامادەم دەسەڵات بۆ کەسێکی دەستپاك بەجێ بێڵم، وەك ئەوەی خۆی گومان لە ئەمانەتیدا نەبێ.

بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا، دوای نێزیکەی نیو سەدە حوکمی بنەماڵەیی و تەنیا دوای ئەوەی خۆپێشاندانەکان بۆ گۆڕینی رێژیم بە بەرفراوانی ئەوێیشی گرتەوە، بڕیاری چاکسازی دەدا، حکوومەت هەڵدەوەشێنێتەوە، مووچە زیاد دەکا و دەستوور هەموار دەکا[٢٣].

شا عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیزی شای سعوودیەیش کە بۆ سەدەیەك دەچێ بنەماڵەکەی تاکڕەوانە و دوور لە هەر سیمایەکی دیموکراسییانە حوکمی ئەو وڵاتە دەکەن و دەرگەی هەر کرانەوە و گۆڕان و گوێگرتنێك بۆ دەنگی شەقامیان لە خۆیان و گەلەکەیان داخستووە، ئەویش ترسی لێ نیشتووە و بۆ رێگرتن لەو شەپۆلی نارەزاییيەی شەقامی عەرەبی و ناوچەکەی گرتەوە، لە ١٨ ئاداری ٢٠١١ بە جارێك ٢٠ بڕیاری شاهانەی بۆ چاکسازیی ئاینی و ئیداری و دارایی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بەمەبەستی هێورکردنەوەی خەڵك دەرکرد[٢٤].

شا عەبدوڵڵای دووەمی شای ئوردنیش بەهەمان شێوە.

لە رابردوودا دەیان و سەدان خۆپێشاندانی نارەزایی لەو وڵاتانەدا کراون، بەڵام هیچیان نەك جێیان بە رێژیم لەق نەکردووە، بگرە هێندە مەترسییان دروست نەکردووە کە رێژیم ناچاری چاکسازیکردن بکەن، بەڵام ئەم شەپۆلەی دوایی کە بە "بەهاری عەرەبی" ناسرا شەپۆلێکی جیاوازە، لەگەڵ خۆیدا سامێکی بێ پێشینەی بۆ دەسەڵاتەکان هەڵگرتووە، رێك وەك تسۆنامییەك ناوچەکەی گرتووەتەوە و هەموو لۆجیکە باوەکانی پێشتری لە زیانی دەسەڵاتەکانی ناوچەکە قڵپ کردووەتەوە، لەوانە

لۆجیکی باڵادەستیی زۆرینە و باسکی بەهێز، لۆجیکی دانوستاندن و ڕێککەوتنی نێوان لایەنە ناکۆکەکان لە کاتی تەنگژەکاندا، لۆجیکی تۆمارکردنی سەروەریی مێژوویی و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان.

هێز و سامی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییەی هەر وڵاتێك تەنیا برێتی نییە لە هێزی فیزیکیی ئەو دەیان هەزار کەسەی لە گۆڕەپانێکدا بەرامبەر دەسەڵاتەکاندا وەستاونەتەوە و پێی دەڵێن "برۆ"، چونکە وەك بینیمان ڕەنگە دەسەڵاتەکان بتوانن زیاد لەو ژمارەیە دابەزێننە سەر شەقام، سەرۆکی یەمەن وتی "ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ٢٠ هەزار کەس دێننە سەر شەقام من دەتوانم ٢ ملیۆن کەس بێنمە سەر شەقام"، (ئەو ملیۆنان دەنگەی (ئەحمەد شەفیق)ی دواین سەرۆك وەزیرانی موبارەك لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی میسر لە حوزەیرانی ڕابردوو بەدەستی هێنا، نیشانەی ئەوەیە هێشتا موبارەك جەماوەرێکی زۆری هەیە) بەڵکو هێزی مەعنەویی کۆی تسۆنامییەکەی لە سەرتاسەری ناوچەکەدا لەگەڵدایە و بووەتە ڕەسیدێکی مەعنەوی کە قورسایی بە دەنگ و سەنگی خۆپێشاندەران دەدات و لە هێز و ورەی دەسەڵاتەکان دادەبەزێنێ.

ئەگەرچی هەموو وڵاتەکانی ناوچەکە لە ڕووی ئامادەیی بۆ تەقینەوەی جەماوەری و گۆڕینی دەسەڵاتدا وەك یەك نین، بۆ نموونە تورکیا وڵاتێکی گەورەی ناوچەکەیە و بەدەست کێشەیەکی سیاسیی گەورە و مێژوویی وەك کێشەی کوردیشەوە دەناڵێنێ و بەردەوام خۆپێشاندانی نارەزاییش بەخۆوە دەبینێ، بەڵام بەهۆی قووڵیی ئەزموونە دیموکراسییەکەیەوە تا ئێستە سەقامگیر ماوەتەوە، بەڵام ئەوەی پێی وا بێ عێراق و هەرێمی کوردستان شامی شەریفن و ئەو شەپۆلە شمولیان ناکا هەڵە دەکا، چونکە چ لە عێراق و چ هەرێمی کوردستانیش نارەزاییەکی بەرفراوان هەیە بەرامبەر نەبوونی شەفافییەت، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، قۆرخکاری، نەبوونی

دەستاودەستكردنێكی تەندروستی دەسەڵات و كەمیی خزمەتگوزارییە گشتییەكان. راستە دەسەڵاتەكە بەهەڵبژاردن هاتووەتە سەر حوكم و زۆرینە پاڵپشتیی دەكا، بەڵام ئەم لۆجیكە، ئەگەر واش دابنێین هیچ گومان لە نەزاهەتی ژمارەكانی هەڵبژاردنیشدا نەبووە، لەو لۆجیكانەیە كە ئەم تسۆنامییە قڵپی كردووەتەوە و لەم دۆخە نوێیەدا كەمینەیەكی رێكخراوی ئەكتیڤ دەتوانێ ئیرادەی خۆی لە رێی شەقامەوە بەسەر زۆرینەیەكی رەسمیدا بسەپێنێ و ئەسڵی زۆرینەبوونەكەشی بخاتە ژێر پرسیارەوە، وەك ئەوەی بە زمانی حاڵ پێی بڵێ "تۆ لە رێی ساختەكاری و چاوسووركردنەوەوە بە ناڕەوا زۆرینەت لە هەڵبژاردندا مسۆگەر كردووە، منی كەمینەش بە هەمان مەنتیقی ناڕەوایی ویستی خۆم بەسەر تۆدا دەسەپێنم".

جگە لەوەیش هەمیشە زۆرینەیەكی بێدەنگ هەیە كە لە هەڵبژاردنەكاندا كەناری گرتووە، بەڵام هیچ دوور نییە ئەو زۆرینە بێدەنگە لە دۆخێكی تردا تەوقی بێدەنگی بشكێنێ، بێتە سەر شەقام و زۆرینەی رەسمی، كە زۆرینەی دەنگدانە نەك زۆرینەی گەل، رابماڵێ.

لە عێراق بە هەموو لیستەكانەوە نێزیكەی ٦٢٪ی خەڵك بەشداریی دەنگدانی گشتیی ساڵی ٢٠١٠یان كرد. واتە ٣٨٪ كە لە دەنگی هەموو لیستە براوەكان زیاترە، بێدەنگیی هەڵبژاردووە. ئاخۆ رێی تێ ناچێ ئەو زۆرینە بێدەنگە بێتە سەر شەقام و بە دەسەڵات بڵێ دەبێ بنەوبارگەت تێك بنێیت و عارەبانەكەت رابكێشی؟

لە هەرێمی كوردستان نێزیكەی ٧٠٪ بەشداریی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی ٢٠٠٩یان كرد، واتە ٣٠٪ بێدەنگییان هەڵبژاردووە. ئاخۆ ناكرێ ئەو رێژەیە، كە لە هی هەر حزبێكی تر زیاترە بڕیاری گۆڕانكاری بدا؟

لێرەوە نابێ دەسەڵاتی هەرێم بەناوی زۆرینەی هەڵبژاردنەوە، کە یەکێکە لە لۆجیکە قڵپکراوەکانی یەکەمساڵی دەیەی دووەمی سەدە، پشتوێنی لێ بکاتەوە و لە پرتە و بۆڵە و ناڕەزایی خەڵك و خۆپێشاندەران بێ منەت بێ، بەناوی ئەوەی ئەوانە کەمینەن، یان ئەو زۆرینەیە و شەرعیەتی هەڵبژاردنی هەیە، شەقام و ئەپارتمان و مۆڵی دروست کردووە و ڕێی لە ئازادیی دەربڕین نەگرتووە.

راستە حکوومەت بە کودەتا نەهاتووە و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار ئێستەیش بنکەیەکی بەرفراوانی جەماوەرییان هەیە، بەڵام مەعلوومە کە ئەزموونی دیموکراسیی هەرێمیش ئەزموونێکی هێندە قووڵ و نموونەیی نییە، چونکە دوای دوو دەیە تا ئێستە ئاڵوگۆڕێکی ئاشتییانەی دەسەڵاتمان نەدیوە و دوو حزب بە تەوافوق دەسەڵات بەڕێوە دەبەن (لە ماوەی خولێکی حکوومەتدا دوو کابینە و دوو سەرۆکی حکوومەت دێنە سەر کار، ئەویش نەك لەبەر زەروورەتێکی ژیانی خەڵك، بگرە لەبەر بێ متمانەییی هەردوو حزب بە یەکتر و پابەندبوونیان بە ڕێککەوتنی ستراتیجیی نێوانیان کە لە ٧ تەمووزی ٢٠٠٧دا ئیمزایان کردووە و بەو پێیە هەردوو ساڵ جارێك سەرۆکایەتیی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەکەن، ئەوە بوو دوای تەواوبوونی دوو ساڵی یەکەمی کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێم بەسەرۆکایەتیی بەرهەم ساڵح، لە شوباتی ٢٠١٢ سەرۆکی پەرلەمان (ئەرسەلان بایز جێی کەمال کەرکووکیی گرتەوە) و لە ئاداریشدا سەرۆکی حکوومەت گۆڕان (نێچیرڤان بارزانی جێی بەرهەم ساڵحی گرتەوە و لە ٧ی ئادار لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بۆ پێکهێنانی حەوتەمی حکوومەت ڕاسپێردرا).

تا ئێستەیش، پاش ٦ ساڵ لە یەکگرتنەوەی ئیدارە لە کابینەی پێنجەمدا (ئایاری ٢٠٠٦) بە کردەوە حکوومەتی هەرێم بە دوو ئیدارەی جیاوە

بەڕێوە دەچێ، تا ئێستە تارماییی شەڕی ناوەخۆ سەرەتاتکێمان لەگەڵدا دەکا. هەر بۆیە دەبێ حکوومەت و هەردوو حزب بە جیدی لە خەمی بەدەمەوەچوونی داخوازییەکانی خەڵکی نارازیی شەقامدا بن، چونکە ئەگەر تا ئەمڕۆ شەقام بە چاکسازی رازییە، دوور نییە خەمساردیی دەسەڵات ناچاری بکا ئەویش دروشمی "بڕۆ" بەرز بکاتەوە و بۆ بەدیهێنانیشی پەنا بۆ توندوتیژی ببا.

***

## ئیسلامی و عەلمانی . . بەهار و خەزان

رەنگە هێشتا زوو بێ ئەو سەرکەوتنە سیاسییانەی هێزە ئیسلامییەکانی ناوچەی رۆهەلاتی ناوەڕاست لە دوای سەرهەڵدانی راپەڕینە جەماوەرییەکانی بەهاری عەرەبی بەدەستیان هێناوە، بەکودەتایەکی رادیکاڵی بەسەر کۆی سیستمە سیاسییە مێژووییە سیکیولارەکانی ناوچەکە و گۆڕانی بۆ ئیمپراتۆریەتێکی ئاینیی ئیسلامی و تۆتالیتاری، وەك هەندێ بەرپرسی سەربازیی ئیسرائیل وریاییان دا، لە قەڵەم بدەین و بە دواین بزمار لە تابووتی عەلمانییەت، کە ئیمام خومەینی (١٩٠٢–١٩٨٩) و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ ئەو بزمارڕێژەی دەست پێ کرد، دابنێین، لەبەر چەند هۆیەك:

١– ئەو هێزانە هێشتا زۆرینەیەکی ئینتیخابییان بەدەست هێناوە نەك جەماوەری، واتە ئەگەر ئەوان لە هەڵبژاردنێکدا بۆ نموونە لە مەغریب– کە ١٣ ملیۆن دەنگدەر هەیە و رێژەی دەنگدان ٤٥٪ بووە، حزبی داد و گەشەپێدانی ئیسلامی لە کۆی ٣٨٩ کورسیی پەرلەمان، ١٠٣ کورسیی بەدەست هێناوە، کە دەکاتە نێزیکەی ٢٦٪، واتە لە ٤٥٪ی گەلی مەغریب ٢٦٪ی هێناوە، بەو پێیەش رێژەکەی لە کۆی گەلی مەغریب، کە ٥٥٪ی دەنگی نەداوە، دەکاتە نێزیکەی ١١٪. واتە ئەو زۆرینەیەی هەڵبژاردن کەمینەی گەلە و دەکرێ ئەو زۆرینە بێدەنگە لە هەڵبژاردنێکی تردا تای تەرازووەکە بەتەواوی بگۆڕێ.

٢– ئەوانە کەمینەیەکی بە تۆکمەیی رێکخراون لەناو زۆرینەیەکی رێکنەخراو یاخۆ لاواز رێکخراودا، هەر ئەوەیش نهێنیی هێز و رێژە بەرزەکەیانە، هەمیشەش ئەوە کەمینەیەکی رێکخراون کە لە زۆرینەیەکی نارێکخراو دەبنەوە، بەڵام دەکرێ لە دۆخێکی تردا ئەو

زۆرینە پەرتە ڕێك بخرێ و گەمەکە لە براوەی پێشوو ببێتەوە، بەتایبەت ئەگەر نەتوانێ نموونەیەکی سەرکەوتوو لە ئیدارەی کاروباری وڵات بەڕێوە ببا، کە ئەوە پاڵنەرێکی بەهێز دەبێ بۆ یەکخستنی دەنگە نەیارە حزبی و جەماوەرییە نەیارەکانی تا ریزەکانی خۆیان ڕێك بخەنەوە.

٣- ئەو هێزانە هێشتا زیاتر دەسەڵاتێکی ئیداریی کاربەڕێکردنیان بەدەست هێناوە تا ئەوەی دەسەڵاتی دروستکردنی بڕیار و سیاسەتی ستراتیجیی دەوڵەت، واتە ئەوان حکوومەتیان وەرگرتووە نەك دەوڵەت و جومگە جەوهەرییەکانی دەوڵەت هەر بەدەست پاشماوەکانی ڕێژیمەکانی پێشووەوەیە، لە میسر ئەگەرچی ئیسلامییەکان زیاتر لە ٦٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەست هێنا و لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتەکەیدا محەمەد مووسی کاندیدی ئیخوان بوو بەسەرۆکی میسر، بەڵام ئەنجوومەنی باڵای سەربازی و دادگەی دەستووریی ئەو وڵاتە ئەو پەرلەمانەیان هەڵوەشاندەوە کە دەبوو حکوومەتیش بەپێی نەخشە سیاسەکەی ناو پەرلەمان پێك بێ، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ئەو هەلەی لە دەستی ئیخوان دا و سەرۆکی میسر هیشام قەندیلی بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕاسپارد.

ئیخوان موسلیمین، کە بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی و دوژمنی سەرسەختی ئیسرائیل یەکێکە لە باڵەکانی، لەوەتی لە ئادار/مارسی ساڵی ١٩٢٨ دامەزراوە دژ بەئیسرائیل و ئاشتیی لەگەڵ ئیسرائیلە و شانازی بە بەشداریی فیداییەکانی ئیخوان دەکا لە شەڕەکانی میسر دژ بەئیسرائیل، کەچی تا ئێستە هیچ ئاماژەیەکیان بە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی کامپ دێڤیدی ئاشتیی نێوان میسر و ئیسرائیل نەداوە، بگرە بەپێچەوانەوە باس لەوە دەکەن پابەندن بەو ڕێککەوتننامە ناودەوڵەتییانەی میسر ئیمزای کردوون، تەنیا یەك جار

وەك كارتی فشار بەرامبەر هەڕەشەكردنی ئەمەریكا بەبڕینی ئەو ١,٧ ملیار دۆلارەی ساڵانە وەك یارمەتی دەیداتە سوپای میسر بەهۆی كێشەی لەدادگەدانی زیاتر لە ٤٠ چالاكوانی ڕێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنی كە ١٩ ئەمەریكاییشیان تێدایە بەتۆمەتی تێوەگلان لە یارمەتیدانی داراییی ژمارەیەك ڕێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەیەكی نایاسایی، محەمەد مورسی سەرۆكی حزبی ئازادی و دادی ئیخوان لە شوبات/فێبرایەری ٢٠١٢ هەڕەشەی كرد ئەو یارمەتییانە بەشێكن لە پابەندیی ئەمەریكا بەرامبەر میسر لە ڕێككەوتننامەی ناوبراودا و ئەگەر بیبڕێ ئەوا میسریش چاو بەو ڕێككەوتننامەیەدا دەخشێنێتەوە. ئەمەیش چەندە هەڕەشەیە هێندەیش داننانە بە ڕێككەوتننامەكەدا، چونكە حكوومەتی پێشووی میسریش هەر هەمان هەڵوێستی هەبووە. (لە ٢٣ ئاداری ٢٠١٢ هیلاری كلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا رای گەیاند، ولاتەكەی لە پێشكێشكردنی یارمەتییە داراییە ساڵانەكەی بۆ میسر بەردەوام دەبێ).

لە مەغریب كە حزبی داد و گەشەپێدانی ئیسلامی سەركەوتووە و كابینەی پێك هێناوە، ٥ لە وەزارەتە گرینگەكان كە میدیای مەغریبی ناوی "وەزارەتە سیادییەكان"ی لێ ناون و وا باوە ڕاستەوخۆ لەلایەن شای مەغریبەوە دادەنرێن و حزبەكان كەسیان بۆ كاندید ناكەن، نەدرایە ئەو حزبە.

٤– ئەو هێزانە هێزی جەماوەرین و لە هەڵبژاردنێكدا دەیبەنەوە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی من بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەكانی بەهاری عەرەبی، ئەو كەسانەی ڕاپەڕینەكەیان تەقاندەوە و لە ڕۆژە یەكەم و سەختەكانیدا كە ڕێژیمەكان فشەیان بە ڕاپەڕینەكە دەهات و بێڕەحمانە دەستیان لێ دەوەشاند و ئەگەری ئەوە لە ئارادا بوو

بەئاسانی سەرکوت بکرێن، دلێرانە خەباتیان کرد، سەتان قوربانییان دا تا راپەڕینیان کردە ئەمری واقیع بەسەر رێژیمەکان و کۆمەڵگەی ناودەوڵەتیدا، ئیسلامییەکان نەبوون، بەڵکو لاوانی نیشتمانپەروەر و چاوکراوە و خەڵکی هەژار و تووڕە و نارێکخراو بوون.

چ لە تونس و چ لە میسر ئیسلامییەکان لە رۆژە بەراییە سەختەکاندا بەرچاو نەبوون و هێشتا لەبەر ئەزموونی تاڵ و سوێریان لەگەڵ زەبری بێرەحمانەی ئەو رێژیمانە، متمانەیان بە دۆخە نوێیەکە نەبوو و ئامادە نەبوون راپەڕن، تا ئەو کاتەی راپەڕینەکە بوو بە ئەمری واقیع و کەوتنی رێژیمەکان بوو بەحەتمی، ئەو کاتە ئەوانیش لەگەڵ هەموو خەڵك بۆ بێبەشنەبوون لە سەروەرییەکی مێژوویی و چنینەوەی بەرهەمەکی راپەڕینەکە هاتنە سەر شەقام، بەڵام لەبەر قورسایی جەماوەری و تۆکمەیی رێکخستنەکانیان تارمایییان بەرچاوتر و لە هەڵبژاردنەکانیشدا بەهێزتر بوون.

نەك هەر ئەوان، بگرە دامەزراوەیەکی وەك ئەزهەریش کە بۆ دەیان ساڵ لەژێر هەیمەنەی حزبی نیشتمانیی دەسەڵاتداری موبارەکدا بوو، دوای ئەوەی گلۆڵەی رێژیمی موبارەك کەوتە لێژی هاتنە سەر شەقام و (شەیتان رەجم)یان کرد، خودی شێخی ئێستەی ئەزهەر محەمەد تەیبی شێخی ئەزهەریش تا ئەو کاتەی شێخ محەمەد سەید تەنتاوی شێخی پێشووی ئەزهەر (١٩٢٨-٢٠١٠) مرد و ئەو خرایە جێی ئەندامێکی سەرکردەی حزبەکەی موبارەك بوو.

تا ئێستەیش ئەو هەڵوێستە سەمەرەیەی شێخ تەنتاوی بیر نەچووەتەوە کە لە ٨ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ فتوای شەلاقلێدانی چەند رۆژنامەنووسێکی دا لەبەرئەوەی باسیان لەوە کردبوو حوسنی موبارەك نەخۆشە، ئەمەیش بووە مایەی رەخنەی توندی رۆژنامەنووسان و ئیخوان

و رای گشتی. مستەفا بەکریی پەرلەمانتار داوای کرد لابدرێ، فەهمی هـوەیـدی نـووسەری نـاسراوی ئـیسلامـیش گـوتـی ″شێخـی ئـەزهـەر بـەپـێچـەوانـەی راهـیـبـە بـوودیـیـەکـان کـە شان بـەشانـی خـەڵك دژی حکوومەتەکەیان وەستان، کڵاوی ئەمنی کردە سەر و بەرگی زانایی فڕێ دا″، هەروەها گوتی ″شتی گرینگتر هەبوو شێخی ئەزهەر قسەی تێدا بکا و وا چاکتر بوو هەر بێدەنگ بێ″.

لە ١٨ کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠١٢ دوای ٦٠ ساڵ لە دەرچوونی بـڕیـاری دانـانـی شێخـی ئـەزهـەر لـەلایـەن سەرکۆمـارەوە، ئـەنجوومـەنی وەزیرانی میسر پڕۆژەیاسایەکی پەسند کرد، بەو پێیە لەوە بەدوا شێخی ئـەزهـەر بـەهـەڵـبـژاردن لـەلایـەن دەستـەی گـەورە زانـایـانـی ئـەزهـەرەوە کـە ″مەجمەعی لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان″ە دیاری بکرێ.

دەرچوونی ئەم یاسایە گەڕانەوەیە بۆ قۆناغی پێش شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٢ی میسر، کە یاسای شێخی ئەزهەری گۆڕی و سەرکۆمار خۆی شێخی ئەزهەری دادەنا، ئەوەیش بەردەوام جێی نارەزایی ژمارەیەك لە زانایانی ئەزهەر بووە.

ئەمە دۆخی ئەزهەر بوو لە ساڵی ١٩٥٢ تا ٢٠١٢، کە دەکاتە ٦٠ ساڵ.

بەڵام کە گڵۆڵەی رژێمی موبارەك کەوتە لێژی مەلا ئەزهەرییەکانیش بوون بە بەشێك لە قارەمانانی شەقامی راپەڕیو، بگرە تەنانەت عەمر مـووسای ئـەمـیـنـداری گشتـیـی پـێشووی کـۆمـکـاری عـەرەبی و وەزیری پێشتری میسر و یەکێك لە رەمزە مێژووییەکانی رژێمەکەی موبارەکیش هـاتـە گـۆڕەپـانـی تـەحـریـر و دروشمـی ئـازادیـخـوازانـەی دەوتـەوە. کورد وتوویەتی ″یاخوا کەس باری لار نەبێ!″.

بەڵام کاتێ کار دێتە سەر هەڵبژاردن، ژمارە و قورسایی جەماوەری رۆڵ دەبینێ نەك بەها و قوربانیدانی مێژوویی و رەنگە لاوانی سەرقافڵەی

شۆڕش نەتوانن تاکە کورسییەکیش بەدەست بێنن، بەڵام حزبێکی جەماوەریی بێدەنگ و سەرسلامەت دەیان کورسی بەدەست بێنێ. ئیدی ئەوە یەکێکە لە غەدرە جەبرییەکانی سندووقی هەڵبژاردن. لە عێراق تا رووخانی سەدام ناوی موقتەدا سەدر نەبوو، بەڵام دەمێك بوو ناوی حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیمان بیستبوو کە لە دژی رێژیمی سەدام خەباتیان دەکرد و قوربانییان دەدا، کەچی سەدر لە هەڵبژاردندا پێشی زۆریانی دایەوە.

بەڵام لە هەموو بارەکاندا کلیلی گۆڕانکاری لای ئەوانەیە دەتوانن دەستپێشخەریی گۆڕانکاری بکەن و قوربانیی لە پێناودا بدەن. لە بارێکیشدا ئەو توێژە وریا و هۆشیارە هەبێ ئیسلامییەکان و هەر زۆرینەیەك ناتوانن لە پلان و بڕیارەکانیان نەترسن ئەگەر بێتو نەتوانن حوکمڕانێکی باش بن و خۆ دوور بگرن لە سیاسەتێك کە ئەو توێژە زیندووە نیگەران و تووڕە بکا.

٥ – ئەو هێزانە وێڕای قورساییە مێژوویی و سیاسی و جەماوەرییەکەیان ناتوانن لە دانانی ستراتیج و تاکتیکی کاریاندا ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نادیدە بگرن، چونکە راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیش بەبێ پاڵپشتیی مادی و مەعنەویی ئەو هێزانە سەرکەوتنیان بەدەست نەدەهێنا و رێژیمە سەرکوتکەرەکان وا بەئاسانی خۆیانیان شل نەدەکرد، بگرە زۆر بەئاسانی لە چەند رۆژ یاخۆ هەفتەیەکدا هاوشێوەی راپەڕینەکەی حەمای سووریای سەرەتای هەشتاکان و راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ی عێراق سەرکوت دەکران. لە حاڵەتەکەی ئەم دواییەی لیبیاشدا هێزەکانی موعەممەر قەزافی هێزەکانی شۆڕشگێڕەکانیان شکاند و تەنانەت گەمارۆی دواین پێگەیان لە شاری بەنغازی دا و ئەگەر ناتۆ بۆردمانەکانی بۆ سەر

هێزەکانی قەزافی دەست پێ نەکردایە هەڕەشەکەی قەزافی دەچووە سەر و (ماڵ بە ماڵ و زەنگە بە زەنگە) خۆی وتەنی- وەك جرج نەیارانی قڕ دەکرد.

لە سووریا بەهۆی ڤیتۆی رووسیا و چین و هەر ئیعتیباراتێکی تری سیاسی کە ئەمەریکا و ئەوروپا لەوەدا دەیبینن، دوای ١٢ مانگ لە خۆپێشاندانەکانی گەلی سووریا دژ بە رێژیمە دیکتاتۆرییەکەی بەشار ئەسەد، ئەو دوو هێزە ئامادە نین هاوشێوەی لیبیا لە سووریایش دەستێوەردانی سەربازی بکەن، هەربۆیە هێزەکانی بەشار ئەسەد هاوشێوەی هێرشی هێزەکانی باوکی لە ساڵی ١٩٨٢ دژ بە شاری حەما، لە ماوەی رابردوودا بێباکانە حەما و حمس و حەلەبی وێران کرد، خۆ ئەگەر ناتۆ یارمەتیی سوپای ئازادی سووریای بەرهەڵستکاریشی بکردایە دەمێك بوو رێژیمەکەی ئەسەد کۆتاییی هاتبوو.

کەواتە وێڕای دلێرییەکانی شەقامی ناوەخۆ، هێشتا فاکتەری نێودەوڵەتی رۆڵی یەکلاکەرەوەی لە سەرکەوتنی راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا هەیە، کە سوودمەندی یەکەم لە رووی سیاسییەوە ئیسلامییەکانن. هەر بۆیە ئیسلامییەکانیش لەو راستییە بێ ئاگا نین و هەست دەکرێ پراگماتییەتی سیاسی گەیاندوونیەتییە ئەو باوەڕەی سازشکارانە مامەڵە لەگەڵ ئەمەریکا و کۆمەڵگەی ناودەوڵەتیدا بکەن، نەك رادیکالانە.

٦- لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئەو هێزانە خۆیشیان رۆژگار دەرسی داداون و دەزانن نابێ بەو عەقڵییەتە شمولییەی سەدەی پێشووەوە سیاسەت و حکوومەتداری بکەن، کە زادەی بیرکردنەوەی سیاسییانەی کلاسیکی ئیسلامی و شوێنپێ هەڵگرتنی سیاسەتکردنی حزبە شمولییەکانی بلۆکی سۆشیالیستییە و پێی وایە دەبێ دەوڵەت و حزبی حاکم حزبی

قائید و کلیلی گیان و ژیان و چارەنووسی گەلە و لە پێناو مانەوەیدا لە دەسەڵات و بەپاساوی بەرگریکردن لە شەرعیەتی دینی گۆمی خوێن هەڵبسێنێ، بگرە ئیتر سەردەم سەردەمی ململانەی پرۆژەکان و بەشداریی رێژەیی لە دەسەڵات و ئاڵوگۆڕی بازنەییی حزبەکانە لە دەسەڵاتدا، هەر بۆیە کەمتر دروشمەکانی "پیادەکردنی شەریعەت" و "تەمکینی دینی خوا" و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی" و "ئیسلام چارەسەرە" و "گێڕانەوەی خەلافەت" لەو هێزانەوە دەبیستین، بەتایبەت لەلایەن هێزی سەرەکیی ئەو تەوژمە کە ئیخوان موسلیمینە و لە بریی ئەوە زیاتر باس لە دیموکراسییەت و دەوڵەتی مەدەنی و مافی هاووڵاتی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەکەن، کە هەموو ئەمانە دروشمی دیموکراسین.

***

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناتوانین خۆ لەو راستییە ببوێرین کە ئەو سەرکەوتنانە زەبرێکی مێژوویی و کەمەرشکێنن بۆ ئەزموونی عەلمانییەت لە ناوچەکەدا کە نێزیکەی سەدەیەك دەرفەتی لە بەردەستدا بوو بۆ ئەوەی سیستەمێکی دیموکرات و پێشکەوتوو پێشکێش بکا و بیسەلمێنێ ئەو لە بەدیلە دینییەکە باشتر و هەلی سەرکەوتنی زیاترە. ئیدی دەبێ ئەو تەوژمە دەست لە دۆگمایی و چەقبەستوویی فیکری و سیاسی هەڵبگرێ و کاتی خۆی بە مشتومڕ و جەدەلی بێزەنتیی نەزۆکەوە لە بەرگریکردن لە "چەمکی عەلمانییەت" و پێوەندیی رێژیمە عەلمانییەکانی ناوچەکە بە حەقیقەتی عەلمانییەتەوە نەکوژێ تا بیسەلمێنێ گوایە ئەو رێژیمانە عەلمانیی راستەقینە نەبوون و راستەقینەکە ئەمەیە و ئەوەیە. بگرە دەبێ زاتی ئەوەیان هەبێ دان بەو راستییە تاڵەدا بنێن کە ئەوەی لە زیاتر لە نیو سەدەی رابردوو لەم ناوچەیە حوکمی کرد، ئەزموونی تەوژمی عەلمانی بوو کە شکستی هێنا

لە بەرجەستەکردنی دروشمەکانی لەبارەی عەقلانییەت و دیموکراسییەت و گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی و مافی هاووڵاتییەوە، ئیدی هۆکانی هەرچی هەن هیچ لە بایەخی ئەم راستییە تاڵە کەم ناکاتەوە.

هەر بۆیە دەبێ چاو بە کۆی سیستمی بیرکردنەوەی خۆیدا بگێڕێتەوە و رەخنەی لێ بگرێ و خاڵە لاوازەکانی دەستنیشان بکا و لە کەمۆڵەی مێشک و هۆشی سیکیولاری خۆی دەری بکا. خۆی قفڵ نەدا بە کۆمەڵێ پێناسەی تیۆریی وشکهەڵاتوو لەبارەی عەلمانییەت و رۆڵی ئاین لە کۆمەڵگەدا و هەوڵ بدا تەرزێکی نوێ لە بیرکردنەوەی خەللاق لەبارەی مرۆڤ و کۆمەڵگە و ئیدارە و دەوڵەت و رەهەندە مادی و ئایدیالییەکانیانەوە گەڵاڵە بکا. بەم شێوەیە دەکرێ جیلی دووەمی ئەزموونی سیکیولاریزم لە ناوچە ئیسلامییەکەدا لەدایک ببێ، کە ئەزموونێکی لیبراڵ و میانڕەو، هاوکات کراوە و خۆماڵی و نێزیک لە سروشتی کۆمەڵگەکەی بێ، وەك چۆن ئیسلامییەکان بەرەو ئەوە هەنگاویان ناوە کە ئەزموونە شمولییەکەی بیرکردنەوەی سیاسییان بەئەزموونێکی کراوە و لیبرالی بگۆڕنەوە. ئەم بڕیارە مان و نەمانی ئەو تەوژمە دیاری دەکا.

ئەڵبەت نابێ ئیسلامییەکان پێیان وابێ شکستی عەلمانییەکان واتای ئەوەیە پڕۆژەکەی ئەوان پڕۆژەیەکی کامڵ و عەسای سیحرییە و دەتوانن بە (سەبرێك و دوو فوو) کێشە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەکانیان چارەسەر دەکەن. شکستی پڕۆژەکەی تۆ بە زەرووڕەت مانای سەرکەوتنی پڕۆژەکەی من ناگەیەنێ، بگرە دەکرێ ئەوەی منیش وەك تۆ لە پراکتیکدا شکست بێنێ، هەروەك دەکرێ تۆ بە بەخۆداچوونەوە و رەخنە لەخۆگرتن لە سیستمی بیرکردنەوەی پشت پڕۆژەکەت، بەر بەهەرەسەکە بگریت و هەڵسیتەوە، هەروەها دەکرێ لە حیوار و تێکەڵکردنی پڕۆژەکان پڕۆژەیەکی باشتر لە هەردووکیان بێتە کایە.

کاتی خۆی مارکسیزم لە دژی ستەمکارییەکانی سیستمی

سەرمایەداری سەری هەڵدا و مژدەی نەهێشتنی ستەمکاری و بەدیهێنانی بەهەشتێکی راستەقینەی لە دنیادا دەدا، بەڵام دەرکەوت لە ستەمکارە ئەسڵییەکە ستەمکارتر بوو. مەودوودی و سەید قوتب و محەمەد قوتب و یوسف قەرزاوی و محەمەد عەمارە و زۆر لە زانا و بیرمەندی تری ئیسلامی پێشبینییان دەکرد دوای شکستی سەرمایەداری و کۆمۆنیزم ئیسلام سەردەکەوێ و کێشەکانی جیهان بەو چارەسەر دەکرێ و لێرەوە دروشمی ″ئیسلام چارەسەرە″ لەدایك بوو، بەڵام ئەو تێزە بیرکردنەوەیە جگە لەوەی زیاتر وەهم و یەقینێکی ئایدیۆلۆجییە تا ئەوەی زادەی لێکدانەوەیەکی زانستی بێ، لە پراکتیکیشدا دەرکەوت وا نییە، ئەو رژێمانەی دروشمی ئیسلامیبوونی دەوڵەتیان بەرز دەکردەوە (ئێران، سعوودیە، سوودان و ئەفغانستان) نەیانتوانی نموونەیەکی باشتر و باڵاتر لە سیاسەت و ئابووریدا پێشکێش بکەن.

لە هەموو بارەکاندا ئەگەر لە رابردوودا ئێمە تەنیا لەسەر ئاستی تیۆر یان ئەگەر زیاتر بڕۆین وەك بەشێك لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ تەوژمی ئیسلامی ڕووبەڕوو بین، ئەوە دوای راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی، کە لە رێی سندووقەکانی دەنگدانەوە لە چەندان وڵاتی ناوچەکە ئیسلامییەکانی گەیاندە کورسیی دەسەڵات، ئەوان دەبنە دەسەڵات و جڵەوی چارەنووسی وڵات بەدەستەوە دەگرن، بۆیە لە هەموو کات زیاتر پێویست بەوە دەکا لێکۆڵینەوە لە فیکر و ستراتیجی سیاسی و ژیاریی ئەو تەوژمە بکرێ، تا رەگەزە پێکهێنەرەکانی، لایەنە باش و خراپەکانی، سەرکەوتن و شکستەکانی، چۆنیەتیی سیاسەتکردن و حکوومەتدارییان شی بکەینەوە، بەئومێدی ئەوەی قوربانی و ناسۆرییەکانی شۆڕشە ئازادیخواز و ژیاندۆستەکانی ناوچەکە بەفیڕۆ نەچێ، بگرە خراپتر لەوە دەسەڵاتی ئیسلامییەکان نەبێتە مۆتەکەیەکی تری گیان و ژیانی خەڵك، کە پەشیمان بن لەو شۆڕشەی کردیان.

بەشی دووەم

# ئیسلامی سیاسی: فیکر و سیاسەت

## عەقڵی ئاینی و عەلمانی
## هەڵگری بەشێك لە خەسڵەتەکانی یەکترن

عەلمانییەت (سێکیولاریزم) و ئاین، یاخۆ عەقڵی ئاینی و عەقڵی عەلمانی زۆر جاران وەك دوو ئاراستە، دوو چەمك، دوو فەلسەفەی تەواو دژ بەیەك دەخرێنە روو کە هیچ خاڵی بەیەکگەیشتن و لێکچوونێکیان نییە، وەك سارد و گەرم، سێبەر و بەرخۆر، رووناکی و تاریکی، کە ئەمیان ئەوی تر نەفی دەکا.

بەڵام ئاخۆ لە واقیعدا ئەو دوو شتە، چ لەسەر ئاستی مەبدەئی و تیۆر و چ لەسەر ئاستی واقیع و پراکتیك، بەو شێوەیەی وێنا دەکرێ دوو دنیای سەربەخۆ و جیاوازن و بەهیچ شێوەیەك هەڵگری خاسیەتەکانی یەکتری نین؟

ئەگەر ئێمە بتوانین کەمێك لەو تەمومژە دەروونییەی ململانێی ئەو دوو تەوژمە فیکری-سیاسییە دروستی کردووە دوور بکەوینەوە و بە زهنییەتێکی سافتر و وردتر لە بابەتەکە بڕوانین و لەو پێناسانەی هەردوولا بۆ خۆیانی دەکەن رامێنین، رەنگە بگەینە ئەو باوەڕەی ئەو هاوکێشەیە بەو شێوەیە سادە و ساکار نییە و دەکرێ هەریەك لە عەقڵی عەلمانی و عەقڵی ئاینی تا ڕادەیەکی بەرچاو هەڵگری ماکی عەقڵەکەی ترن، بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن یان دانی پێدا بنێن.

عەلمانییەت، بەشێوەیەکی گشتی و دوور لە رۆچوون بەنێو پێناسە زۆروزەبەندەکانیدا، بریتییە لە باوەڕبوون بەم دنیا ماددییە و پشتبەستن بە پێوەرە ماددییەکان لە لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە یاساکانی بوون و ژیان و رێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بریتییە مەرجەعیەتی عەقڵ، خۆنەبەستنەوە بە وەحی و میتافیزیکاوە، فرۆید وتەنی (هیچ دەسەڵاتێك لە

سەروو دەسەڵاتی عەقڵەوە نییە).

ئیسلامیزم-یش، کە رەقیب و نەقیزی عەلمانییەتە لە جیهانی ئیسلامیدا، بەکورتی بریتییە لەوەی مەرجەعت وەحی بێ و تەنیا لەوەوە دنیابینی و یاسا و ئاکار و رەفتارت وەربگریت، کە زۆرجار ئایەتەکانی لە نموونەی (ان صلاتي و نسكي ومحياي و مماتي لله رب العالمين) و (له الخلق و الامر) بۆ تەئسیلکردنی ئەم بۆچوونە بەکار دێن.

تێهەڵکێشبوونی ئەم دوو تەرزە بیرکردنەوە و تێگەیشتنە لە چیدایە؟

ئەگەر لە عەقڵە ئیسلامییەکەوە دەست پێ بکەین کە پێی وایە وەحی بناغە و پەرژینە و عەقڵ لە چوارچێوەی وەحیدا ئیش دەکا، دەبینین لەنێو سیستمی بیرکردنەوەی ئاینیی ئیسلامیدا عەقڵ بەو شێوەیە جەڕ نەدراوە کە لەم وتەزایەوە دەخوێنرێتەوە، بگرە عەقڵ لە چوارچێوەی وەحیدا مەرجەعە و هەندێ جار تەنانەت لە دەرەوەی وەحیش دەکرێتە مەرجەع و دەورێکی یەکەمایەتیی هەیە، نەك دووەمایەتی.

وەحی بریتییە لە دوو سەرچاوەی سەرەکی کە قورئان و فەرموودە (یاخۆ سوننە)ی راستن، لەم دووانە بترازێ هیچ سەرچاوەیەکی تری فیکر و یاسادانانی ئاینی وەحی نییە.

بەڵام ئەو دوو سەرچاوە بنەڕەتییەی ئاین هەموو شتێکیان لەبارەی پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە تێدا نییە، تەنانەت هەندێ شتی بنچینەییش هەن باس نەکراون، لەبەر ئەوە موسڵمانان بیریان بۆ ئەوە چووە کە پێویستە سەرچاوەی تر بۆ یاسادانان (تەشریع) بدۆزرێتەوە تا بتوانن وەڵامی هەموو خواستەکان بدەنەوە.

ئەم بیرکردنەوەی مرۆڤە موسڵمانەکان لە داهێنانی سەرچاوەی تری یاسادانان جگە لە قورئان و سوننە، بەپلەی یەکەم لە وەحیی عەقڵەوە بۆیان هاتووە نەك لە دەقێکی ئەو دوو سەرچاوەیەوە، لەو دوو

سەرچاوەیەدا دەقێکی وا نییە موسڵمانان رابسپێرێ کە ئەگەر پێگیران بچن سەرچاوەی تری یاسادانان دابهێنن، چونکە لە ساتی زیندوویێتیی پێغەمبەردا هەموو کێشەکان بە ئایەت و فەرمووده چارەسەر کراون و پێویست بەسەرچاوەی تر نەبووە.

واتە لە یەکەم بڕیاری عەقڵی ئیسلامیدا بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی تری یاسادانان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە دوو سەرچاوە بنەرەتییەکەدا قسەیان لەسەر نەکراوە، کە لە ئەنجامی ئەم بڕیارەوە چەندین سەرچاوەی دانپێدانراوی تری یاسادانانی ئاینی داهێنراون و بەشی هەرە زۆری حوکمە ئاینییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە یەك لەدوای یەکەکان بەپشتبەستن بەو سەرچاوانە دانراون، عەقڵ دەورێکی یەکەمایەتیی هەبوو.

لەم هەنگاوەدا عەقڵ سەرەتا و مەرجەع بووە لە داهێنانی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی تری یاریدەر بۆ دوو سەرچاوەکە، دواتر ئیجتیهاد لە دەقەکاندا دەستی پێ کردووە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی سەرچاوەکان.

ئەمە وەك سەرەتا.

دوای ئەوەش لە وردەکارییەکانی دیاریکردنی سەرچاوەکانی تری تەشریع وەك (قیاس) و (ئیجماع) و (ئیستیحسان) و (مەسالیحی مورسەلە) و عورف و (شەرعی پێش ئێمە) و... هتددا، ئەمانەیش لە ڕێی خوێندنەوەیەکی تایبەتەوە بۆ دەقەکان داهێنراون، کە بە بەڵگەبوون (حوجییەت)یان لە بەرەنجامی کۆتاییدا هەر عەقڵە، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو زاناکان لەسەر حوجییەت و شەرعییەتی ئەو سەرچاوانە یەکدەنگ نین، بگرە هەندێ زانا و قوتابخانەی فیکریی ئیسلامی زۆر دژی هەندێکیانن و بە دەرچوون لە شەرعی دەزانن، لە کاتێکدا هەموویان

باوەڕیان بە دەقەکان و حوجییەتیان هەیە، ئەوەی جیاوازە عەقڵەکەیە.

کەواتە لێرەدا بۆ ئەوانەی باوەڕیان بەحوجییەتی هەر یەکێك لەو سەرچاوانە هەیە عەقڵ بڕیاردەری یەکلاکەرەوەیە نەك خودی دەقەکان، چونکە دەقەکان بۆ هەمووان هەمان دەقن، بەڵام هەمووان هەمان مانایان لێ وەرناگرن، لەبەر ئەوە تەنیا ئەوانە مولزەمن بەو سەرچاوانە کە باوەڕیان بەو شیکارییە عەقڵییە هەیە کە ئەو سەرچاوەی پێ هەڵێنجاوە، واتە (استنباط) کراوە.

خۆ ئەگەر بچینە نێو وردەکاریی ئەو حوکمە شەرعییانەیش کە لە ڕێی ئەو سەرچاوانەی تەشریعەوە (استنباط) دەکرێن، لە مەسەلەیەکی دیاریکراودا (بۆ نموونە حوکمی جگەرەکێشان)، لەوەیشدا ڕۆڵی عەقڵ و تەنانەت مەرجەعیەتیی عەقڵ بە ڕوونی دیارە، چونکە لە بارێکدا ئێمە نازانین ئەو حوکمەی زانایەك پێی گەیشتووە لەو مەسەلەیەدا چەندە گوزارشت لە ئیرادەی ئیلاهی دەکا (لە بارێکدا ئەگەر گریمان ئایەتێك دابەزێ و حوکمەکەی دیاری بکا)، کەواتە ئەو حوکم یاخۆ فتوایە هێزی خۆی لەو عەقڵکارییەوە وەردەگرێ کە حوکمەکەی پێ هەڵێنجاوە، چونکە ڕەنگە یەکێکی تر لە هەمان بابەتدا ڕای پێچەوانەی ئەوە هەڵێنجێ، ناشکرێ دوو دژە حوکم هەردووکیان لای خوا پەسند بن، هەر یەکێکیان پەسندە، کەواتە لێرەدا وەحی بنبڕ و یەکلاکەرەوە نەبوو، بگرە عەقڵ و خوێندنەوە عەقڵییەکە بنبڕ و یەکلاکەرەوە بوون ، هەر لەبەر ئەوەیشە هیچ زانایەك ناچار نییە پابەند بێ بەفتوای زانایەکی تر مەگەر باوەڕی بە بەڵگەکانی هەبێ.

ئاخر ئەگەر دەق مەرجەعی یەکەم بوایە کێشەکەی یەکلا دەکردەوە، چونکە ناکرێ وەحی پێمان بڵێ فلانە شت حەرامە و واجبیشە، یان موستەحەبە و مەکرووهیشە، یەك بڕیار دەڵێ، مادام زیاتر لە بڕیارێك

هەبوو، کەواتە عەقڵ بابەتەکەی بەلایەکدا حەسم کردووە، حەسمیش نابێ، چونکە عەقڵ تێیدا حاکم بووە و موسڵمانیش خۆی بە پابەند دەزانێ شوێن وەحیی قەتعی بکەوێ بێ نەك عەقڵ و ئیجتیهاد و بۆچوونی تاکەکەس.

زیاد لەوەیش هەندێ لە زانایان پێیان وایە تەنانەت ئەو پێنج حوکمە تەکلیفییەش کە بۆ شتەکان دانراون (واجب، موستەحەب، موباح، مەکروهـ، حەرام)، دیاریکردنێکی عەقڵین نەك حوکمێکی شەرعی، ئەویش لەو رووەوە دەقێکمان لە دوو سەرچاوەکەی وەحیدا نییە پێمان بڵێ کار و کردەوەکانی مرۆڤ دابەش دەبن بەسەر ئەو پێنج حوکمەدا، بگرە زانایان ئەو فۆرمەیان داهێناوە و حوکمەکانیان بەسەردا دابەش کردوون، ئەگەر ١٤٣٠ ساڵ بگەڕێینە دواوە ئەو پێنج زاراوەیە نابینین.

بەم پێیە دەبینین عەقڵ حزوورێکی گەورەی لە عەقڵی ئاینیدا هەیە تا ئەو رادەیەی هەندێ جار و لە هەندێ وێستگەی جەوهەری و بوونییەویشدا حزوورێکی مەرجەعی و یەکەمایەتیی هەیە.

ئەمە لە رووی تیۆرییەوە.

***

لە رووی پراکتیکیشەوە، دەبینین کەس/حزب/دەسەڵاتی ئیسلامی هەمیشە و بەتەواوی پابەند نین بەو دروشمەوە، وەك وا گومان دەبرێ، ئەمیش لە دوو رووەوە: لەلایەك بەپێی کارکردنیان بەو سیستمی بیرکردنەوە و ئیجتیهادەی سەرەوە، کە برێکی زۆر عەقڵانییەت و سەربەخۆیی عەقڵیی تێدایە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەرچی هەندێ جار خەڵکی تر کافر و فاسق دەکا لەسەر ئەوەی شوێن حزبێکی عەلمانی کەوتوون، یان دەسەڵات تەکفیر و تەفسیق دەکا لەبەرئەوەی "حوکم بە بەرنامەی خوا ناکا"، ئەویش لە روانگەی ئایەتەکانی (ومن لم یحکم بما انزل اللـه فأولئك هم

الكافرون/...هم الظالمون/..هم الفاسقون) «المائدة».

بەواتای حوکم نەکردن بە مەرجەعیەتی وەحی، کەچی خۆی لە ڕەوشت و سیاسەت و ئابووری و هونەر و... هتددا کاری پێ ناکا.

ئاخر غەیبەتکردنی ئەوانی تر، تانە لێدانیان، بوختان بۆ کردنیان، قۆڵبڕینیان، ئازاردانیان بە زمان و کردەوە، پاشقول لێگرتنیان، کوشتنیان، هەموو ئەمانە کارنەکردنە بە بەرنامەی خوا، چونکە پێچەوانەی فەرمانی ئاینەکەن و دەشکرێن و قەت بیریش بۆ ئەوە ناچێ ئەمە لە جەوهەردا هەمان تۆمەتیان لەسەر ساغ دەکاتەوە کە دەیدەنە پاڵ ڕەقیبەکانیان.

هەر لەم بارەیەوەیە فەهمی هوەیدی ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ئەو ئایەتەی سەرەوە زۆرترین جار لەلایەن سەرانی هێزە ئیسلامییەکانەوە بە رووی عەلمانییەکاندا دراوە، کەچی جاری وا هەیە ئەوانە ناتوانن لەنێو ماڵ و منداڵی خۆیاندا بەو شێوەیەی خوا پێی خۆشە بجووڵێنەوە و کار بکەن.

ئەمە جگە لەوەی دانانی چوارچێوە یاخۆ سیاق یان سیستمێکی تایبەت بۆ تێگەیشتن لە کۆی دەقەکان لە مەسەلەیەکدا، بەشێوەیەك لەگەڵ ئاراستەی فیکری و سیاسی یان بڕیار و هەڵوێستێکی دیاریکراوی کەس یان حزبێك یان قوتابخانەیەکی ئاینیی تایبەتدا بگونجێ، ئەمیش عەقڵ دەیکات و هەر ئەویش بابەتەکە یەکلا دەکاتەوە.

بۆ نموونە حزبێکی ئیسلامیی چەکدار دەقەکان و دراوەکانی مێژوو بەشێوەیەك ڕێك دەخات و دەیانخوێنێتەوە کە پاڵپشتی لە بڕیارەکەی ئەو بۆ خەباتی چەکداری و پەنابردن بۆ توندوتیژی بۆ سەرخستنی پەیامی ئاینەکە بکا و لەمەدا، وەك وتراوە، میکانیزمی (دەرخستن و شاردنەوە)، پەیڕەو دەکا، واتە ئەو دەقانە دەشارێتەوە یان تەئویل دەکا کە دژی

بۆچوونەکەی ئەو دەگەیەنن، ئەو بۆچوونانەیش دەردەخات و زەق دەکاتەوە کە پشتگیریی دەکەن.

بەپێچەوانەوە ئەو حزبە ئیسلامییەی باوەڕی بەکاری بێ چەك و مەدەنی هەیە دەق و دراوە تەئسیسییەکان بەشێوەیەك ڕێك دەخات و دەخوێنێتەوە کە بەگشتی پاڵپشتی لە ڕەوتەکەی ئەو بکا و ئەمیش هەمان میکانیزمی دەرخستن و شاردنەوە پێڕەو دەکا.

لێرەوە بوو کاتی خۆی دەوترا ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە نوێژیشدا ئەو ئایەتانە زیاتر دەخوێننەوە کە باسی چەك و جیهاد و توندوتیژی دەکەن و ئەو ئایەتانەی داکۆکی لە نەرمی و گفتوگۆ و ئاشتیخوازی دەکەن دەشارنەوە، هەروەها یەکگرتووەکانیش تەنانەت لە نوێژیشدا ئایەتەکانی جیهاد ناخوێننەوە.

تەنانەت بورهان محەمەد ئەمین خاوەنی تەفسیری "ئاسان"، کە تا ئێستا زیاتر لە ١٠ جار چاپ کراوەتەوە و ئەسڵ وایە بۆ هەموو تەوژم و چین و توێژێك نووسرابێ، لە تەفسیرکردنی هەندێ ئایەتی جیهادیدا ئەم سیستمە لایەنارییەی پەیرەو کردووە و واتای هەمان وشەی بەچەند دەربڕینێکی جیاواز کردووە بەشێوەیەك لەگەڵ ڕەوتە فیکری و سیاسییەکەی خۆیدا ڕێك بێتەوە.

بۆ نموونە وشەی (کتب-بەشێوەی بکەر نادیار-مبني للمجهول)، کە بەواتای "لەسەر پێویست کران" دێت بەدوو مانای جیاواز تەفسیر دەکا، لە ئایەتی (کتب علیکم الصیام)دا «البقرة-١٨٣»، دەڵێ "ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست کراوە"، هەروەها لە ئایەتی (کتب علیکم القصاص)دا دەڵێ "پێویست کراوە لەسەرتان تۆڵەسەندنەوە بۆ کوژراوەکان"، دیسان لە ئایەتی ١٨یشدا لەبارەی وەسیەتکردنەوە وشەی (کتب) بە"پێویست کراوە لەسەرتان" مانا کردووە، کەچی لە ئایەتی (کتب علیکم القتال)دا ئەو

″پێویستبوون″ـە خاو دەکاتەوە و بە ″جەنگ لەسەرتان بڕیار دراوە″ واتای دەکا.

دیارە ئەو هێز و بنبڕییەی لە ″لەسەرتان پێویست کراوە″دا هەیە، لە ″لەسەرتان بڕیار دراوە″دا نییە، ئەوەیش بۆ ئەوە بووە تا وای لێ نەخوێنرێتەوە کە جەنگکردن واجبە، چونکە بەو شێوەیە گوتاری تەوژمی جیهادیی بزووتنەوەی ئیسلامی زاڵ دەکا بەسەر گوتاری مەدەنییانە و ئاشتیخوازانەی یەکگرتوودا، کە ڕاڤەکار ئینیتمای بۆی هەیە.

ئەڵبەت ئەم وابەستەیییەش بە مەرجەعیەتی وەحییەوە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە حزب و دەسەڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، بۆ نموونە حزبی داد و گەشەپێدانی تورکیا بەسەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان جیاوازە لە حزبی ڕەفاهیی نەجمەدین ئەربەکان، ئەویان گوتارێکی نیمچە عەلمانیی هەیە، ئەمیان گوتارەکەی زۆر ئاینییە.

لە کوردستان گوتاری کۆمەڵی ئیسلامی ئاینیترە تا گوتاری یەکگرتووی ئیسلامی، تەنانەت هەندێ لە سەرکردەکانی ئەمەی دوایی پێیان وایە حزبەکەی ئەوان ئیسلامی نییە، بگرە عەلمانیی موحافیزکارە.

کەواتە زانیمان عەقڵی ئاینی، چ لە ڕووی تیۆرییەوە و چ لە ڕووی پراکتیکەوە، تەواو ئاینی نییە و دەمارێکی عەلمانییەتی تێدایە، ئیدی ئەو عەلمانییەتە عەلمانییەتێکی عەفەوی بێ یان فەلسەفی، عەلمانییەتێکی ئیرادی بێ یان لائیرادی، عەلمانییەتێکی فراوان و سەراپاگیر بێ یان بەشەکی و کاتی.

***

ئەگەر بێینە سەر لایەنەکەی تر واتە عەلمانییەت، ئەمیش لە شیکردنەوەی کۆتاییدا نە لەسەر ئاستی تیۆر و نە لەسەر ئاستی پراکتیک عەلمانییەتی پوخت و تەواو نییە، بگرە دەمارێکی ئاینیی

تێدایە، کە زیاد و کەم دەکا.

سروشتی عەلمانییەت جیایە لە سروشتی ئاین، چونکە ئاین بەلای شوێنکەوتووانییەوە لە خواوە هاتووە و بنەما نەگۆڕەکانی بەدەر لە ویست و بەشداریی مرۆڤ دانراون و مرۆڤ بۆی نییە بەئارەزووی خۆی زیاد و کەمیان تێدا بکا یان پێناسەی جیاوازی بۆ بکا، بەڵام عەلمانییەت لە ئەلیفیەوە تا یا-ی بەرهەمێکی فیکریی بەشەرییە و قابیل بەوەیە بۆچوون و تێگەیشتنی جیاوازی لەسەر دروست بێ، واتە عەلمانییەت هیچ نییە جگە لە بۆچوونی تیۆریست و کارەکتەرە عەلمانییەکان، کە هەر وایشە، ئەوەتا دەیان پێناسە و تێگەیشتنی جۆرەوجۆری لەسەر دروست بووە.

لێرەوە بۆچوونەکانی تیۆریست و سیمبولە فیکری و سیاسییەکانی عەلمانییەت، بەجیاوازیی ئاراستە و قوتابخانەکانیانەوە، لەبارەی ئەو چەمکەوە، بەگشتی بەشێکن لە کولتووری عەلمانییەت و بەفیکری عەلمانی حسێبن.

لێرەوەیە لە بەرە عەلمانییەکەدا تیۆر و پراکتیك وەك بەرە ئاینییەکە لەیەك جودا نین، بگرە تێهەڵکێشی یەکترن، چونکە چ تیۆر و چ کردار لە مرۆڤە عەلمانییەکانەوە، نەك لە هێزێکی بانمرۆییەوە، وەك ئەوەی لە ئاییندا هەیە، سەرچاوە دەگرن، بەم پێیەش باوەڕداریی هەندێ لە عەلمانییەکان بە بناغەکانی ئاین جیاواز لە هەندێکیی تریان کە ئەو باوەڕەیان نییە، تەقدیسکردنی خودی عەلمانییەت تا رادەی سەیرکردنی وەك ئاینێکی تر لەلایەن هەندێ لە عەلمانییەکانەوە، باوەڕبوون بەحەتمییەتی سەرکەوتنی عەلمانییەت لە کۆتاییدا، لە کاتێکدا دراوەکانی واقیع ئەو ئاماژەیە نادەن، ئەمانە هەموو خەرقی عەلمانییەتن و دەماری ئیمانی ئاینی و غەیبین لە فیکری عەلمانیدا.

محەمەد ئەرەکۆن پێی وایە، گەر لە هەڵە نەبم، تا ٢٠١٥ عەلمانییەت جیهانی ئیسلامی دەگرێتەوە، ئەمە هەمان سیستمی ئیمانی دینییە لای مرۆڤێکی ئیماندار، کە باوەڕی وایە لە کۆتاییدا ئاین سەردەکەوێ، ئەویش تەنیا لە ڕووی باوەڕبوونی بەبەڵێنەکانی نێو کتێبە پیرۆزەکانییەوە، وەك ئایەتی (کتب الله لاغلبن انا و رسلي) (سيهزم الجمع ويولون الدبر) (ان الارض يرثها عبادي الصالحون).

ئەگەر بابای ئاینپەروەر پاساوی بۆ ئەو باوەڕە، کە ڕەنگە لە ژیانی خۆیشیدا ئەو سەرکەوتنە نەبینێ، ئەوە بێ کە "بەڵێنی خوایە" و بەحەتمی ڕۆژێك دێ دێتە دی، ئەی پاساوی ئەرەکۆن و ئەوانەی عەلمانییەت بەئاینی داهاتووی مرۆڤایەتی دادەنێن و دەیپەرستن، چییە؟

لە ڕووی تیۆرییەوە هەندێ بۆچوون پێیان وایە هەر خۆبەستنەوەیەك بەئاینەوە و کردنی بە مەرجەعی هەڵسوکەوت ئەگەر لە تەسکترین بواری ژیانیشدا بێ وەك بە بەردەوامی کردنی نوێژی جومعە، ڕۆژووگرتن، خەرقی عەلمانییەتە، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە باوەڕ بەخوا و ئەنجامدانی هەندێ ڕێوڕەسمی ئاینی ئاساییە، ئەمە لە جیهانی ئیسلامی بەزەقی دیارە.

ئەم ڕۆحییەتە ئاینییەی نێو عەلمانییەت و عەلمانییەکانیش دیسان بەپلە و ڕێژەیە، لە کەس و حزب و دەسەڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ.

ئەگەر کوردستان بەنموونە وەرگرین لە ڕووی پێوەدیاربوونی عەلمانییەتەوە، لەنێو حزبە سەرەکییەکاندا یەکێتی لە پارتی عەلمانیتر دیارە بەتایبەت لە سەرکردایەتی و ڕاگەیاندندا، حزبی شیوعی لە یەکێتی عەلمانیترە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەوپەڕی لێ گرتووە.

کەواتە چ لە ڕووی نەزەری و چ لە ڕووی کردەییەوە فیکری ئاینی لەنێو عەلمانییەت و عەلمانییەکان و، فیکری عەلمانی لەنێو عەقڵی ئیسلامی و

ئیسلامییەکاندا هەیە با خۆیشیان هەستی پێ نەکەن و دانی پێدا نەنێن.

واتە چ عەلمانییەت و چ ئیسلامییەت وەك نێر و مێ هەڵگری ڕێژەیەك لە هۆرمۆنەکانی فیکرەکەی ترن، نە ئەمیان تەواو ئاینییە و نە ئەویان تەواو نائاینییە.

لەبەر ئەوە پێویست ناکا ئێمە شەڕ لە دژی چەمکە تەجریدییەکان بەرپا بکەین، لە کاتێکدا هێشتا خانەخوێی هەردوو چەمکەکە بەتەواوی لە ماهییەتی فەلسەفەکەیان نەگەیشتوون و نازانن چییە و سنوورەکانی لەگەڵ فەلسەفە رکابەرەکەی لە کوێدایە، ئەمە جگە لەوەی تەنانەت لەو مەودایەشدا کە بەحساب لە فیکرەکەیان گەیشتوون کاری دڵسۆزانەی پێ ناکەن، کەچی شەڕیشی لەسەر دەکەن.

تۆ دەبینی کەسێك یاخۆ حزبێکی ئیسلامی شەڕ لە دژی عەلمانییەت رادەگەیەنێ، کەچی خۆی کار بەو ئیسلامە ناکا کە شەڕی لەسەر دەکا، لە قسە و کرداریدا، لە مامەڵە و کەسابەت و پارە پەیداکردنیدا، لە پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەر و هاوکار و هاووڵاتی و رەقیبەکانیدا.

بەهەمان شێوە کەس و حزب و دەسەڵاتی عەلمانیش هەیە، پێی وایە عەلمانییەت دەردی گشت دەردانە و مەرهەمی گشت برینانە، مافی مرۆڤ و عەقڵانییەت و دیموکراسییەت و پلورالیزم و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و قبووڵکردنی جیاوازییەکان و نازانم چییە، کەچی بەکردەوە دوژمنی باوەکوشتەی ئەم بەهایانەیە، کە بەشێك لە شەڕەکەی لەگەڵ تەوژمی ئیسلامی لەبەرئەوەیە پێی وایە ئەوانە مەترسین بۆ سەر ئەو بەهایانە.

یان لە ساتەوەختێکدا ١٨٠ پلە گێڕ دەگۆڕێ و بۆ بەدەستهێنانی چەند دەنگێکی زیاتر لە هەڵبژاردندا، یان بۆ راکێشانی سۆزی شەقام، یان لە ناتێگەیشتن و بەرچاولێڵییەوە لە جەوهەری عەلمانییەت، پەنا بۆ ئەو کارانە دەبات و دەیانکات کە لە جەوهەری تایبەتمەندیی کەس و حزب و

گرووپە ئاینییەکانە، وەك پەنابردن بۆ فتوای مەلاکان و کردنەوەی خولی ئاینی و ئەنجامدانی نوێژەبارانە و قوربانیکردن و... هتد.

لەبەر ئەوە ئەگەر بتوانین ئەو دوو چەمکە لە فەرهەنگی خۆماندا بسڕینەوە پێم وایە کارێکی باش دەکەین و خزمەتێکی گەورە بە پێکەوەژیانی تەوژم و گرووپەکانمان هەیە و هیچ زیانێکیشمان لێ ناکەوێ، ئاخر تا پێش راپەڕین ئەو دوو وشەیە لە ناوەندی رۆشنبیریی کوردیدا نەبوو.

ئەگەر دەوترێ ئەو ناونانە شتێکی مەنهەجی و واقیعییە و لە هەموو جیهاندا هەیە، دەبا ئێمە لەوەدا جیاواز بین و دەستبەرداری بین و ئەوە بکەینە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردستان.

با بگەڕێینەوە سەر ناسنامە سروشتی و ناکۆکی هەڵنەگرە مێژوویییەکەی خەڵك، کە ناسنامە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی و ئاینییەکەیە، واتە ئێمە مرۆڤی کوردی موسڵمانین و تەواو، ئەوەیش تورکمان یان عەرەبە بۆ خۆی بەو شێوەیە، ئەوەیش لە ناخیدا خۆی بەموسڵمان نازانێ با بڵێ کوردم و تەواو، ئیدی کەس سوێندی نادات ئاخۆ باوەڕی بەئیسلام هەیە یان نا.

**کامیان بۆ کوردستان پێویستن؟**

زۆرجار لەسەر زاری ئەم یان ئەو رۆشنبیر و سەرکردەی حزبە عەلمانییەکان یان ئیسلامییەکان دەبیستین کە بوونی بیری بەرامبەر بە نامۆ و زیادە و زیان و بۆ کۆمەڵگە دادەنێ و جەخت لەوە دەکا کە ئەو گرووپە هیچ خێر و چاکەیەکی بۆ کۆمەڵگەی کوردی پێ نییە.

هەروەك باس لەوە دەکەن کە حەتمییەتی مێژوویی کۆمەڵگە بەرەو رێبازەکەی ئەوان و پووکانەوە و مایەپووچبوونی ئەوی تر دەبات.

ئەمانە هەمووی حەزی دەروونن و بناغەیەکی زانستییان نییە، کەس ناتوانێ پێداگری بکا لەوەی کۆمەڵگە لە کۆتاییدا کام تەوژمە لە ئامێز دەگرێ و پشت لە کامەیان دەکا، تەنانەت ئەگەر لە قۆناغێکی مێژوویی تایبەتیشدا ئاماژەکان لە بەرژەوەندیی لایەکیان بن و ئەوی تر لە پاشەکشە و چوونەیەکدا بێ، ئەمە قەت بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەو دەورەیە بەسەر ناچێ و سەڵتەنەتی بەهاری باڵادەستەکە و رۆژە سەختەکانی زستانی لاوازەکە بەپێچەوانەی پێشوو بەسەر ناچن.

سەردەمێك هەبوو لە زانکۆکاندا بەدەگمەن کچە قوتابییەکی باڵاپۆشت دەبینی، لە گەڕەکەکاندا سەرپۆش بۆ کچان عەیبە بوو، نوێژ و خواپەرستی بۆ گەنج بەپێویست نەدەزانرا و مزگەوتەکان تەنیا پیاوانی پیر و بەساڵاچووی تێ دەچوو، ئەم دەورانە تێ پەڕی و ئێستە قوتابخانە و زانکۆ و فەرمانگە و مزگەوتەکان جمەیان دێ لە گەنجی نێر و مێی پابەند بەئاینەوە.

هەروەها ئەگەرچی ئێستە فەزای ئاینی لە کۆمەڵگەدا جۆرێك لە باڵادەستیی هەیە، بەڵام ئەم باڵادەستییەش بەو شێوەیە نییە کە هەندێ بیری لێ دەکەنەوە و بە رەهایی پێیان وایە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پابەندە بەئاینەوە و لێرەشەوە عەلمانییەکان نامۆن بەسروشتی کۆمەڵگەی کوردی، زۆربوونی یانە و دوکانەکانی شەراب لە کوردستان، دیاردەی مەشرووب خواردنەوە لە قەراغ شارەکان و لە سەیرانگەکان، بەشداریی بەرفراوانی توێژێکی خەڵك لە ئاهەنگەکانی نەجوا کەرەم و موعین و جەمشید و زەکەریا و بڵند و کێ و کێ و شایی و رەشبەڵەك و سەمای سەری ساڵ، ئاماژەی جیاواز لەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە.

تەنانەت ئەو پێشکەوتنە لە پابەندبوونی ئاینیی گەنجان بە بەراورد

لەگەڵ شەستەکان و حەفتاکاندا، بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە کولتوور شتێکی بزۆزە نەك جێگیر، بەڵگەی ئەوەیە ئەوەی دەوترێ کولتووری کوردی دەستبەرداری ئاین نابێ، دەربڕینێکی ورد نییە، بگرە ئەو پابەندبوونە لە جووڵەدایە و لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێ.

کولتووریش وەك هەر کائینێکی زیندوو بە ساوایی لەدایك دەبێ، گەشە دەکا و پێ دەگات تا دەگاتە ئەوپەڕی هێزی خۆی، ئەنجا روو لە لاوازی و پیربوون دەکا و دەشمرێ.

لەبەر ئەوە لە رووی ئەخلاقی و زانستیشەوە نە عەلمانی و نە ئیسلامی مافی ئەوەیان نییە بەناوی کۆمەڵگەوە قسە بکەن و بڕیار لەبارەی داهاتووی ئەوی ترەوە بدەن. ئەگەر دەوترێ کوردستان پێویستی بە ئەم یان ئەو تەوژم نییە، ئەدی چی دەکەن لەو خەڵکەی شوێنی ئەو حزبە ئیسلامی/عەلمانییانە کەوتوون؟ ئەگەر خێریان تێدا نابینن بۆ شوێنیان دەکەون؟

ئەز وای دەبینم خەڵکی ئاسایی هیچ لە شەڕی عەلمانییەت و نەقیزەکەی نازانێ و تێی ناگات، زۆرێك لەو خەڵکە ئاساییەی شوێن یەکێتی و پارتی کەوتوون لە ئەشقی عەلمانییەتەوە شوێنیان نەکەوتوون، بگرە لەبەر ئیعتیباراتی نەتەوەیی و شتی تر شوێنیان کەوتوون، چونکە زۆرێك لەو خەڵکە هێشتا زۆرێك لە چالاکی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەپێی رێسا و یاساکانی شەرع بەڕێوە دەبەن، وەك ئەنجامدانی نوێژ و رۆژوو و زەکات و حەج و عەمرە، قوربانیکردن، نوێژەبارانە، ژن مارەکردن، دابەشکردنی میرات و... هتد. تەنانەت حزبەکانیشیان خۆیان بە ناچار دەبینن موجامەلەی ئەو هەستە ئاینییە بکەن.

هەروەها زۆرێك لەوانەیش شوێن تەیاری ئیسلامی دەکەون لە تێگەیشتنێکی قووڵەوە شوێنی ناکەون، تەنیا لەو رووەوەیە دەبینن ئەوانە

خەڵکی دیندارن و هەوڵ دەدەن خەڵك ئیتاعەی خوا و پێغەمبەر بکا، ئەوانیش متمانەیان بە ئەهلی مزگەوت و دینداری هەیە.

ئەوەی لای ئەو خەڵکە گرینگە ئەوەیە ژیانێکی ئاسایی و ئارام بژی، کە تێیدا نان و ئیمانیان سەلامەت بێ، کێ ئەمانە دەستەبەر بکا دەیباتەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە هەڵوەشاندنەوەی ئەم تەقسیمبەندییەی کۆمەڵگە بۆ عەلمانی و ئیسلامی لە ئەدەبیاتی فیکری و سیاسی و رۆشنبیریماندا، یان لانی کەم هێندە زەقنەکردنەوەی و سەرقاڵنەکردنی خەڵك بە شەڕێکی بێ سوود لەسەر چەمکە تەجریدییەکان، بڕیارێکی گرینگ و مێژوویی دەبێ.

## توندڕۆیی ئاینی

هەڵەیە ئەوەی پێی وا بێ توندڕۆیی و تەنگەتیلکەیی و چاوهەڵنەهاتن بەبوونی ئەوی تری جیاواز و چێژوەرگرتن لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ و خوێنڕشتن و چەپاندنی نەیاران، شتێکە تایبەتی ئاینی ئیسلام یان گرووپە ئاینییەکانی سەر بەو ئاینەن، ئەگەرچی، بەداخەوە، وا لە ساویلکەیی و کاڵفامی و بەدبەختیی سەران و ژێرانی هەندێ لە گرووپە توندڕۆکانی نێو ئەو ئاین و تەوژمە سیاسییەکانی ژێر بەیداخی ئەو ئاینەوە، ئیسلام و دنیای ئیسلام و عەقڵی ئیسلامی بوونەتە سیمبولی توندڕۆیی و زەبروزەنگی ئاینی و مەزهەبی و سیاسی. ئافرەتێکی ئەمەریکی لە ساڵوەگەڕی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەردا وتی ”راستە هەموو موسڵمانەکان تیرۆریست نین، بەڵام هەموو تیرۆریستەکان موسڵمانن”. قسەکەیشی دروستە، لانی کەم لەم دە دوازدە ساڵەی دواییدا.

ئەوە چ تێگەیشتنێکە لە دینداری و خواپەرستی کە بچیت سەدان ژن و منداڵ لەنێو بینایەیەکدا بە بارمتە بگریت و بۆمبیان لەنێودا بتەقێنیتەوە بە ئامانج و پاساوی ئەوەی هاوڕێبازانت لە زیندان ئازاد بکرێن، لە کاتێکدا ئەزموونی خۆیشت دەری خستبێ کە بەدیهاتنی ئەو ئامانجە مەحاڵە و کردەوەیەکی لەو جۆرە جگە لە خۆبەکوشتدانێکی بەخۆڕایی – کە بە دەقی قورئان حەرامە – و بەقوربانیکردنی خەڵکێکی بێتاوان و لاشەڕ، بەتایبەت ژن و منداڵ، بەبێ عوزرێکی شەرعی، کە هیچ عوزرێك پاساو ناداتە ئەو کردارە، هیچی تر نییە.

لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا ٥٠ چەکداری چیچانی لە هۆڵێکی شانۆ لە مۆسکۆ نزیکەی ٨٠٠ کەسیان بە بارمتە گرت و دواتر جگە لە کوژرانی

هەر ٥٠ چەکدارەکە، بە کوژرانی زیاتر لە ٩٠ بارمتە و برینداربوونی زیاتر لە ١٠٠ کەسی تر بەکۆتا هات.

کەچی دوای نزیکەی ٢ ساڵ دواتر لە ئەیلوولی ٢٠٠٤دا ژمارەیەکی تری چەکداری چیچانی لە قوتابخانەی بیسلان لە ئۆسیتیای باشووری رووسیایش هەمان کردەوەیان دووبارە کردەوە و زیاتر لە هەزار ژن و منداڵیان بە بارمتە گرت، کە بە کوژرانی ٢٧ چەکدارەکە و کوژرانی زیاتر لە ٢٥٠ کەس و بریندار بوونی زیاتر لە ٧٠٠ی تر بەکۆتا هات، لەوانە سەدانیان منداڵ بوون.

بەبارمتەگرتنی زیاتر لە سەد نوێژخوێنی مەسیحیش لە کڵێسای نەجات لە بەغدا لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ لەلایەن چەکدارانی سەر بە "دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی"یەوە، هەمان مەنتیقی نامەنتیقیی بیرکردنەوە لە پشتییەوە وەستاوە، وەك هەمیشەیش بەهەمان ئەنجامی دوور لە پێشبینیی ئەنجامدەرانی بەکۆتا هات.

ئەگەر ئەنجامێکی هەبووبێ، تەنیا بە کوشتدانی ئەنجامدەران و دەیان کەس لە خەڵکی بێتاوان و پۆلیسی عێراقی بوون، کە بۆ پەیداکردنی بژێویی ماڵ و منداڵیان سنگیان بە ئاگرەوە ناوە، کەچی لەلایەن ئەو بەندە فریودراوانەی خواوە چرای ماڵیان کوژێنرایەوە.

ئەنجامێکی تری ئەو پەلامارە قووڵکردنەوەی ئەو بۆچوونەیە کە ئیسلام و عەقڵی ئیسلامی چاوی بە بوونی ئەوانی تر هەڵنایەت و تاکە رێگە بۆ بالادەستیی خۆی لە پەنابردن بۆ لەناوبردنیاندا دەبینێتەوە، ئەنجامی ئەمەیش ورووژاندنی دەمارگیریی ئاینی و زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی ئەو دەمارگیرییەیە لای هاووڵاتییانی ئەمەریکایی و ئەوروپاییش لە دژی موسڵمانان، کە بێگومان زەبری کوشندە بەبوون و بەرژەوەندییەکانیان دەگەیەنێ و کارێکی لەو جۆرە هەرگیز لە

بەرژەوەندیی ئیسلام و شوێنکەوتووانیدا نییە.

تێری جۆنز ئەو قەشە مەسیحییە ئەمەریکاییەی بڕیاری دابوو لە ساڵوەگەڕی ١١ی سێپتەمبەردا دانەیەك لە قورئان بسووتێنێ و داوای دەکرد ئەو رۆژە بکرێتە رۆژی سووتاندنی قورئان، لەبارەی پاساوەکانی ئەو بڕیارە سەرشێتانەیەوە گوتی "ئێمە هۆشدارییەك دەدەینە ئیسلامی توندڕۆ و پێی دەڵێین ئەگەر هێرشمان بکەنە سەر هێرشتان دەکەینە سەر. دەزانین ئەم کارە ئەزیەتی موسڵمانان دەدات، بەڵام منیش ئازارم پێ دەگات کاتێ ئەوان ئاڵای ئەمەریکا یان کتێبی پیرۆزی ئێمە دەسووتێنن".

بەستنەوەی پەلامارەکەی سەر کڵێساکەی بەغدا بە کێشەی نێوان موسڵمان و قیبتییەکانی میسریشەوە، هەوڵێکی ترە بۆ گەرمکردن و بەرفراوانترکردنی شەڕی ئاینی و تائیفی لە ناوچەکە و جیهاندا، کە پاساوەکەی لاوازترە لەوەی شایانی هەڵسەنگاندن بێ، چونکە ئەوان رۆژانە دەبنە هۆکاری کوژرانی دەیان و سەدان موسڵمان، کەچی بە پاساوی ئازادکردنی دوو ئافرەتی مەسیحی، بە راست بێ یان بە درۆ، دەوترێ موسڵمان بوون، گۆمی خوێن بۆ مەسیحی و موسڵمانەکان ساز دەکەن.

بەڵام ئاشکرایە ئەو کارەیان لەخۆوە و بێبەرنامەیش نییە، بگرە لە کرۆکی بەرنامەی کاریانە، چونکە ئەو جۆرە تەوژمانە لە سەردەمی ئاشتی و ئارامیدا رەواجیان کز دەبێ و لە سەردەمی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەدا رەواج پەیدا دەکەن و بازاڕیان گەرم دەبێ و دەنگیان دلێر دەبێ بەتایبەت لەنێو رەشە خەڵکدا، ئیدی کە ئەوە بە زیان بەسەر کۆمەڵگەی گەورە و بچووکی مرۆڤایەتیدا دەشکێتەوە، یان ناوبانگی ئاینەکە و تەوژمە سیاسییەکانی لەکەدار دەکا، بەلایانەوە بایەخێکی نییە، یان وردتر باوەڕیان بە راستیی ئەو هەستە نییە.

ئەگەرچی خۆشبەختانە پەلامارەکە لەلایەن زۆر لە مەرجەع و تەیارە ئیسلامییەکانەوە، لەوانە عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق، ئیخوان موسلیمینی میسر –کە بەرفراوانترین تەوژمی ئیسلامییە– و جەماعەی ئیسلامیی میسرییەوە (کە یەکێك بوو لە گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکانی هەشتاکان و دواتر زۆر لە سەرکردەکانی پێداچوونەوەیان بە شێوازی کاریاندا کرد و گەڕانەوە) و لە کوردستانیش لەلایەن یەکەتیی زانایان و یەکگرتووی ئیسلامییەوە سەرکۆنە کرا و بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام و ڕەوشتی مرۆڤانە و بەها باوەکانی مرۆڤایەتی و هەوڵێك بۆ تێکدانی پێکەوەژیانی ئاینی و هەڵگیرساندنی شەڕی ئاینییان لە قەڵەم دا، بەڵام ئەو جۆرە کارانە بەرهەمی جۆرێك لە بیرکردنەوە و تێگەیشتنن لە ئیسلام و دینداری و سیاسەتی ئیسلامی و کاری سیاسی و بنەبڕکردنیشی نە بە دەرکردنی بەیاننامە و نە تەنانەت بە پلانی ئەمنی و سەرکوتینەوەیش چارەسەر دەبێ (چونکە پلانی ئەمنی بە هەموو هێزی خۆیەوە لە کاردایە، ئەنجا ئەو کارانە هەر بەردەوامن و تەکتیکەکانیان پێش دەکەون)، بگرە پێویستی بە گەڵاڵەکردنی ڕۆشنبیرییەکی ئاینیی ئەخلاقی و مرۆییانە هەیە، کە دینداری وەك پەیامی مرۆڤسازی و مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی و ئاوەدانکردنەوە و بەخشینەوەی شادی سەیر بکا، کە ئەمە ئامانجی ڕاگەیەنراوی قورئانیشە (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ..)[الحديد/ ٢٥].

ئاخر ئەو سادییەتە ئاینی و سیاسییە و ئەو تێگەیشتنە وێرانخوازی و مەرگدۆستانەیە لە ئاین، تەنیا شەڕی نێوان ئاینەکان دروست ناکا، بگرە شەڕی نێوان ئاینزاکانی هەمان ئاینیش دروست دەکا. شەڕی خوێناوی و سەرشێتانەی نێوان شیعە و سوننە، کە هەردووکیان شوێنکەوتەی هەمان ئاینن، بەتایبەت لە عێراق و پاکستان، باشترین نموونەیە.

ئەگەرچی راست و ورد نییە بڵێین دەقە تەئسیسییەکانی ئاینەکان ڕۆڵیان نییە لەوەی ئەو کولتوورەی لێیان دەکەوێتەوە کولتوورێکی لێبووردە و سینەفراوان و مرۆڤدۆست بێ یان کولتوورێکی تەنگەتیلکە و شەڕدۆست و وێرانیخواز، بەڵام نیمچە دڵنیام لەوەی ڕۆڵی گەورە لەوەدا هی مرۆڤەکانە و ئەوان دەتوانن جوانترین دەق بە ترسناکترین ئاقاردا و خراپترین دەقیش بە باشترین ئاقاردا ببەن. بۆ ئەوەیش گوتەزایەکی یەکێك لە بیرمەندانی ڕۆئاوا، هەڵە نەبم ڤۆڵتێرە، وردە کە دەڵێ سەیرم پێ دێ ئاینی ئیسلام بە شمشێر دەستی پێ کرد کەچی کڵێساکان لە جیهانی ئیسلامیدا مانەوە، بەڵام مەسیحییەت بە پەیامی ئاشتی دەستی پێ کرد کەچی موسڵمانەکان لە ئەندەلووس قڕ کران.

# کۆتایی ڕێبەرانی تەوژمی رادیکاڵی ئیسلامی

## لە سەید قوتبەوە بۆ بن لادن

چ لێکچوون و چ لێک نەچوونێك لە نێوان سەید قوتبی میسری (١٩٠٦–١٩٦٦) و ئوسامە بن لادنی سعوودی (١٩٥٧–٢٠١١)دا هەیە؟

سەید و بن لادن لە چەند شتێکدا لێك دەچن و لە چەند شتێکدا لێك ناچن.

لەیەك دەچن لەوەدا هەردووك دوو سیمبولی فیکریی سیاسیی ئیسلامین کە ناوبانگێکی جیهانییان هەیە، ئەگەرچی ئامرازی سەید لە بەدەستهێنانی ئەو شۆرەتە سنووربڕەیدا بیر و خامەکەی بووە، چەکی لە شان نەکردووە و ممارەسەی "جیهادی چەکداری" نەکردووە، لە کاتێکدا ئامرازی بن لادن تفەنگ و توندوتیژی و پەیامە جیهادییە حەماسییەکانی بووە.

ئەگەرچی سەید قوتب لە کۆتاییی چلەکانی سەدەی بیستەمدا لەو کاتەی لە ئەمەریکا دەبێ و خۆشحاڵیی ئەمەریکاییەکان بە کوژرانی حەسەن بەننای رابەری ئیخوان دەبینێ، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فیکری ئیخوان موسلیمین و کە دەگەڕێتەوە دەچێتە ریزەکانی ئیخوان و دەبێتە یەکێك لە سەرکردە و تیۆریزەکارە فیکرییەکانی، بەڵام دواتر لە بازنەی ئیخوان دەردەچێ و تەجهیلی دەسەڵاتی ئارا و کۆی ئەو کۆمەڵگەیەش دەکا کە بەحوکمی ئەو دەسەڵاتە عەلمانییە رازییە.

سەید بەهۆی نووسینەکانییەوە، کە بوونە بناغەی فیکری بزاڤەکانی تەکفیر و جیهاد، تەنانەت سنووری ناوبانگی ئیخوانیشی تێپەڕاند.

هەروەها بن لادنیش، ئەگەرچی لە هەشتاکانەوە لە ئەفغانستان بووە و بەشداریی شەڕی دژی سۆڤیەتی کردووە، بەڵام لە نیوەی دووەمی

نەوەدەکانەوە وردە وردە ناوی دەرکەوت، کەچی لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا ناوبانگێکی ئەوتۆی لەسەر ئاستی جیهان و ناوەندە سیاسی و میدیاییەکاندا پەیدا کرد، کە بزاڤی ئیخوان لە ماوەی نزیکەی سەدەیەکی تەمەنی خۆیدا بەو ئاستە نەگەیشت.

لەیەك دەچن لەوەدا هەردووکیان دوژمنی سەرسەختی ئەمەریکا و بەها سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بوون، ئەگەرچی هەڵوێستی قوتب لەوەدا زیاتر قاڵبێکی ستراتیجی و شارستانییانەی وەرگرتووە و کەمتریش رووی هێرشی کردووەتە سەر گەلی ئەمەریکی، لە کاتێکدا بن لادن قاڵبێکی زیاتر تەکتیکی، سیاسیی وەرگرتووە، کە دژایەتییەکەی بۆ ئەمەریکا زیاتر وابەستە کردووە بە پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ ئیسرائیل و لەشکرکێشیکردنی بۆ ناوچەی کەنداوی عەرەبی. هەروەها ئەو رقە قووڵە بەرامبەر سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەمەریکی بۆ قووڵاییەکی تری ترسناك رۆچووە، ئەویش دژایەتیکردنی خودی کۆمەڵگەی ئەمەریکی و تەواوی جوولەکە و مەسیحییەکانی دنیایە.

سەید قوتب لە ساڵی ١٩٤٨ هەلی نێردەیەکی بۆ ئەمەریکا بۆ هەڵکەوت بۆ دیراسەکردنی پەروەردە و بنەماکانی میتۆدەکان لەو وڵاتە، لە ساڵی ١٩٥١ چەند وتارێکی لەبارەی ژیان لە ئەمەریکا لە رۆژنامە میسرییەکان بڵاو کردەوە، یەکێکیان بەناوی ئەو ئەمەریکایەی من دیم "امریکا التي رایت"ـە، تێیدا دەڵێ "گەلی ئەمەریکی گەلێکە لە دنیای زانست و مەعریفەدا گەیشتووەتە لووتکە، بەڵام لە دنیای هەست و رەفتاردا ئاستی پلە بەراییەکانی مرۆڤایەتیی تێ نەپەڕاندووە و بگرە لە هەندێ لایەندا لەوانیش کەمترە". ئەمە رەخنەی بیرمەندێکی خاوەن ئایدیۆلۆجیای جیاوازە لە رۆئاوا و رەخنەکەی رەواییەتێکی شارستانیی هەیە. بەڵام بن لادن هێڵێکی چەپ و خوار بەسەر کۆی گەل و شارستانیەتی ئەمەریکیدا دەهێنێ.

ناوبراو لە فیلمێکی بەڵگەنامەییدا لە کۆتاییی نەوەدەکاندا، کە ماوەیەك دوای ئاشکرابوونی پێوەندییە سێکسییەکەی بیل کلینتۆنی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا و مۆنیکا لوینسکی مەشقدەری کۆشکی سپی بوو، راشکاوانە لەبارەی گەلی ئەمەریکاییەوە گوتی "گەلی ئەمەریکی گەلێکە لە رووی رەوشتەوە رووخاوە، ئەوەتا کاتێ سەرۆکەکەی لە بێڕەوشتییەوە دەگلێ جەماوەری لەنێو گەلی ئەمەریکیدا زیاد دەبێ".

سەید و بن لادن لەیەك دەچن لەوەدا کە هەردووکیان دوای ململانێیەکی سەخت و درێژخایەن لەگەڵ نەیارەکانیاندا، لە کۆتاییدا لە پێناو مەبدەئەکەیاندا بە کوژران کۆتایی بە ژیانیان هات. قوتب لە ٢٩ ئابی ١٩٦٦ لەدار درا و بن لادنیش لە ٢ ئایاری ٢٠١١دا کوژرا.

رەنگە زیاد لەیەکچوون، ئەو دووانە (ئیندیماج)یش بکەن و ببنە ژێرخان/سەرخان (قوتب/بن لادن)ی یەکتر لەوەدا کە ئەو تیۆریزە فیکرییەی سەید قوتب بۆ لێکدابڕانی هەردوو بەرەی کوفر/ئیمانی دەکرد، بن لادن بە کردەوە و بە زمانی چەك بەرجەستەی کرد، ئەگەرچی ئەو لە شەڕەکەیدا بازی بەسەر نەیارە ناوەخۆییەکە (رێژیمەکانی ناوچەکە)دا دا و جاڕی شەڕی لە دژی رۆئاوا دا بەو ئیعتیبارەی ئەوان "دوژمنە گەورە"کەن و سەرچاوەی هێزی رێژیمەکانن و بۆ لەناوبردنی رێژیمەکان (دوژمنە بچووکەکە) پێویستە دوژمنە گەورەکە لەناو ببرێ. بەبڕوای چاودێران، ئەمە تیۆری ئەیمەن زەواهیری سەرکردەی گرووپی جیهادی ئیسلامی میسری و کەسی دووەمی قاعیدە بووە، کە لە ساڵی ١٩٩٨دا لە ئەفغانستان لەگەڵ قاعیدەدا یەکی گرت.

بەڵام لێك نەچوونەکانی ئەو دوو پیاوە دەکرێ لەوەدا بێ، سەید ئەدیب و بیرمەند بوو، چەکی دەستی وشە بوو، زۆربەی ئەو وشانەیشی لە کونجی زیندانەدا دەنووسی. تەفسیری (في ظلال القرآن) شاکاری بەناوبانگی

سەید لە زینداندا نووسیویەتی. کەواتە گوتاری ئەو بۆ خەڵکی شار و بۆ بنیاتنانی بیری خەڵکی خوێندەوار بووە، ئیدی ئەو بیرە چەند دروست بووە گرینگ نییە. راستە سەید وەك تیۆریزەکاری بیری تەجهیل و تەکفیر دادەنرێ و کتێبەکانی بەتایبەت "معالم في الطريق"ەکەی بە میتۆدی زۆر لە بزاوتە ئیسلامیی جیهادییەکان دادەنرێ، بەڵام ئەو جگە لەوانە گەلێك بەرهەم و ئیجتیهاد و تیۆری فیکری و سیاسیی گرینگیشی هەن و کەسایەتیی سەید تەنیا لە بیرۆکە تەکفیری و تەجهیلییەکانیدا کورت نابێتەوە، بگرە ئەوە بەشێکی زۆر کەمە لە بەرهەمی بیری ئەو پیاوە. لە کۆی ئەو کتێبانەی سەید کە خوێندوومەتەوە، هەستم نەکردووە تیۆریزە بۆ دامەزراندنی گرووپێکی چەکداری و جاڕدانی شەڕ دژی دەسەڵات یان ئەمەریکا بکا.

بەڵام بن لادن زیاتر سەرکردەیەکی سەربازی و مەیدانی بوو، چەکی دەستی تفەنگ و گوللە و وتاری جەنگاوەرانە بوو، واتە گوتارەکەی گوتاری مەیدانی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە و توندوتیژی بوو. ئەگەر سەید گەنجینەیەك کتێبی فیکری و سیاسیی بۆ نوخبە بەجێ هێشت، کە زۆریان لە ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوە و ئیستاتیکادان، بن لادن ئەوەی تا ئێستە ئاشکرایە تەنیا کۆمەڵێ وتاری دەنگی و ڤیدیۆیین کە تایبەتی ساتەکانی جەنگ و کوشت و کوشتارن و شتێکی بۆ شار پێ نییە.

سەید ئەگەر باوەڕی بە تیۆری دار الحرب/دار السلمیش هەبووبێ، تیۆریزەی بۆ جەنگی دنیای ئیسلام (وەك کۆیەك) و دنیای رۆئاوا (وەك کۆیەك) نەکردووە، ئەمە جگە لەوەی تیۆریزەی بۆ جەنگی تائیفی لە نێوان شیعە و سوننەش نەکردووە، بەڵام ئوسامە بن لادن لە ساڵی **١٩٨٨دا** هەموو رۆئاوای خستە بۆکسێکەوە و شەڕی دژی یەهوود و سەلیبییەکان راگەیاند و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئەورووپای کردە ئامانج، دیارترینیان هێرشەکانی سەر باڵوێزخانەکانی ئەمەریکا لە نایروبی و

دارولسەلام و دواتر ئەنجامدانی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لە نیویۆرك و واشنتۆن، تەقینەوەکانی مەدرید لە ٢٠٠٤ و تەقینەوەکانی ٧ تەمووز/یۆلیۆی ٢٠٠٥ی لەندەن.

سەید قوتب کاری لەسەر فیکر و ستراتیج دەکرد و خۆی بە تاکتیك و سەرکردایەتیکردنی سیاسەتی رۆژانەوە سەرقاڵ نەکرد، بەڵام بن لادن ژیانی خۆی لەنێو تاکتیك و سیاسەتێکی مەرحەلیدا تەواو کرد. لەبەر ئەوە بە مردنی سەید قوتب کۆتایی بە قوتابخانە فیکرییەکەی نەهات، بگرە بوو بەمیتۆدی کار و رۆشنبیریی بزاوتە ئیسلامییەکان بەگشتی و بزاوتە رادیکاڵییەکان بەتایبەتی. تا ئێستەیش کتێبەکانی سەید لەلایەن رێکخستنەکانی ئیخوانەوە دەخوێنرێن، بەتایبەت (في ظلال)ەکەی و (مقومات التصور الاسلامي و خصائصه) و "المستقبل لهذا الدين"ەکەی.

بەڵام پێم وایە بە مردنی بن لادن تەوژمەکەی روو لە کزی دەکا، لەلایەك لەبەرئەوەی بەشێکی گەورە لە هێزی هەر گرووپ و رێکخراوێکی چەکداری، بەتایبەت رێکخراوی ئایدیۆلۆجی، لە کاریزماییی کەسی یەکەمی گرووپەکەوە دێ، هەر بۆیە زۆرجار دوای مردنی ئەو سەرکردانە پەرتەوازەیی و لاوازی روو لەو جۆرە گرووپانە دەکا، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێ.

لەلایەکی ترەوە پشتگیریکردنی ئەمەریکا لە خۆپێشاندانە نارەزاییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە دژی رێژیمەکان، کە جاران قاعیدە بۆ کۆتاییهێنان بە پاڵپشتیی ئەمەریکا لەو رێژیمانە دژایەتیی خۆی بۆ ئەمەریکا راگەیاندبوو، وا دەکا گوتاری دژ بە ئەمەریکا ئەو سیحرەی جارانی لە بزواندنی هەستی شەقامی ئیسلامیدا لە دەست بدا، چونکە چیی تر ئەمەریکا داڵدە و پەنای ئەو رێژیمانە نییە و دەرفەتی بە خەڵك داوە رایان ماڵن و بگرە پشتگیریی مەعنەوی و تەنانەت سەربازیشیان دەکا و

چـیـی تـر پـێوست بـە تـەقـیـنـەوە زراوتـۆقـێنـەکـانـی قـاعیدە نـەمـاوە بـۆ رووخـاندنی ئـەو رێژیمـانـە.

بـەبڕوای چاودێران ئـەو حاڵـەتـە قـاعیدەی تووشی شۆك و سـەراسیمـە کـردووە، هــەر بـۆیــە دوای نـزیـکـەی پـێنـج مــانـگ لـە خـۆپـێشانـدان و راپـەڕینـەکـانی گـەلانی نـاوچـەکـە قـاعیدە و بن لادن هیچ هـەڵوێستێکیـان لـەو بـارەوە رانـەگـەیـاند، لـە کـاتێکدا پێشتر لـە مـەسـەلـەی زۆر لـەوە کـەمبـایـەختردا هـەڵوێست و راگـەیـەنـراویـان هـەبوو.

لێرەوەیـە هـەندێ لـە توێژەران پێیـان وایـە بن لادن لـە ٢ی ئـایـاردا کۆتـاییی پێ نـەهـات، بگرە لـەو کـاتـەوە کۆتـاییی پێ هـات کـە راپـەڕینـە جـەمـاوەرییـە ئـاشتیخوازانـەکـان دەستیـان پێ کرد و شـەقـام خۆی بـە شێوازێکی زۆر هێمنـانـەتر توانی ئـەو گۆڕانکـارییـە لـە سیستمی سیـاسیدا بکـا، کـە دەیـان ساڵـە حزبـە چـەکـدارەکـان و تـەنـانـەت بێچـەکـەکـانیش پێیـان نـەکرا.

زیـاد لـەو دوو هۆکـارەیش، لـە بنـەڕەتدا تـەوژمی توندڕۆیی و چـەکداریی ئـیسلامـی لـەم دوو دەیــەی دوایـیـدا رووی لـە پـاشـەکشـە کـرد. سـەرکـردە رادیـکـاڵـیـیـەکـانـی جـیـهـادی ئـیسلامـیی میسری لـە زینـدانـدا بـە بیر و بۆچوونـەکـانیـاندا چوونـەوە و بڕیـاری گۆڕینی شێوازی کـاری سیـاسییـان دا. بـەڵام داگیرکردنی ئـەفغـانستـان و عێراق لـەلایـەن ئـەمـەریکـاوە وزەیـەکی نـوێی وەبــەر ئــەو تــەوژمــەدا هــێنــایــەوە و بــازاڕی گـەرم کـردەوە، ئـەگـینـا بـەئۆتۆمـاتیکی زیـاتر لـە قـاڵب دەدران.

### بزاڤە ئیسلامییەکان

## سەرەتایەکی پاکیزەیی و کۆتاییەکی سەرگەردان

ئەگەرچی ڕێبەرانی بزاڤی ئیسلامی، لە دەیە یەکەمەکانی سەدەی رابردوودا وەك راپەڕاندنی بەشێك لە ئەرکەکانی دینداریی راستەقینە، پەنایان بۆ دروستکردنی حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان برد بەمەبەستی گێڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامی و "تەتبیقی شەریعەت"، بەڵام ئەم ئامانجەیان گرێ دا بە خواستە زیندووەکانی مرۆڤایەتی بەگشتی و کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بەتایبەتی، لە دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. واتە پرۆژەی ئیسلامی تەنیا بەهەشتی ئاخیرەت بۆ مرۆڤەکان دەستەبەر ناکا، بگرە لە دنیایشدا بەهەشتێك دروست دەکا.

ئەگەر سەیری نووسینەکانی ڕێبەرانی فیکریی ئەو تەوژمە، لەوانە حەسەن بەننا، ئەبوئەعلای مەودوودی، حەسەن نەدەوی، سەید قوتب، محەمەد قوتب، یوسف قەرەزاوی.. بکەیت، دەبینی پرۆژەی ئیسلامی وەك تاکە بەدیل و پەناگەی مرۆڤایەتی بۆ رزگاربوون لە گرفتە رۆحی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سروشتییەکانیش دەخەنە روو و جەخت لەوە دەکەن کە ئیسلام وەڵام و بەرنامەی بۆ چارەسەری گشت ئەو کێشانە پێیە، بۆ ئەوەیش باس لە شکستی هەریەك لە سەرمایەداری و کۆمۆنیزم دەکەن[٢٥].

بزاڤی ئیسلامیی کوردستانیش بناغەی فیکری و سیاسیی خۆی لەسەر ئەم دنیابینییە دامەزراندووە و وێڕای جیاوازیی گرووپەکانی لە شێواز و میکانیزمیان بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی خوازراو، بەگشتی پێی وایە ئەو هاتووە تا لە ڕێی پرۆژە ئیسلامییەکەیەوە چارەسەری هەموو کێشەکانی

کۆمەڵگەکەی بکا، باوەڕی پتەویشی بەوە هەیە کە جیاواز لە هەوڵەکانی گرووپە ئایدیۆلوجییەکانی تری گۆڕەپانەکە، دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ، چونکە ئەو ویستی خوا بەرجەستە دەکا و بەڵێنی سەرکەوتنی پێ دراوە (كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ) [المجادلة/٢١]، (أَنَّ الأَرْضَ يرثها عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ) [الأنبياء/١٠٥].

لەم کورتە باسەدا بواری ئەوە نییە لە ئەزموونی بزاڤە ئیسلامییەکان بەگشتی بدوێین، تەنانەت بواری ئەوەیش نییە لەبارەی گشت لایەنەکانی کاری بزاڤی ئیسلامیی کوردستانیشەوە قسە بکەین، بۆیە ناچارین تەنیا بەچەند سەرەقەڵەمێکی گشتی کۆتاییی پێ بێنین.

سەرەتا ئیسلامییەکان دروشمی "ئیسلام چارەسەرە"یان بەرز کردووەتەوە، نەك "ئیسلامی چارەسەرە"، بەڵام لە بارێکدا ئەوان خۆیان بە دروستترین کۆپیی ئەو ئیسلامە دەزانن، هەر دەبێ پرۆژەکەیان دڵسۆزانەترین هەوڵ بێ بۆ بەرجەستەکردنی پەیامە ئیسلامییەکە و لە روانگەی کردەوەکانی ئەوانەوە بڕیار لەسەر جەدوا و رادەی سەرکەوتنی ئەو دروشمە بدرێ، چونکە لە بەرەنجامی کۆتاییدا خودی دروشمەکەیش هەر بەرهەمی بیری ئەوانە و لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی وەحیدا ئەو دروشمە نییە، کەسیش ناتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا دەقانە وەڵامی تەواوی پرسیار و کێشەکانی مرۆڤایەتی لە گشت سەردەمەکان تێدایە. لە دیراسەکردنی ئەزموونی هەموو ئاین و ئایدیۆلۆجیاکانی دنیایشدا تەنیا لایەنە تیۆرییەکانی نێو دەقە تەئسیسییەکان ناکرێنە بەڵگە و سەرچاوە بۆ دیاریکردنی ناسنامە و ماهییەتی ئەو ئاین و ئایدیۆلۆجیایانە، بگرە رەفتار و بەرنامە و مێژووی شوێنکەوتووانیشی بە بەشێك لە پێکهێنەرە واقیعییەکانیان دادەنرێ، ئەوەتا ئێمەی موسڵمان لە روانگەی رەفتاری مەسیحی و جوولەکەکانەوە سەیری شارستانییەتی شوێنکەوتووانی ئەو دوو ئاینە دەکەین نەك تەنیا لە روانگەی دەقەکانی ئینجیل و تەوراتەوە.

له روانگەی مێژووی ڕژێمی شیوعییەوە سەیری شیوعییەت دەکەین نەك تەنیا لە روانگەی نووسینەکانی مارکس و لینینەوە.

لەم روانگەیەوە ئەزموونی تەوژمە ئیسلامییەکانیش کۆپییەکە لە دیوە پراکتیکییەکەی پەیامە ئیسلامییەکە و سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەو تەوژمە لە هێنانە دیی دروشمەکانیدا ڕۆڵی دەبێ لە جێگیربوون یان لەقبوونی پێگەکانی ئەو تێڕوانینەی ئەو بزاڤە لە ئیسلام هەیەتی و کردوویەتی بەبناغەی پڕۆژە فیکری و سیاسییەکەی.

لێرەوە دەکرێ بپرسین: ئاخۆ ئیسلامییەکان توانییان بیسەلمێنن کە پڕۆژەکەیان چارەسەری بۆ تەواوی کێشەکانی کۆمەڵ پێیە؟ ئەگەر ئیسلام تەنیا بەها و هێڵە پان و بەرینەکانی بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ دیاری کردبێ، کە ئەوە بە تەنیا نابێتە چارەسەری عەمەلی بۆ کێشە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا، ئاخۆ ئیسلامییەکان لەژێر ڕۆشنایی ئەو هێڵە پان و بەرینانەدا، کە پێیان وایە بەڵگەی شمولیەتی ئاینەکەن، توانیویانە بەرنامە و میکانیزم و پڕۆژەی تەفسیلی بۆ چارەسەری کێشە زیندووەکانی کۆمەڵ و حزب و دەوڵەت و دنیا دابنێن و سەرکەوتنی بێوێنە لە ساحەکەدا تۆمار بکەن و بیسەلمێنن کە پڕۆژەکەیان تاکە ئومێدی کۆمەڵگەکانە؟.

دیارە ئیسلامییەکان توانیویانە وەك تاکەکەس نەوەیەك پەروەردە بکەن، لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتییەکە نموونە بێ لە بەها جوانەکانی وەك دەستپاکی، داوێنپاکی، دڵسۆزی، لێبڕان، خەمخۆری و یاساپەروەریدا (ئەمە ئەگەر بۆچوونی سیاسیی هەڵە ئەم بەهایانە بۆ خزمەتی خۆی بەکار نەهێنێ)، بەڵام لەسەر ئاستی کاری دەستەجەمعی و ڕێکخراوەیی یاخۆ حەرەکی، ئەو بزاڤە نەك نەیتوانیوە پڕۆژەی بۆ چارەسەری کێشە گشتییەکانی کۆمەڵگە پێ بێ، بگرە تەنانەت نەیتوانیوە لە

مومارەسەکردنی کاری حەرەکی و ئیدارەکردنی حزبەکە و مامەڵەکردنی لەگەڵ حزب و گرووپە ئیسلامییەکانی تری رکابەریشیدا بەپێی ئەو بەها و دروشمانە بجووڵێتەوە، کە لە رووی تیۆرییەوە بانگەشەیان بۆ دەکا. ئاخر حزبێك یان تەوژمێك نەتوانێ سیاسەتێکی دروست لەگەڵ هاوبیر و هاوحزبەکانی خۆیدا بکا و چارەسەری کێشە سادەکانی بکا، چۆن دەتوانێ چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزی پڕ لە تەوژم و تەبیعەت و بەرژەوەندیی دژ بەیەك بکا؟

بزاڤی ئیسلامی لە ئەدەبیاتەکانیدا زۆر جەخت لەسەر بەهاکانی برایەتی، خۆنەویستی، کۆمەڵدۆستی، ئاخیرەتپەروەری، خاکیبوون، کورسی نەویستی، برایەتی، خۆشەویستی، سینەسافی، راستگۆیی لە ژیاندا بەگشتی و لە سیاسەتدا بەتایبەتی دەکاتەوە و پێی وایە هۆکاری هەموو کێشە و ناکۆکییەکانی ناوەخۆی حزبەکان و نێوان حزب و گرووپە ناکۆکەکان دوورییانە لەو بەهایانە، بەڵام لەسەر ئەرز، لای ئەویش ئەو بەهایانە لە بەردەم دژە بەهاکانیاندا نووچیان دا. بۆیە دەبینی لە کاتێکدا هەموولا جەخت لە برایەتیی ئیسلامی دەکەن هەر لە سەرەتای راپەڕین و پێشتریش بە ئاشکرا ململانێی توند و ناتەندروستی نێوان گرووپە ئیسلامییە جیاوازەکان بە ئاشکرا دەرکەوت (خەتی یەك و دووی ئیخوان، دواتر یەکگرتوو و نەهزە، یەکگرتوو و بزووتنەوە، نوور و ئەوانی تر، دواتر کۆمەڵی ئیسلامی و جوندولئیسلام و ئیسلاح و حەماس و... هتد)، کە لەو ململانێیەدا ئەو بەهایانەی سەرەوە مۆڵەتی کراوەیان پێ دەدرا. لەم دواییەدا شەڕەقسەی مەلا کرێکار و عەلی باپیر گەیشتە مریشکە رەشە.

لەسەر ئاستی هەر حزبێکیش، بزاڤەکە نەیتوانی رێگە لە کاریگەریی ئینتیما و نەزعە عەشائیری و شارچێتی و دەستەگەری و بنەماڵەچێتی و شەخسییەکان بگرێ و هەموویان لە بۆتەی ئینتیما ئاینییەکەدا بتوێنێتەوە. هەموو ئەو ئینتیمایانە، بە شێوە و پلەی جیاواز لەنێو ئەو

حزبانەدا کاری خۆیان کرد، تا کار گەیشتە ئەوەی نەتوانرێ لەنێو ژوورە داخراوەکاندا قەتیس بکرێ، بۆیە هەندێکیان، کە پێیان وا بوو زدی کەسرن، درزیان تێ کەوت و کەسانی میحوەرییان کێشە کەوتە نێوانیان بەبێ ئەوەی هیچ کامیان پڕۆژەیەکی فیکریی جیاوازی بۆ کاری ئیسلامی داهێنابێ تا بەو هۆیەوە لێك جیاواز بن، کێشەکە تەنیا پێکەوە هەڵنەکردن و رازینەبوون بە ڕکابەر و داواکردنی زۆرترین دەسەڵاتە، کە ئەدەبیاتی ئیسلامی پێی وابوو ئینتیمای ئیسلامی بە سەبرێك و دوو فوو بەسەر ئەو نەزعانەدا زاڵ دەبێ.

هەندێکی تریان تووشی لێکترازانی ترسناك بوون، وەك ئەوەی لە حزبە عەلمانییەکان قەوما، هەموو بەشەکانیش لە رووی دەروونییەوە ئامادەی سەنگەرلێگگرتن و شەڕی براکوژییان هەبوو، کە خۆشبەختانە رووی نەدا، بەڵام ئەوەی هەندێ لە براکانی دوێنێ لە میدیاکاندا و بە بەرچاوی دنیاوە بە یەکتری دەڵێن و بۆ یەکتری هەڵدەبەستن لە کوێی ئەو دروشمە جوانانەدا جێی دەبێتەوە و بە چ مەنتیقێك پاساو دەدرێ؟

گرفتەکە لەوەدایە عەقڵی ئیسلامی جورئەتی بەخۆداچوونەوەی نییە، یان زۆر لاوازە، ئەگینا روودانی ئەو حاڵەتە نەویستراوانە هی ئەوەن بەخۆداچوونەوەی جەوهەری بە کۆی سیستمی بیرکردنەوە و میکانیزمی کارکردندا بکەن تا بزانن خەلەلەکە لە کوێدایە، ئاخۆ هەڵە لە تێگەیشتن لە دەقەکاندایە، ئاخۆ لە دابەزاندنی پەیامی دەقەکاندایە، یان لە نەناسینی سروشتی مرۆڤەکاندایە؟ بەڵام تا ئێستە کەمترین هەوڵ لەو رووەوە نەدراوە و هەموولا سوورن لەسەر ئەوەی هێشتا لەسەر هەقن و پڕۆژەی ئیسلامی هیچ گرفتێکی نییە جگە لە پیلانی ناحەزانی.

حزبێکی ئیسلامیی کوردی وەك یەکگرتووی ئیسلامی کە بەکردەوە تا رادەیەکی زۆر لە سروشتە ئاینییەکەی سەرەتاکانی دامەزراندنی دوور

کەوتووەتەوە و جگە لە هەندێ شتی کلاسیکی و رواڵەتی، سیماکانی ئیسلامیبوون لە هزر و سیاسەت و سیاسەتکردنیدا تا رادەیەکی زەق کاڵ بووەتەوە[٢٦]، هاوکات خۆی بەهەڵگری پەیامی بیر و وشە دادەنێ، کەچی نەیتوانیوە بەخۆداچوونەوەیەکی فیکری لە خۆیدا بکا تا ناسنامەی خۆی یەکلا بکاتەوە، جا بەگەڕانەوە بێ بۆ فۆرمەکەی جارانی کە هێشتا لە رووی تیۆرییەوە و لەسەر ئاستی پەروەردەی رێکخستنەکان کاری پێ دەکرێ، یان بە تەئسیلکردنی فۆرمی ئێستای و رەخنەلێگرتن و رەتکردنەوەی فۆرمە کلاسیکییەکە، لەبەر ئەوە –مەلا کرێکار گوتەنی– بووەتە "حزبێکی ئیسفەنجی" و لە نێوان عەلمانییەت و ئیسلامییەتدا گیری کردووە و ئەندامان و چاودێرانیشی تووشی سەرگەردانی کردووە.

کۆمەڵی ئیسلامیش لەژێر بارودۆخێکی تایبەتی دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا و دەستگیرکردنی عەلی باپیری ئەمیری حزبەکە و دوو لە سەرکردەکانی لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە، کە پێشتریش بۆردمانی بارەگاکانی کۆمەڵی کرد و دەیان لە پێشمەرگە و کادیرەکانی کوشت، لە فۆرمێکی سەربازییەوە، کە رەنگە پێوەدانی مێشێکیشی بەسووکایەتی دانابێ، دەبێتە حزبێکی مەدەنی وماڵیکراو و ستراتیجییەتی کارکردنی ١٨٠ پلە دەگۆڕێ و ناچارە هەست و عەقڵیەتی ئەندامەکانی سەرلەنوێ لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ قۆناغی نوێ دابڕێژێتەوە، کەچی هێشتا پێی قورسە دان بەوەدا بنێ ئەو گۆڕاوە و پێویستە لە رووی فیکریشەوە ئەو گۆڕانە تەئسیل بکا، وەك ئەوەی نەگۆڕان بەهرەی خوا بێ.

ئیسلامییەکانی کوردستان نێزیکەی سێ دەیەیە لە ساحەکەدا کار دەکەن و دوو دەیەیەشە وەك حزب بەئاشکرا لە کوردستان کاری سیاسی دەکەن. ئەزموونی ئەو دەیان ساڵە بەسە بۆ ئەوەی دەری بخات ئەو تەوژمە لە هێنانە دیی دروشمەکانیدا سەرکەوتوو بووە یان نا، بەتایبەت

که لەو ماوەیەدا نەیانتوانیبێ ببنە رەقەمێکی قورس کە جێدەستیان لە چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکانیاندا دیار بێ.

قەبارەی سنوورداری ئەو حزبانە دوای ئەوەندە ساڵ و رۆڵی پەراوێزییان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و عێراقدا، هی ئەوەیە ئەو حزبانە رابچڵەکێنێ و بیانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە پرۆژەکەیان سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە و پێویستە پێداچوونەوەی جیدی بە سیستمی بیرکردنەوە و کاری سیاسییاندا بکەن.

## لەتبوونی حزبە کوردی و ئیسلامییەکان

لێکترازان و لەتبوونی حزبەکان دیاردەیەکی جیهانییە و تەنیا لە حزبەکانی کوردستان نەقەوماوە، هەروەك بە رەهاییش دیاردەیەکی خراپ نییە، هەندێ جار خزمەتی گەورە دەکا، بەتایبەت لە هەندێ دۆخی تایبەتدا وەك ئەوەی حزبێك، بەهەر هۆکارگەلێك بووبێ، هێندە گەورە بووبێ حزبەکانی تری گۆڕەپانەکە لە بەرامبەریدا بووبنە کوڵەبنە، بەوەیش ململانێی دیموکراسییانە لە مەیدانەکەدا پووکابێتەوە و وڵات بەگەمەی دیموکراسیی خۆبەخۆ بەرەو سیستمی تاکحزبی بڕوات (وەك چۆن حزبەکەی هیتلەر لە رێی سندووقەکانی دەنگدانەوە بوو بەدیکتاتۆر و سەری سیستمە دیموکراسییەکەی خوارد). یان وەك ئەوەی حزبەکە ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی یاسایی یان دارایی بووبێتەوە و ناچار بووبێ فۆرمی خۆی بگۆڕێ تا دەروازەیەك بۆ رزگاربوون لەو تەنگژە وپاڵەپەسۆیانە بدۆزێتەوە، وەك ئەوەی لە حزبی رەفاهی تورکیادا رووی دا دوای قەدەغەکردنی حزبەکە و دواتریش لە حزبی دەتەپەی ئەحمەد تورك رووی دا. یان لە بارێکدا سیستمی بیرکردنەوە و کارکردنی نێو حزبێك زۆر کلاسیك و کۆنەپارێز و چەقبەستوو بێ و بوارێکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی تێدا نەمابێتەوە و ریفۆرمخوازان هیچ دەرفەتێکیان بۆ کارکردن لە بەردەمدا نەمابێ جگە لە جیابوونەوە (جیابوونەوەکانی نێو حزبەکانی ئێمە ئەم جۆرە ئیدیعایە دەکەن).

بەڵام ئەگەر لەتبوونەکان، یان خۆلەتکردنەکانی هەندێ حزب، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك تورکیادا جۆرێك لە پێچلێدان بووبێ بەدەوری سیستمێکی یاسایی نادیموکراسیدا، تا بتوانێ لە رێی پەیکەرێکی سەرکردایەتی و ناوێکی نوێوە درێژە بە چالاکییەکانی بدا و ئەوەیش

بەگشتی لە خزمەت ئەکتیڤکردنی پرۆسەی دیموکراسی و سەرخستنی پرۆژەی ریفۆرم لە داوودەزگاکانی دەوڵەت و لاوازکردنی پێگەی دەسەڵاتی بالادەستی نادیموکراسیی سوپا و رەخساندنی زەمینەی یەکساندا بووبێ بۆ ئاڵوگۆڕ یاخۆ لانی کەم دابەشکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لە نێوان حزبەکاندا، ئەوا لە هەرێمی کوردستان لەتبوونەکان، بەچاوپۆشین لە نیەتی پاك و جیدییەتی ریفۆرمخوازان لە دروشمەکانیان و کۆسپە بابەتییەکانی بەردەم چاکسازی لەنێو چوارچێوەی حزبەکانیاندا، نەك نەبوونەتە هۆی قووڵبوونەوەی دیموکراسییەتی راستەقینە و لاوازکردنی دەسەڵاتی هێزە نارەسمی و نایاساییەکانی پشت قۆرخکردنی دەسەڵات لە حزبێك یان دوواندا و سازکردنی دەرفەت و زەوینەیەکی جیدی بۆ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات لەنێو حزبەکاندا، بگرە ئەنجامەکەی تا رادەیەکی بەرچاو پێچەوانە کەوتووەتەوە، بەو واتایەی جیاخوازەکان نەیانتوانیوە ببنە هێزێکی بەهێزتر لە حزبە خانەخوێیەکەیان، کە بتوانن کار لە هاوکێشە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانە سیاسییەکە بکەن بەشێوەیەك پاشماوەی نێو حزبەکەی پێشووشیان ئیغرا ببن شوێنیان بکەون و بەوە تەرازووی هێز لە واقیعەکەدا بگۆڕن، یان لانی کەم چانسی روودانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات زیاتر بکەن.

بەدڵنیاییەوە لێرەدا مەبەستم ئەزموونی یەکێتیی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان نییە بەتەنیا، ئەگەرچی ئەو ئەزموونە نزیکترین و دیارترین ئەزموونە، بگرە مەبەستم کۆی ئەو حاڵەتی جیابوونەوە گەورە یان بچووکانەن کە لە ریزەکانی زۆر لە حزبە کوردییەکاندا روویان داوە، دواترینیان ئەو جیابوونەوانەن کە پێش زیاتر لە دە ساڵ سەرەتاکانی لە ریزەکانی یەکگرتووی ئیسلامیدا دەستی پێ کرد و ئێستە خەریکە پەتاکەی دەگاتە بالاترین دەزگای حزبەکە، ئەمە لە کاتێکدا یەکگرتوو بەهۆی ئەو

مەرکەزییەتەی تێیدایە بە بەراورد لەگەڵ حزبەکانی تر، کەمترین ئاستی لێکترازانی بەخۆوە بینیوە، لانی کەم لەتبوونی سیستماتیك و ڕێکخراو.

**لەتبوونی پارتی**

مام جەلال لە دیمانەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) لە ئابی ٢٠٠٩دا، ئاماژەی بەوە دا کە یەکێك لەو شتانەی پێی وایە نەدەبوو ڕوو بدا لەتکردنی پارتی بوو بۆ دوو باڵی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی، کە بووە هۆی لاوازبوونی شۆڕشی کورد و ڕەخنە لە خۆی دەگرێ کە دەبوو هەوڵی بدایە نێوانی مەکتەبی سیاسی و بارزانی ڕێك بخات.

ڕەنگە هۆکاری ئەوەیش ئەوە بێ کە لەتبوونەکە جگە لەوەی نەیتوانی پارتی بگۆڕێ، مێژوویەك لە شەڕی براکوژیشی بەدوای خۆیدا هێنا کە تا ئەمڕۆیش لە ئاسەوارەکانی ڕزگار نەبوون. ئەنجامەکەیشی ئەوەیە ئەمڕۆ هەردوو حزب هەر ئەوەیە ئیعلانی یەکگرتنیان نەکردووە ئەگینا، بە ویست بێ یان بە نەویست، وەك یەك گرووپ کار دەکەن. زیاد لەوە، یەکێتی بەهەمان فەلسەفە و پاساوی پێشتر تووشی لەتبوون بوو، لەوەیشدا بە پلەی یەکەم پارتی سوودمەند بوو، چونکە لە هەڵبژاردنەکاندا لە یەکێك لە دوو حزبە سەرەکییەکەوە بوو بەحزبی یەکەم.

**لەتبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی**

بزووتنەوەی ئیسلامی (یان وردتر بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) تا ٢٠٠١ هێزی سێیەم بوو لە کوردستان دوای یەکێتی و پارتی، لانی کەم وەك هێزی سەربازی و سیاسی، تا ئەو ڕادەیەی وەك ئیدارەی سێیەمی هەرێم لە ناوچەی هەڵەبجە و هەورامانـدا حکومەتداریی دەکرد و ڕێکخراوەکان و بەرپرسانی وڵاتان کە دەهاتنە کوردستان و هەڵەبجە وەك دەسەڵاتی سێیەم سەردانی دەسەڵاتەکەی بزووتنەوەیشیان دەکرد. مانگانە ٢ ملیۆن دیناریان بودجە لە حکوومەتی هەرێم وەردەگرت، هەردوو حزب

حسابی تایبەتییان بۆ دەکرد.

ئەو حزبە تووشی لێکترازان بوو، هۆ و پاساوەکانی هەرچی هەن و چەندە دروستن گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ئەو لێکترازانە بزووتنەوەی ئیسلامی وەك هێزی سێیەم لە گۆڕەپانەکەدا سڕییەوە و ئەو حزب و گرووپانەیش لەسەر داروپەردووی دروست بوون، نەیانتوانی قورسایی ئەو حزبە بۆ خۆیان بگوێزنەوە.

ئەوە بوو هێزەکانی یەکێتی کە چەند ساڵێك بوو هەڵبجەیان چۆڵ کردبوو لە چەند سەعاتێکی کەمدا بەبێ بەرگری هەڵەبجەیان لە بزووتنەوە وەرگرتەوە. بزووتنەوە دایکەکە بوو بە هێزێکی بچووك بەشێوەیەك لە بارەگای رابەری گشتی و مەکتەبی سیاسی لە هەڵەبجە، کە پێشتر جمەی دەهات، زۆرجار تەنیا یەك پاسەوانیشت نەدەبینی. جوندولئیسلام (دواتر ئەنسارولئیسلام) دوای زنجیرەیەك شەڕی خوێناوی لەگەڵ یەکێتیدا، بەر شاڵاوی ئەمەریکاییەکان کەوتن و پەراگەندە بوون. کۆمەڵی ئیسلامیش ئەگەرچی لەژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخە نوێیەکەدا بەرگە سەربازییەکەی داکەند و توانی خۆی رێك بخاتەوە و لەسەر پێی بوەستێتەوە، بەڵام تا ئێستە نەیتوانیوە ئەو قورسایی و پێگە سیاسییەی لە هاوکێشەی سیاسیی هەرێمدا هەبێ، کە بزووتنەوەی جاران هەیبوو.

واتە لەو جیابوونەوەیەدا هێزەکە بەگشتی زیانی کرد، ئەوەی سوودی لەوە بینی بەپلەی یەکەم دوو حزبە سەرەکییەکە بوون، کە هێزێکی رکابەری سەرەکییان لە کۆڵ بووەوە. ئێستە کۆمەڵ نەك هێزی سیاسیی سێیەمی کوردستان نییە، بگرە هێزی پێنجەم و بزووتنەوەی ئیسلامیش هێزی شەشەمە.

## لەتبوونی یەکێتیی نیشتمانی

ساڵی پار باڵی ریفۆرمی نێو یەکێتی لەو حزبە جیا بوونەوە و بزووتنەوەی گۆڕانیان دامەزراند، بەوە یەکێتیی نیشتمانییان کرد بە دوو لەتەوە و حزبەکەیان لە بەرامبەر رکابەرە مێژووییەکەی، واتە پارتی دیموکرات نیوەهێز کرد. راستە گۆڕان توانی ٢٥ کورسیی پەرلەمان بەدەست بێنێ و گۆڕانکارییەکی رێژەیی لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا دروست بکا، بەڵام ئەزموونی یەك ساڵی رابردووی بزووتنەوەکە دەری خست کە ئەو بۆشایی و لاسەنگییەی لەو جیابوونەوەیە دروست بوو گۆڕان نەیتوانی قەرەبووی بکاتەوە. گۆڕان بەلەتکردنی ئەو حزبە هەڵوێستی یەکێتی لە بەرامبەر ڕکابەرەکەیدا لاواز کرد، خۆیشی نەیتوانی ببێتە ئەو هێزە کاریگەرەی بارتەقای ئەو لاوازییە بێ کە دروستی کرد، سەرەنجام پرۆسەکە بەسوودی پارتی شکایەوە، ئەوە بوو لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا ئەو بە تەنیا ٢٩ کورسی و یەکێتی و گۆڕان پێکەوە ٢٢ کورسییان هێنا. بەوە، یەکێتی لە (یەکێك لە دوو حزبە سەرەکییەکە)وە بوو بەحزبی دووەم و گۆڕانیش بوو بەسێیەم.

## جیابوونەوەکانی نێو یەکگرتوو

یەکگرتووی ئیسلامی تەنیا حزبە تا ئێستە بەبێ گرفتێکی بەرچاو توانیویەتی لە وادەی خۆیدا ٥ کۆنگرەی گشتی ببەستێ بەبێ ئەوەی هیچ لێکترازانێکی رێکخراو تێیدا روو بدا. هۆکاری ئەمە هەرچی هەیە ئەوە باسێکی ترە، بەڵام ئەوەی نکوولێی لێ ناکرێ ئەوەیە یەکگرتوویش خاڵی نەبووە لە حاڵەتی جیابوونەوە، ئەگەرچی جیابوونەوەکە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ناوی لێ بنرێ لەتبوون.

گەر هەڵە نەبم یەکەم گرووپ کە لە ریزەکانی یەکگرتوو جیا بوونەوە، کۆمەڵە رۆشنبیرێکی لاو بوون کە پێش جیابوونەوەیان بە "نوێخوازەکان" و دواتر بە "جەماعەتی ژیار" ناسران، کە لە ساڵی ۱۹۹۹ جیا بوونەوە و سەنتەری فیکریی "ژیار"یان دانا و چەند ژمارەیەکی کۆواری "ژیار"یان دەرکرد و دواتر پەرتەوازە بوون.

ئەمانە ژمارەیەك لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین بوون لەگەڵ چەند کەسێکی تر کە لەژێر کاریگەریی نووسەر و بیرمەندە عەلمانییەکانی وەك محەمەد ئەرەکۆن، محەمەد شەحروور، نەسر حامد ئەبوزێد، تەیب تزینی، خەلیل عەبدولکەریم، محەمەد عابد ئەلجابری، عەلی حەرب، بورهان غلیون و هاوشێوەکانیاندا بوون.

ئەمانە ئەگەرچی بەرنامەیەکی روونیان بۆ گۆڕانکاری پێ نەبوو و زیاتر رەخنەیان لە هەندێ لە پرەنسیپەکانی کاری حزب و مێژووی سیاسیی ئیسلامی دەگرت و ورده ورده بەرەو عەلمانییەت دەڕۆیشتن، بەڵام جۆرێك لە گومانیان لەسەر هەندێ پرەنسیپی بیرکردنەوە و کاری حزبی و پێوەندیی حزب بە فیکر و ئازادیی فیکرەوە دروست کردبوو، هەر بۆیە بووبوونە جێی نیگەرانیی سەرکردایەتیی حزب.

یەکگرتوو بۆ ئیستیعاب و بێدەنگکردنی ئەم بزاوتە، کە کاریگەرییان لەسەر توێژی قوتابیان هەبوو، بڕیاری دەرکردنی کۆوارێکی فیکری بەناوی "هەژان"دا کە ژمارەیەك لەو گەنجانە لە ستافی تەحریریدا بوون، بەڵام گەر هەڵە نەبم تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچوو جیابوونەوەکە رووی دا و دەستبەجێ زۆربەی ستافەکەی هەژان چوونە ژیار و "سەنتەری فیکریی ژیار"یان لە هەولێر کردەوە و کۆواری (ژیار)یان دەرکرد، دەستەیەکی تر لە (هەژان) دەستبەکار بوون.

راستییەکەی پێم خۆش بوو ئەو برادەرانە شکست نەهێنن، چونکە

شکستهێنانی ئەوان پێگە و قورساییی ئەو رۆشنبیرانەیشی لاواز دەکرد کە لەنێو حزبەکەدا رەخنەیان دەگرت و هەوڵی چاکسازییان دەدا، هەر وایش دەرچوو.

کاتێ دووەم دەستەی نووسینی هەژان دەستبەکار بوو، لە سروشتی بیرکردنەوە و نووسینەکانی ئەو دەستەیەوە گەیشتبوومە ئەو باوەڕەی ئەو برادەرانەیش بەشوێن ژیارییەکاندا دەڕۆن، بۆیە لە زۆر جێدا دەمگوت "هەژان جیلی دووەمی ژیارە"، ئەم قسەیە گەیشتەوە برادەرانی هەژان و رۆژێك سەرنووسیاری کۆوارەکە، کاك سۆران سێوکانی، لە بەردەم بارەگای مەکتەبی سیاسیدا بە ئینفیعالەوە گوتی "دەڵێن وتووتە هەژان جیلی دووەمی ژیارە، ئەو قسەیەت وا نییە و زۆر سەقەتە". بەڵام زۆری نەبرد زۆربەی ئەو دەستەیەیش لە حزب دەرچوون، بە کاك سێوکانی خۆیشیەوە. دواتر منیش وازم لە حزب هێنا[٢٧].

م. عەبدوڕەحمان سدیق ئەندامی سەرکردایەتی لە ٢٠٠٨/٨/٨ قسەی لەگەڵ من کرد تا لە حزب دانەبڕێم، لە ٢٠٠٩/٩/٩ خۆیشی وازی لە یەکگرتوو هێنا. لە تەمووز/یۆلیۆی ٢٠١٠ م. هادی عەلی بەرپرسی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوویش وازی لە پۆستەکەی هێنا، ئەگەرچی لە حزب دەرنەچووە، بەڵام لەحنی گوتەکانی ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە گرفتێکی جەوهەریی لە حزبەکەدا هەیە. پێم وایە کاندیدنەکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامە دامەزرێنەر و سەرکردایەتییەکانی یەکگرتوویش بۆ پۆستی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لە کۆنگرەی چوارەم و پێنجەمدا، ئەگەرچی مەسحەیەکی لیبراڵییانەی تێدایە بەو واتایەی بۆ ئەوەیە توخمی نوێ بێتە سەرکردایەتی، بەڵام بەدیوێکی تریدا ئەوانەیش تا رادەیەك دەستیان لە حزب شل کردووە، بەتایبەت کە هەموویان بە پۆستی وەزیر و پەرلەمانتاری عێراق یان هەرێم خانەنشینن و لە رووی گوزەرانەوە پێویستییان بە حزب نەماوە و رەنگە

بەرپرسیاریەتییە حزبییەکە بە بارگرانییەك بزانن لەسەر ژیانیان.

بەشبەحاڵی خۆم، هەست ناکەم ئەم جیابوونەوە تاکەکەسی و دەستەییانە، با کەسانی دەستەبژێریش بن، سەرکردایەتیی یەکگرتوویان ڕانەچڵەکاندبێ، بۆیە داهاتووی ئەو حزبە لە رووی تۆکمەییەوە روون نابینم، بەتایبەت کە هەڕەشەکە گەیشتووەتە بەردەرگەی.

ئەو لەتبوونە، ئەگەر روو بدا، وەك چۆن یەکێتی لە ریزبەندی یەکەمەوە کردە دووەم و بزووتنەوەی لە سێیەمەوە کردە پێنجەم و شەشەم، ئاوا یەکگرتوویش لە چوارەمەوە لانی کەم دەکاتە پێنجەم، بۆیە ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی لەتبوون روو بدا، بۆ مێژوویان ئەوە باشترە کۆنگرەیەك ببەستن و حزبەکە لە قۆناغی بەهێزی و یەکپارچەییی خۆیدا هەڵبوەشێننەوە و ئیدی کەسەکان ئازاد بن چۆن کار دەکەن.

لەتبوونی هەر حزبێك بە سوودی حزبێکی تر تەواو دەبێ کە لەت نەبووە، لەتبوونی هەموو حزبەکان جگە لە حزبێك، بەسوودی ئەو تاکە حزبە تەواو دەبێ و ئەو دەبێتە حزبی سەرکردە و دوور نییە لە نەبوونی رکابەر و بەدیلێکی جیدی لە بەرامبەریدا بەرەو لەخۆباییبوون و تاکڕەوی بچێ. هەر بۆیە لە پێناو بە زیندوویێتی هێشتنەوەی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و کۆنترۆڵنەکردنی لەلایەن تاکە حزبێکەوە، پێویستە حزبە کێشەدارەکان بیر لە میکانیزمێکی تر بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوەخۆییەکانیان بکەنەوە، لانی کەم تا ئەو کاتەی نەخشەی سیاسیی حزبەکان گۆڕانێکی بەسەردا دێ و قورسایی و هێزی قەوارەکان لە یەکتر نزیك دەبێتەوە. بەپێچەوانەوە خۆیان سووك دەبن و ئەزموونە دیموکراسییەکەیش بەرەو هەڵدێر دەبەن.

***

## ئیسلامییەکانی عێراق و کوردستان

### لە بەردەم بەخششەکانی یاسای وەزعیدا

یاسای دانراو لەلایەن مرۆڤەوە، کە لە ئەدەبیاتی فیکری سیاسیی ئیسلامیدا بە "یاسای وەزعی" ناودەبرێ، لە بەرامبەر یاسای ئاسمانی یاخۆ ئیلاهییەوە دانراوە و جەوهەری پەیام و ئامانجی بزاڤە ئیسلامییەکانی دنیا چەسپاندنی یاسا ئیلاهییەکان و دژایەتی و پووچەڵکردنەوەی یاسا وەزعییەکانە، چونکە بەپێی ئەو سیستمی بیرکردنەوەیە یاسادانان (تشریع) تەنیا ئەرك و مافی خولْقێنەرە (لە الخلق والامر)، هەر ئەو تاکە یاسادانەر (موشەریع)ی راستەقینەیە و هەر کەس ئیدیعای دانانی یاسا بۆ ژیانی مرۆڤ بەدەر لەو چوارچێوەیەی شەرع دایناوە بکا، تاوانێکی گەورەی کردووە، ئەمە ئەگەر بەو کارەی لە ئاین دەرنەچووبێ.

بۆ پاڵپشتی و تەئسیلکردنی ئەم دنیابینییەیش، چەندین ئایەت و فەرمووده دەهێننەوە، کە ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە پێویستە مرۆڤی موسڵمان لە ئەلیفەوە تا (یا)ی ژیانی، لە بێشکەوە تا گۆڕ، لە تەواوی وردەکاری و بوارەکانی ژیانیدا بەپێی یاسا ئیلاهییەکان، نەك وەزعییەکان، ژیانی خۆی بەرێوە ببات. ئەو هەموو سەرچاوانەی یاسادانانی دەرەوەی قورئان و سوننە کە فەقیهـ و موجتەهیدەکانی ئیسلام پەسندیان کردوون، نیشانەی ئەوەن لە روانگەی دنیابینیی سیاسیی ئیسلامییەوە، ئیسلام هیچ بۆشایی و کەلەبەرێکی ژیانی تاك و کۆمەڵی نەهێشتووەتەوە یاسارێژ (تقنین)ی نەکردبێ، تەنانەت زۆرجار لە وتارەکانی واعیز و بانگخوازەکاندا دەبیستین کە "ئیسلام تەنانەت مرۆڤی فێر کردووە چۆن بچێتە ئەدەبخانە و لەگەڵ هاوسەری سەرجێیی بکا، ئیتر

چۆن بوارەکانی تری بۆ روون ناکاتەوە″.

هەموو ئەمانەیش بۆ ئەوەن کە بیسەلمێنن یاسای وەزعی شتێکی نامۆ و زیاد و زیانگەیێنە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە و چارەسەری کێشەکان لە گەڕانەوەدایە بۆ بەرنامەی خوا، واتە رێنوێنی و یاساکانی ئیسلام. جگە لەوە گومڕایی و سەرگەردانیی دنیا و کوێرەوەریی ئاخیرەتی لە دوایە، بۆ ئەوەیش زۆرجار ئایەتی ″ومن اعرض عن ذكري فان له معيشة ضنكي، ونحشره يوم القيامة اعمي″ دەوترێتەوە.

بۆ ئەوەی وردتر وێنەکە پیشان بدەین، دەبێ ئەوە بڵێین کە زانا و تیۆریزەکارانی تەوژمی ئیسلامی یاساکانی هاتوچۆ و یاسا زانستی و تەکنەلۆجییەکانیان لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو یاسا وەزعییانە داناوە و پێیان وایە ئەوانە زانستی رووتن و ناچنە خانەی جیاوازیی ئایدیا و بیروباوەڕەوە. هەرچی یاساکانی بواری سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی هەیە، ئەمانە ئاسمانی و وەزعییان هەیە.

***

جاروبار کە لەو سیستمی بیرکردنەوە ئیسلامییە، یان وردتر بڵێم لە رووە کردارییەکەی ئەو تەرزە بیرکردنەوەیە رادەمێنم، هەست دەکەم هێندەی شەڕێکی تەجریدییە لەسەر کۆمەڵێ چەمکی داهێنراو، هێندە رەنگدانەوەی بوونەکانی سەر ئەرز نین و ئەوانەی پێیان وایە ئەوان دژی یاسا وەزعییەکانن، دژایەتییەکەیان بۆ هەموو یاسا دانراوە مرۆڤکردەکان نییە، بگرە بەپلەی یەکەم دژایەتییە بۆ چەند یاسا و حوکمێکی یاسایی سنووردار و دیاریکراو، کە جیاوازن لەوەی یاسا ئیسلامییەکان لە هەندێ پرسی تایبەتدا بڕیاریان داوە.

بۆ نموونە ئیسلام، دزی، چەتەیی، زینا، مەی، سوو، یانەسیبی حەرام کردووە، رێی بە فرە ژنی داوە، لە یاساکانی باری کەسێتیدا ئافرەت

هەندێ مافی لە پیاو کەمترە وەك بەشە میرات و شایەتیدان و وەرگرتنی هەندێ پلە و پایە. بۆ هەریەك لە تاوانەکانیش سزایەکی تایبەتی دیاری کردووە، وەك سزای دەست بڕین بۆ دز، شەلاق و رەجم بۆ زیناکار، کوشتنەوەی مورتەد.

عەقڵی ئیسلامی دژی ئەو یاسایانەیە کە سزایەکی جیاوازیان بۆ ئەو جۆرە تاوانانە دادەنێن و وەلاخستنی سزا ئیسلامییەکە بەهۆکاری زۆریی تاوان دادەنێن، هەروەها دژی ئەو یاسایانەیە کە ئەو حەرامانەی ئیسلام حەڵاڵ دەکات.

لەم چەند حوکمە جێگیرە بترازێ، ئەو عەقڵە زۆر بێباکانە و خوێن ساردانە مامەڵە لەگەڵ یاسای وەزعیدا دەکات، زۆرجار نەك هەر ئەو یاسایانە حەرام ناکا، بگرە مامەڵەی ئیجابییان لەگەڵدا دەکات و ژیانی خۆی بەپێی ئەو یاسایانە رێك دەخات و شەرعییەتیان پێ دەدات، بەتایبەت ئەگەر ئەو یاسایانە بەدیهێنەری بەرژەوەندییەکی مادی و سیاسیی گەورەی شەخسی یان حزبی بن، ئەمە لە کاتێکدا رەنگە هەندێ لەو یاسایانە لە خراپترینی ئەو یاسایانە بن کە عەقڵی مرۆڤ دوور لە ئاین بەرهەمی هێناون و دژ بە بەهاکانی مرۆڤایەتی و یەکسانی و دادپەروەری بن و زیاتر لە خزمەتی چەند کەس و تاقمێکی دیاریکراو و لە دژی بەرژەوەندیی بەشی هەرە زۆری خەڵك بن، کە تەوژمی ئیسلامی خۆی وا نیشان دەدات پەیامەکەی بۆ رزگارکردنی ئەو خەڵکە موستەزعەفە و بەرقەرارکردنی دادپەروەرییە، کە هێزە دنیاویستەکان خەڵکیان لێ بێبەش کردووە.

***

بۆ زیاتر روونکردنەوە هەڵوێستی ئیسلامییەکانی کوردستان و عێراق لە چەند مەسەلەیەکی دیاریکراودا بە نموونە دێنمەوە:

هەردوو لیستە ئیسلامییەکەی نێو خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٠٨دا (بەڵێ)یان بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کرد، وەك خۆیان دانیان پێدا نا، لە بەرامبەر ئەوەی دەسەڵات قایل بووە ناوەڕۆکی مادەی ٧ی پرۆژە دەستوورەکەی ٢٠٠٦ی تایبەت بە پێگەی ئاینی ئیسلام هەموار بکا و برگەی "نابێ یاسایەك دابنرێ لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام ناکۆك بێ"ی بۆ زیاد بکا. واتە یاسای ناشەرعی دەرنەچن.

ئەمە لە کاتێکدا رەخنەیەکی زۆر لەلایەن رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی هەرێمەوە لە هەندێ لە مادە بنەڕەتییەکانی دەستوورەکە گیرا و تەنانەت هەندێ لە بەرپرسانی هەردوو حزبە ئیسلامییەکەیش دوای ئەوەی شکستێکی گەورەیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمدا بەسەردا هات و کورسییەکانیان لە ١٥ کورسییەوە بۆ ١٠ کورسی دابەزی، دانیان بەوەدا نا کە دەنگدانیان بەدەستووری هەرێم هەڵەیەکی گەورە بووە کردوویانە، لەم خولەی دوایشدا هەندێ لە پەرلەمانتارانی یەکگرتوو داوای گێڕانەوەی پرۆژە دەستوورەکەیان کرد بۆ پەرلەمان بۆ هەموارکردنەوەی.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئیسلامییەکان باوەڕیان وابوو دەبێ هەموو یاساکان لە چوارچێوەی بنەماکانی ئیسلامدا بن، یان لانی کەم ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکیی یاساکان بێ وەك لەو برگەیەی مادەی ٦ی دوا رەشنووسی دەستوورەی هەرێمدا هاتووە، ئایا لە داڕشتنی یاساکانی نێو دەستوورەکەدا (دایکی یاساکان)، کە چارەنووسی گەلێکی پێوە پێوەستە، ئیسلام وەك سەرچاوەیەکی یاسادانان لە بەرچاو گیراوە و چۆن؟ با بۆمان روون بکەنەوە کێ و چۆن و بە چ میکانیزمێك بنەماکانی ئیسلام لەنێو ١٢٢ مادەکەی دەستووری هەرێمدا جێیان کراوەتەوە و ئاخۆ

ئەسڵەن بە خەیاڵی هیچ کام لە لیژنەی ئامادەکار یان پەرلەمانتارانی ئیسلامیدا هات بیر لەم بابەتە بکەنەوە؟ ئاخۆ ئەو دەسەڵاتانەی بە سەرۆکی هەرێم دران و مشتومڕێکی زۆریان لێ کەوتەوە، لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام تەبا یان ناکۆك بوون و لە کام سەرچاوەی یاسادانانی ئیسلامییەوە وەرگیرابوون؟

لێرەوەیە ئەز پێم وایە شەڕکردن لە دژی یاسای وەزعی زیاتر شەڕێکی تەجریدی و سیاسییە نەك واقیعی و مەنهەجی.

نموونەی دووەم کە پەرلەمانتار و دەوڵەتکارە ئیسلامییەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق دەگرێتەوە، مەسەلەی ئیمتیازاتەکانی گەورە بەرپرسەکانی دەوڵەتە، لە مووچە و دەرماڵە و خزمەتگوزارییە مشەکان، تا دەگاتە خانەنشینکردن بە مووچەیەکی خەیاڵی بەبێ کار و بەرهەم.

لەم رۆژانەدا ئامادەی زنجیرە وتارێکی رۆژی هەینی بووم، مامۆستای وتاربێژ بەبۆنەی رۆژی کرێکارانی جیهانەوە لە ١ی ئایار، زنجیرە وتارێکی لەبارەی رێزی کار و کرێکار و جۆری دەستەکان لە ئیسلامدا (دەستی ئیشکەر، دەستی بەتاڵ، دەستی بێتوانا، دەستی تاوانکار) پێشکێش کرد. لەنێو یەکێك لە وتارەکاندا رەخنەی لە مووچەخۆری بندیوار گرت کە "بەبێ کار و بەرهەم مووچە لە دەوڵەت وەردەگرێ، لە کاتێکدا مرۆڤی موسڵمان پێویستە لە بەرامبەر ئەو پارەیەی وەری دەگرێ کار بکا و مووچەکەی حەڵاڵ بکا، چونکە ئەو گۆشتەی لە پارووی حەرام دروست بێ ئاگری جەهەننەم لێیەوە نێزیکە".

لەو مامۆستایە و لە هەر مامۆستایەکی ئاینی، جگە لەوانەی خۆیان یان کەسێکی نزیکیان ئەو پۆستە موغرییانەیان وەرگرتووە و رەنگە بۆ شەرمەزارنەبوون ناچار بن تەئویلێکی شەرعی بۆ بدۆزنەوە، بپرسیت ئاخۆخواردنی پارەی حکوومەت بەبێ کار و بەرهەم حەرامە یان حەڵاڵە،

بەتایبەت ئەگەر ئەو پارەیە پارەیەکی مانگانەی خەیاڵی بێ و خەڵکێکی زۆری وڵاتەکەیش موحتاج بن؟ بێگومان کە پێت دەڵێ: ″نەخێر ئەوە مشەخۆرییە و حەرامە و پێویستە مرۆڤ پارەکەی حەڵاڵ بکا″. رەنگە زیاتریش بچێ و بڵێ ″ئەوە هەمووی نیشانەی دوورییە لە بەرنامەی خوا، کە ئەو مەسوولانە سامانی ئەو میللەتە بۆ عەیشونۆشی خۆیان تەخشان و پەخشان دەکەن و خەڵکیش لە هەژاری و بێکاریدا دەژین، ئەوەتا حەزرەتی فلان وا و وای دەکرد″.

بەڵام ئەگەر هەمان پرسیار لە مەلایەکی پەرلەمانتاری ئیسلامی، عێراقی یان کوردستانی، یان لە یەکێك لە وەزیر و پەرلەمانتارەکانیان، کە سالانێکی زۆرە خەڵك لە دژی یاسای وەزعی و گەندەڵی و تەرەفی حزبە عەلمانییەکان هان دەدەن و زوهدی عومەرەین بە خەڵك دەفرۆشن، بکەیت، نەك هەر مل بەوە نادات کە وەرگرتنی ٥٢ ملیۆن دیناری خانەنشینی وەك پەرلەمانتاری خولی دووەم لەگەڵ سەیارەیەکی کەشخە و خانەنشینی مەدەلحەیات بە ٦-١٠ ملیۆن دینار بەبێ کار و بەرهەم، (یاخۆ بڕیاری تەرخانکردنی ٦٠ ملیار دینار بۆ کڕینی ٣٥٠ ئۆتۆمۆبێلی گوللەنەبڕ بۆ پەرلەمانتارانی عێراق لە بودجەی ٢٠١٢ی عێراق لە ٢٣ شوباتی ٢٠١٢، کە هەرایەکی نایەوە و لەژێر پاڵەپەستۆی خەڵکدا لێی پاشگەز بوونەوە)، حەرام یان تەنانەت مەکرووهە، بگرە هەزار و یەك قیل و قالیشت بۆ دێنێتەوە کە ئەوە جائیزە و ئاساییە و حکوومەت داینـاوە و مافی سروشتیی خۆمانە، ئیدی ئەوە لە بیر دەباتەوە کە رۆژێ لە رۆژان حزبێکیان دامەزراند، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و گۆڕینی ئەو حکوومەت و دەسەڵاتەی لە خۆیەوە و بەپێی هەوا و ئارەزوویان و دوور لە بەرنامەی خوا یاسا بۆ بەرژەوەندیی ئەربابی دەوڵەت دەردەکەن و بۆ ئەوەیش چەندین ئایەتی لە شێوەی ″ يا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنُواْ إِنَّ كثِيرًا مِّنَ الأَحْبَار وَالرُّهْبَانِ ليأْكُلُونَ أَمْوَال النَّاس بِالْبَاطِلِ وَيصدُّونَ عَن سَبِيل اللّهِ وَالذِينَ

يكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ،[التوبة/٣٤]" و " وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا، [الإسراء/١٦]"يان بۆ جۆشدانی لاوان دەوتەوە.

با بێینەوە سەر شارێگەکە و بپرسینەوە: ئاخۆ لە دانانی یاسای دیاریکردنی مووچەی سەرکۆمار و جێگرەکانی، سەرۆك وەزیران و جێگرەکانی، سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی، پەرلەمانتاران و وەزیر و گەورە بەرپرسە بالاَکانی عێراق و هەرێمدا، ئیسلام وەك سەرچاوەیەکی یاسادانان لە بەرچاو گیراوە، وەك لە هەردوو دەستووری عێراق و هەرێمدا فریودەرانە و دیماگۆجییانە جێگیر کراوە؟ ئاخۆ ئەو یاسایە، کە هەموولا دان بەوەدا دەنێن ناعەدالەتییەکی گەورەی تێدایە و سالاَنە ملیاران دۆلاری عێراق بە ناڕەوا دەخاتە گیرفانی چەند کەسێکەوە و ملیۆنان کەسی شایستەی لێ بێبەش دەکات، لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلامدا ناکۆك نییە؟ عەجەبەن ئاخۆ مشەخۆری و ناعەدالەتی لە دابەشکردنی ساماندا لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام، کە عەدالەت یەکێك لە رەگەزە بنچینەییەکانیەتی، ناکۆك نییە؟ ئەگەر ناکۆکە، بۆچی حزبە ئیسلامییە سوننی و شیعی و کوردییەکان رێگەیان پێ دا، یان لانی کەم بەری پێ ناگرن؟ ئاخۆ تەنیا قەدەغەکردنی فرە ژنی و دانانی چەند هەزار دینارێك زیادە لەسەر قەرزی عەقار، کە لە بەرژەوەندیی گشتیشدان، لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا ناکۆکن و حزبە ئیسلامییەکان بۆ بەرپێگرتن و رێگرتن لەو سووکایەتییە ئامادەن ئیعلانی جیهاد بکەن؟

هەموو ئەوانە بخەینە لاوە: ئاخۆ کێ ئەو یاسایەی داناوە؟ لە بیریان چوو کە یەکەم جار پۆل برێمەری حاکمی مەدەنیی ئەمەریکا لە عێراق (٢٠٠٣-٢٠٠٤)، واتە حاکمێکی بێ باوەڕ، هەروەها داگیرکەر ئەو

یاسایەی داناوە، کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی ئیسلامیدا بە ئیمامەکانی کوفر (ائمة الكفر) ناو دەبرا، کەچی حزبە ئیسلامییەکان لە باتیی ئەوەی بۆ شۆڕینەوەی ئابڕوویان ئەو یاسایە بگۆڕن، وەك بیلبیلەی چاویان دەیپارێزن.

مەحموود مەشهەدانیی (سەلەفی) چۆن هەست بە سەرکۆنەی ویژدانی ئاینیی خۆی ناکا، لە بارێکدا بەپێی راپۆرتێکی ئەم دواییەی لێژنەی باڵای کەمکردنەوەی هەژاری لە عێراق، کە بەهاوکاریی بانکی نێودەوڵەتی ئەنجامی داوە، زیاتر لە ٦ ملیۆن کەس لە عێراق لەژێر هێڵی هەژاریدان، کە دەکاتە نێزیکەی ٢٣٪ی دانیشتوانی عێراق، کەچی ئەو، لە سایەی یاسایەکی وەزعیی نالەباردا، مانگانە بەبێ کار و بەرهەم، ٤٠ هەزار دۆلار مووچەی خانەنشینی لە خەزینەی بەیتولمال وەردەگرێ، کە بەپێی هەندێ سەرچاوەی هەواڵ بێ، ئەو مووچەیە لە مووچەی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاترە، کە دەڵێن مووچەی ساڵانەی تەنیا ٤٠٠ هەزار دۆلارە. مەشهەدانی خانەنشینە و ئۆبامایش سەرۆکی وڵاتێکی نێزیکەی ٢٠٠ ملیۆن کەسییە.

یان نووری مالیکی سەرۆکی حزبی دەعوەی ئیسلامی-شیعی، خالد عەتییەی سەرکردەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی-شیعی، تاریق هاشمیی جێگری سەرکۆمار و سەرۆکی پێشووی حزبی ئیسلامی-سوننی، ئەیاد سامەڕائی سەرکردەی حزبی ئیسلامیی سوننی و باقیی سەرکردە ئیسلامییە سوننی و شیعی و کوردییەکان، چۆن دەتوانن باس لە بەهاکانی زوهد و دادپەروەریی ئیسلامی، یان باس لە دژایەتیکردنی یاسای وەزعی بکەن، لە کاتێکدا ئەوان لە سایەی یاسایەکی وەزعی-نادادپەروەردا، کە ئەمەریکاییەك بە دیاری هێناویەتی، گلۆڵەی سامانی گەلێکی ئاتاج و هەژار مانگانە بۆ نێو حسێبە بانکییەکانیان خلۆر دەکەنەوە.

باوەڕم وایە ئەگەر سبەی ڕۆژ لیست یان حزبێکی نائیسلامیی گەورە هەڵمەتێکی لە دژی ئەو ئیمتیازاتە خەیاڵییانە دەست پێ کرد و ئیحراجییەکی لەو ڕووەوە دروست کرد، زۆر لەو حزب و کەسایەتییە ئیسلامییانە بادەدەنەوە و تەئسیلی ئیسلامی بۆ ئەو کەمکردنەوەیە دەکەن، بەڵام ئەی بۆچی ئەوان لە تەرحکردنی ئەو پرۆژە چاکسازییەدا نابنە دەستپێشخەر؟.

ئەوان لە بواری چاکسازی (اصلاح)دا، کە کردوویانەتە دروشمیش بۆ خۆیان، زۆرجار، گەر نەڵێم هەمیشە، شوێنکەوتەن نەك دەستپێشخەر و شوێن ئاوازی دەوروبەرەکەیان دەکەون.

لە هەرێمی کوردستان ئیسلامییەکان و زانایانی ئاینی باسیان لە کەموکورتییەکانی یاسای باری کەسێتی و کوشتن بۆ ئابڕووشۆری نەکرد، تا هەندێ لە ئافرەتانی چەپ بابەتەکەیان جووڵاند، ئەنجام ئەوانیش هاتنە سەر خەت و باسیان لەوە دەکرد کە ئەو یاسایانە لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێن. کەچی لێیشیان بێدەنگ بوون.

لە خولی پێشووی پەرلەمان (خولی دووەم: ٢٠٠٥–٢٠٠٩) پەرلەمانتارانی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی لە بەرامبەر کڕینی ئۆتۆمۆبێل و شوقە و ٥٢ ملیۆن دیناری بەخششی خانەنشینی و خانەنشینکردنی مەدەلحەیات بە ملیۆنان دینار ورتەی ناڕەزاییان لێوە نەهات، کە دەبوو ئەوان هەم وەك هێزێکی مەبدەئی و هەمیش وەك بەدیلی ئۆپۆزسیۆن، ئەو کارەیان بکردایە، بەڵام نەیانکرد، تا لەم خولەدا پەرلەمانتارانی گۆڕان کڕینی ئۆتۆمۆبێلی ٤ دەفتەر دۆلاریان کردە کێشە، جا ئەوانیش هاتنە سەر خەت و باس لەوە دەکەن "پێویستە زیادە خەرج لە کڕینی ئۆتۆمۆبێلدا نەکرێ " و "ئۆتۆمۆبێلەکان موڵکی پەرلەمان بن و دوای تەواوبوونی خولی سێیەم تەسلیم بکرێنەوە".

بەشی سێیەم

# ئاین.. سیاسەت.. بەهاری عەرەبی و کوردی

## ئاین و سیاسەت و دەوڵەتی ئاینی

**- پێوەندیی نێوان ئاین و سیاسەت لەسەر چ بنچینەیەکە؟**

* لە ژیانی واقیعیدا شتەکان و بەشەکان بەتەواوی لێك جیا نین، جیایش بن جیایەکی ئیعتیباری و تیۆری و ڕێژەیین، بگرە تێکەڵ و تێهەڵکێشن و بەم یان بەو ڕێژە و شێوە کار لە یەکتر دەکەن، هەر بۆیە وەك چۆن ئابووری و سیاسەت تێکەڵن، ئەخلاق و سیاسەت، زانست و سیاسەت و تەنانەت جوگرافیا و سیاسەتیش تێکەڵن، ئاین و سیاسەتیش تێکەڵن، چونکە ئاین رۆحی مرۆڤە و سیاسەتیش کردەوەیەتی. ئەمە قەدەری مرۆڤە و دەبێ هەوڵ بدا باشترین میکانیزم بۆ کارلێکی ئەو دوو رەهەندە جومگەییەی ژیانی خۆی دابنێ، بەشێوەیەك بە سوود بەسەر تاك و کۆمەڵگە و مرۆڤایەتیدا بشکێتەوە، نەك بە پێچەوانەوە.

هەندێ جار دوو مادە بە جیا بەسوودن، بەڵام رەنگە کە تێکەڵت کردن ببنە ژەهر، وەك تێکەڵکردنی ئۆکسجینێك و کاربۆنێك کە غازی ژەهراویی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆنی لێ پەیدا دەبێ. ئاین و سیاسەتیش هەردووك لە پێویستییەکانی ژیانن، ئەو دووانە دەستبەرداری یەکتر نابن، کە پێکیشەوە دەبن زۆرجار دەبنە ژەهر و لەوەشدا مرۆڤ زیانی بەردەکەوێ، ئەمە لە کاتێکدا دەبوو ئاین سیاسەت لە چەپەڵییەکانی پاك بکاتەوە، کەچی زۆرجار لە بریی ئەو رۆڵە ئەخلاقییە خۆی دەکرێتە یەکێك لە ئامرازەکانی سیاسەت.

لە مێژوودا تێکەڵیی ئاین و سیاسەت ناسۆری بۆ مرۆڤ هێناوە، چونکە سیاسییەکان ئاینیان وەك ئامرازێك بۆ ململانێی سیاسی و سەرکوتکردنی نەیارەکانیان بەکار هێناوە، ئەمە خاڵی لاوازی سەرەکیی مێژووی سیاسیی ئیسلام بووە تا بەئەمڕۆیش دەگا، بەڵام هەر ئاینیش

جارێکی تر بووە بە فەلسەفەی شۆڕش و چاکسازی لە دژی ئەو هێز و دەسەڵاتە ملهوڕانەی بەناوی ئاینەوە زۆرداریيان کردووە. ئەمەیە نهێنیی ئەو شکۆیەی ئاین لە ناخی کۆمەڵگەدا هەیەتی، چونکە لە بەرامبەر ئەوەی ئامرازی سەرکوتینەوە بووە، لە هەمان کاتدا پەنا و داڵدە و سەبووریی بێنەوا و چاوساوەکانیش بووە. هەروەها وەك فۆکۆیامایش لە "کۆتاییی مێژوو"ەکەیدا باسی دەکا، باوەڕی ئاینەکان بە یەکسانیی مرۆڤەکان یەکێك لە بناغە و دنگە فەلسەفی و ئەخلاقییەکانی سەرکەوتنی دیموکراسییەت بووە لە جیهانی نوێدا. ئەمە جگە لەوەی ئاین بەربڵاوترین و کاریگەرترین سەرچاوەی مەعنەوی بووە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی رۆحیی تاك و بەرجەستەکردنی رەوشتە کۆمەڵایەتییە مرۆڤدۆستانەکانی وەك وەفا و راستگۆیی و دەستپاکی و داوێنپاکی و سۆز و خۆشەویستی و مانابەخشین بە ژیان و بەهێزکردنی مەعنەویاتی مرۆڤ لە بەردەم ناسۆرییەکانی رۆژگاردا. پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە چۆن بتوانین لە تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەتدا ئەو بەها رۆحییە مرۆڤدۆستانەی ئاین بۆ ناو سیاسەت بگوێزینەوە، نەك سیاسەت بەهاکانی خۆی زاڵ بکا و ئاین بکاتە ئامرازی دەستی خۆی.

**– ئاخۆ ئێمە لە مێژوودا شتێکمان هەیە بە ناوی دەوڵەتی دینی؟ ئاخۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی پێغەمبەر و دواتردا دەوڵەتێکی دینی بووە یان مەدەنی؟**

* تا ئێستە تەمومژ و ناڕوونییەك لە پێناسەی دەوڵەتی دینی و دەوڵەتی مەدەنی و دەوڵەتی ئیسلامیدا هەیە و هەریەکە و بەشێوەیەك لێکیان دەداتەوە. ئاخۆ دەوڵەتی دینی دژ و پێچەوانەی دەوڵەتی مەدەنییە و ناکرێ دەوڵەتێك هەم دینی و هەمیش مەدەنی بێ؟ ئاخۆ مەرجە دەوڵەتی دینی هەمان پێناسەی دەوڵەتە دینییەکانی مێژوو بێ یان دەکرێ پێناسە

بکرێتەوە؟ ئاخۆ دەوڵەتی هەموو دینەکان وەك یەکە؟ ئاخۆ دینی پێچەوانەی مەدەنییە؟ ئاخۆ هەموو دەوڵەتێکی عەلمانی دەوڵەتێکی مەدەنییە؟ ئاخۆ هەموو دەوڵەتێکی مەدەنی دەوڵەتێکی دیموکراسییە؟ ئاخۆ هەموو دەوڵەتێکی دینی دەوڵەتێکی دیکتاتۆرییە؟ ئاخۆ دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی دینی و سیۆکراتییە، یان نا؟ ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە هەریەکە و بەجۆرێك لێیان دەدوێ.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبێ چەمکە جومگەییەکانی ئەو پرسیارانە شی بکرێنەوە، لەوانە دین، مەدەنی، عەلمانییەت، دیموکراسییەت، سیۆکراتی، ئیسلامی.

وتراوە دەوڵەتی دینی ئەو دەوڵەتەیە کە لەسەر بناغەی سیستمی سیۆکراتی Theocracy دامەزراوە، کە بریتییە لەو سیستمەی "لەسەر بیرۆکەی ئاینی دامەزراوە، لەوانە تیۆری مافی ئیلاهی، کە خوا بەسەرچاوەی دەسەڵات دادەنێ و حاکم بەسێبەری خوا لەسەر زەوی یان نوێنەری ئاسمان دادەنێ.."[٢٨].

بەم پێیە ئەم سیستمە، کە بناغەی لە دەقەکانی ئاینی مەسیحیشدا هەیە کە پێی وایە هەموو حاکمەکان لەلایەن خواوە دانراون، بۆیە دەبێ گوێڕایەڵی هەموو حاکمەکان بن[٢٩]، باوەڕی وایە خوا خۆی حاکمەکان دادەنێ، یان بنەماڵەی حاکم ریشەیەکی ئیلاهییان هەیە و بیر و بڕیار و سیاسەتەکانیان پیرۆزن و کەس بۆی نییە لێیان بپرسێتەوە و دەست بخاتە کاریانەوە و بیانگۆڕێ، لێرەوەیە هەندێ لە بیرمەندانی ئیسلامی لەوانە عەبدولقادر عۆدە و سەید قوتب و محەمەد قوتب و محەمەد عەمارە (یەکەم و دووەمیان لەلایەن رژێمی جەمال عەبدوناسرەوە لەدار دران)، پێیان وایە دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی دینی و سیۆکراتی نییە، چونکە لە ئیسلامدا، لانی کەم لای ئەهلی سوننە کە زۆرینەی موسڵمانان پێك

دێنن، خەلافەت و خەلیفە دەزگایەکی مەدەنین و لەسەر بنەمای شوورا و بەیعەت و بە رەزامەندیی خەڵك (ئوممەت) دادەنرێن و هەر بەویستی ئەوانیش لادەدرێن ئەگەر هاتوو لایان دا[٣٠].

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ نەك تەنیا لە سیاسەتدا، پێی وایە لە رووی فەلسەفیشەوە فیکری ئیسلامی فیکری دینی نییە، بگرە شتێکە لە نێوان فیکری مادی و فیکری دینیدا، چونکە ئەوەی یەکەم تەنیا لایەنی ماتریالیستیی ژیان و بوونی وەرگرتووە، ئەوەی دووەمیش زیاتر جەخت لەسەر دنیای میتافیزیك و غەیب و رۆح دەکا، لە کاتێکدا ئیسلام دانی بەهەردوو دنیای رۆح و جەستە، ئیمان و زانست، غەیب و بەرجەستەدا ناوە[٣١].

لێرەوە ئەو تەوژمە پێی وایە ئیسلام شتێکی تایبەت یان دینێکی تایبەتە و ناکرێ هەر وا بخرێتە ناو قاڵبێکی گشتیی ئاینەکان.

ئەز پێم وایە دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی دینییە، چونکە مەرجەعییەتی فەلسەفی و سیاسیی دەوڵەت ئاینە و تەنانەت هەندێ ورد دەبێتەوە بۆ دیاریکردنی مەزهەبیش و لەوەوە چوارچێوەی گشتیی دەستوور و یاسا و سیستەمی سیاسیی وڵات دادەرێژرێ، مەدەنیبوونەکەیشی، وەك هەندێ لە بیرمەندانی ئیسلامی بۆی دەچن، لەوەوە نییە کە ئەو دەوڵەتە دینی نییە، بگرە لەو رووەوەیە، وەك باس کرا، لە چوارچێوەی سیستەمە ئاینییەکاندا بەپێی جیهانبینییە ئاینییەکە بایەخ بە لایەنە مادی و مەدەنییەکانی ژیان دەدا، بەڵام بێ شك نابێ شتێك بکرێ و رێی پێ بدرێ کە لە چوارچێوەی بنەما ئەساسییەکانی ئاینەکە و رەنگە مەزهەبەکەیشیدا ناکۆك بێ، ئەوە تەنانەت ئێستەیش لە دەستووری عێراق و زۆر دەوڵەتی تری ئیسلامیی عەلمانیی ناوچەکەیشدا جێگیر کراوە. ئیدی ئەوەی کە حاکم بەو شێوەیە لە سیستەمە

سیۆکراتییەکاندا هاتووە لەلایەن ئاسمانەوە دەستنیشان ناکرێ و پیرۆز نییە و خەڵك دەتوانن لێی بپرسنەوە، هیچ لەو راستییە کەم ناکاتەوە کە سیستمەکە ئاینییە، بەڵام بەتەرزێکی جیاواز، ئاخر خۆ لە مێژوودا بەکردەوە خەلیفە و سوڵتان جۆرێك لە پیرۆزییان پێ دراوە و خەلیفە بەناوی یاخیبوون لە دەسەڵاتی شەرعی، کە هەندێ جار پێیان وتووە "سێبەری خوا لەسەر زەویدا"، لە گەردنی نەیارانی داوە. ئیبن خەلدوون لە پێناسەی ئیمامەت (خەلافەت/دەسەڵات)دا دەڵێ: بریتییە لە پاسەوانیی دین و بەڕێوەبردنی دنیا (حراسة الدين و سياسة الدنيا)[٣٢]، ئەوەیش پێناسەیەکی دان پێدانراوە لەناو بازنە زانستییە ئیسلامییەکەدا، کە بە روونی مۆرکە ئاینییەکەی دەوڵەت دەردەخا.

**- بەڕای ئێوە دەبێ چ جۆرە پێوەندییەك لە نێوان دین و سیاسەتدا هەبێ و خوێندنەوەتان بۆ پرۆژەی ئیسلامی سیاسی چییە؟**

* **بەبڕوای** بەندە بەختەوەریی مرۆڤ ئامانجی کۆتاییی ئاین و سیاسەتە، بۆیە هەر کام لەوانە، یان پێکەوە، ببێتە لەمپەر لە بەردەم بەختەوەری و شکۆمەندیی مرۆڤدا ئەمرۆ بێ یان سبەی دەبێ گۆڕەپان چۆڵ بکا. لە کەلەپووری فیکریی سیاسیی ئیسلامیدا چەندین دەق و گوتەزا هەن ئاماژە بە ئینسانیبوونی ئامانجی ئاینەکە دەکەن، لەوانە (صحة الابدان أولى من صحة الاديان)، (اين وجدت المصلحة فثم شرع الله)، تیۆری ئامانجەکان (مەقاسید)ی شەریعەت کە زانایانی وەك ئیمامی شاتبی کاریان لەسەر کردووە، کە پێنجن هەموو لە خزمەتی مرۆڤدان (پاراستنی گیان و دین و عەقڵ و ماڵ و وەچە)، دەکرێ ئەمانە بەپێی سەردەم زیاتر بکرێن، وەك کە هەندێ بیرمەند (ئازادی)یشیان بۆ پێنج ئامانجەکە زیاد کردووە.

گرینگە ئێمە ئەوە بزانین دەقە تەئسیسییەکانی ئاین (قورئان و حەدیس)

زۆر سنووردارن، ژیان و بیری مرۆڤیش بەپێچەوانەوە زۆر فراوان و پەلوپۆدار و ئاڵۆزن، بۆیە قسەی کۆتایی بۆ عەقڵی مرۆڤە کە لەو مادە خاوەی لەو دەقانە لە بەردەستیدان، پڕۆژەی ئینسانیی گەورە گەڵاڵە بکا، کە بەختەوەری و دادپەروەری بێنێتە کایە. لە مێژوویشدا هەر وا کراوە، بوونی دەیان مەزهەب و ڕێبازی فیکری و فیقهی بەڵگەی ئەوەیە عەقڵەکان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە دەقەکانیان ڕوانیوە، هەر بۆیە شتی زۆر باش و داهێنەرانە، هەروەها شتی زۆر خراپ و مەترسیداریش بەرهەم هاتووە.

وێنەی ئاین بەپێی ڕۆح و عەقڵیەتی باوی سەردەم دەگۆڕێ، لە سەردەمێکدا شەڕوشۆڕ و عەسکەرتاری باو بێ دەقەکانی ئاینیش دەبنە هەڵگر و ئاماژەدەری هەمان ڕۆحییەت و بیرکردنەوە، هەروەها لە سەردەمێکیشدا بەهاکانی کرانەوە و ئازادی و دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ بالادەست و باو بن، ئاینەکە دیسان هەمان ڕۆحییەت وەردەگرێ، هەر بۆیە گرینگە عەقڵی ئاینی نەبێتە دیلی نموونە مێژووییەکانی بیرکردنەوەی سیاسیی ئاینیی موسڵمانان، کە زادەی سەردەمێك بووە عەقڵیەتی شەڕ و فتووحاتی سەربازی و دەسەڵاتی شمولی و خێڵەکی و پاشکەوتوویی زاڵ بووە، بەڵکو هەوڵ بدەن بە سوودوەرگرتن لە بەهاکانی سەردەم چاکسازی لە بیرکردنەوەی سیاسیی ئاینیدا بکەن، بەشێوەیەك ببێتە یارمەتیدەر و هاوکار لە بەئینسانیکردنی زیاتری سیاسەتکردن، نەك بەپێچەوانەوە ببێتە ئامراز و داینەمۆی توندوتیژی وەك بەداخەوە ئێستە بەو شێوەیە کاری لەسەر دەکرێ.

پڕۆژەی ئیسلامیی سیاسی بەبڕوای من تا ئێستە کوڕی هەمان مەرجەعیەتە مێژووییەکەی بیرکردنەوە و کارکردنی سیاسیی ئاینییە و نەیتوانیوە دابڕانێك لەگەڵ ئەو مێژووە دروست بکا و تیۆرێکی تری مۆدێرن و لیبراڵ لە بیرکردنەوەی سیاسیی ئاینی بەرهەم بێنێ، هەر بۆیە

تـا ئـێستـە لـە کـۆزەیـنـی ئـیسلامـی سیـاسیـدا هـەمـان پـێنـاسەکەی ئیبن خەلدوون و هـاوشێوەکانی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی ئـامـادەیە، کە دەوڵەتێکە پیاوێکی پیرۆز لە لووتکەی هـەرەمدایە و دەسەڵاتی کول فیکولی هەیە و یاسا دەسەپێنێ و حەدە شەرعییەکانی زینا و قەتڵ و دزی جێبەجێ دەکا. راستە لە رووی تیۆرییەوە خەڵك مافی لێپرسینەوە و لادانی هەیە، بەڵام ئەوە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بووە و بەدەگمەن نەبێ هیچ خەلیفە و میر و سوڵتانێك بە دەستپێشخەریی خۆی یان ئاشتییانە و بەپێی ئەو میکانیزمی حەل و عەقدەی لە کتێبەکاندا باس کراوە، بەبێ خوێنڕشتن دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی نەبووە (بەپێی زانیاریی من تەنیا معاویەی کوڕی یەزیدی کوڕی معـاویە خۆی دەستپێشخەریی کردووە و داوای کردووە بە راوێژ خەلیفەیەك لە جێی دابنێن).

ئیسلامی سیاسی گەر دەیەوێ مومارەسەی سیاسەتێکی ئاینییان بکا، یان ئاین بکاتە مەرجەعی سیاسەت، ئەوە دەبێ تیۆر و میکانیزمی نوێ بەرهەم بێنێ، کە دەسەڵاتی خەڵك زیاتر و دەسەڵاتی دەسەڵات و سەرکردە سنووردار بکا.

**- بۆچی حزبەکانی کوردستان، بەڕاست و چەپەوە ناتوانن روئیایەکی روون لەبارەی ئەو ئایدۆلۆجیایەی کاری پێ دەکەن پێشانی خەڵکی بدەن و هەمیشە لە سیاسەتکردنیاندا دین دەکەن بە دەمامك و ئامراز؟**

* ئاین یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێز لە کۆمەڵگە موحافیزکارەکاندا، هەر بۆیە رەوتە ئیسلامییەکان کاتێ دەستیان بەراگەیاندن و بەتایبەت لە مزگەوت و ناوەندە ئاینییەکاندا کراوە بێ زوو گەشە دەکەن، چونکە بە زمـانـی ئـایـن دەدوێن کـە قـووڵایـیـەکـی گـەورەی لـە نـاخـی خـەڵـکـە باوەڕدارەکەدا هەیە، بۆیە کاتێ حزبە عەلمانییەکانیش ئەم هەژموون و قورساییە جەماوەرییەی ئاین دەبینن، ئەگەرچی وەك فەلسەفە و کارنامە باوەڕیان بەوە نییە میکانیزمە ئاینییەکان لە کار و ململانێی سیاسیدا

بەکار بێنن، بەڵام لەبەر بەرژەوەندیی سیاسی ئەوانیش بەم یان بەو شێوە هەوڵ دەدەن ئاین بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان سوود لێ ببینن، هەر بۆیە هەریەکەیان مەلا و رێکخراوی زانایانی ئاینیی تایبەتییان هەیە کە لەو رووەوە کاریان بۆ دەکەن، چ بە پێدانی واجیهەیەکی دینی بێ بەحزبەکە تا خەڵکانی ئەهلی دین بەو هۆیەوە متمانەی پێ بکەن یان لانی کەم دژایەتیی نەکەن، چ بە بەرگریکردن بێ لە بەرنامە و سیاسەتی حزبەکە بە زمانی موفرەداتە ئاینییەکان. ئەم سیاسەتە پراگماتییە لەگەڵ بنەماکانی کاری حزبێکی عەلمانیدا ناکۆکە، بەڵام لەو رووەوە کە بەرژەوەندییەکی کورت مەودای سیاسییان دەست دەخا، پەنای بۆ دەبەن.

بەبڕوای من تا ئەو کاتەی بەرەی ئاینی و بەرەی عەلمانی لێك جیا نەبنەوە و هەریەکەیان ئامرازی تایبەتی خۆی، کە لەگەڵ مەرجەعیەتە فەلسەفییەکەیدا رێك و تەبایە، لە ململانێ و پرۆژەکانیاندا بەکار نەهێنن، ئەزموونی عەلمانییەت لەم ناوچەیەدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، خۆ رەنگە وایش بکەن هەر سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ، بەڵام هیچ نەبێ لە رووی ئیعتیبارییەوە دەیسەلمێنێ کە هەڵگری پرۆژەیەکی نوێیە بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا و قبووڵنەکردنی ئەو بەدیلە لەلایەن کۆمەڵگەوە بە زەرووڕەت واتای ئەوە نییە رێباز و میتۆدەکە هەڵە و خراپە. بەڵام لە بارێکدا ئەوان پێیەکیان لە بازنە عەلمانییەکە و پێیەکەی تریان لە بازنە ئاینییەکەدا بێ، ئەوە بەو کارە جگە لەوەی سەرناکەون، هۆش و گۆشی خەڵکیش دەشێوێنن، بەوەی لە کاتێکدا دیندارن عەلمانیشن، یان لە کاتێکدا عەلمانین دینداریشن، بەوەیش لەگەڵ ناخی خۆیان دەکەونە نەسازی (تناقض).

**- تۆ تا چەند دروستبوونی ناوەند و سەنتەرە و رێکخراوە سەربەخۆ بانگەوازییەکان بۆ ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بەگرینگ دەزانی وەك بەدیلێك لە بەرامبەر بەسیاسیکردن و بە حزبیکردنی دین؟**

* تێکەڵکردنی ئاین بە سیاسەت و حزبایەتی پرۆسەیەکی زۆر هەستیار

و ترسناکە، چونکە هەر زوو سیاسەت ئاین گۆڵ دەدا و دەیکاتە ئامرازی دەستی خۆی، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانەی بانگەشە بۆ تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت یاخۆ بەئاینیکردنی سیاسەت دەکەن، لانی کەم لە رووی تیۆرییەوە پێیان وایە ئاین ئامیر و سیاسەت مەئموورە، ئاین ئیمام و سیاسەت مەئموومە و تێکەڵکردنی ئاین بە سیاسەت، سیاسەت لە ناواخنە میکیافیلییە بەرژەوەندگەرایی و خۆپەرستانەکانی پاك دەکاتەوە و دەیکاتە سیاسەتێکی ئەخلاقی لە خزمەت بەها ئینسانییەکاندا کە ئاین بانگەشەیان بۆ دەکا، بەڵام خۆزگە ئەم وێنایە لە پراکتیکیشدا وا بوایە.

ئەوەتا دەبینین کاریگەریی ئاینداری لەسەر کارەکتەرە سیاسییەکان، بەوانەیشەوە کە پێیان وایە مەرجەعیان ئاینە، کاریگەرییەکی لاوازە و ئەوەی رۆڵی شێری لە دیاریکردنی رەفتار و ئاکاری سیاسییانەی ئەو کارەکتەرە تاکەکەسی و دەستەجەمعییانەدا هەیە، زیاتر یاساکانی گەمە و ململانێی سیاسییە کە بەرژەوەندی و خۆپەرستی و شەڕی دەسەڵات بناغەکەیەتی. بڕوانە ئەو ململانێ خوێناوییانەی لە ماوەی سەدان ساڵی مێژووی ئیسلامیدا لە نێوان بنەماڵە حوکمڕانە خەلیفە و سوڵتان و ئەمیرەکاندا لەسەر کورسی و دەسەڵات رووی داوە، کە چۆن چۆنی ئاین نەك رۆڵی نەبووە لەوەی لەو شەڕە نەگریسە و حەڵاڵکردنی خوێنی رەقیبە موسڵمانەکانیان بگێڕێتەوە، بگرە هەر خودی چەمکە ئاینەکان کراونەتە سووتەمەنیی خۆشکردنی ئاگرەکە و سەرکوتینەوەی برا موسڵمانەکانیان، کە بەدەقی قورئان رژاندنی خوێنیان حەرامە و لە گوناهە گەورەکانە، کە بەلای هەندێ تەوژمی فیکریی ئیسلامییەوە بەهۆیانەوە مرۆڤ بە ئەبەدی لە جەهەنەمدا دەمێنێتەوە.

شەڕ و ناکۆکیی نێوان کەس و گرووپە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ و حەساسییەتەکانی نێوانیشیان بەڵگەیەکی تری ئەم بۆچوونەیە. لە ئەفغانستان و سۆماڵ و عێراق و فەڵەستین ئیسلامییەکان لەسەر

دەسەڵات و ململانەی سیاسی یەکترییان قڕ کرد.

ڕاستییەکەی ئەوەی کە خودی دەقە تەئسیسییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە پرسە سیاسییەکان دواون و یاسا و ڕێسایان بۆ داناون، بووەتە لەمپەرێکی مەنهەجی لە بەردەم هەر هەوڵێك بۆ دابڕینی ئاین لە سیاسەت لە ناوەندە ئیسلامییەکەدا، هەر بۆیە کێشەکە بەوە چارەسەر نابێ بڕیارێکی فەوقی دەربچێ و بڵێ "دەبێ دین و سیاسەت جیا بکرێنەوە"، چونکە ئەو کارە لە زۆر وڵاتی وەك تورکیای ئەتاتورك و ئێرانی شاهەنشایی و تونسی حەبیب بورقێبە تاقی کرانەوە، بەڵام ئەنجامەکەی پێچەوانە کەوتەوە، خەڵك زیاتر شوێن پڕۆژەی ئاینیی سیاسی کەوتن.

لە ئێران یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی لە مێژووی نوێدا دامەزرا و بوو بە ئیلهامگەیێنی بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکانی دنیاش، لە تورکیا دوای ٨٠ ساڵ لە عەلمانییەتێکی توندڕۆ ڕادیکاڵی ئەتاتورکی، شەپۆلی بەهێزی ئیسلامییەکان هەموو لەمپەرە یاسایی و ئەمنییەکانی ڕاماڵی و ئێستە هەرسێ سەرۆکایەتیی کۆمار و حکوومەت و پەرلەمانی تورکیا بەدەست پارتی داد و گەشەپێدانی خاوەن مەیلی ئاینییەوەیە و تەنیا سەرکردایەتیی سوپا ماوە، وا ئەویش وردە وردە بنکۆڵ و کۆنترۆڵ دەکەن.

لە تونسیش پاش نزیکەی ١٥ ساڵ قەدەغەکرانی سەرسەختانە، وا بینیمان حزبی نەهزەی ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی ڕاشد غەنووشی لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی وڵاتەکەدا دوای ڕووخانی ڕێژیمەکەی زەینولعابدین بن عەلی (لە ٢٣ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠١١) زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا و جڵەوی حکوومەت و دەسەڵاتی گرتە دەست. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بیرمەندێکی گەورەی وەك محەمەد ئەرەکۆن لە دەیەی ڕابردوودا پێشبینی دەکرد تا ساڵی ٢٠١٥ عەلمانییەت لە دنیای ئیسلامدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ و جێگیر ببێ.

هـەر بـۆیـە چـار نـاچـارە دەبـێ مـامـەڵـە لـەگـەڵ ئـەو مـەنزوومـە ئـایـنـیـیـە بـەسیاسیکراوە بکـەین وەك خـۆی و هـەوڵ بدەین لـە نـاوەوە چـاکسازیی تێدا بکەین، ئەویش بـەوەی لـە رووی فیکری و مـەعریفییـەوە خوێندنـەوەیـەکی نـوێ بـۆ ئـەو دەقـانـە و ئـەزمـوونـە مـێژوویـیـیـەکـە بکـەیـن، بـەشێوەیـەك لـەو گەمـەی تێکەڵکردنی ئـاین و سیاسـەتدا شـەڕەکە لـە بـەرژەوەندیی بـەهـا ئـاینی و ئینسانییەکان تـەواو بێ و ئـاین سیاسـەت بـەئینسانی بکا، یـان هیچ نـەبێ کـاری بکـەین ئـاین نـەکرێتە بنـاغـە و داینـەمۆ و ئـامرازی ململانێی سیاسی و سەرکوتینەوەی یەکتر.

ئەز پێم وایە ئەو سروشتە سیاسییەی خودی ئاینەکە کە لە سەرەوە باس کرا، وا دەکا کەسایەتی و رێکخراوە بانگخوازییەکانیش هـەمان کەسی سیاسی بـەرهـەم بهێننەوە، کە دوا جار دەبێتە رەسیدێك بۆ حزب و گرووپە ئیسلامییەکان و دەکەونەوە ناو هـەمان کێشە مێژووییەکەی جەدەلی ئـاین و سیاسـەت و کێشەکانی. راستە ئەوان کەمتر خۆ لە قـەرەی باسە سیـاسی و حـزبـیـیـەکـان دەدەن و هـەوڵ دەدەن گـوتـارەکـەیـان گـوتـارێکی ئـاینیی رووت بێ، تـا بـەبێ حـەساسییەت ئـەندامـانی کـۆمەڵ لـە گشت حزب و تـەوژمـەکـان گـوێـیـان لـێ بـگـرن، بـەڵام ئـەوە تـەنـیـا بـاس نـەکردنـە بـۆ نـەورووژانـدنـی بـەدگـومـانـی و هـیـچـی تـر، ئـەگـیـنـا ئـەوانـیش هـەمـان بیروبـاوەڕیان لـەبـارەی لایـەنـە سیاسییـەکەی ئـاینـەوە هـەیـە، یـان لانی کـەم حـاشا لـەو لایـەنـە نـاکەن.

* گۆواری لڤین، ژماره (١٨٦) له ٢٠/١/٢٠١٢.

## رۆشنبیر و نوێکردنەوە و ئیسلامی سیاسی

**- پێناسەی رۆشنبیر چییە و تێگەیشتنی حزبە ئیسلامییەکانی و بانگخواز و بیریارەکانیان بۆ ئەم چەمکە چۆنە، تا چەند لەگەڵ پێناسە و مانای راستەقینەی رۆشنبیریدا یەک دەگرێتەوە؟**

* کۆتا دەستەواژەی پرسیارەکەت "مانای راستەقینەی رۆشنبیری"، دەکەمە دەسپێك و کلیلی وەڵامەکە و دەڵێم: چەمکی رۆشنبیری لەو چەمکانەیە کە ناتوانین "واتایەکی راستەقینە"ی بەسەردا دابڕین و وا دابنێین ئەو واتایە ستاندارده و باقیی واتاکان و تێگەیشتن و پێناسەکانی تر بۆ چەمکی رۆشنبیری و رۆشنبیر ناڕاستەقینە و نادروستن، چونکە پێناسەکان زادەی گۆشەنیگا و پێوەرە جیاوازەکانن و رەوایی و دروستیی خۆیان زیاتر لە پێوەر و گۆشەنیگاکانی خۆیانەوە وەردەگرن نەك لە کۆمەڵێ پێوەری کۆنکریتی و بنبڕ کە هەمووﻻ ناچار بن پەسندیان بکەن، وەك کە لە بواری زانستە سروشتی و تەجریبییەکاندا باوە، هەر بۆیە فوئاد زەکەریا دەڵێ هەندێ جار کاتێ دوو کەس لەبارەی چەمکی "رۆشنبیری"یەوە گفتوگۆ دەکەن وەك ئەوە وایە هەریەکەیان باس لە شتێکی جودا بکەن، چونکە ئەو وێنەیەی لەبارەی چەمکەکەوە لە زەینی یەکێکیاندایە جیاوازە لەو وێنەیەی لە زەینی ئەوی تریاندایە.

بەڵام بەگشتی رۆشنبیری بریتییە لە کۆی ئەو زانست و مەعریفە و ئەزموون و هەست و ئاکار و هەڵوێستانەی مرۆڤ لە ئەنجامی خوێندنەوە و تێکەڵبوون بەبوارە جۆرەوجۆرەکانی ژیان و ئەزموونەکانییەوە لای گەڵاڵە دەبێ و کەسایەتییەکی تایبەتمەندی بۆ دەخوڵقێنێ. بەم پێوەرە هەموو زانا، ئەدیب، هونەرمەند، فەیلەسووف، سیاسەتوان و تەنانەت پیشەکارێکیش رۆشنبیرن. ئەگەر هەموو ئەوانە رۆشنبیر بن ئەی کێ

ڕۆشنبیر نییە؟

ئەگەر ڕۆشنبیر ئەوەندە زۆر بن کەواتە ئەوانە زۆرینەی خەڵکن و بۆ ناسینەوەیان وا باشترە ناڕۆشنبیرەکان دەستنیشان بکەین، چونکە ئاسانتر جیا دەکرێنەوە.

بەم پێیە دەبینین تێڕوانین و پێناسەکان بۆ چەمکی "ڕۆشنبیر" بەو سادەیییەش نییە، چونکە ئەویش پێوەر و گۆشەنیگای جیاوازی بۆ دانراوە.

هەیە واتایەکی ئایدیۆلۆجی بە ڕۆشنبیر دەدات و پێی وایە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە باوەڕی بە دنیابینییەکی فەلسەفی یاخۆ ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت هەیە با ئاستی خوێندەواریشی لاواز بێ، بۆ نموونە "ماتریالیزم" و ئەوانەی باوەڕیان بەوە نەبێ، بە ڕۆشنبیریان دانانێ. هەیە ژانرێك لە ژانرە مەعریفییەکان بە پێوەری ڕۆشنبیری دادەنێ، بۆ نموونە فەلسەفە، ئەدەب یان هونەر و پێی وایە هەر کەس لەو بوارانەدا شارەزا نەبێ ڕۆشنبیر نییە با بەرزترین بڕوانامەیشی لە بوارێکی زانستی، ئاینی، سەربازی یان تەکنەلۆجیدا هەبێ. هەیە تەنیا بیر و بۆچوونەکان بەپێوەری ڕۆشنبیربوون دادەنێ نەك سلووك یاخۆ هەڵوێستی کەسەکان، وەك ئەوەی شاعیرێکی گەورە هۆمۆسێکسواڵ بێ، یان بیرمەندێکی ناوداری جیهان نازی یانە فاشیست بێ، فەیلەسووفێك دز یان لایەنگری ڕێژیمێکی سەرکوتکەر بێ. هەیشە بەپێچەوانەوە هەڵوێستە مرۆڤایەتی و نیشتمانی و ئاینییەکان بەلایەوە پێوەری سەرەکین نەك تەنیا مەعریفە. هەیە زۆریی زانیاری و خیبرە بەپێوەر دەزانێ، هەیشە نەخێر توانا و شێوازی بیرکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری و خیبرەکان بەلایەوە پێوەرن. هەیە پێی وایە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە نووسەرە، هەیشە توانای نووسین بە مەرج دانانێ بۆ ئەوەی پێی بوترێ ڕۆشنبیر.

هەر کام لەو پێناسانە بگریت پێوەرێك یان زیاتریان بۆ چەمکی

رۆشنبیر دیاری کردووە و پێوەرەکانیش زیاتر زاتین، کە نە دەکرێ بەرەهایی رەت بکرێنەوە، نە هی ئەوەیشن بە رەهایی قبووڵ بکرێن.

بۆیە، وەك باوە، هەموو پێناسەکان وەردەگیرێن و هەریەکەیان لە سیاقی خۆیاندا رەواییان پێ دەدرێ و دەکرێنە پێوەر و دیاریکەر بۆ ماهییەتی چەمکەکە.

ئەڵبەت ئەمەیش بەو واتایە نایەت کە کۆمەڵێ پێوەری هاوبەش نین کە بەلای هەمووانەوە قابیلی قبووڵن، وەك ئەوەی کەسی رۆشنبیر کەسێکی بزۆزە لە بیرکردنەوەدا و دەکرێ لە کرداریشدا، زۆر و قووڵ دەخوێنێتەوە و بیر دەکاتەوە و شتەکان هەڵدەسەنگێنێ و رەخنە دەگرێ، عەقلانییە و بەئاسانی تەسلیمی پێوەر و سیستەمە باوەکانی کۆمەڵگەکەی نابێ، زانیاری و شارەزاییی لە ژانرە جۆرەوجۆرەکاندا بەرێژەی جیاواز هەیە و لە بوارێك یان زیاتریشدا قووڵە. حەزی لە گۆڕانکاری، شکاندنی رۆتین و سیستەمی باو، نوێکاری و داهێنانە. کەسێکی چەپ واتە رەخنەگر و دەستەمۆ نەکراوە.

دیارە ئەم پێوەرانە بەسەر زۆر کەسدا دەچەسپێن و رەنگە بەلای هەندێکیشەوە رەت بکرێنەوە.

تێڕوانینی ئیسلامییەکانیش بۆ چەمکی رۆشنبیر لەم رێسایانەی سەرەوە بەدەر نییە، ئەوانیش بەشێکن لە تەوژمە فیکری و سیاسییەکانی دنیا، ناچارن دان بە پێوەر و ستاندارە گشتییەکانی پێوەست بە رۆشنبیر و رۆشنبیردا بنێن، بەڵام ئەوانیش مەرجە ئایدیۆلۆجییەکانیان فەرامۆش ناکەن و وێڕای داننان بە توانا فیکری و رۆحییەکانی هەر رۆشنبیرێکدا، جا سەر بەو تەوژمە بێ یان نا، لەو باوەڕەدان کە رۆشنبیری تەواو و نموونەیی ئەو کەسەیە هەڵگری دنیابینی و ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی بێ.

**- جیاوازیی نێوان چەمکەکانی (رۆشنبیر، بانگخوان، بیریاری ئیسلامی) چۆن لێك دەدەنەوە؟ پێتان وانییە خودی ئەم جیاوازییە بووەتە هۆی رەتکردنەوەی رۆشنبیرو هەڵنەکردنی لەگەڵیدا؟**

* ئەگەر ئەو سێ کیانە رۆشنبیرییەی باسیان دەکەیت لە واقیعدا جودا بن و سنووری هاوبەش و تێکەڵیان نەبێ و نەکرێ هەمان کەس دووان یان هەرسێکیان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، وەك ئەوەی بۆ نموونە کەسی بیریار هەم بانگخواز و هەم رۆشنبیریش بێ، یان کەسی بانگخواز بیریار یان رۆشنبیر بێ و.. هتد، ئەوا جیاوازییەکەیان لە چوارچێوە ئیسلامییەکەدا هەمان جیاوازییانە لە ناوەندە رۆشنبیری و هزرییە گشتییەکەدا، بەجیاوازییەکی کەمەوە، چونکە لە دەرەوەی ئەو بازنەیەش کەس هەیە ئیشی بانگەشە و پروپاگەندەکردنە بۆ ئاین، مەزهەب، ئایدیۆلوجیا یان حزبێك. کەسیش هەیە رۆشنبیرە و رەنگە بانگەشە بکا بۆ فیکرەیەك یان حزبێك، یان نەیکات و خەریکی خەمە تایبەتەکانی خۆی بێ. هەیشە بیریارە، کە لە بواری فیکریدا قاڵە، دیارە رۆشنبیریشە و دەکرێ بانگخوازیش بێ.

بەڵام وا تێ دەگەم ئەو جیاکاری و پۆلبەندییە زیاتر لەسەر بناغەی رادەی قووڵی و عەقڵانیبوون و شارەزاییی کەسەکان کراوە، بەو واتایەی بانگخواز ئاستی بیرکردنەوە و رۆشنبیریی سادە و سەرەتاییە و عاتیفییانە بیر دەکاتەوە و شی دەکاتەوە، کەسی رۆشنبیر لەو لە پێشتر و پێگەیشتووترە، بیریار سەرتۆپی رۆشنبیرەکانە و تیرۆریزە بۆ شتە فیکری و مەعریفییە یونیڤێرساڵ و جیهانییەکان دەکا.

ئەم پۆلبەندییە لە ناوەندە ئیسلامییەکەشدا هەیە، بەڵام وەك پێشتریش وتم مەرج نییە لە هەموو حاڵەتەکاندا وەك سێ وڵات مەرزی جیاکەرەوەیان هەبێ. بانگخواز وەك واقیع زیاتر مەلاکان و وتاربێژەکان

دەگرێتەوە، کە بایەخدانیان بە بابەتە فیکری و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەم سنووردارە و زیار ڕۆشنبیرییەکی ئاینیی کلاسیکییان هەیە و لە گوتارەکانیشیاندا زیاتر کار لەسەر بزواندنی سۆز و خەیاڵدانێکی سەرسام بە خەواریق و شتی نامەنتیقی دەکەن، ئەوەیش نهێنیی گەشانەوەی ئەستێرەیانە لەو ناوەندە کۆمەڵایەتییانەدا کە هەڵگری ئەو جۆرە خەیاڵدانەن.

"ڕۆشنبیر"یش بازنەیەکی بەرفراوان لە کەسایەتییەکان دەگرێتەوە کە ئاسان نییە پۆلبەندیی بۆ وردەکارییەکانی بکەین، چونکە هەر خاوەن بڕوانامەیەکی دوکتۆرا، ماستەر، دیپلۆم و خوارتریش، هەروەها هەر خوێندەوارێکی جیدی، هەر سیاسییەك، هەر ڕۆژنامەنووس و نووسەرێك، هەر شاعیر و هونەرمەندێك، کە ژمارەی ئەمانەی سەرەوە بە هەزارانن دەکرێ لە ئاستێك لە ئاستەکاندا ڕۆشنبیر بن. هاوکات هەریەك لەمانە دەکرێ بانگخوازیش بن.

دوای ئەویش "بیریار" یاخۆ بیرمەند دێ، کە قورساییەکی زیاتری هەیە و ئەو کەسەیە قسە لە پرسە ستراتیجییەکانی فیکر و مەعریفە و سیاسەت و ئاین و ئەخلاق و کۆمەڵایەتی و.. هتد دەکا و تا ڕادەیەك لە دوو کەسایەتییەکەی تر بالاترە، هیچ پێوەرێکی ئایدیۆلۆجیش نییە بۆ ئەم ناونیشانە، هەر قوتابخانەیەکی ئاینی و فیکری وسیاسی بیریاری خۆیان هەیە، هاوکات دەکرێ ئەو کەسە بیریارە بانگخوازیش بێ. دەتوانین بۆ هەموو ئەمانە نموونە بهێنینەوە.

لەبارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەوە، پێم وایە ڕەتکردنەوەی کەسێك لەلایەن حزب یان تەوژم یان دەسەڵاتێکەوە زیاتر پەیوەندیی بە هەڵوێستەکانییەوە هەیە نەك بەوەوە ئاخۆ بانگخوازە، ڕۆشنبیرە یان بیریارە. بەڵام ڕەتکردنەوەی دوو کەسەکەی دوایی لەلایەن حزبەکانەوە

زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوانە زیاتر و منجرانەتر بیر دەکەنەوە لەوەی یەکەم. بیرکردنەوەیش بۆچوونی نوێ و تەرحی نوێ و رەخنەی نوێ بەدوای خۆیدا دێنێ، کە سەر دەکێشێ بۆ ململانێ لە نێوان دەسەڵات و رۆشنبیر و دواتر لێکدابڕانیان. بەڵام کەسی بانگخواز سەربازی ئایدیۆلۆجیا رەسمییەکەی حزبە و لە پێناو چەسپاندن و بڵاوکردنەوەیدا، بەگوتەی جەمال بەننا، مۆڵەتی کراوەی بە عەقڵی خۆی داوە و ئیدی هێڵە سوورەکانی حزب یان تەوژمی خانەخوێ نابەزێنێ و بۆ هەمیشە جێی متمانەیە.

**- هۆی چییە ئیسلامی سیاسی توانای هەزم نەکردنی کارەکتەری رۆشنبیر و پرسی رۆشنبیریی نییە؟**

* ئیسلامی سیاسی وەك تەوژمەکانی تر هەموو رۆشنبیرێك رەت ناکاتەوە، ئەو رۆشنبیرانە رەت دەکاتەوە کە نایانەوێ دیلی ئەو چوارچێوە و سیستم و نەسەقە فیکری و سیاسییە کلاسیکییانە بن کە لە مێژووەوە بۆمان ماونەتەوە و ئەو حزبانە بوونەتە پارێزەر و درێژەپێدەریان، بەبێ ئەوەی ستراتیجییەتێکیان هەبێ بۆ پێداچوونەوە و رەخەلێگرتنی ئەو کولتوورە و تەجاوزکردنی، لە کاتێکدا ئەوان بێ پەروا باس لەوە دەکەن کە ئیسلام بەهۆی قابیلیەتی نوێکردنەوەوە، کە هەر سەد ساڵ جارێك نوێخوازێك یان چەند نوێخوازێك پێی هەڵدەستن، بۆ هەموو سەردەم و جێیەك دەگونجێ و چارەسەری گشت کێشەکان دەکا، کەچی ناتوانن، یان وردتر بڵێین: هەوڵ نادەن ئەو نوێکردنەوە مژدەپێدراوە بکەن، بەپێچەوانەوە بوونەتە بەکاربەری کولتوورێك کە زانا موسڵمانەکانی زیاتر لە هەزار ساڵ لەمەوپێش دایان ڕشتووە و بەتێپەڕینی رۆژگار بووەتە بەشێکی بوونییەوی لە جەستەی ئاینی ئیسلام، کە رەخنەلێگرتنیان کتومت وەك رەخنەگرتن لە ئیسلام سەیری دەکرێ.

**- وای نابینن دروستکردنی قودسیەت بەدەوری بابەتە گۆڕاوەکاندا، نەخوازەلا جێگیرەکان، فاکتەری سەرەکیی ترس لە رۆشنبیر و تیۆریزەکردنی فیکری بێ؟**

* لە ئەدەبیاتی سیاسیی تەوژمی ئیسلامیدا، یان ئەوەی پێی دەوترێ فیقهی دەعوە، لە رووی تیۆرییەوە باس لەوە دەکرێ کە ئەوەی جێگیرە و ناکرێ قسەی تێدا بکرێ شتە نەگۆڕ (موحکەم)ەکان و ئەو دەقانەن کە سەنەد و دەلالەتیان قەتعین، کە لە قورئاندا بە "ام الکتاب" ناویان براوە، کە رێژەیەکی کەم لە دەقەکان دەگرێتەوە، هەرچی ئەوانی ترە کە قورئان بە "متشابهات" ناویان دەبات، قابیل بە تەفسیر و ئیجتیهادی جۆرەوجۆرن، هاوکات ئەوانە لە شتە گۆڕاوەکانن کە عەقڵی مرۆڤ بەپێی تایبەتمەندی و پێداویستی و بەرژەوەندی لە کۆمەڵگە و سەردەمە جیاوازەکاندا کاریان تێدا دەکا. واتە نابێ ئەمانە بەرگی قودسیەتیان وەبەردا بکرێ کە دەست بۆ بردنیان بە کوفر و هەرتەقە دابنرێ.

بەڵام کە دێینە سەر باری کردەوە، ئەو شتانەی کە لە کەلەپووری ئاینی ئیسلامیدا، لە بوارەکانی فیکر و عەقیدە و (عیبادات و موعامەلات)دا بەرهەمی بیری مرۆڤن، واتە لە گۆڕاوەکانن و نەك دەکرێ بگرە پێویستە بگۆڕدرێن، کەچی وەك بەشێك لە رۆحی ئاینەکە تەماشا دەکرێن و بەگومانەوە بۆ هەر جۆرە رەخنەلێگرتنێکیان دەڕوانرێ، لە ژمارە نایەن. لەوانە ئەو هەموو رێسا فیقهی و ئوسوڵییانەن کە زاناکانی پێشین (سەلەف) دایانناون و ئێستە هێز و سەنگیان لە بیر و هۆشی زانایانی ئاینی و عەقڵ و خەیاڵدانی ئیسلامیدا لە سەنگی ئایەتەکانی قورئان زیاتر و کاریگەرتر نەبن کەمتر نین، لە کاتێکدا زۆر لەوانە دەکرێ بۆمبی تەوقیتکراو بن و تەفسیری خراپیان بۆ بکرێ و بۆ مەرامی نادروست سوودیان لێ وەربگیرێ. بۆ نموونە ئەو رێسایەی دەڵێ "مالایتم الواجب الا بە فهو واجب" ئەگەر وردی بکەیتەوە هەمان دەلالەتی گوتەزا

میکافیلییەکەی "الغایة تبرر الوسیلة" دەگەیەنێ، کە ڕۆژانە گوتاری ئیسلامی تف و نەفرەتی لێ دەکا. یا ڕێسای "الضرورات تبیح المحظورات" گەنجینەیەکی زێڕە بۆ ئەو هێز و دەسەڵاتانەی مەراقیان سەرکوتکردنی نەیار و ڕکابەرەکانیانە. هەروەها ڕێسای "دفع المفسدة اولی من جلب المنفعة" دەرگەیەکی گەورەی لە بەردەم کاراکردنی عەقڵیەتی حەرامکردن و مەکرووهکردن و بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ئیختیاری مرۆڤدا کردووەتەوە.

لەوانە زەقتر ئەو پێنج حوکمە تەکلیفییەیە کە فەقیهەکان کردارەکانی مرۆڤیان بەسەردا دابەش کردوون (حەرام، مەکرووه، موباح، موستەحەب، واجب) وەك ئەوەی ئەو تیۆرە بە دەقی پیرۆز دابەزیبێ، لە کاتێکدا ئەوە تەنیا سیستمێکی عەقڵیی رووتە و ڕۆژانە لە زۆر بواری ژیان و لە زۆر هەڵوێست و هەڵکەوتی ئاساییی ژیاندا ئەو پێنج هەڵبژاردەیە دێنە ڕێی مرۆڤ و هیچ پێوەندییەکی بە ئاینەوە نییە. ئەمە لە کاتێکدا لە ئیسلامدا تەنیا دوو حوکم حەدین، یەکەم حەرام و دووەم واجب. لەوانە بەدەر هەموو کردەوەکان دەچنە خانەی ڕێپێدراو (موباح)ەوە کە مرۆڤ تێیاندا ئازادە و بەپێی سەلیقە و بەرژەوەندیی خۆی بڕیار دەدات بیانکات یا نەیانکات، بەڵام عەقڵی فیقهی دوو پلەی تریشی زیاد کردووە، کە مەکرووه و موستەحەبن و بابی مەکرووهەکەیش بووەتە ئەحکامی عورفی و بەناوی ئیحتیاتکردنەوە دنیایەك لە شتە موباحەکانی ژیانی مرۆڤی کردووەتە جێ گومان، کە موسڵمان سڵی لێ بکاتەوە نەوەك خوا پێی ناخۆش بێ، تا وای لێ هاتووە بە وتەی قەرەزاوی "ئاین بووەتە کۆمەڵێ ئەحوەتیات". لە کاتێکدا تەنانەت بەپێی ئەو پێناسەیەی بۆ مەکرووهیش کراوە مەکرووه "ئەوەیە نەیکەیت باشە بەڵام ئەگەر بشیکەیت گوناهت ناگات". ئەم پێناسانە بۆ ئەو پێنج حوکمە لە کوێ و لە کام دەقی تەئسیسی خاوەن سەنەد و دەلالەتی قەتعیدا بە ڕوونی باس

کران، تا لای ئێمە ببنە پێوەرێکی کۆنکریتی و پیرۆزی ئاینی، کە ناچار بین ژیانی خۆمانی لە چوارچێوەدا لە قاڵب بدەین؟

هەق بڵێین لەو رووەوە ئیسلامییەکان قوربانین زیاتر لەوەی تۆمەتبار بن، چونکە ئەوان میراتگری کولتوورێکی فیکری و فیقهیی دواکەوتوون کە وەك دین بۆیان ماوەتەوە، بەڵام بەرپرسیارییەتەکەیان لەو رووەوەیە کە ئەوان دروشمی بێداربوونەوە و نوێکردنەوە و چاکسازییان بەرز کردووەتەوە، کەچی کەمترین کاریان بۆ بەواقیعکردنی ئەو دروشمانە کردووە، لە بریی ئەوە بوونەتە حزب و گرووپی سیاسی و شەڕ لەسەر کورسییەك دەکەن کە بەپێی دروشمەکەیان نابێ شەڕی لەسەر بکرێ و بەوە لە خەم و ئەرکە سەرەکییەکانیان غافڵ بوون، کە چاکسازیکردن و نوێکردنەوەیە.

**- رەتکردنەوەی کارەکتەری رۆشنبیر تا چەند لەگەڵ بانگەشەکانی قەبووڵکردنی بەرامبەر، بڕوابوونی بەجیاوازی و گفتوگو و دیموکراسییەتدا دەسازێ؟**

* هۆشمەندانی هەر گەل یان گرووپ و حزبێك، -وەك عەلی عیزەت بیگۆڤیچ لەبارەی شاعیرانەوە دەڵێ- دەزگای هەستن لەنێو ئەو گرووپەدا و لە نیگەرانییەکانیانەوە هەست بەوە دەکەیت کە ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین تەندروست نییە، لەبەر ئەوە دەبێ رۆڵ بەوانە بدرێ قسەی خۆیان بکەن و پەنجە بخەنە سەر زامەکان. سانسۆر خستنەسەر هزر و ئازادیی دەربڕینی مرۆڤ، بەتایبەت ئەو مرۆڤانەی هۆشمەند و هزروانن و بیر و زمان و قەڵەمیان دەروازەی هەناسەدان و گوزارشت لەخۆکردنیانە، جگە لەوەی بێ نرخکردنی ئەو سەرمایە بەنرخانەیە، هاوکات نیشانەی تەسکبینیی ئەو هێزە و ترسانییەتی لە گۆڕان و نوێبوونەوە.

دەبێ ئەوەیش بڵێین کە مەرج نییە هەموو جار هەموو ئەوانەی لە

ناوەندە رۆشنبیری و سیاسییەکەدا بە رۆشنبیر دادەنرێن یان خۆیان بە رۆشنبیر دەزانن، ئەو توخمە هەستیار و نموونەیە بن کە لەسەرەوە باس کرا. رۆشنبیر جگە لە زەخیرە مەعریفییەکە و رۆحە بزێوەکەی، پێویستی بە ناخێکی مرۆڤدۆستانە و ریسالی، هەروەها خاکیبوون و لەخۆبوردوییەکی پێغەمبەرانە هەیە، تا بتوانێ بەدەر لە فشاری بەرژەوەندییە شەخسییە تایبەتەکان بەپیر کێشە ئینسانی و نیشتمانییەکانەوە بچێ و بەم یان بەو شێوە نەبێتە بەشێك لەو سیستمە ناتەندروستەی رەخنەی لێ دەگرێ. ئاخر زۆرجار شەڕی هەندێ لەو بەناو رۆشنبیرانە لەگەڵ دەسەڵاتی حزبەکەی یان حکوومەتەکەی، شەڕی بەها و مرۆڤایەتی و نیشتمانپەروەری نییە بەقەدەر ئەوەی شەڕی ئەوەیە خۆی نەکراوەتە شەریکەبەش لە دەسکەوتەکاندا، پۆستی نەدراوەتێ یان پشکی کەمی بەرکەوتووە. هەندێکی تر لەوانە ئاسۆی بیرکردنەوە و کرانەوەیان زۆر بەرتەسکتر و تەنگەتیلکەترە لەو سیاسییانەی رەخنەیان لێ دەگرن بەوەی نالیبرال و نارۆشنبیرن.

**- ئاخۆ شیمانەی گۆڕان و نوێبوونەوە و چاکسازی بەبێ بوونی رۆشنبیرانێکی تیۆرساز، شیمانەیەکی مەحاڵ نییە لەنێو ئیسلامییەکاندا؟**

* پێم وانییە نوێکردنەوە لە بازنە ئیسلامییەکەدا، بەتایبەت لە کوردستاندا کە لە بواری تیۆریزەکردنی ئیسلامیدا هێشتا چاولەدەر و لاساییکەرەوە و بەرماوەخۆری عەقڵی عەرەبیی ئیسلامییە، کارێکی ئاسان بێ، نە بۆ رۆشنبیران و نە بۆ حزبەکان، چونکە دەگمەنن ئەوانەی بە گیانی نوێکردنەوەی ئەو کەلەپوورەوە لە بیری ئیسلامی قووڵ دەبنەوە.

کێشەیەکی تریش هەیە جێی ئەوەیە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەم، ئەویش ئەوەیە لەبەر گەلێك هۆکار کە لێرەدا بواری وردکردنەوەیان نییە، ئەو تاك

و تـەرا رۆشنـبـیـرەی لـە نـاوەنـدە ئـیسلامـییـەکـەدا پـێ دەگـەن، تـا لـە رووە رۆشنبیرییەکەوە هەڵدەکشێن زیاتر لە بایەخدان و قووڵبوونەوە لە پرسە ئیسلامییەکان سارد دەبنەوە و زیاتر دەبنە خوێنەری بیرمەند و نووسەرە نائیسلامییەکان، بەوەیش بە باسکردنی چەمکە رەواجدارەکانی گۆڕەپانە گشتییەکەی وەك دیموکراسی، گلۆبالیزەیشن، ناسیونالیزم، پلورالیزم، هیومانیزم، فیمینیزم و فەندەمێنتاڵیزم و و نازانم چییەوە سەرقاڵ دەبن و ناتوانن داهێنان لە فیکری ئیسلامیدا بکەن.

ئەو کاتەی لەنێو یەکگرتوو بووم زۆرجار دەموت لە جیهانی عەرەبیدا ئـەوانـەی لـە ئـیـخـوان دەردەچـوون رەخـنـەیـان لـەوە بـوو ئـیـخـوان ئـیسلامـەتـیـیـەکـەی عـەیـار ٢٤ نـیـیـە و وەلائـو بـەرائـی لاوازە و لـێی هەڵدەگەڕانەوە و دەبوونە ئیسلامیی رادیکاڵ، بەڵام لە کوردستان ئەوانەی لە ئیخوان (مەبەست یەکگرتووە) دەردەچن بەپێچەوانەوە ئیسلامەتییەکەی یەکگرتوویان پێ خەستە و لێی دەردەچن و دەبنە عەلمانی. حاڵی حازر چـەنـدیـن رۆشنـبـیـر لـە کـوردستـان هـەن کـە سەردەمێك سەربـازی ون و گـیـانـفـیدای یـەکگرتـوو و بزووتـنـەوە و پڕۆژەی ئـیسلامـی بـوون، ئێستـە هـەندێکیـان لە باشترین حاڵدا بوونەتە عەلمانییەکی موحافیز، هـەندێکیان تەنانەت دەستبەرداری ئاینەکەیش بوون.

- **گۆڕانکاری و نوێبوونەوەی حزبی ئیسلامی و تێگەشتنی نوێ بۆ ئیسلام، لای ئیسلامییەکان، تا چەندە پرسێکی گەوهەری و گرینگە؟! ئاخۆ تەنیا کاڵایەکی سیاسییە بۆ نێو بازاڕی سیاسەت، یان بەڕاستی رەوتێکی زیندوو لەنێو ئیسلامییەکاندا گەیشتووە بەم پرسە؟**

* ئـیسلامـیـیـەکـان یـان لانـی کـەم ئـەو تـەوژمـە بـەرفـراوانـەی کـە خـۆی ناوناوە تەوژمی ناوەند (التيار الوسطي)، کە لە رووی فیکرییەوە خۆی بە درێژکراوەی قوتابخانەی زیندووکردنەوەی ئیسلامی (الاحياء الاسلامي)

دادەنیٚ کە لە سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بیرمەندە گەورەکانی وەك جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە و رەشید رەزا تیۆریزەیان بۆ دەکرد، بە جدی باس لەوە دەکەن کە پێویستە ئیسلام نویٚ بکرێتەوە، ئەوەیش نە وەك داهێنانێکی عەقڵی بەشەریی ئەوان، بگرە بەپشتبەستن بە حەدیسێك کە باس لە نوێکردنەوەی ئەم ئاینە دەکا (ئەڵبەت لە شتە گۆڕاوەکاندا نەك لە شتە جێگیرەکاندا).

هەر بۆیە ئەو تەوژمە دروشمی چاکسازی (ئیسلاح)ی بەرز کردووەتەوە و کەسانی وەك حەسەن بەننا و ئەبوئەعلای مەودوودی و سەید قوتب و شێخ یوسف قەرەزاوی بە نوێکەرەوەی ئاینەکە لە سەدەی بیستەمدا دادەنێن. حەسەن تورابی دەڵیٚ (الذي لایتجدد یتجمد)، ئەوەی نویٚ نەبێتەوە وشك هەڵدیٚ و دەیبەستیٚ.

لای تەوژمی ئیسلامی نوێکردنەوە نەك نوێخوازی (الحداثة) جێی قبووڵە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە تا ئێستە روئیایەکی رۆشن بۆ ئەو نوێکردنەوەیە نییە، نازانریٚ چی و کویٚ نویٚ بکرێتەوە و بەرهەمەکانی ئەو بزاڤی نوێکردنەوەیە کامانەن. تا ئێستە ئەو تەوژمە پرۆژەیەکی بۆ پێداچوونەوەی ئەو کەلەپوورە مەعریفییە نییە کە پێش هەزار ساڵ لە بوارەکانی عەقیدە و عیبادات و تەفسیر و حەدیس و فیقهـ و سیاسەت و ئابووریدا دانراوە و کراوەتە مەرجەعێکی بیٚ چەندوچۆن بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام و ئێمە ناچارین بیر و هۆش و هەست و کرداری خۆمان لەو چوارچێوەیەدا لە قاڵب بدەین.

تەوژمی ئیسلامی سیاسی و عەقڵی ئاینیی باو خۆیان لەم بابەتە نادەن کە کەس نکووڵی لەوە ناکا بەرهەمێکی رووتی فیکریی بەشەرییە نەك دەقی پیرۆز، بگرە هەندیٚ جار زۆر بەتوندی دژ بەهەر بۆچوونێکی نویٚ و ناساز لەگەڵ ئەوەی ئەو کەلەپوورە داینـاوە دەوەستن، بینیمان چ هەرایەك

لەبارەی هەندێ لە تەرحە نوێکانی تورابی و عەبدولسەبوور شاهین و مستەفا مەحموود و جەمال بەنناوە بەرپا کرا، لە کاتێکدا ئەوانە زانای ئاینین. جا ئەگەر بۆچوونە تازەکانی ئەمانە کە خۆیان بە بەشێك لە ماڵە ئیسلامییەکە دادەنێن قبووڵ نەکرێن، چۆن بۆچوونەکانی محەمەد ئەرەکۆن و محەمەد شەحروور و نەسر حامد ئەبوزەید و خەلیل عەبدولکەریم و محەمەد ئەحمەد خەلەفەڵلا و فوئاد زەکەریا و عەشماوی و هاوشێوەکانیان لە بازنە عەلمانییەکەدا قبووڵ دەکرێن؟.

راستییەکەی هەندێ جار مرۆڤ دەگاتە قەناعەت کە جەختکردنەوە لە چاکسازی و نوێکردنەوە زیاتر دروشمێکی جوانە و بەرزکردنەوەی چێژێك دەبەخشێ و سیحرێك لای گوێگر دروست دەکا، ئەگینا بە کردەوە نوێکردنەوەی جیدی نە کاری بۆ دەکرێ و نە پێشوازیی لێ دەکرێ. ئەگەر فەرزی مەحاڵ نوێکردنەوەیش بکرێ بە حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان ناکرێ، چونکە ئەوان سەرقاڵی کۆبوونەوە و چالاکییە حزبییەکان و توندوتۆڵکردنی پێگەی سیاسیی خۆیانن لە ساحەکە و لە حکوومەتدا و کاتیان لێ زیاد نییە خۆیان بە پرسی تاقەتپرووکێن و سەر بە کێشەی ئیجتیهاد و نوێکردنەوەوە خەریك بکەن. ئەوە بوو یەکگرتووی ئیسلامی دەزگای باس و لێکۆڵینەوەی دامەزراند، بەڵام لە رووی مادی و مەعنەوییەوە هێندەی رێکخستنی ناوچەیەکی بچووك بایەخی پێ نەدەدا، کتێبێکی پێ چاپ نەدەکرا.

بەندە لە ساڵی ٢٠٠٠–٢٠٠٥ بە ماوەی پچڕپچڕ لەو دەزگایە تاکە توێژەر بووم، کە ٤ جار بەرپرسی مەکتەبەکە گۆڕا (ئەندامی سەرکردایەتییەك، بۆ مەکتەب سیاسییەك، بۆ سەرکردایەتییەك، بۆ ئەندام مەکتەبێك)، بە هەزار ناوی عەلی مانگانە (٢٠٠) دیناریان بۆ بڕیمەوە، کە سەرلەئێواران لە بارەگای رۆژنامەوە دەچوومە ئەوێ و جاروبار لەسەر ئەوە پرتە و بۆڵەی بەرپرسی رۆژنامەیشم دەهاتە سەر، لە کاتێکدا رەنجی

فەرهادم دەدا و توانیم لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا دوو کتێب بنووسم (جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی + ئەخلاق لە سیاسەتدا). بەڵام تا چاپ کران قیر سپی بوو. گەر هەڵە نەبم ئەو دوو کتێبەیش تاکانە دوو کتێب و لێکۆڵینەوە بوون کە مەکتەب لە تەمەنی خۆیدا بەرهەمی هێنان.

مەبەست ئەوەیە حزب نرخی لێکۆڵینەوە نازانێ، بۆیە مەکتەبی باس بەرماوەی دەزگاکانی تری دەدرایە و سەرەنجامیش هەڵوەشێنرایەوە.

ئەگەر ئەمە هەڵوێستی یەکگرتوو بێ لە مەسەلەی لێکۆڵینەوە و نوێکردنەوەدا، کە حزبی بیر و رۆشنبیرییە و جگە لەوانە چەکێکی تری بۆ خەبات نییە، ئیدی مەعلوومە حزبە ئیسلامییەکانی تر کە دروشم و دەیدەن و زمانی حاڵیان شیعرەکەی ئەبوتەمام بوو کە دەڵێ (السیف اصدق انباء من الکتب..)، هێندەی چێژ لە بیستنی هاڕە و ناڵە و ویزەی تۆپ و قازیفە و گوللە دەبینن و بە گرینگی دەزانن، چارەکێکی ئەوە چێژ و بەها لە بیر و کتێب و نوێکردنەوەدا نابینن و لەو رووەوە چاوەڕێی شتێکی زیاتریان لێ ناکرێ. ئەوەیش جێی داخە، چونکە دەیان و سەدان هەزار کەسی پاك و دڵسۆز ئومێدیان بەوانەوە گرێ داوە چاکسازی لەو وڵاتەدا بکەن و لەو پێناوەیشدا خۆیان دووچاری هەرد و نشێوی سەخت دەکەن.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لەنێو موحازەرەیەکیدا گوتی "ئێمە موشکیلەی فیکریمان نییە"، منیش دواتر هەستام و وتم چۆن دەوترێ گرفتی فیکریمان نییە لە کاتێکدا ئەوە بایەخدان و بەرهەمی یەکگرتووە بەبواری فیکر و لێکۆڵینەوە، کە نەیتوانیوە لە ماوەی دە ساڵدا دوو لێکۆڵینەوەی بەپێز بەرهەم بێنێ، دوو رۆشنبیری عەلمانی بەسیستمی بیرکردنەوەی ئایدیۆلوجیی خۆی قایل بکا، یان داهێنانێك تەنانەت لە بوارە فیقهییە کلاسیکییەکەدا بکا لە کاتێکدا زۆر لە ئەندامانی خوێندەواری حزب کاری مەلاکان دەکەن و دەیان و سەدان ناملیکە و

کتێبی وەعزییان چاپ کردووە؟

ئەویش وتی "ئاخر خۆشت دەزانی ئەوانەی زۆر بەفیکرەوە خەریك بن ئەنجامیان باش نابێ"، وەك ئاماژەیەك بەوەی زۆر بیرکردنەوە و خوێندنەوەی کتێبە فیکرییەکان، خاوەنەکەی لە حزب دوور دەخاتەوە و رەنگە ئینتیما ئاینییەکەیشی لاواز بکا.

* رۆژنامەی (چاودێر) لە ٢٠١٠.

## ئیسلام.. نوێبوونەوە و سیکیولاریزم

**- لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئاخۆ هەست دەکرێ ئیسلام بەرەو نوێبوونەوە هەنگاوی ناوە؟ چۆن بتوانین ئەو نوێبوونەوەیە ببینین لە کاتێکدا دژ وەستانەوەی پیاوانی ئاینی بەرامبەر بە دیاردە سەردەمییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ؟**

* ئێمە سەرەتا دەبێ لە پێناسەی ئەو چەمکانەوە دەست پێ بکەین کە قسەیان لەسەر دەکەین. مەبەست لە (ئیسلام) چییە و مەبەست لە نوێبوونەوەی ئیسلام چییە؟ تا ئێستە هەندێ لە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکانیشمان هاوشێوەی خەڵکە نەخوێندەوارەکە (ئیسلام) و (موسڵمان) تێکەڵ دەکەن و لە باتیی ئەوەی بڵێن (موسڵمانەکان) دەڵێن (ئیسلامەکان). بەم پێیەش بێ دەبێ کاتێ باس لە نوێبوونەوەی ئیسلام کرا، مەبەست نوێبوونەوەی موسڵمانان بێ نەك ئاینەکە، لە کاتێکدا بابەتەکە پێوەندیی بە ئاینەکەوە هەیە نەك شوێنکەوتووەکانی.

ئەگەر ئەو تێکەڵکردنەی نێوان ئاینەکە و شوێنکەوتووانی لە ئەدەبیاتی شەفەهیی ئێمەیشدا بەکێشەیەکی زمانەوانی و نەریتیی بچووك دابنێین، دیسان ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئاخۆ مەبەست لە ئیسلام دەقە تەئسیسییەکانی قورئان و سوننەیە (لێرەدا چاو لە کێشەکانی ئەو دوو سەرچاوەیە لای قوتابخانە و مەزهەبە جیاوازەکان دەپۆشین)، کە بەلای موسڵمانانەوە وەحیی ئاسمانن، یان مەبەست ئەو کەلەپوورە ئاینییە هەمەلایەنە بەرفراوانەیە کە لە ماوەی زیاتر لە ١٤ سەدەی مێژووی ئیسلامدا کەڵەکە بووە و سەرجەم بوارەکانی ژیانی (ڕۆحی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی، ئابووری، عیمرانی و... هتد) تەنیوە؟ ئاخۆ شتێك ماوە بەناوی ئیسلامی موجەرەد و دابڕاو لە هەر کاریگەری و جێبیر و

جێدەستێکی مرۆڤ لە ماوەی ئەو سەدان ساڵەدا؟ ئاخۆ دەکرێ ئیسلامی دەق (ئیلاهی و ئاسمانی) لە ئیسلامی مێژوو (بەشەری و زەمینی) جیا بکرێتەوە؟

ئەی نوێکردنەوەی ئیسلام چییە و مەبەست لەو ئیسلامەی نوێ دەکرێتەوە کامەیانە: ئیسلامی دەقە یان ئیسلامی مێژوویی؟ ئەی مەبەست لەو نوێکردنەوەیە نوێکردنەوەی چ لایەنێکی ئاینەکەیە؟ ئاخۆ نوێکردنەوەیەکی بەشەکییە لە هەندێ لایەنی کرداریی تایبەتدا، یان نوێکردنەوەیەکی ریشەیی و سەراپاییە و هەموو شتەکان دەگۆڕێ؟ ئەی میکانیزم و ئامرازەکانی ئەو نوێکردنەوەیە چین؟ ئاخۆ مەبەست لەو نوێکردنەوەیە زیندووکردنەوەی ئیسلامە بەشێوەیەك بتوانێ ئیدارەی ژیانی نوێیش بکا، یان جۆرێك لە لەگۆڕنانی ئاینەکە و لە کۆڵکردنەوەیەتی؟

کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لە کۆمەڵگە هەرە دواکەوتووەکانی دنیای ئیسلام و تا ئێستە لاساییکەرەوە و بەرماوەخۆری هزری ئاینیی نەتەوە سەردەستەکانە، بەتایبەت نەتەوەی عەرەب، هەر بۆیە ناتوانین باس لە نوێبوونەوەیەك لە هزر و هۆشی ئیسلامیی کوردیدا بکەین کە هزر و هۆشی ئاینیی عەرەبی تێپەڕاندبێ. گۆڕانکارییەکان لە دەرەوەی ئێمە، بەچاوپۆشین لە قەبارە و قووڵییان، زیاتر و زووتر روو دەدەن، لەبەرئەوەی ئەوان لەو رووەوە خاوەن ئەزموون و گەنجینەیەکی مەعریفیی دەوڵەمەندترن لە ئێمە ، هەر بۆیە بۆ نموونە – لە کاتێکدا سالانێك تەلەڤزیۆنە ئیسلامییەکانی کوردستان مشتومڕیان بوو لەسەر ئەوەی ئاخۆ مۆسیقا حەڵاڵە یان حەرامە، ئاخۆ وێنەی ئافرەتانی بێ چارشێو پێشان بدەن یان نا، تا ئەم دواییەش لە هەندێ لە کەناڵە تەلەڤزیۆنی و رادیۆییەکان مۆسیقا حەرام بوو، هەندێ جار وێنەی ئافرەتی بێ چارشێو مغەوەش دەکرا، کەچی حزبی ئیسلامیی عێراقی

(ئیخوان) لە یەکەم ڕۆژی پەخشی کەناڵەکەیان (بغداد) دوای ڕووخانی سەدام، بەبێ مشتومڕ تەجاوزی ئەو کێشەیەیان کرد.

ئێمە لەبەرئەوەی زانا و بیرمەندی قووڵ و بوێرمان نییە، چاولەدەستی دەرەوەین.

گۆڕان و نوێبوونەوە یاسای ژیانن، بۆیە هیچ ئاین و کۆمەڵگەیەك ناتوانن دەستبەرداریان بن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ قەبارە و ئاست و شێوەی ئەو نوێکردنەوەیە چۆنە؟

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی بەریەککەوتنی جیهانی ئیسلامی لەگەڵ پێشکەوتنی ئەوروپا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا، ئەو کاتە تێ دەگەین چ جۆرە بیرکردنەوەیەك بەسەر هۆشی ئاینیی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا زاڵ بووە و دواتر بەهۆی ئەو کارلێکەوە چ گۆڕانکارییەك لە عەقڵ و ژیانی موسڵماناندا ڕووی داوە.

سەرەتا زۆر لە زانایانی موسڵمان لە هەموو بەرهەم و دەرکەوتەکانی مۆدێرنێتە بە گومان بوون و بە ناشەرعییان زانیون و بەرەنگارییان کردوون، لەوانە خوێندنی زانستەکانی ئەوروپا لە بوارەکانی جوگرافیا و کیمیا و ماتماتیك، دژ بەبیرۆکەی سووڕانەوەی زەوی و چوونە سەر مانگ بوون، دژ بەناردنی کچان بوون بۆ قوتابخانە، تەنانەت دژ بە بەکارهێنانی پانتۆڵی پیاوان بوون بەبیانووی ئەوەی وەسفی عەورەت دەکا، تا ئێستەیش هەندێ دەستە و تاقم خواردن لەسەر مێز و بەکارهێنانی کەوچك و چەتاڵ بەبیدعە دادەنێن، کەم نین ئەوانەی دیموکراسییەت بە تەحەداکردنی حاکمیەتی خوا و بەدیلی ئیسلام دادەنێن و پێیان وایە دەبێ هەمان سیستمی مەلەکی و شمولیی مێژوویی خەلافەت زیندوو بکرێتەوە.

ئەگەر مەبەست لە نوێکردنەوەی ئیسلام گۆڕانکاری بێ لەم جۆرە

بیرکردنەوەیەدا، ئەوا دیارە کۆمەڵگەی کوردی وەك باقیی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی تر هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە، بەتایبەت لە رووی سوودبینین لە رواڵەتەکانی ژیانی هاوچەرخ.

بەلاّم ئەگەر مەبەست لە نوێکردنەوەی ئیسلام گۆڕینی شتە بنەڕەتییەکانی ئاینەکە یان بیرکردنەوەی ئاینی بێ، لە بنەماکانی عەقیدە و عیبادات و ئەحکام و رێساکانی رەوشت و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەو کەلەپوورە فیکری و فیقهییەی زانایانی کۆن و پێشەوایانی مەزهەبەکان لە بوارە جۆرەوجۆرەکاندا بەرهەمیان هێناوە، ئەوە بێگومان نوێکردنەوە نەك لە کوردستانێکی بەرماوەخۆری نەتەوە سەردەستەکان، بگرە لای نەتەوە سەردەستەکانیش جموجۆڵەکان بەو ئاراستەیە لاوازن. ئەگەرچی هەموو ناوەندە ئاینییە کلاسیکییەکان بە پشتبەستن بەو دەقە حەدیسەی کە دەڵێ "خوا لەسەری هەموو سەدەیەکدا کەسێك بۆ ئەم ئوممەتە دەنێرێ تا کاری ئاینەکەی بۆ نوێ بکاتەوە"

باس لە پێویستیی نوێبوونەوە دەکەن، بەلاّم تا ئێستە هەوڵەکانی نوێکردنەوەی جەوهەری کۆسپ و بەرەنگاریی گەورە و سەرسەختانەیان لەپێشە و بالاّدەستی هەر بۆ قوتابخانە کلاسیکییەکەیە، کە بەبەردەوامی لە رێی زانا و بیرمەندە موحافیزکارەکانەوە خۆی بەرهەم دێنێتەوە و نەوەکان بە رابردوویەکی دووری دواکەوتووەوە گرێ دەداتەوە.

ئەو هەرا گەورانەی لەسەر هەندێ لە ئیجتیهاداتە نوێکانی بیرمەندانی وەك جەمال بەننا و حەسەن تورابی و موستەفا مەحموود و عەبدولسەبوور شاهین و ئەحمەد سوبحی مەنسوور، کە خۆیان رۆڵەی مێژوویی پڕۆژە ئیسلامییەکەیشن، دروست کران، بەڵگەیەکی زیندووە لەسەر ئەوەی هێشتا نوێکردنەوەی جەوهەری، بەواتای گۆڕینی بنەماکانی سیستمی بیرکردنەوەی ئاینی و ئامراز و میکانیزمەکانی ئەو

نوێکردنەوەیە، زۆری ماوە لە زەوینە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکەی دنیای ئیسلامدا جێگەی خۆی بکاتەوە.

ئەگەر ئەوە کاردانەوەی ناوەندە ئاینییە باڵادەستەکە بێ لە ئاست ئیجتیهادەکانی بیرمەند و زانا ئیسلامییەکاندا، ئەوە ئیدی دەبێ چاوەڕوانی چ جۆرە کاردانەوەیەك بکەین بەرامبەر بۆچوونەکانی کەسانی وەك تەها حوسێن و عەلی عەبدوڕازق و نەسر حامد ئەبوزەید و محەمەد ئەرەکۆن و محەمەد شەحروور و جابری و عەشماوی و... هتد؟

**– ئاخۆ مۆدێرنە توانیویەتی لە کوردستان دەستکاریی ئەزموونی ئاینی ئیسلام بکا؟ ئاخۆ لە کوردستان ئاینی ئیسلام دژی مۆدێرنەیە؟**

* ئەو پرسیارە تەنیا بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام نادرێتەوە. دەتوانین بڵێین هەم بەڵێ و هەمیش نەخێر. بەڵێن لەو رووەوە کە مۆدێرنێتە هەموو کون و کەلەبەرەکانی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخی تەنیوە و دەستی پێ گەیاندووە، جا یان بەتەواوی گۆڕیویەتی یان لەگەڵی کەوتووەتە ململانێ و سەرەنجام گۆڕانکارییەکی سنوورداری هێناوەتە کایە. نە ئەزموونی ئیسلامی و نە ئەزموونی هیچ ئاینێکی تریش دژ بەهەموو رواڵەت و دەرهاویشتەکانی مۆدێرنیتە نییە، بگرە رەنگە هەندێ لەو ئەزموونانە خۆیان بە سەردەستەی نوێکاریش دابنێن، هەر بۆیە ئەوەندەی دژ بەلایەنە فەلسەفییەکانی مۆدێرنەن (لەوانە یەکەمایەتیی عەقڵ و مادە) هێندە دژ بەلایەنە کرداری و تەکنەلۆجی و رواڵەتییەکانی نەبن. تێکگیرانی مۆدێرنیتە رەنگە زیاتر لەو بوارانەدا بێ کە لەگەڵ جیهانبینیی فەلسەفی و سیستمی ئەخلاقیی ئاینەکەدا ناکۆکە. ئەوە قەدەری ئاینەکانیشە کە دەبێ وێڕای مۆرکە جێگیر و چەسپاوەکانیان هەمیشە سازشێك لەگەڵ پەرەسەندنە کردارییەکانی ژیانی کۆمەڵگەکاندا بکەن، تا بتوانن درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن. ئیدی بەپێی جیاوازیی سروشتی ئاینەکە و

هـەلـومـەرجـە مـێژوویـیـیـەکـە جـۆر و خێراییـی ئـەو سازش و گۆڕانـە لـە ئـاینێکەوە بۆ یـەکێکی تر دەگۆڕێ.

پێشکەوتن و داهێنانە زانستی و تەکنەلۆجییەکان لە ماوەی زیاتر لە سەدەیەکدا شێوازی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و لەنێویدا تەنانەت شێوازی ژیانی ناوەندە کلاسیکییە ئاینییەکەیشی گۆڕیوە. ئێستە خەڵك و ناوەندە ئاینییە موحافیزکارەکەیش مامەڵە لەگەڵ رواڵەتەکانی ژیانی مۆدێرن دەکەن، ئامرازەکانی بەکار دێنن، چێژ لە داهێنراوەکانی دەبینن و بەشداری لە بەردەوامی و گەشەپێدانیدا دەکەن.

بەڵام نەخێر، بەو واتایەی ئەو گۆڕانکارییانەی مۆدێرنێتە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەدی هێناون، ئەوەندەی کاریگەرییان لە چینەکانی سەرەوەی عەقڵ و هۆش و لە رواڵەتە مادییەکانی ژیانی کۆمەڵگە کردووە، هێندە رۆح و پایە سەرەکییەکانی دنیابینیی ئاینیی کۆمەڵگەکەی بەرەو عەقڵانییەت و واقیعییەت و مرۆڤ دۆستییەکی شایستە بە مرۆڤ نەگۆڕیوە، هەر بۆیە کەسانێکی زۆر دەبینی لە بوارە زانستی و تەکنیکییە نوێیەکاندا، کە بەرهەمی مۆدێرنیتەن، پسپۆڕن، پزیشکن، ئەندازیارن، دادوەرن، سیاسەتوانن، مامۆستای زانکۆن، خاوەن بڕوانامەی زانستیی باڵان و ئەسڵ ئەوەیە ئەوانە پێشڕەوی کۆمەڵگە بن لە گۆڕینی دیمەنە دواکەوتووەکانی بیرکردنەوەی باوی کۆمەڵگەکەیان، کەچی ئەمانە لە هەندێ بواردا هەمان ئاست و شێوازی بیرکردنەوەی خەڵکە رەشۆکی و نەخوێندەوارەکەیان هەیە و دەبنە پاسەوان و بەرهەمهێنەرەوەی هەمان رۆشنبیری و سیستمی بیرکردنەوە و کولتووری باوی بۆماوەی کۆمەڵگە.

ئەز پێم وایە لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (د.خ) خۆی ئیدی ئاینی ئیسلام لەلایەن عەقڵی مرۆڤەکانی سەردەمە جیاوازەکانەوە بەو پێیەی بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی سەردەمەکە خواستوویەتی و عەقڵ و

سەلیقەی زانا و بیرمەندەکان بڕیویەتی، خوێندنەوەی بۆ کراوە و تیۆر و مەزهەب و شێوازی بیرکردنەوە و ژیانی لێ گەڵاڵە کراوە، بوونی دەیان و سەدان مەزهەب و ڕێبازی فیکری و فیقهی و سیاسیی ئیسلامی بەڵگەیەکی زیندووی ڕاستیی ئەم بۆچوونەیە. هەر بۆیە ئەمڕۆیش ئەوە مرۆڤەکانن بڕیار دەدەن ئاخۆ ئاینەکەیان نوێ بکەنەوە و بەرگە مێژووییەیە مرۆڤکردەکەی فڕێ بدەن، یان وەك خۆی بەردەوام بێ و مرۆڤەکان بەرابردوویەکی دوورەوە گرێ بدا. لەوەدا ئاینەکە قوربانییە نەك تاوانکار.

ڕاستە ئەو گۆڕانکارییانەی لەم دوو سێ سەدەیەی دواییدا ڕوویان داوە زۆر گەورەتر و میحوەریترن لەو گۆڕانکارییانەی لە سەدەکانی پێشتردا ڕوویان داوە، بەڵام هیچ چاری تر نییە جگە لە نوێکردنەوە و فڕێدانی کارژە مێژووییەکان.

**- ئەو بۆچوونە چەندە دروستە کە پێی وایە ئاینی ئیسلام دژی نوێبوونەوە و عەلمانییەتە؟ ئاخۆ پێوەری نوێبوونەوەی ئیسلام تەنیا تەبابوونیەتی لەگەڵ عەلمانییەت؟**

* وەك وتم لە بنەڕەتدا نوێکردنەوە کاری ئاین نییە، بگرە کاری ئایندارەکانە، وەحی و ئاسمان خاڵیان لە کۆتاییی ڕستەکەدا داناوە و ئیدی کاری مرۆڤ و زەوییە ئاینەکە بەپێی سەردەمەکان گەشە پێ بدەن.

ئەگەر بڵێین ئیسلام دوورە لە نوێبوونەوە ئەوە وتوومانە عەقڵی ئیسلامی دوورە لە نوێبوونەوە، چونکە ئەوە ئێمەین مامەڵە لەگەڵ دەقەکاندا دەکەین. ئەز پێم وایە عەقڵی ئاینیی ئیسلامی دیلی چوارچێوەکانی خودی ئاینەکە نییە بەقەدەر ئەوەی دیلی چوارچێوەکانی ئەو کەلەپوورە زانستییە ئیسلامییەیە کە زاناکانی چوار سەدەی یەکەمی ئیسلام لە خوێندنەوەیەکی داهێنەرانەیاندا بۆ ئیسلام دیارە بۆ سەردەمی

خۆیان– بەرهەمیان هێناوە و لە ماوەی چەندین سەدەدا ئەو کەلەپوورە لە کۆزەینی موسڵمانانـدا بەرگی پیرۆزیی پۆشیوە و نەك ورە و زاتی پێداچوونەوە و رەخنەلێگرتن و تەجاوزکردنی لای نەوە نوێیەکان کوشتووە، بگرە بووەتە بەربەستێکی کۆنکریتیش لە نێوان عەقڵی نوێ و دەلالاتەکانی دەقە بنچینەییەکاندا.

واتە ئەوەی چوارچێوەی عەقڵ و بیرکردنەوە و رەفتاری کلاسیکیی ئێمەی دارشتووە زیاتر هزری مالیکی و حەنەفی و شافیعی و حەنەفی و ئیبن تەیمیە و شاتبی و ماوەردی و نەوەوی و غەزالی و جەعفەری سادق و ئەوانەن، تا ئەوەی دەقەکانی قورئان و سەحیحی فەرموودە بن، کە ئێمە دەلالاتەکانی ئەو دوو سەرچاوەیەیش لە زاری ئەو باوکە دامەزرێنەرانەی هزر و فیقهی ئیسلامییەوە وەردەگرین و لە ئاست شکۆی گەورەی ئەواندا خۆمان زۆر لەوە قەزەمتر دەبینین کە بتوانین ئەوان تێپەرێنین و قاڵب و تەرزێکی تری بیرکردنەوە و راڤە و تێگەیشتن بۆ خۆمان دابرێژین. لێرەوە دەستەواژەکانی (لیس في الامکان، ابدع مما کان) و (ما ترك الاول للاخر شیئا) بوونەتە رێسای پیرۆز لە ئەدەبیاتی زانستیی ئاینیدا.

**– ئاخۆ دەسەڵاتی سیاسی پێوەندیی بەنوێبوونەوەی ئاینەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان؟ دەسەڵاتی سیاسی رێگە خۆشکەرە بۆ نوێبوونەوەی ئاین لەم هەرێمە یان بەپێچەوانەوە؟**

* دەسەڵاتی سیاسی رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە سەرخستن یان لەناوبردنی هەر هەوڵێکی نوێکردنەوەدا، ئەویش بەسەپاندنی بێ یان بەسەرکوتکردنی. بەڵام ئەمە زیاتر لە دەسەڵاتە شمولییەکاندا دەکرێ، کە دەسەڵاتی رەها لە دەست تاقمێکدایە.

بەڵام ئەسڵی پرۆسەی نوێکردنەوە، کارێکی فیکری و مەعریفییە و بە تاکەکەسەکان دەکرێ نەك بە دەسەڵاتەکان. دەسەڵاتەکانی ئەم ناوچەیە

ڕەنگە لەگەڵ هەندێ نوێکاری ڕواڵەتیدا بن لە ڕووکەشی هۆش و ژیانی خەڵکدا، بەڵام ئەستەمە پشتیوانی لە نوێکردنەوەیەکی جیدی بکەن، کە کۆمەڵگەیەکی بوێر و چاوکراوە و هۆشیار بەرهەم بێنێ، کە نەتوانرێ بە دەمامك و گوتاری فریودەرانەی ئاینی فریو بدرێ و بکرێتە سووتەمەنیی ململانێکانی سیاسییەکان. جگە لەوەیش نوێکردنەوەی ئاین پێش ئەوەی شەڕ بێ لە دژی دەسەڵاتە شمولییەکان، شەڕە لەگەڵ عەقڵە ئاینییە شولییەکانی ناوەندە ئاینییەکە و شەقامە دەقگرتووەکە بەو عەقڵە شموليیە، بۆیە لە بارێکدا ناوەندە ئاینی و جەماوەرییە موحافیزکارەکە نەیار بێ بەپرۆسەیەکی نوێکردنەوە، دەسەڵاتیش ناچار دەبێ نەیاری بێ، چونکە نایەوێ ئەو ناوەندانە، کە سەرچاوەی وزە و بەردەوامیی کورسییەکەین، لێی بڕەنجێن.

**– ئێمە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست چەندان شێوەی جیاواز لە ئیسلام دەبینین، ئیسلامی تورکی، ئیسلامی سعوودی، ئیسلامی پاکستانی.. کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی کولتووری ئەو نەتەوانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ لە کوردستاندا دەتوانین جۆرێکی تایبەت لە ئیسلام، واتە ئیسلامێك بە مۆرکی کوردییەوە ببینین؟**

* بێگومان کولتووری هەر نەتەوەیەك مۆرکی خۆی لەسەر ئیسلامەتییەکەیشی بەجێ دێڵێ. نەتەوەیەکی خاوەن کولتووری پێشکەوتوو ئیسلامەتییەکی پێشکەوتووانەیش دەکا و بەپێچەوانەشەوە. بەڵام حاڵی حازر ئیسلامەتیی هەموو ئەو نەتەوانە لە چوارچێوە و خەسڵەتە بنەڕەتییەکاندا هاوبەشە، بەتایبەت ئەگەر هاومەزهەبیش بن. ئەو جیاوازییەی هەیە بە پلەی یەکەم بۆ جیاوازییە مەزهەبییەکە دەگەڕێتەوە. کوردێکی شافیعی و تورکێکی شافیعی زیاتر لەیەك دەچن تا

کوردێکی شافیعی و کوردێکی تری فەیلی (شیعە). سەرچاوەی سەرەکیی مەعریفیی شەرعیی تورکیا و سعوودیە و مالیزیا و پاکستان و ئێران، لە جەوهەردا یەك شتە. کوردیش بەهەمان شێوە.

هەر بۆیە جیاوازییەکانی ئیسلامی تورکی و سعوودی و ئێرانی و سوودانی زیاتر جیاوازیی مەزهەبی و مەسلەکی فیقهین تا ئەوەی جیاوازیی نەتەوەیی و کولتووری بن. تورکێکی حەنبەلی کە دەچێتە سعوودیە وا هەست دەکا لە مالّی راستەقینەی خۆیدایە، عەرەبێکی جەزائیریی شیعەیش کە دەچێتە قوم هەمان هەستی هەیە، کوردێکی سوننە مەزهەبی ئێرانیش کە دەچێتە میسر لە رووە ئاینییەکەوە هەمان هەستی دەبێ. ئەمە بەو واتایە نییە جیاوازییە نەتەوەیی و کولتوورییەکە هیچ هەستێکی جیاواز دروست ناکا، بەلّام ئەو هەستە لە چاو هەستە هاوبەشەکەی هاومەزهەبیدا جیاوازییەکی بچووکە.

ئەز پێم وایە تایبەتمەندی و جیاوازبوونی نەتەوەکان لە گوتاری ئاینی و سەربەخۆییی مەرجەعییاندا، بەوە نابێ ئیسلامێکی تایبەت بە خۆیان هەبێ، چونکە وەك وتم هێلّە بنچینەییەکانی کەلەپوورە ئاینییەکە یەك شتە، بەلّکو بەوە دەبێ مەرجەعییەتە ئاینییەکەیان لەنێو کۆمەلّگەکەی خۆیانەوە هەلّقوولّابێ نەك مەرجەعەکەیان لە دەرەوەی سنوور و لە نەتەوەکی تر بێ. پێویستە هەر نەتەوەیەك زانا و موجتەهیدی گەورەی هەبن کە بتوانن عەقلّی ئاینیی کۆمەلّگەکە بە بۆن و بەرامەیەکی ئاینیی خۆمالّی ئاراستە بکەن و نوێ بکەنەوە و نەبنە برا بچووکی نەتەوەکانی تر، بەوە هەم سەربەخۆییی خۆیان دەپارێزن، هەمیش ئاین نابێتە ئامرازێك بۆ پاشکۆیەتیی ئەو نەتەوەیە بۆ نەتەوەیەکی تری سەردەست.

**– گرفتی گەورە لە کوردستان ئەوەیە کە حزبە دەسەلّاتدارەکان، تەنانەت ئەو حزبانەش کە لە دەرەوەی دەسەلّاتن (مەبەستم حزب و گرووپە**

**نائیسلامییەکانە) بە حزب و گرووپی سیکۆلاریست ناودەبرێن، بەڵام ئاخۆ وەك دیدگ و فەلسەفە سیکۆلاریزم لەلای ئەو حزب و گرووپانە دەبینرێ؟ ئەگەرنا ئەی ئەو حزبانە دەچنە چ خانەیەکی پۆلێنکردنەوە؟**

* بەشبەحاڵی خۆم دەستم لەو شەڕە شتووە کە لە نێوان هەردوو چەمکی (ئیسلامیزم) و (سیکیولاریزم)دا و ئیسلامی و سیکیولارەکاندا هەیە، لەو رووەوە کە لەلایەك دەبینم خەمەکانی گۆڕان و چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵ کە ئامانجی هەر ئایدیایەکن و باقیی شتەکانی تر ئامرازی ئەو ڕێگەیەن، لەو شەڕە نەگریسەدا دەکرێنە قوربانی و بەرگریکردن/دژایەتیکردنی چەمکەکان بوونەتە ئامانج و هەر لایەك ئامادەیە لە پێناو سەرخستنی ئایدیۆلوجیاکەی خۆی و بە زەویدادانی بەرامبەرەکەیدا قوربانی بەهەموو بەهاکان بدا.

لەلایەکی تریشەوە تا ئێستە هەردوو لایەنی ئیسلامی و عەلمانی وێنەیەکی روونیان نییە نە بۆ جەوهەر و هەقیقەتی ئەو ئایدیایەی بوونەتە پاسەوان و دەروێشی، نە بۆ هەقیقەتی ئەو ئایدیایەی دژایەتیی دەکەن و شەڕەکەیان شەڕە لەسەر رووکەش و ناوەکان، هەر بۆیە بەئارەزووی خۆیان پێناسە بۆ چەمکەکان دەکەن بەشێوەیەك ئایدیاکەی خۆیان بە هەڵگری هەموو سیفەتە جوان و تەواوەکان و بێبەری لە هەر کەموکورتییەك و ئایدیای نەیارەکەیان بە شەڕی رەها بخەنە روو. ئەمە جگە لەوەی نە بلۆکە ئیسلامییەکە و نە بلۆکە عەلمانییەکە پابەند نین بەو بەها بریقەدارانەی بانگەشەیان بۆ دەکەن.

لەلای سێیەمیشەوە بەبڕوای من شەڕی ئیسلامی و عەلمانی لە بنەڕەتدا شەڕی ململانێی ئیمان و عەقڵ، یان ئەولەویەتی وەحی یان عەقڵە، یان سەروەریی وەحی یان عەقڵە، بەڵام ئەگەر بچیتە بنج و بناوانی هەردوو فەلسەفەکە دەبینی هەردووکیان هەڵگری بەشێك لە خەسڵەتەکانی

یەکترن. بۆ وردەکاریی ئەم بیرۆکەیە سەیری بابەتی (عەقڵی ئاینی و عەلمانی هەڵگری بەشێك لە خەسڵەتەکانی یەکترن) لەم کتێبەدا بکە.

بەڵام ئەوەش بەو واتایە نییە کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو دوو تەوژمەدا نییە، دیارە هەریەکەیان هەندێ سیمای گشتییان هەیە کە لە بەرامبەرەکەیان جوێ دەکاتەوە، رەنگە رۆشنبیرێکی سیکیولار تانە لە عەلمانییەتی یەکێتی و پارتی بدا لەو رووەوە هەندێ سیمای ئاینییان بەخۆیان داوە، یان رۆشنبیرێکی ئیسلامی تانە لە ئیسلامییەتی حزبێکی ئیسلامی بدا لەو رووەوە هەندێ سیمای عەلمانی بەخۆی داوە، بەڵام بێ شك یەکێتی و پارتی لە چوارچێوە گشتییەکەدا عەلمانین و حزبە ئیسلامییەکەیش لە چوارچێوە گشتییەکەدا ئیسلامییە، ئەوەندە هەیە لەژێر فشاری واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەدا هەندێ ئایدیۆلۆجیاکەیان کاڵ کردووەتەوە.

* گۆواری (کەوانە) ژمارە (٤) ئۆکتۆبەری ٢٠١١

## ئاین و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی

**- شۆڕشەکانی دنیای عەرەبی، ئاخۆ شۆڕشی دینین، یان شۆڕشی مەدەنی؟**

* بە حوکمی ئەوەی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی وڵاتانی عەرەبی بە رووی دەسەڵاتە مێژووییە دیکتاتۆرییەکانیاندا، تەقینەوەی عەفەوی و تا رادەیەکی زۆر دوور لە پلانێکی سیستماتیزەکراوی پێشوەختی هێزە سیاسییە رکابەرەکانی دەسەڵاتە و ئامانجیان کۆتاییهێنان بە ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتییە، رەنگە بەکارهێنانی وشەی "شۆڕش" بۆ ئەو بزاوتە ناوردی و سادەکردنەوەیەکی زۆری چەمکەکەی تێدا بێ، چونکە شۆڕش لە ئەدەبیاتی فیکری-سیاسیدا بەو ڕاپەڕینانە دەوترێ کە هەڵگری جیهانبینی و ئایدیۆلۆجیا و بەرنامەیەکی سیاسیی رادیکالی و جیاوازن لە سیستمی سیاسیی ئارا، بەشێوەیەك شۆڕشگێران بە کەمتر لە لەڕیشەوە هەڵتەکاندنی ئەو سیستمە و جێگرتنەوەی بە سیستمێکی تەواو جیاواز لەوە لە رووی فەلسەفە و ناسنامە و میکانیزمەوە رازی نابن. شۆڕشی بەلشەفی لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و باقیی شۆڕشەکانی حزبە کۆمۆنیستەکانی دنیا لە سەدەی بیستەمدا، هەروەها شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، ئەمانە بە واتای وشە شۆڕش بوون، چونکە هێزێکی سیستماتیزەکراو و هەڵگری ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت، بە پاڵپشتیی جەماوەرێکی ئایدیۆلیجەکراو بە رووی دەسەڵاتێکدا دەتەقێتەوە و ناسنامە و فەلسەفەی سیاسیی ئەو دەسەڵاتە لە بنەوە هەڵدەتەکێنێ و یەکێکی تری لە جێگە دادەمەزرێنێ.

بە قبووڵکردنی ئەم پێناسەیە بۆ شۆڕش، دەگەینە دوو ئەنجام، یەکەم: ئەوەیە ئەو تەقینەوە جەماوەرییانەی دنیای عەرەبی شۆڕش نین، بگرە

ڕاپەڕینگەلێکی عەفەوی و نائایدیۆلۆجین، خۆ ئەگەر وشەی شۆڕشیشی بۆ بەکار بێنین زیاتر لەو ڕووەوەیە وشەکە کەوتووەتە سەر زاران و ئیدی بەلای شەقامەکەوە ئەو ناوردییە ئەکادیمی و مەنهەجییە بایەخێکی نییە.

دووەم: کاتێ بڕیارمان دا ئەوانە شۆڕش نین ئیدی واتای ئەوەیە ئەو "شۆڕش"انە شۆڕشی مەدەنین نەك ئاینی، چونکە ئاینیش هەر ئایدیۆلۆجیایە و ئەگەر بڕیارمان دا ئەو ڕاپەڕینە ئاینییە، ئەوە مانای وایە شۆڕشە، ئەوەیش پێناسەیەکی ورد نییە بۆ حاڵەتەکە.

یەکەم شەرارەی تەقینەوەی خەڵك لە تونسەوە دەستی پێ کرد و هۆکارەکەیشی پڕبوونی جامی تووڕەیی و بێزاریی خەڵك بوو لە تاکڕەوی و ستەمی کۆمەڵایەتی، کە خۆسووتاندنی محەمەد بوعەزیزی سەوزەفرۆش بوو بە سیمبولی ئەو تووڕەییبە. خەڵکی تونس دروشمی ئایدیۆلۆجی و گۆڕینی ڕادیکالییانەی سیستمی سیاسیی ئارایان، بۆ نموونە لە سەرمایەداری (کاپیتالیزم)ەوە بۆ سۆشیالیزم یان لە سیکیولاریزمەوە بۆ ئیسلامیزم، بەرز نەکردەوە، بگرە داوای دادپەروەرییان کرد بەبێ ئەوەی مەرجەعیەتی ئایدیۆلۆجیی ئەو دادپەروەرییە دەستنیشان بکا و کار بۆ بەدەسەڵاتگەیاندنی بکەن. لێرەوەیە بینیمان شەڕی ڕاپەڕینەکە لە دژی ڕەمزەکانی دەسەڵاتە ستەمکارەکە بوو، واتە کەسەکان نەك سیستمەکە، هەر بۆیە دوای ڕووخانی ڕێژیمەکەی زەینولعابدین بن عەلی جگە لە دەنگوباسی هەوڵەکانی دەستگیرکردن و لەدادگەدانی هەندێ لە سەرانی ڕێژیمی پێشوو بەتۆمەتی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات گۆڕانکارییەکی تر نابینین. واتە دەتوانین بڵێین ڕێژیمی تونس نەڕووخا بگرە تاقمێ لە دەستڕۆیشتووانی ڕێژیمەکە کە چەق و سەنتەر و سەرچاوەی بەشی زۆری ستەمکاریی ڕێژیمەکە بوون لادران و بەشێکی زۆری دەموچاوەکانی ڕێژیمەکە مانەوە.

له میسریش بەهەمان شێوە جگە لە لادان و لەدادگەدانی هەندێ لە سەرانی ڕێژیمی پێشوو، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پایە سەرەکییەکانی ڕێژیمەکەدا رووی نەدا و ئەگەری ئەوەیش هەیە لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی داهاتوودا، عەمر مووسا ببێتە سەرکۆمار کە کۆپییەکی حوسنی موبارەکە و یەکێك لە پایە مێژووییەکانی ڕێژیمەکە بووە.

شۆڕشنەبوونی تەقینەوە جەماوەرییەکەی لیبیا رەنگە زیاتر بەرچاو بێ، چونکە هەر سەرانی ڕێژیمەکەی قەزافی، کە دەیان ساڵە شەریکی قەزافین لە پۆخڵەواتەکانی ئەو ڕێژیمەدا، لەبەر هەر هۆیەك بێ، لە دەسەڵاتەکەی قەزافی جیا دەبنەوە  و یەکسەر بە قودرەتی قادر پاك دەبنەوە و دەبنە شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز. عەبدولفەتاح یونس وەزیری ناوەخۆی ڕێژیمەکە بووە بە سەرکردەی مەیدانیی شۆڕشگێڕەکان، یەکێکی تر لە گەورە بەرپرسانی پێشوو نوێنەری ئەنجوومەنی ئینتیقالیی بەرهەڵستکارە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، مووسا کوسای وەزیری دەرەوە و هاوڕێی دێرینی قەزافیش سبەی دەبێتە بەرپرسێکی گەورەی شۆڕش.

بەکارهێنانی سیمبول و زاراوە و دروشمە ئاینییەکان لەو ڕاپەڕینانەدا، نایانکاتە شۆڕشێکی ئاینی، لەبەر چەند هۆکارێك: یەکەم: لەبەرئەوەی وەك وتمان ڕاپەڕینەکە لە دژی نەبوونی دادپەروەرییە نەك بۆ بەرپاکردنی ڕێژیمێکی ئاینی. دووەم: ئاینی ئیسلام هەژموونێکی گەورەی لەسەر شوێنکەوتووانی هەیە و لە خەیاڵدانی خەڵکی عامدا ئاین سیمبولی سۆز و دادپەوەریی رەهایە، بۆیە هەموو جار ستەمکارییەکان دەبەستنەوە بە دووریی تاقمی ستەمکار و خەڵك لە رۆحی ئاین، بۆیە ئاساییە لەو کاتانەدا ئەو شعوورە ئاینییە زەق ببێتەوە و خەڵك پەنا بۆ (الله اکبر) کردن و نوێژی جەماعەت و شوکرانەبژێری و نزاکردن لە زاڵمان ببەن، ئیدی مەعلوومە هەوادارانی تەوژمە ئیسلامییەکانیش لەو نێوەندەدا

هەوڵی بەئاینیکردنی دۆخەکە دەدەن، بۆ ئەوەیش سوود لەو هەژموونە رۆحییەی ئاین لە کۆناخی خەڵکدا دەبەن.

سێیەم: لە هیچ کام لەم راپەرینانەدا حزب و رێکخراوە ئیسلامییەکان وەك بزوێنەری راپەرینەکە دەرنەکەوتوون، تەنانەت لە میسریش کە پێگەی مێژوویی ئیخوان موسلیمینە و تەوژمی ئیسلامی بەرفراوانترین هەژموونی تێدا هەیە. ئەوان سەرەتا دەرنەکەوتن بەڵام کاتێ راپەرینەکە جێگەی خۆی گرت و بوو بە ئەمری واقیع و ترسی سەرکوتکردنی نەما، خۆیان تێوە پێچا و بەهۆی بەرفراوانیی رێکخستنەکانیشیانەوە، کە لە هەموو حزبەکانی ساحەکە زیاترن، توانییان رەنگێکی ئاینی-ئیسلامی پێ بدەن. لە کوردستانیش حزبە ئیسلامییەکان هەڵگیرسێنەر و بزوێنەری خۆپێشاندانەکان نەبوون، بەڵام کاتێ خۆپێشاندانەکە لەلایەن دەسەڵاتەوە دانی پێدا نرا هاتنە ناو خۆپێشاندانەکە و توانیشیان تا رادەیەك لە رووی ئیعلامییەوە، نەك مەیدانی و سیاسی، رەنگێکی ئیسلامی پێ بدەن.

چوارەم: خۆپێشاندانەکە، بەتایبەت ئەوەی میسر وەك موسڵمانەکان، مەسیحیشیان تێدا بوو، تەنانەت خودی ئیخوان موسلیمین خۆیشی شۆڕشەکەی بەشۆڕشێکی ئاینیی ئیسلامی دانەنا، ئەوە بوو کاتێ لە ٤ی شوباتی رابردوودا عەلی خامەنەیی رابەری باڵای ئێران لە وتاری هەینیدا ستایشی خۆپێشاندانەکانی میسری کرد و گوتی "ئەو شۆڕشە ئیسلامییە و دوای موبارەك رۆهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە ئیسلامی"، ئیخوان دەستبەجێ بەرپەرچی قسەکەیان دایەوە و رایان گەیاند "شۆڕشەکە ئیسلامی نییە و هی هەموو گەلی میسرە".

**- ئاین چ پێگەیەکی لەنێو ئەم شۆڕشانەدا هەیە، ئاخۆ بزوێنەری سەرەکییە یان لاوەکی، چۆن؟**

* پێم وانییە ئاین بزوێنەری سەرەکیی ئەو شۆڕشانە بێ، چونکە

ئەگەرچی خەڵکەکە بەگشتی وەك کەلەپوور و بۆماوە موسڵمانن یان موسڵمان حسێبن، بەڵام هەموو خەڵك وابەستە نین بە مەرجەعیەتی ئاینی نەك بەواتا فیکری–سیاسییە نوێیەکەی کە ڕەوتی ئیسلامی کار لەسەر دەکا، بگرە وەك ئیلتیزامێکی تەقلیدیش، کە لا خواری نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و خۆلادانە لەو سەرپێچییانەی لە ڕووی ئاینییەوە بە گوناهی گەورە (واتە کەبائیر) ناو دەبرێن، وەك زینا و قەتڵ و مەیخواردنەوە. کەسێك هێندە بە ساردی ئاینی وەرگرتبێ چاوەڕوان ناکرێ بە پاڵنەری ئاینی بێتە سەر شەقام و موغامەرە بە گیانی خۆی بکا تا ڕێژیم بگۆڕێ، ڕەنگە ڕێژەیەك لە خەڵك ئامادە بن شتی وا بکەن، بەڵام ئەوانە هەموو خەڵك نین.

بەڵام دەکرێ ئاین یەکێك بێ لە بزوێنەرەکان لەبەر دوو هۆ: وەك پێشتریش وتم ئاین، بەتایبەتی ئاینی ئیسلام، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کۆهەستی کۆمەڵگە هەیە بەگشتی تەنانەت ئەوانەیش کە پابەند نین بە ڕێنوێنییەکانی ئاینەوە و بگرە ڕەنگە هەندێ جار ئەوانەیش کە هەر باوەڕیان بە ئاینەکە نییە (ئەمەی دوایی زیاتر ئەو کاتە دەردەکەوێ کە کەسێکی ئاینێکی تر سووکایەتی بە ئاینی کۆمەڵگەکەی بکا، کەسانی وا دەبینی ڕەنگە مولحیدیش بن بەڵام لەو حاڵەتانەدا لەسەر ئاینەکە دێنە دەنگ، دەکرێ ئەم جۆرە هەڵوێستە بەڵگەی جۆرێکی تایبەت بێ لە ئیمانی دینی کە دەکرێ ناوی لێ بنێین ئیمانی دۆخە نائاساییەکان).

ئەگەر ئەمە حاڵی ئەوانە بێ کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە بەرەی دژی ئاینە باوەکەی کۆمەڵگەدان، ئەوە بێگومان ئەو خەڵکەی هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆجیا دژە ئاینییە نین و بەڵام لەبەر سەرقاڵیی ژیان، گوێ پێنەدان یان هەر هۆکارێکی تر زۆر وابەستەی ڕێنوێنییە ئاینییەکان نین، نەك دژی ئاینەکە نین بگرە وەك مادەیەکی خام ئامادەن بۆ ئەوەی بکرێنە سەربازی ئاینەکە، چونکە لە ناخیاندا ڕێز و ئیمانێکی بۆماوەی قووڵ بەو

ئاینە حزووری هەیە.

خۆ ئەگەر ئەم خەڵکە موسڵمانە بێ موبالات بە ئاینانە تێپەڕێنین و بێینە سەر ئەوانەی وابەستەیەکی دڵسۆز و سەرەمڕی ئاینەکەن، جا چ سەر بە تەوژمی سیاسیی ئیسلامی بن یان سەر بە تەوژمە ئاینییە کلاسیکییەکانی وەك تەسەوف و دامەزراوە ئاینییە رەسمییەکانن، ئەوە ئەمانەی دوایی ئامادەییی تەواویان تێدایە بۆ ئەوەی ئاین وەك بزوێنەرێك بۆ گۆڕینی دۆخێکی تایبەت کاریان لەسەر بکا.

لەم روانگەوە و بەگوێرەی ئەو کاریگەرییەی ئاین بەڕێژەی جیاواز لەسەر چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵگە موسڵمانانەی هەیە، دەکرێ ئاین وەك پاڵنەرێکی کلاسیکیی گرینگ رۆڵی لە دروستکردن یان لانی کەم وزەپێدان و بەرفراوانکردنی ئەو ڕاپەڕینانەدا هەبووبێ.

دووەم: تەوژمی ئیسلامیی ئەو وڵاتانە رۆڵی خۆیان هەبووە لەو ڕاپەڕینانەدا، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەوان بەرفراوانترین هێزی جەماوەریی ئۆپۆزسیۆنن لەو وڵاتانەدا، لە تونس حزبی نەهزەی ئیسلامی تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٩٧ بن عەلی سەرکوتی کردن گەورەترین حزبی ئۆپۆزسیۆنی تونس بوون، لە میسر ئیخوان موسلیمین و گرووپە ئیسلامییەکانی تر بنکەیەکی جەماوەری و تەنانەت نوخبەویی بەرفراوانیان هەیە، لە لیبیا قەزافی بەئاشکرا قاعیدەی بە ئەنجامدانی شۆڕشە چەکدارییەکە تۆمەتبار کرد، خۆ ئەگەر لەوەدا مەبەستی بەدەستهێنانی پاڵپشتیی ئەمەریکا و رۆئاوایش بووبێ و لە واقیعدا قاعیدە ئەو رۆڵەی نەبینیبێ، بەڵام ئەوە دەکرێ بەڵگەیەکی سەرەتایی بێ لەسەر ئەوەی ڕاپەڕینەکە مەسحەیەکی ئاینی-ئیسلامی لەگەڵدایە. لە سووریایش ئیخوان موسلیمین جەماوەری خۆی هەیە، لە سەرەتای هەشتاکاندا یاخیبوونێکی چەکدارییان لە چەند شارێکی سووریا لەوانە

شارەکانی حەما و حمس و حەلەب لە دژی دەسەڵاتی حافز ئەسەد ئەنجام دا و پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێنا، بەڵام ڕژێم بێرەحمانە ڕاپەڕینەکەی سەرکوت کرد.

لێرەدا دەڵێم ئەو بزاوتانە "ڕۆڵ"یان هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەوان هەڵگیرسێنەر بن، چونکە بەو پێیەی لە میدیاکانەوە دەمانبینی، ئەوان هەڵگیرسێنەری ڕاپەڕینەکان نەبوون، دواتر تێکەڵی دەبوون و ڕاپەڕینەکەیان بەلای خۆیاندا دەبرد.

**- ئەم شۆڕشانە دروشمی دینی زۆر تێیدا زەق نەبووەوە، کەچی مزگەوت پێگەیەکی بەرچاوی هەبوو ئەمە چۆن دەبینی؟**

* لە میسر تەوژمی ئاینی، چ سیاسی و چ تەقلیدی، لە سەرەتادا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە ڕاپەڕینەکە و قوربانییەکانیدا و لە سەرکردایەتیکردنیدا نەبوو، ئەوەی سەرکردایەتییەکەی دەکرد و قوربانیی دەدا، توێژی لاوان بوون کە بە سەر و سیما و گوتارەکانیاندا لە کەسانی ئاینی نەدەچوون. بەڵام دوای ئەوەی ڕاپەڕینەکە جێ پێی خۆی قایم کرد و شەرعییەتێکی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیی وەرگرت و سەرانی دنیا هۆشدارییان دایە ڕژێمەکەی حوسنی موبارەك لە سەرکوتکردنی خۆپێشاندانەکە و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی داوای لێ بکەن کورسیی دەسەڵات بەجێ بێڵێ، کاتێ ڕژێم گلۆڵەی کەوتە لێژی، ئیدی هەموو چین و توێژ و کەسایەتییەکان، بە ئاینییەکانیشەوە، ترسیان شکا و بۆ ئەوەی بێبەش نەبن لە تۆمارکردنی سەروەرییەکی مێژوویی لە بەشداریکردن لەو "شۆڕشە مێژووییە"یەدا، دەستە دەستە هاتنە ریزی شۆڕش و داوای ڕۆیشتنی موبارەکیان دەکرد، لەوانە شێخ یوسف قەرەزاوی سەرۆکی یەکەتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان و زانا و موفتیی تەوژمی ئیخوانیی دنیا، کە لە کەناڵی جەزیرەوە پەیامێکی ئاراستەی موبارەك کرد و داوای

لێ کرد ئۆغر بکا.

هەروەها شێخەکانی ئەزهەر کە هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵی رێژیمدا بووە و دوکتۆر ئەحمەد ئەبوتەیبی شێخی ئەزهەر تا ئەو کاتەی سەید محەمەد تەنتاوی شێخی پێشووی ئەزهەر کۆچی دوایی کرد و ئەو کرا بە شێخی نوێ، سەرکردەیەکی حزبی نیشتمانیی دەسەڵاتدار بوو.

چ ئیخوان و چ شێخانی ئەزهەریش دوای دڵنیابوون لە کەوتنی رێژیمەکەی موبارەك هاتنە ریزی راپەڕین و بەهۆی ئەو قورساییە رۆحی و جەماوەرییەی هەیانبوو، توانییان مۆرکێکی ئاینی بەسەر راپەڕینەکەدا، بەتایبەت لە گۆڕەپانی تەحریر، زاڵ بکەن.

مزگەوت وەك ناوەندێکی ئاراستەکردنی رای گشتی تەنیا لە رووداوەکانی ئەم دواییەدا جێی بایەخ و خاوەن رۆڵ نەبووە، لە هەموو کاتەکاندا بایەخی هەیە و لە کاتە تایبەتەکانیشدا رۆڵی زیاتر دەبینێ، لە کوردستان حکوومەت و حزبەکانیش هەوڵ دەدەن ئەو رۆڵە بۆ خۆیان بقۆزنەوە. گوتاری حەماسیی مزگەوتەکان بەتایبەت ئەوانەی دژ بە ستەمکاری دەدرێن، سیحرێکی تایبەتییان لەسەر گوێگران هەیە و هەندێ جار حەماسەتی خەڵك دەگاتە ئاستی دەنگ هەڵبڕین و تەکبیرکردن، ئەو حاڵەتە بۆ ئەو دۆخەی میسر و شوێنە هاوشێوەکانی گرینگە. بابەکر دڕەیی بەڕێوەبەری کۆمپانیای وشە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رادیۆی نەوا سەرسامیی خۆی بە وتارەکانی مەلا ئیسلامییەکانی بەردەرکی سەرا دەربڕی و یەکێك لەو شتانەی دانا کە ئەوان وەك رەوتێکی عەلمانی لە ئەنجامی هاوپەیمانییان لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکان لەو گۆڕەپانەدا لە رەوتە ئیسلامییەکەوە سوودمەند بوون، کە پێی وابوو خەڵکی تر رەنگە ئەو وتارە حەماسییە ئاینییانەی پێ نەدرێ.

**- دەگوترێ ئەمڕۆ سەردەمی ئیخوانە، وەك چۆن پێشتر سەردەمی نەتەوەگەراکانی وەك جەمال عەبدولناسر بوو ئەم دیدە تا چەندە راستە؟**

* ئیخوان هێزێکی جەماوەریی بەرفراوانە کە لق و پۆپی لە دەیان وڵاتی دنیادا هەیە و خاوەنی بەرفراوانترین جەماوەرە لەنێو تەوژمە ئیسلامییەکاندا و زۆر لە سەرکردەکانی تەوژمەکانی تریش سەرەتا ئەلفوبێی (ئیسلامی سیاسی) لە ئیخوانەوە فێر بوون.

بەڵام شێوازی کارکردنی ئیخوان سەرکەوتوو نەبوو لەوە بتوانێ رەوتی ئیسلامی بگەیەنێتە دەسەڵات، کە ئامانجی سەرەکییە لە دروستکردنی گرووپ و حزبی سیاسیی ئیسلامیدا، ئەگەرچی ئەوان هەندێ جار دەڵێن ئێمە ئامانجمان وەرگرتنی حوکم نییە، بگرە ئامانجمان گۆڕینی حوکمە نەك حاکم (وەك ئەوەی پێی گەیشتبن و رەتیان کردبێتەوە)، بەڵام کە نەیاتوانیوە، یان نەیانزانیوە حاکمەکان بگۆڕن نەشیانتوانیوە حوکم بگۆڕن، تا ئەو کاتەی بوێریی لاوانی ئەو وڵاتانە دۆخەکەی گۆڕی و ئەوانیشی هێنایە سەر سکە.

ئیخوان لە دەیان ساڵی رابردوودا دەترسا لەوەی دەسەڵات وەربگرێ نەك تێیدا سەرکەوتوو نەبێ، ئامادەیش نییە دەستبەرداری فیکرەی گۆڕینی دەسەڵات ببێ، هەر بۆیە بەردەوام لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولایەوە خۆشی نەیدەزانی ستراتیجییەتی چییە.

لە جەزائیر بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی (حەماس)ی ئیسلامی کە مەحفوز نەحناح (١٩٤٢-٢٠٠٣) سەرۆکایەتیی دەکرد، لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی جەزائیردا لە ساڵی ١٩٩٥، بەپلەی دووەم هات و نزیکەی ٣ ملیۆن دەنگی هێنا و حزبی (نەهزە)ی ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی عەبدوڵڵا جابەڵڵا دوای ئەو دەهات، بەڵام دواتر پاشەکشەی کرد و حزبەکەی جابەڵڵا پێشی دایەوە.

ئیخوانی ئوردن کە لە ١٩٤٥ دامەزراوە، لە هەڵبژاردنی ١٩٨٩دا ٢٢ کورسیی بەدەست هێنا. لە ٢٠٠٣دا ١٧ کورسیی بەدەست هێنا. لە ٢٠٠٣، ١٧ کورسیی هێنا. بەڵام لە ٢٠٠٧دا تەنیا ٦ کورسیی بەدەست هێنا.

لە کوردستان، یەکگرتوو تا کۆتاییی نەوەدەکانیش ورەی یەکێتی و پارتی رووخاندبوو، بەڵام لەو کاتەوە ئیدی بەهۆی لاوازیی گوتاری سیاسی و فیکری و ئیعلامیی ئەو حزبە و نەبوونی روونبینییەك بۆ کار و ململانێی سیاسی، لەو سنوورەدا نەك هەر زیاتر پێش نەکەوت، بگرە پاشەکشەی کرد و نەیتوانیوە هەمان قورساییی نەوەدەکان لەنێو نەوەی گەنجی دەیەی یەکەمی دوو هەزاریشدا هەبێ و ئێستە هەر لەو سەرمایە کۆنە دەخوات کە لە نەوەدەکاندا پەیدای کردووە، هەر بۆیە ئێستە یەکگرتوو ئەندامی سەروو چل ساڵی زۆر و ئەندامی خوار ٢٥ ساڵی روو لە کەمییە. لە هەولێر و هەندێ ناوچەی تر کۆمەڵی ئیسلامی پێشی دایەوە.

هەر بۆیە ئەو گەنجانەی ئەو ساردوسڕییەی ئیخوانیان پێ تەحەمول نەکراوە، لێی جیا بوونەتەوە و گرووپی تریان دامەزراندووە.

ئاخر حزبێك یان کۆمەڵە و گرووپێك کە ئامانجی گەیشتن بەدەسەڵات بێ بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی فیکری و ئایدیۆلوجیی خۆی، ئەگەر نەیتوانی دوای ٢٠ ساڵ، چل ساڵ، پەنجا ساڵ و هەشتا ساڵ دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ یان لانی کەم ببێتە جومگەیەکی سەرەکی و گرینگی دەسەڵات، ئەوە دەبێ بزانێ لە هەڵەیەکی قووڵ و عەبەسییەتێکی سیاسیدا دەژی و پێویستە ستراتیج و میکانیزمی کاری لە بناغەوە بگۆڕێ.

لە کوردستان کۆمەڵ و یەکگرتوو، کە ئەوەی یەکەم بە ماوەی بزووتنەوەبوونەکەیەوە تەمەنی دەگاتە نزیکەی ٢٥ ساڵ و ئەوەی دووەمیش وەك ڕێکخستن زیاتر لە ٢٥ ساڵ و وەك حزبیش تەمەنی زیاتر ١٧ ساڵە، نە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و نە تەنانەت بوونەتە

بـەشێکـی راسـتـەقـیـنـە و گـرینـگ لـە دەسەڵات، بـەشداریـکـردنـیـان لـە حـکـوومـەتـدا لـە کـابـیـنـەکـانـی سێ و چـوار و پێـنـجـی حـکـوومـەتدا، بـە دانپێدانانی خۆیان بە وەزیرێك یان زیاتر بەشداریکردنێکی ڕەمزی بووە و یەکێتی و پارتی تەنیا بۆ بەخشینی وێنەی تەعەدودیەتێکی شەکلی بە دەسەڵاتـەکـەیـان، پۆستێکیـان داونـەتـێ، کـە ئـەو پۆسـتـەیش بـۆ خـاوەن پـۆسـتـەکـە بـووەتـە سەرچـاوەی دەوڵـەمـەنـدبـوون، بـەڵام بـۆ حـزبـەکـە متمانەی جەماوەری دابەزاندووە.

– **بەگشتی ئیسلامییەکانی دنیای عەرەبی لەمڕۆدا ئەو هێزانەن کە چاوەڕێی دروستکردنی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراتییان لێ بکرێت، چۆن؟**

* ئـەز پـێم وایـە تـەوژمـی مـیـانـڕەوی ئیسلامـی، ئـەوانـەی بـاوەڕیـان بـە خـەبـاتـی مـەدەنـی هـەیـە نـەك چـەکـداری، لـەبـاریـدا هـەیـە بـەشداری لـە دروستکردنی سیستمێکی سیاسیی مەدەنی و دیموکراتیدا بکەن. دەڵێم بەشداری بکەن نەك دروستی بکەن، چونکە ئەگەر ئەوان بە تەنیا بن دوور نییە لەژێر پاڵەپەستۆی هێزە فیقهییە خاوەن هەژموونە جەماوەرییەکەی نێو ئەو تەوژمەوە کار بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی کاری سیاسی و بـوون و چـالاکـیـی هـێزە نـائیسلامـیـیـەکـان بکەن، دوور نـیـیـە تـەنـانـەت فـرەلایـەنـیـی ئـیسلامـیش ڕەت بـکـرێـتـەوە، چـونـکـە لـەنێو ئـەو تـەوژمـەدا بۆچوونی ترسناك و تەسکبین لەبارەی فرەییی ئیسلامیشەوە هەیە، چ جای فرەییی گشتی.

ئـەزمـوونـی پـارتـی داد و گـەشەپێدانـی تـورکـیـا ئـەزمـوونـێکـی بـاشە لەو ڕووەوە، بەڵام ئەویش ماوەی دەوێ تـا دەرکەوێ چەندە سەرکەوتوو دەبێ لـەوەی درێژە بـە دیموکـراسیـبـوونـی سیستـمـی سیـاسی بـدا لـە سایـەی بـاڵادەستـیـی تـەوژمـە ئـایـنـیـیـەکـەدا، چـونـکـە تـا ئێستـە ئـەوان بـەپێی

دەستوورێکی عەلمانی دەجوولێنەوە کە ئازادیی کاری سیاسی دەستەبەر کردووە، بەڵام نازانرێ ئەگەر ئەوان زۆرینەیەکی رەها بەدەست بێنن و بتوانن دەستکاریی ریشەیی دەستوور بکەن و دەست بەسەر سوپایشدا بگرن، ئاخۆ ئەو دیموکراسیەتەی ئێستە درێژە پێ دەدەن یان نا، بەتایبەت ئەگەر جیلی دووەم و سێیەمی ئەو حزبە لە سایەی باڵادەستیی خیتابی ئەو تەوژمەدا، کە هیچ وەلایەکیان بۆ سیستمی عەلمانی و دیموکراسیی دەوڵەتی تورکیا نەبێ، هاتنە سەر دەسەڵات.

**– لە بنەمادا دەکرێ باسی سازان و پێوەندیی ئیسلام و عەلمانییەت و دیموکراتییەت لە بۆتەی دەوڵەتدا بکرێ، تا ئەمە لە ئیسلامییەکان چاوەڕێ بکرێ بۆ دروستکردنی دەوڵەتی مەدەنی؟**

* شتێك نییە بەناوی "ئیسلام"ێکی رەها و موجەڕەد، کە بەهۆی بیری مرۆڤەوە ناکۆکیی لەبارەوە دروست نەبووبێ تا ئەو وێنە و ماهییەتەی ئیسلام لەگەڵ عەلمانییەت یان فەلسەفەیەکی تردا بەراورد بکەین و بزانین چەندە دەکرێ پێکەوە بسازێن. ئەوەی هەیە "بیری ئیسلامی"یە کە بەرهەمی کارلێککردنی (دەق+عەقڵ+مێژووە). ئەوەی لەو ناوەندەدا جێگیر یان نیمچە جێگیرە "دەق"ە، لەمیشدا دەقە چەسپاوەکان لە رووی سەنەدەوە، کە بە پلەی یەکەم قورئانە، لەمیشدا ئەوەی جێگیرە تەنیا ئەو دەقانەن کە ناکرێ زیاد لە تەفسیرێکیان بۆ بکرێ وەك ئایەتی (حرمت علیکم امهاتکم...). کەواتە دەکرێ لە مەودای سەردەم و زەوینە جیاوازەکانی مێژوودا دەیان راڤە و گەڵاڵەی فیکری و سیاسیی جیاواز لەو دەقە تەئسیسییانە بەرهەم بێ. هەر ئەمەیش لە مێژوودا رووی داوە. هەمیشەیش نەك تەنیا دەق بگرە واقیعیش رۆڵی گەورەی لەو گەڵاڵانەدا بینیوە.

دەقێکی گومان هەڵنەگر نییە بیسەلمێنێ پێغەمبەر (د.خ) کەسێکی بۆ

جێگرتنەوەی خۆی، یان میکانیزمێکی بۆ چۆنیەتیی گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دوای خۆی و بناغەکانی شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی دانابێ، هەر بۆیە پاش مردنی، موسڵمانان سیستمی جێنشینی (خلافە)یان داهێنا، ئەویش سەرەتا تەنیا بۆ ئەبوبەکری سدیق یەکەم جێنشین بەکار هات، کە ئەو مرد عومەری کوڕی خەتابیان ناونەنا (جێنشینی پێغەمبەر)، بگرە ناویان نا (جێنشینی جێنشینی پێغەمبەر)، بەو شێوەیە هەر خەلیفەیەك دەبووە جێنشینی خەلیفەکەی پێش خۆی و بەمەیش لە ناوبردنیدا دەبوو یەك زنجیرە وشەی (جێنشینی..) ریز بکرایە، هەر بۆیە عومەر زاراوی ئەمیری ئیمانداران (امیر المؤمنین)ی داهێنا. ئەمانە هیچیان دەقیان لەسەر نەبوو.

میکانیزمی دانانی هەریەك لە چوار خەلیفەکەی راشیدین بەشێوەیەکی جیاواز لەوی تر بوو، هیچ کام لەوانە پشتی بەدەقێکی پیرۆز نەدەبەست. دواتر معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بەبڕیارێك ئەو شێوە سەرەتاییەی شوورا و دیموکراسیەتی لە دیاریکردنی خەلیفەدا هەڵوەشاندەوە و سیستمی سیاسیی گۆڕی بۆ سیستمی میراتیی مەلەکی، وەك ئەوەی لە رێژیمە مەلەکییەکان و خێڵەکاندا پەیڕەو دەکرا، ئەوەیش دەقی لەسەر نەبوو. سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی باو بوو لەو سەردەمەدا و معاویە کردی بەبناغەی خەلافەت و ئەو سیستمە تا رووخانی دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی ١٩٢٤دا بەردەوام بوو. لە مێژووی سیاسیی ئیسلامیدا واقیع گەلێ سیما و سیفەتی دزێوی بەسەر سیستمە سیاسییەکەیدا سەپاند و زاناکانیش شەرعییەتیان پێ دا، لەوانە بوونی چەند خەلیفەیەك لە یەك کاتدا لە کاتێکدا چەندین دەق هەبوون هەڕەشەیان لە بوونی زیاتر لە یەك ئیمام بۆ موسڵمانان دەکرد. هەروەها شەرعییەت بەدەسەڵاتی بەزۆر وەرگیراو (امارة الاستیلاء) درا.

مەبەست ئەوەیە عەقڵ و تەسەوری ئیسلامی دابڕاو نییە و ناکرێ دابڕاو

بێ لە تایبەتمەندی و خواست و سروشتی سەردەمەکەی خۆی. ئەگەر لە سەردەمێکدا ئەوە بە چاك زانراوە کە سیستمی سیاسیی ئیسلامی بکرێتە سیستمی میراتی و شمولی، کە سیستمێکی زۆر خراپ بووە و سەرچاوەی گەلێك ستەم و تاوان بووە، ئەوە لەپێشترە لە سەردەمێکدا کە مرۆڤایەتی بەرەو چەسپاندنی سەروەری و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەتی سیستمی سیاسی و فرەیی (پلورالیزم) و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات هەنگاوی خێرا دەنێ، عەقڵی سیاسیی ئیسلامی، نەك بە تاکتیك و وەك ئامرازێکی کاتی، بگرە بە ستراتیج و باوەڕ، خۆی لەگەڵ ئەو سەردەمە نوێیەدا بگونجێنێ و دەقەکان لە دەلاقەیەکی دیموکراسییانە و بە بۆن و بەرامەیەکی مرۆڤدۆستانە راڤە بکا.

خۆشبەختانە هەندێ هەنگاو بەم ئاراستەیە هەیە، بەڵام هێشتا ئەو عەقڵە لەژێر سیحری عەقڵە مێژووییە نادیموکراسییەکە قوتاری نەبووە و ناتوانێ هەنگاوی جۆرایەتیی گەورە لەو بوارەدا بنێ، وەك ئەوەی هێندە بەترس و تەوسەوە لە بوونی بیری نەیار، بەتایبەت نەیاری ئاینی و ئایدیۆلۆجی نەڕوانێ.

مەترسییەکی تریش ئەوەیە تا ئێستە ئەو عەقڵە نیمچەکراوە ئیسلامییە دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ تا بزانرێ چەندە بە کردەوە پابەندی دیموکراسییەت دەبێ و پاشەکشەی لێ ناکا، چونکە عەلمانییەکان لە ئەزموونی جێبەجێکردنی دروشمە مرۆڤدۆست و دیموکراسییەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە هەقە بترسین لەوەی ئیسلامییەکانیش بەڵێنەکانیان لە دەسەڵاتدا نەکەنە کردەوە.

**- ئـایـن وەکـو لـە نـوێژی هـەیـنـیـدا بـەرجـەسـتـە بـوو، (مـەلا)ش وەکـو کەسایەتییەکی ئاینی لە خۆپێشاندانەکانی دوای ١٧ی شوبات (٢٠١١) کە لە هەرێمی کوردستاندا دەرکەوتن، ئەم دیاردەیە چەندە لەژێر کاریگەری خۆپێشاندانەکانی دنیای عەرەبیدا بوو؟**

* بەدڵنیاییەوە تا ئێستە رۆشنبیریی ئێمە شوێنکەوتەی رۆشنبیریی نـەتـەوەکـانـی تـرە، هـەر بـۆیـە ئـاسـاییـیە کە نوێژکردنـەکـانی هـەینیی بەردەرکی سەرایش کۆپیکردنی ئەزموونەکەی میسر بێ، بەڵام ئەوەیش شتێکی ئاساییە، چونکە ئەزموونە سەرکەوتووەکان هەمیشە چاویان لێ دەکرێ و هەوڵی لاساییکردنەوەیان دەدرێ.

نوێژەکانی هەینیی گۆڕەپانەکانی ئازادی لە میسر و یەمەن و تورکیا و کـوردسـتـان لـەلایـەك بـەخشـیـنـی بـەرگـێکـی ئـایـنـی-ئـیسلامـی بـوو بـە خۆپێشاندانەکان و تەوزیفکردنی ئەو وێنەیە بوو بۆ راکێشانی سەرنجی شەقام و دروستکردنی ئەو هەستەی کە تەوژمە ئاینییە ئیسلامییەکە بەهێز و زاڵە بەسەر شەقامەکەدا.

لەلایەکی ترەوە ئەو نوێژانە جۆرێك لە یەکەتی و تەبایی لە نێوان چین و توێژ و ئاراستە و تەوژمە جیاوازەکانی نێو خۆپێشاندانەکەی پێشان دەدا و بە زمانی حاڵ بەدەسەڵاتی دەگوت "ئێمە وێرای جیاوازییەکانمان لە بـەرامـبـەر تـۆدا یـەکدەنگ و یەکدەستین"، ئـەوەیش هـێزێکی تـایـبـەتی بـە بزاوتەکە دەبەخشی. ئەمە جگە لەوەی گوتارە حەماسییە ئاینییەکان جۆش و خرۆشێکی زیاتری دروست دەکرد کە بەوانی تر دروست نەدەکرا. بابەکر درەیی وتی ئێمە لە ئیسلامییەکاندا ئازاییی ئیمامی عومەر و بەلاغەتی ئیمامی عەلیمان دی.

**- نوێژی هەینی و وتاری هەینی لە خۆپێشاندانەکان و بەشداریکردنی هەندێ (مەلا)ی دیاریکراو لەو دیاردەدا، چەندە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە ئاراستە دەکران؟ ئاخۆ ئەو مەلایانە کادیر یان لایەنگری ئیسلامییەکان نەبوون کە بەشداریی ئەو دیاردەیان دەکرد؟ ئاخۆ مەلای بێلایەن (نەك سەر بەدەسەڵات) دەیانتوانی لەوێدا وتار بخوێننەوە؟**

* ئەگەر بڕیار بێ ئێمە خۆپێشاندان بە مافێکی سروشتیی هاووڵاتی بزانین و بەشداریکردنی لە خۆپێشاندانەکاندا بە کارێکی ئیجابی و نیشانەی هۆشیاری و زیندوویەتی بزانین، ئەوە بەشداریکردنی مەلاکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنیش لە خۆپێشاندانەکاندا کارێکی ئیجابی بووە و بەڵگەی ئەوەیە ئەوانیش وێڕای ئەوەی توێژێکی موحافیزەکارن، لە ڕۆحی سەردەمەکەیان تێگەیشتوون و مومارەسەی ڕۆڵ و مافی خۆیانیان لە دەربڕینی ناڕەزایی دژ بە ناعەدالەتییەك کە هەستیان پێ کردووە هاتوونەتە دەنگ و زیاد لەوەیش توانیویانە ڕۆڵێکی سەنترالی و سەرکردانەی تێدا ببینن.

مەلای کورد و غەیری کورد هەمیشە زۆر تا کەم ڕۆڵیان لە ڕووداوەکاندا هەبووە و ئەوەیش مافێکی سروشتیی خۆیانە.

بەڵام ئەوەی بەلای منەوە مایەی ڕەخنەلێگرتنە ئەوەیە مەلاکان ببنە پاشکۆی حزبە سیاسییە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان و بەپێی ویست و سیاسەتی ئەوان بەڵێ و نەخێر بکەن، نەك بەو پێیەی خۆیان وەك کەسایەتییەکی خاوەن بیرکردنەوەی ئاینیی سەربەخۆ بە چاکی دەزانن.

بەداخەوە لەمەدا مەلاکانی سەر بەحزبەکان، بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات و بە عەلمانی و ئیسلامییەوە، گۆڵیان لێ کراوە و بوونەتە کادیری حزبەکانیان و نەغمەی گوتاریان بەپێی سیاسەتی حزبەکانیان دەگۆڕێ.

من وەك شەخس ئەو مەلا بەڕێزانە ناناسم کە لە هەیئییەکانی بەردەرکی سەرادا (لە ١٧ شوبات تا ١٨ نیسانی ٢٠١١) وتاریان دەدا، بەڵام بەبێ ئەوەی بەڵگەم هەبێ لەوە دڵنیام هەموویان سەر بە سێ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکە بوون و بە زمانی وتارخوێنێکی ئاینی دروشمەکانی ئۆپۆزسیۆنیان دەوتەوە، لەوەیشدا دەستیان خۆش بێ، بەڵام ئەوەی جێی رەخنەیە ئەوەیە بۆچی پێش لەوەی ئۆپۆزسیۆن بڕیاری گردبوونەوە و بەرزکردنەوەی دروشمی دژ بەدەسەڵات بەرز بکەنەوە، ئەو مەلایانە وتاری ئاگرینی دژ بەدەسەڵاتیان نەدەوتەوە تا بەهۆیەوە بگیرێن وەك کە لە بەردەرکی سەرا بەو هۆیەوە گیران؟ یان بۆچی دوای بڵاوەپێکردنی گردبوونەوەکە لە ١٨ی نیسان و بێدەنگبوونی ئۆپۆزسیۆن ئەوانیش بێدەنگییان هەڵبژارد و چوونەوە قاڵبەکەی جارانیان؟ بگرە هەندێ لە مەلاکانی سەر بەو حزبانە لە هەولێر داوای هێمنییان دەکرد، کەچی مەلاکانی هەمان حزب لە سلێمانی داوای ڕاپەڕینیان دەکرد.

ئەم قسانە بۆ مەلاکانی سەر بە حزبەکانی دەسەڵاتیش راستە. ئەوانیش بە موو لە سیاسەتی حزبەکانیان لایان نەدا و هەر هەموویان گوتاریان بە ئاراستەی هێورکردنەوەی شەقام بوو، هی تریش زۆر بوون پڕوپاگەندەیان بۆ سیاسەتی دەسەڵات دەکرد. ئاخۆ دەکرێ ئەم کۆدەنگییەی سەرجەم مەلاکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆن لەسەر پێویستیی خۆپیشاندان و کۆدەنگیی سەرجەم مەلاکانی سەر بە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە لەسەر خراپیی خۆپێشاندان، بە "رێککەوت" لێك بدەینەوە، یان پێمان وابێ هەردووکیان تەعبیر لە رۆح و ویستی ئاینی ئیسلام دەکەن؟ ئەمە مەحاڵە. یان بەرەی یەکەم راستن و هەموو ئەوانەی دووەم پشتیان لە فەرمانی خوا کرد و بەگوێی حزبەکانیان کردووە، یان بەرەی دووەم راستن و مەلاکانی ئۆپۆزسیۆن دینیان بە دنیا گۆڕیوەتەوە.

ئەم پاشکۆییە بۆ سیاسەتی حزب بۆ هەموو کەسێك دزێو و بێزراوە،

بەڵام بۆ زانایانی ئاینی، کە بڕیارە میراتگری پێغەمبەر بن، دزێوتر و بێزراوترە، چونکە بەو کارەیان هەم وێنەی ئاینەکە دزێو دەکەن و هەم پێگە و ویقاری خۆیشیان لەناو خەڵکدا لەق دەکەن. لە کتێبی (گوتاری ئاینی لەژێر وردبیندا) بە درێژی لەسەر لایەنە نێگەتیڤەکانی حزبیبوون و تەنانەت ناسیونالیستبوون و مەزهەبیبوونی مەلاکان وەستاوم.

**- ئاخۆ ئەم دیاردەیە ئاین و فەزای گشتیی لێك نێزیك کردەوە و بەشدارییەکی ئەرێنیی ئاین و رەوتە ئاینییەکان بوو لە خۆپێشاندان و چالاکی مەدەنیدا، یان بەپێچەوانەوە ئاین لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە (بەتایبەت هەردوو حزبە ئیسلامییەکە) بۆ گەمەی سیاسی بەکار دەهێنرا؟**

* ئەگەر مەلاکان وەك توێژێکی نوخبەویی کۆمەڵگە بەشداریی خۆپێشاندانەکانیان بکردایە یان نەکردایە و هەڵوێستەکانیان رەنگدانەوەی سیاسەتی حزبەکانیان نەبوایە، بەدڵنیاییەوە بەو هەڵوێستەیان بەشدارییەکی ئیجابییان لە ڕەنگرێژکردنی رووداوەکان و رەوتی کۆمەڵگەکەیاندا دەبوو، ئیدی مەرجیش نییە هەڵوێستەکە هەڵوێستی بەشداریکردن بێ لە چالاکییەکی دیاریکراودا، بەپێچەوانەوە دەکرێ هەڵوێستی نەیاریی خۆپێشاندان بێ ئەگەر پێیان وابێ خۆپێشاندان زیانی هەیە با حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش داوای بکەن. لەو هەرایەی بەهۆی وشەی جێندەر و بڵاوکردنەوەی دیوانە شیعری (ستیانی بەفر پڕە لە ریشۆڵە)ی قوبادی جەلیزادەدا لە نێوان مەلاکان و رۆشنبیرانی سیکیولاردا سەری هەڵدا، مەلاکانی دەسەڵات هەڵوێستیان سەربەخۆ بوو و بەرگریی سەرسەختانەیان لە بیر و بۆچوونەکانیان کرد و تەنانەت هۆشداریشیان دایە دەسەڵات کە ئەگەر سنوور بۆ ئەو بڵاوکراوانە دانەنرێ پەنا بۆ شەقام دەبەن. دەسەڵاتیش نەیتوانی نادیدەیان بگرێ.

بەڵام لاوازیی هەڵوێستی مەلاکان لەم دۆخەی ئەم دواییيە رووی دا لەوەدايە ئەوان بوونە ئامرازی دەستی حزبەکان بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە. مەلایەکی سەر بە ئۆپۆزسیۆنمان نەدی لە تەوژمەکەی جیا بێتەوە و بڵێ خۆپيشاندان مەترسییە بۆ ئەزموون و دەسکەوتەکانمان. مەلایەکی دەسەڵاتیشمان نەدی لە تەوژمەکەی جیا بێتەوە و بڵێ دەبێ خۆپێشاندان بکرێ و ئەم حکوومەتە گەندەڵە هەڵوەشێتەوە.

ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات هەردووکیان ئاین و مەلاکانیان وەك ئامرازی گەمەی سیاسی بەکار هێنا.

**– ئەم دیاردەیە ئەو گرژییەی پێشتری نێوان مەلاکانی دەسەڵات و مەلاکانی حزبە ئیسلامییەکانی زەقتر کردەوە و گەیاندییە ئەوەی کە راستەوخۆ وتار لەسەر یەکتر بنووسن و بە چەندین شێواز یەکتر تۆمەتبار بکەن و تەنانەت کاریشیان گەشتە داوای یاسایی، لەسەر ئەمە چی دەڵێیت؟**

* کاتێ زانای ئاینی رازی بوو ببێ بەکادیری حزب، ئەو کاتە ئاساییيە وەك هەر کادیرێکی دی لە ململانێ و شەڕەحزبییەکانی حزبەکەیەوە بگلێ، کە بەتەبیعەتی حاڵ شەڕەکەی لە دژی مەلاکانی حزبەکانی تریش دەبێ، بەمە مەلاکان، کە سیمبول و مەرجەعی ئاینی کۆمەڵگەن، لە پێناو حزبەکانیاندا دەکەونە شەڕی یەکتر و هەریەکەیان دەقەکانی ئاین بەپێی بەرژەوەندیی گوتار و سیاسەتی حزبەکانیان تەئویل دەکەن. بەڕاستی ئەو شەڕەی مەلایەك لە دژی هاوپیشەکەی خۆی لە پێناو حزبدا، جا حزبەکەی هەر کێ بێ دەیکات، شەڕێکی ناقۆڵایە.

پێم وایە هەڵوێستی ڕێکخراوی یەکەتیی زانایانی ئاینیی ئیسلامی کوردستان لەو دۆخە گرژەدا تا رادەیەکی باش هەڵوێستێکی هاوسەنگ و پیشەوەرانە بوو، چونکە لە کاتێکدا رەخنەی لە گرتنی مەلاکانی سەرای

سلێمانی دەگرت، رەخنەیشی لەو هەڵوێستانەی ئەو مەلایانە دەگرت کە پێی دروست نەبوو، هاوکات پاساویشی بۆ هەڵویستی دەسەڵات نەدەهێنایەوە و زیاتر جەختی لەسەر هەڵوێستێکی ناوەندی هەبوو.

– **لە چەند مزگەوتێکدا خەریك بوو دیاردەیەك دەردەکەوت، ئەویش هەستانەوە و پێبڕینی نوێژ و وتاری هەینی بوو لەلایەن نوێژخوێنانەوە، نوێژخوێنی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیش، ئەگەر خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوونایە نوێژی هەینیی مزگەوتەکانیش ئاژاوەی تێ نەدەکەوت؟ کێ زیانمەندی یەکەم بوو، مەلا یان ئاین و پێگەی مزگەوت و خودی ئاین؟**

* هەستانەوە لە وتارخوێن و قسە پێبڕینی لەلایەن لایەنگرانی بەرەی نەیارەوە، چ ئۆپۆزسیۆن بێ یان دەسەڵات، یەکێکی ترە لەو ئاکامە خراپانەی لە حزبایەتیکردنی مەلاکان دەکەوێتەوە کە لەسەرەوە لە هەندێ لە مەترسییەکانی دواین. ئەو حاڵەتە بەڵگەی ئەوەیە مەلاکانی سەر بە حزبەکان لەلایەن هەوادارانی حزبە ڕکابەرەکانیانەوە هیچ ویقارێکیان پێ رەوا نادیترێ، با ئەو هەوادارانە ئەهلی مزگەوتیش بن و لە پشتی مامۆستاوە نوێژ بکەن. ئەوەیش جگە لەوەی سووکایەتییە بەو مەلایانە، کارەساتێکیشە بۆ دامەزراوەی ئاینی و هەروەها بۆ عەقڵی ئاینیی تاکەکان.

* ئەم دوو دیمانەیەی سەرەوە لەگەڵ رۆژنامەی (چاودێر) بوون لە ژمارە (....) لە ٢٠١١ لە کاتی خۆپیشاندانەکانی دەڤەری سلێمانی و گەرمیان.

## بەهاری عەرەبی و سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی

**- دەکرێ بڵێین شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بەر لە دیکتاتۆرەکان شۆڕشی و تووڕەبوون بوو لەو فۆرمەی لە دەوڵەت کە زیاتر لە نیو سەدەیە سەپێنراوە بەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیەدا؟ واتە دەشێ بڵێین ئەو هۆشیارییە لەپشت شۆڕشەکانەوە کار دەکا هۆشیارییەکی قووڵترە لەوەی بەتەنیا بەکەوتنی دیکتاتۆرەکان کۆتای پێ بێ و لە دامەزراندن و فۆرمەڵەکردنی دەوڵەتێکدا بەردەوامی بەخۆی بدا؟**

* شتێك هەیە پێی دەوترێ "ستەمکاری"، کە پێچەوانەی "دادپەروەری"یە و لەوەتی مرۆڤ ژیانی کۆمەڵایەتیی دروست کردووە، ململانێ لە نێوان ئەو دوو بەهایە و دەرکەوتەکانیاندا بەردەوامە و بەپێی سەردەم و پەرەسەندنەکانی مێژوو و هۆشیاریی کۆمەڵگەکان، فۆرم و میکانیزمی جیاوازیان وەرگرتووە.

ئەوەی ئێستە پێی دەوترێ سیستمی دیکتاتۆری، تاکڕەوی، تۆتالیتاری و دەسەڵاتگەرا و باقیی چەمکە هاوشێوەکانی تر وێنە و فۆرمی هاوچەرخی ئەو ستەمکارییەن کە باس کرا و لە بەرامبەریشیان سەردەمێك سۆشیالیزم و لەم قۆناغەیشدا سیستمی دیموکراسی و گەلسەروەری فۆرمی پێشنیاز کراون بۆ بەرجەستەکردنی دژە بەهای ستەمکاری، کە دادپەروەرییە و ئەویش چەمکێکی جێ مشتومڕە  و لە روانگە و پێوەری جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ.

کۆمەڵگە دەتوانێ تا ماوەیەك بەرگەی ستەمکاری بگرێ و دەقی پێوە بگرێ، بەڵام ئەو بەرگەگرتنە سنوورێکی هەیە و دوای ئەوە دەتەقێتەوە، چەندەش ئەو کۆمەڵگەیە زووتر دەرك بە قورسایی ستەمەکە بکا هێندە زووتر رادەپەڕێ و گەرەنتیی سەرکەوتنیشی زیاترە.

ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیش ئەنجامی پڕبوونی جامی تووڕەیی خەڵکن لەو بارگرانییەی دەیان ساڵە ستەمکاری لە ڕێی یەکێك لە فۆرمەکانیەوە، جا ناوی هەرچی لێ دەنێیت گرینگ نییە، خستوویەتییە سەر ڕۆح و جەستە و ژیانیان. ئەز لەو بڕوایەدام شۆڕشەکان شۆڕش نین کە هەڵگری بەرنامەی گۆڕانکاری و بەدیلن بۆ قۆناغی دوای گۆڕینی دەسەڵات، بگرە ڕاپەڕینی کاڵ و نیوەهۆشیارن و هێندەی زادەی هەستە خۆڕسك و غەریزە ئاساکەی دژە ستەمکاری و دادخوازیی ناخی مرۆڤەکانە، هێندە زادەی هۆشیارییەکی قووڵ و فەلسەفی نین بۆ گۆڕینی دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە بە دۆخێکی باشتر و هاوشێوەی سیستمە پێشکەوتووەکانی دنیا کە لە بنەڕەتدا ئیلهامگەێنیی ڕاپەڕینەکانی دنیای عەرەبی بوون، بەو واتایەی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانی سەردەمی جیهانگەرایی (سەتەلایت و ئینتەرنێت) و ئاشنابوون بە دنیای دیموکراسی دەرفەتی ئەوەی بەخشییە گەلانی ناوچەکە، تا زووتر دەرك بەخراپیی دۆخی سیاسی و ئابووری و زانستیی خۆیان بە بەراورد بەو دنیا مۆدێرنە بکەن و وردە وردە کەڵکەڵەی ڕاپەڕین و یاخیبوون بکەوێتە مێشکیان و هەر بە سوودوەرگرتن لەو ئامرازانە و بەها لیبرالییە زاڵەکان بەسەر ڕۆحی سەردەمی دوای قۆناغی جەنگی سارد و هەرەسی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی بلۆکی سۆشیالیستیدا، ڕاپەڕینەکانیان بەرپا بکەن و دەرفەتی سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەستەبەر بکەن.

بەڵام ئاخۆ ئەم ڕاپەڕینانە هەڵقووڵاوی هۆشیارییەکی قووڵن بەوەی دەیکەن، ئەز پێم وایە تا ڕادەیەکی زۆر نەخێر، بەبەڵگەی ئەوەی دوای ساڵێك لە سەرکەوتنی شۆڕشی میسر هێشتا ئەو وڵاتە لە کوڵاندایە و ناوبەناو کاری توندوتیژی و دڵتەزێن روو دەدا، دەسەڵاتدارە نوێیەکانیش، کە زیاتر ئیسلامییەکانن و دەیان ساڵە باس لە ستەمکاری و بەدکاریی

ڕێژیمە عەلمانییەکان دەکەن، بە بەرچاوی دنیاوە پەرلەمانتارێکی سەلەفی لە پەرلەماندا بانگ دەدات و بەو هۆیەوە لەگەڵ سەرۆك پەرلەمانە ئیخوانییەکەدا دەبێتە مشتومڕیان. لەولایشەوە لەسەر بابەتێکی کلاسیکی سزای عادل ئیمام دەدەن، ئەمە لە کاتێکدا داهاتووی وڵاتەکە لە بەردەم مەترسیی مان و نەماندایە و ئەو بابەتانەی دوایی لە چاویدا شتی زۆر لاوەکیی بچووکن.

کوشتنی دڕندانەی موعەممەر قەزافی دوای بەدیلگرتنی لە لیبیا لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە، زاڵبوونی میلیشیاکان بەسەر شارەکاندا و هۆشداریدانی مستەفا عەبدولجەلیل سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کاتی لە سەرهەڵدانی شەڕی ناوەخۆ و ڕاپەڕینەوەی دانیشتوانی بەنغازی، لانکەی یەکەمی ڕاپەڕین دژ بە ڕێژیمی قەزافی، دژ بەدەسەڵاتدارانی نوێ، هەموو ئەمانە ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە هۆشیارییەکی لانی کەم قووڵ لەپشتی کۆعەقڵی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبییەوە نەبووە، ئەگەر هەشبێ هۆشیارییەکەی سادە و نەڕسکاوە و کاتی زۆریان لەپێش ماوە تا بتوانن نموونەیەکی هۆشیارانە لە سیستمی سیاسی بەرهەم بێنن.

**- ئاخۆ مەزنیی شۆڕشەکان و خۆڕاگریی گەلەکان وانەیەکی ئەزەلی وای بەنوخبەی سیاسی نەداوە کە هەرگیز بیر لە دووبارەکردنەوەی ئاکار و سیستمی پێشوو نەکەنەوە و بەجۆرێکی تەواو جیاواز فەرمانڕەوایی بکەن؟ یان هێشتا کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچەیە و نوخبە سیاسییەکەی زۆریان ماوە بۆ ئەوەی تەندروستانە دەوڵەتداری بکەن؟**

* بەڵێ ڕاستە، سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ئەم ناوچەیە، نیشانەی ئەوەیە خەڵك هەست بە ستەمکاری دەکەن و لێی دێنە دەنگ و نەفەسدرێژی ئەوەشیان تێدایە تا سەرکەوتن درێژە بە خەبات و یاخیبوونی مەدەنی و ئەگەر ناچار بکرێن یاخیبوونی چەکداریش بدەن،

وەك لە لیبیا و سووریا بینیمان، ئیدی ئەوە کە ڕەنگە هێشتا لە ڕووی هۆشیاریی سیاسییەوە مابێتیان بتوانن سیستمێکی دیموکراسی و دادگەر لەسەر داروپەردووی ڕێژیمە ستەمکارە دیکتاتۆرەکە دروست بکەن، ئەوە بابەتێکی ترە.

دەبێ نوخبەی سیاسی ئەم ڕاستییە وەك ئەڵقە بکەنە گوێیان و هەمیشە بزرنگێتەوە. ڕەنگە ئەم ڕاپەڕینانە دوایین ڕاپەڕین نەبن و بەهۆی شکستهێنانی دەسەڵاتدارانی نوێ لە هێنانە کایەی سیستمێکی دادگەر، هەر بۆیە جارێکی تر و دووان و سیانیش دژە ڕاپەڕین بۆ گۆڕینی دەسەڵات ڕوو بداتەوە. ئەوەتا لە ساڵی **١٩٧٩** گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی شاهەنشایی ڕاپەڕین و هەزاران قوربانییان دا تا هەرەسیان پێ هێنا و دەسەڵاتیان دایە دەست شۆڕشگێڕان، بەڵام ئەمانیش هەمان سیاسەتی ستەمکارانەی پێشوویان دووبارە کردەوە، بەشێوەیەك خەڵك جارێکی تر ڕژانە سەر شەقام بۆ گۆڕینی ئەو ڕێژیمەکەی شۆڕش و بەتوندی سەرکوت کران. لە کوردستان خەڵك بە سەرکردایەتیی یەکێتی و پارتی لە ساڵی **١٩٩١** لە دژی ڕێژیمی سەدام ڕاپەڕین، بەڵام دوو دەیە بەسەر دەسەڵاتی ئەو دوو حزبە کوردییەدا تێ نەپەڕی، شەقامی کوردی لە ستەمکارییەکانیان وەڕز بوون و بۆ یەکەم جار دوای ڕاپەڕینی **٩١**، لە ساڵی **٢٠٠٥** و **٢٠٠٦** لە شارەکانی سلێمانی و کفری و کەلار و هەڵەبجە و ئاکرێ هەزاران گەنج بەشێوەیەکی توندوتیژانە نارەزاییان بەرامبەر ئیدارەی کوردی دەربڕی، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی مینۆمێنتی هەڵەبجە کە سیمبولی شەهیدانی کیمیابارانی ئەو شارەیە وەك سیمبولی دەسەڵاتەکە بزانن و بیسووتێنن، ساڵی پاریش بەشێوەیەکی بەرفراوانتر و توندتر نارەزاییەکان دووبارە بوونەوە و وا بەئاسانیش نابڕێتەوە.

ئەم ڕاپەڕینە دەورییانە بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە ئەورووپا و ئەمەریکا ڕوو نادەن، چونکە ستەمکاری نییە یاخۆ زۆر کەمە و خەڵکیش دەرفەتی

دەربـڕینـی دەنـگـی نـاڕەزایـی و نـاچـارکـردنـی حـکـوومـەتـیـان بـۆ بـەخـۆداچـوونـەوە و چـاکسازی لـە بـەردەمـدا والایـە، بـەلام لـەم ولاتـانـە دەسەلات لە قوللەی قاف نایەتە خوارەوە و فشەی بە هەست و بێزاری و ناڕەزایی و کێشە و فشارەکانی خەڵك دێ، هەر بۆیە خەڵك ئومێدی بە چاکسازیکردن نییە و چاری ناچارە بە ڕێژیمەکە بڵێ "کاکە بڕۆ کەڵکت بڕاوە".

- **عەدالەت و یەکسانی و دژایەتیی گەندەڵی و گێڕانەوەی مافی ماف زەوتکراوان داواکاریی سەرەکیی شۆڕشگێڕەکان بوو، ئاخۆ ئەم جۆرە لە شۆڕشگێڕ و ئەم جۆرە لە خواست، ناشێت تەوەقوعی ئەوەی لێ بکرێت کە مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد بەڕەوا ببینێ؟ یان لانی کەم دژایەتیی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی نەکات؟**

* ڕاستە ڕاپەڕینەکان دژ بەگەندەڵی و ناعەدالەتی بوون، کە ئەوە شتێکی نوێ نییە و هەموو ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی دژ بە ڕێژیمە ستەمکارەکان هـەر دژ بـەو سـتـەمـکـاریـیـانـە بـوون، بـەلام لـەبـەرئـەوەی وەك پـێشتـریـش ئـامـاژەم پـێ دا، دووربینی و هۆشیارییەکی قووڵ لەپشت ڕاپەڕینەکانەوە نییە، مەرج نییە ئەوانەی لەسەر پشتی ڕاپەڕینەکەوە دەگەنە دەسەلات فوول دیموکرات و دادپەروەر و کراوە و لێبووردە بن بەرامبەر مافی هەموو پێکهاتەکان لەوانە مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد، ئەوەتا تا ئێستە ئـۆپـۆزسیـۆنـی ئـازادیـخـوازی سووریـا کـە ڕۆژانـە دەیـان کـەس لـە پـێنـاو گەیاندنیدا بە کورسیی دەسەلات خۆ دەکەنە قوربانی، کە ڕۆڵەکانی کورد بـەشێکن لـەوانـە، جگـە لـە خـتـووکـەدانـێکـی سەرزارەکـی هـەسـتـیـی خـەڵکـی سادەی کورد، وەك ناونانی یەکێك لە هەینییەکان بە هەینیی (ئازادی) بە دەربڕینە کوردییەکەی، ئامادە نییە هیچ بەڵێنێکی کۆنکرێتی بە کورد بدا بۆ داننان بە مافە سیاسی و کولتووری و یاساییەکاندا.

کـێ بـەقـەدەر شیـعـەکـانـی عێراق بـەدەست ستـەمکـاری و تـاکڕەوییـەوە نەهـامـەتییـان چەشتووە، کەچی ئەو ئەزموونە نەبووە وانە بۆیـان تـا لـە ئــەزمــوونــی دەسەڵاتــداریــی خــۆیــانــدا هــەمــان سیــاسەت بــەرامــبــەر نەیارەکـانیـان دووبـارە نەکـەنـەوە و کـار بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات نەکەن.

بۆیە بە دووری دەزانم ئەو هێزانەی لە ڕێی بەهـاری عەرەبییەوە دەگەنە دەسەڵات بەدەر لە هـەلومـەرجە گشتییە نێودەوڵەتییەکە و ڕۆڵ و کـاراییی کـورد خـۆی، هـەڵـوێـست و سیـاسەتێکی کراوەتـر لـە ڕێژیـمـە پێشووەکـانـی بەرامبـەر ڕاگەیـاندنی دەوڵەتی کوردی هـەبێ، ئەگەرچی چیی تر ئەستەمە بتوانرێ کورد وەك جـاران سەرکوت و خەفـە و پەڕاوێز بـخرێ.

– **وەك روونە لە زۆربەی وڵاتانی ڕاپەڕیودا هێزە ئیسلامیستەکان براوەی هەڵبژاردنەکانن، ئاخۆ ئەمە داهاتووی ئەم وڵاتانە ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە، لەو ڕووەوە کە ئەو هێزانە داخراو و شمولین، وەك هەندێك رایـان وایـە؟ یـان بـەپـێـچـەوانـەوە ئـەو هـێزانـە لـەبـەرئـەوەی خـۆیـان ڕووبەڕووی ستەم بوونەتەوە لەلایەن سیستمە تاکڕەوەکانەوە، بیر لە دووبارەکردنەوەی کردەی جەلادەکەیان ناکەنەوە؟ یان بەپێچەوانەوە هەمیشە قوربانییەکان دەبنە کۆپیی جەلادەکانیان؟**

* ئەز زۆرجـار وتوومە بە چاوپۆشین لە مەترسییەکانی هـەر لایەك، کە تـا ڕادەیـەك پـاساوی خـۆی هـەیـە، ئـیسلامـیـیـەکـان بـەشێکن لـە خـەڵکـی خەبـاتکـار و مـاندوو و قوربـانیدەر و خـاوەن پێگەی جەمـاوەریی وڵاتـانی ئەم نـاوچەیە، بۆیە مـافی خۆیانە دەرفەتی ئەوەیـان پێ بدرێ دەسەڵات بگرنە دەست و بەرنـامەی دەوڵەتداریی خۆیـان پیادە بکەن. ڕاستییەکەی چوونە دەسەڵات زۆرجار داوگەی هێزە شۆڕشگێڕ و ئایدیۆلۆجییەکانە و دەبێتـە کۆتـاییی هـەڵزنینـەکـانیـان و سەرەتـای دارمـانیـان، چـونکە ئەو هێزانە هـەمیشە بـەمتمـانەوە بەڵێنی گەورەیان بە خەڵك داوە کە ڕەنگە زۆر

لەو بەڵێنانە ناواقیعی بن و بەو هۆیەشەوە خەڵك پشتی گرتوون، هەر بۆیە کە دەگەنە دەسەڵات، جگە لەوەی هێزە سیاسییە ڕکابەرەکانیان و میدیای جیهانی لە بۆسەدان بۆ راوکردنی هەڵە و ساتمەکانیان، ئیدی خەڵکیش کردەوەی دەوێ نەك دروشم و بەڵێن، جا کاتێ ناتوانن بەشێکی زۆر لە بەڵێنەکانیان بەجێ بێنن و دەنگی ناڕەزایی لە شەقامدا بەرز دەبێتەوە، پەنا بۆ زەبوزەنگ دەبەن بۆ کپکردنەوەی ئەو ناڕەزاییيانە، ئەوەیش دەبێتە یەکەم بزمار لە تابووتی ئەو هێزانەدا.

بەڵام وای دەبینم ئێستە دۆخەکە جیاوازە و ئاسان نییە حزبە ئیسلامییە حوکمڕانەکان، کە هێشتا تەنیا حکوومەتیان لەژێر دەستدایە نەك دەوڵەت و ئەو دەسەڵاتە شمولییە سەرتاسەرییەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی پێشوویان نییە، ڕێ بەخۆیان بدەن یان بتوانن خەڵك سەرکوت بکەن، هەر بۆیە تاکە ڕێگەی مانەوە لە بەردەمیاندا ئەوەیە کار بۆ هێنانە کایەی دەسەڵاتگەلێکی دیموکراسی و دادپەروەر و گەشەسەندوو لە رووی ئابووری و عیمرانییەوە بکەن، بەپێچەوانەوە لە خولی داهاتوو یان دواتری هەڵبژاردندا دەدۆڕێن و دەبێ کورسییەکەیان چۆڵ بکەن، چۆڵیشی نەکەن زوو بێ یان درەنگ بە دەردی ڕێژیمەکانی بن عەلی و موبارەك و قەزافی دەچن.

زیاد لەوەیش سیاسەت هونەری مومکینە، کێ ناڵێ ئیسلامییەکان نموونەیەکی باش لە حوکمەتداری پێشکێش ناکەن، بەتایبەت کە دەبینین لە سایەی حکوومەتی داد و گەشەپێدانی تورکیادا ئەو وڵاتە لە رووی سیاسییەوە بووە بە ڕەقەمێکی قورس لە ناوچەکە و جیهاندا و لە رووی ئابووریشەوە گەشەکردنێکی بێ پێشینەی بەخۆوە دیوە، بەشێوەیەك لە ساڵی ٢٠١١دا دوای چین، تورکیا بەرزترین ڕێژەی گەشەی ئابووریی لە دنیادا بەخۆوە بینیبوو، لێرەشەوەیە پارتی ناوبراو بێ منەتانە لە سێ هەڵبژاردنی لەدوای یەکتردا زۆرینە بەدەست دێنێ و توانی دەست بەسەر

هـەرسیّ سەرۆکـایـەتییـەکـەی کـۆمـار و پـەرلـەمـان و حکـوومـەتدا بگریّ و بنکۆڵی دەسەڵاتی مێژوویی سوپایش بکا.

ئەوەی لای زۆر کەس مایەی مەترسییە، هەڵوێستی ئیسلامییەکانە لە ئـازادیـیـە کـەسیـیـەکـان و مـافـەکـانـی ئـافـرەت و دەست خستـنـە نـاو وردەکارییەکانی ژیان، بۆ ئەوەیش دەبیّ پێش لە رووداوەکان نەکەوین، جاریّ با بزانین چی دەکەن.

**– رایـەك هـەیـە جـەخت لـەوە دەکـاتـەوە بـۆ ریـفـۆرمـی ئـایـنـی بەدەسەڵاتداربوونی ئیسلامییەکان زەرووڕە، لە دوو رووەوە: یەکەم ئەو هێزانە دێنە ناو مێژووەوە، مێژووش توانای گۆڕینی هەمووانی هەیە، دووەم: کۆمەڵگە لە رێگەی بە ئۆپۆزسیۆنبوونییەوە رەخنەی جیدی ڕووبەڕووی ئەو هێزانە دەکاتەوە و ئەو کولتوورو و دنیابینییەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە خۆراك و وزەبەخشیی ئیسلامییەکان بووە؟ لێرەوە خەڵکێك رای وایە هەر لەبەر ئەم دوو هۆکارەیە رۆئاوا گڵۆپی سەوزی بۆ ئیسلامییەکان هەڵکردووە؟**

* وەك لە سەرەوە ئاماژەی پیّ درا زۆرجار دەسەڵات داوگە و کەندەڵانی هێزە ئایدیۆلۆجییەکانە، چونکە دەسەڵاتداری بەرپرسیاریەتی و ئەرکێکی قورسە و شکستهێنان لە ئیدارەکردنیدا بەو شێوەیەی خەڵك رازی بکا، بۆ هـێزە دەسەڵاتـدارەکـان کـەمـەرشکێنـە. ئـەوەتـا لاوازتـریـن خـاڵـی مـێژووی شارستانێتیی ئیسلامی ئەزموونە سیاسییەکەیەتی، کە ململانێی سەخت لەسەر دەسەڵات لە نێوان جەمسەرەکانی هێز و هـەروەهـا شکستهێنان لە بـەدیـهـێنـانـی پـێشکـەوتـن و خـۆشگـوزەرانـی و گـەشەکـردنـی فیکری و کولتووری و ئابووری بۆ گەلانی موسڵمان، لە سیما زەقەکانی بووە، هەر بۆیە دنیای ئیسلامی بردە ناو تونێلێکی سەدان ساڵ درێژ و تاریکی دواکـەوتـنـەوە و سەرەنجامـەکـەیشی هـەرەسهێنـانـی بـوو لـە سەرەتـاکـانـی

سەدەی رابردوودا، کە فەزڵی هێندە مانەوەیشی زیاتر بۆ ئەو دواکەوتنە مێژووییەی دنیای ئیسلام دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە ئەگەر بزاڤە ئیسلامییەکان بە هەمان رۆحیەتی ئەزموونە سیاسییە مێژووییەکەوە سیاسەت و دەوڵەتداری بکەن و نەتوانن ئەزموونێکی نوێی گونجاو لەگەڵ گیانی ئەم سەردەمەی تێیدا دەژین بەرهەم بێنن، ئەوا نەك تەنیا دەسەڵاتە سیاسییەکەیان، بگرە کۆی کولتووره فیکری و عەقائیدی و سیاسییەکەیشیان دەکەوێتە بەر رەخنە و تەقە و پاشەکشەوە، وەك ئەوەی ئێستە لە ئێران دەیبینین، کە خەڵکێکی زۆر لە رقی ستەمکاریی رژێمە ئیسلامییەکە لە دینەکەیش تۆراون.

بەڵام بە دووری دەزانم هۆی قایلبوونی ئەمەریکا بە هاتنەسەر دەسەڵاتی ئیسلامییەکان ی بەمەوە هەبێ، بگرە ئەو هەڵوێستە زیاتر زادەی بەرنامەیەکی بەخۆداچوونەوەی ئیدارەی ئەمەریکایە پاش هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، کە گەیشتە ئەو بڕوایەی دەکرێ لە ڕێی ڕێگەدان بەهاتنەسەر دەسەڵاتی ئیسلامییە میانڕەوەکان، کە هێزی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەی زۆر لە وڵاتە ئیسلامییەکان بوون و کەچی بەرگری لەوە دەکرا بگەنە دەسەڵات، رقی شەقامی عەرەبی و ئیسلامی لە ئەمەریکا کەم بکرێتەوە و هەژموونی رەوتە ئیسلامییە جیهادییەکانی هاوشێوەی قاعیدەیش لە قاڵب بدرێ و بەوەیش ئەگەری دووبارەبوونەوەی هێرشی هاوشێوەی ١١ی سێپتەمبەر بنبڕ یان کەم بکرێتەوە.

**– ئیسلامیبوونی دەسەڵات لە وڵاتانی ناوچەکە و دەوروبەر چۆن دەکەوێتەوە لەسەر داهاتووی کوردستان، بەتایبەت لەو رووەوە کە هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان زیاتر نەتەوەیی و عەلمانین؟ ئاخۆ سەرکەوتنی ئەو هێزە ئیسلامییانە نابێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی ئیسلامییەکانی کوردستانیش؟**

* هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان ئەمڕۆ و دوێنێ سەریان هەڵنەداوە تا

سەرکەوتنی حزبە ئیسلامییەکانی ناوچەکە بیانناسێنێ و تیشکیان بخاتە سەر، هێز و قورساییان دوای ٢٠ ساڵ تەمەن لە باشترین حاڵدا ١٠–١٥٪ی کورسییەکانی پەرلەمانە. هەر بۆیە پێم وایە ئەو سەرکەوتنە کاریگەرییەکی زۆر کەمی لەسەر بووژانەوە و بەهێزبوونی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان دەبێ، کە چەند ساڵێکە لە دۆخی نیمچە سڕبووندان و قەبارەیان بارتەقای تەمەنی دەیان ساڵەیان نییە لە کاتێکدا ئازادانە چالاکیی سیاسیی خۆیان ئەنجام دەدەن. پێشم وانییە سەرکەوتنی ئیسلامییەکانی ناوچەکە، کە تا ئێستە زیاتر سەرکەوتنێکی ئیداریی حکوومەتییە نەك دەوڵەتی، کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر داهاتووی کوردستان هەبێ، بەتایبەت بە دیوە خراپەکەیدا، بەپێچەوانەوە رەنگە بەشێوەیەك لە شێوەکان هەوڵیش بدەن سۆزی شەقامی کوردی بۆ لای خۆیان رابکێشن، وەك ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا لەم ساڵانەی دواییدا دەیکا و بۆ ئەو مەبەستە ئەردۆگانی سەرۆکی حزبەکە وەك یەکەم سەرۆك وەزیرانی تورکیا ساڵی پار سەردانی هەولێری کرد. ئەڵبەت ئەوەیش بەو مانایە نا کە ئیسلامییەکان دەوڵەتی کوردی لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکێشی کوردستان دەکەن، ئەوە مافێکە و دەبێ کورد بە خەبات و بەرخۆدانی خۆی بەدەستی بێنێ.

**– ئەگەرچی نەنووسراو و نارەسمییە بەڵام رۆئاوا بەجۆرێك لە جۆرەکان کوردستانییەکان بەنزیکتر لە خۆی دەبینێ و مامەڵەی لەگەڵدا دەکا، ئاخۆ سەرکەوتنی ئیسلامییەکانی ناوچەکە وا لە رۆئاوا ناکا گرینگیی زیاتر بەکورد و کوردستان بدا؟**

* رۆئاوا ئێستە دۆستی ئیسلامییەکانە، هەر لە عێراقەوە بیگرە تا تورکیا و تا دەگاتە حزب و دەسەڵاتە ئیسلامییە نوێکانی تونس و میسر و مەغریب و لیبیا، ئەوە بوو باڵیۆزی ئەمەریکا لە میسر مانگی رابردوو بۆ یەکەم جار

سەردانی رابەری گشتیی ئیخوان موسلیمینی میسری کرد و وێنەی یادگاریشیان پێکەوە گرت. ئەمەریکا و ئەوروپا هیچ مەترسییەکیان لە سەرکەوتنی ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتانە پێشان نەدا، بگرە پیرۆزباییان لێ کردن و تەنانەت لە لیبیا شان بەشانی یەکتر لە دژی رژێمەکەی قەزافی شەڕیان دەکرد. تا ئێستە ئەمەریکا بەینی تەنیا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و حزبوڵڵای لبنان و حەماسی ئیسلامیی فەڵەستین نائاسایی و گرژە، ئەویش شتێکی زیاتر تاکتیکییە و دەکرێ چارەسەر بکرێ. ئاخر سەرکردەکانی ئێران و سەرکردە شیعییەکانی عێراق هەمان فیکر و باکگراوندی ئیسلامییان هەیە و هاوپەیمانی ستراتیجیی یەکن، بەڵام لە کاتێکدا زۆربەی حزبە ئیسلامییە شیعەکانی عێراق بە ئاشکرا دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکان کەچی ئێرانییەکان و حزبوڵڵای لبنانی کەوتوون بە رقدا و سوورن لەسەر لێدانەوەی قەوانەکەی هەشتاکان لە وەسفکردنی ئەمەریکا بە ″شەیتانی گەورە″ و ″ئیستیکباری عالەمی″ و بەرزکردنەوەی دروشمی ″مرگ بر امریکا″. کەواتە مەسەلەکە عەقیدەی ئیسلامی و (وەلا و بەرائـ)ی دینی و شەڕی (کوفر و ئیمان) و (ئیستیزعاف و ئیستیکبار) نییە، بگرە تەنیا گەمەیەکی سایکۆلۆجی و سیاسیی رووتە. هەرچی هەڵوێست لە حەماسە، مەسەلەکە پێوەندیی بە داننان بە ئیسرائیلدا هەیە، ئەگینا ئەمەریکا هەر لەو کاتەی لە ٢٠٠٦دا قایل بوو حەماس بەشداریی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی فەڵەستین بکا و دوای سەرکەوتنی حکوومەتیش پێك بێنێ، بەڵگەی ئەوەیە کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ حەماس نییە.

لە بارێکی واشدا باسکردن لە نزیکبوونەوەی رۆئاوا لە کورد وەك دۆستێکی عەلمانی، ئەگەرێکی لاوازە، چونکە کورد تاقانە دۆستی ئەمەریکا نییە و ئەمەریکایش قۆناغی (ئیسلامۆفۆبیا)ی تێپەڕاندووە و وا دەستوپەنجە لەگەڵیان نەرم دەکا.

* رۆژنامەی (هاوڵاتی) ژمارە (٨٠٩) لە ٢٠١٢/٢

## حزبە ئیسلامییەکان.. دووری و دۆستی!

**- ئەگەرچی رەنگە هۆکاری دەروونی و مێژوویی رێگر بن، بەڵام بەبڕوای ئێوە لەم قۆناغەدا چەندە دەکرێ هەرسێ حزبە ئیسلامییەکەی کوردستان (کۆمەڵ- یەکگرتوو- بزووتنەوە) و کەسایەتییە ئیسلامییە سەربەخۆکان و رەوتە سەلەفی و سۆفییەکان لەسەر چەند پڕۆژەیەکی هاوبەش هاوڕا بن؟**

* وەك خۆت دەڵێیت کۆمەڵێ هۆکار رێگرن لەوەی ئەو لایەن و تەوژم و تەریقەتانە یەك بگرن، هەمان هۆکار لەمپەرن لە بەردەم ئەوەی بتوانن پێکەوە پڕۆژەیەکی هاوبەشیش ئەنجام بدەن، رەنگە بتوانن لە فەترەیەکی زۆر زەمەنیی کورت و بۆ کارێکی دیاریکراو، وەك ئەنجامدانی خۆپیشاندانێك هاوشێوەی ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە دژی وێنە کاریکاتێرییەکانی دانیمارك کرا، یان کۆکردنەوەی ئیمزا، ئەو کارە بکەن، بەڵام بۆ پڕۆژەی دوورمەودا کە ئەو هێزانە زۆر لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بن و دەمەتەقێ بکەن و بۆچوون و بەرژەوەندییە جیاوازەکانیان بەریەك بکەوێ، ئەستەم دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن. جاری وا هەیە دوو تەوژمی سەر بەهەمان مەدرەسەی فیکری (جیهادی یان ئیخوانی) پێکەوە هەڵناکەن و ناتوانن پێکەوە بژین.

تەنیا کاتێك ئەو لایەنانە دەتوانن لەیەك نێزیك ببنەوە و پێکەوە کار بکەن، کە هەڕەشەیەکی گەورە روو لە خودی ئاینەکە بکا، شتی وایش حاڵی حازر لە ئارادا نییە، مەرجیش نییە ئەوەی لایەنێك یان زیاتری ئیسلامی پێی وابێ تەوژمی عەلمانی مەترسییە بۆ ئاین بەلای هەموانەوە قابیلی قبووڵ بێ، چونکە هەندێ لەو تەوژمانەی باس کراون رەنگە خۆیان بەم یان بەو شێوە لەو تەوژمە عەلمانییە نێزیك بن.

**- له كاتێكدا ئیسلامییەكان هەست بەلاوازیی قەوارەی خۆیان دەكەن، ئاخۆ كاتی ئەوە نەهاتووە بیر لە پڕۆژەیەكی هاوبەش بكەنەوە بۆ فراوانكردن و پێشخستنی كارەكانیان؟**

* دەكرێ ئەو پرسیارە لە لایەنە ئیسلامییەكان خۆیان بكەیت، مافی هەموو لایەنێكە هەوڵ بدا میكانیزمی نوێ بۆ خۆڕێكخستنەوە و تەجاوزكردنی خاڵە لاوازەكانی بگرێتە بەر. بەڵام ئەوەی لەو نێوەندەدا گرینگە ئەوەیە پێویستە ئەو لایەنانەی باسیان دەكەن لە گوتاری ئایدیۆلۆجییەوە بگوێزنەوە بۆ گوتاری ئینسانی و نیشتمانی و خەمەكانیان خەمی خەڵك بێ بەچاوپۆشین لە ئینتیما و بیركردنەوەیان، هەر بەوەیش دەتوانن ببنە هێزێكی ڕەسەنی نیشتمانی و جێ متمانەی گشتی، دەست هەڵگرن لەو سەنگەرگرتنە لە بەشێكی بەرفراوان لە خەڵكی موسڵمان كە لەبەر هەر هۆكارێك بێ شوێن ئەوان ناكەوێ، مافی خۆیانە كار بۆ ئەو ئایدیایە بكەن كە باوەڕیان پێیەتی، بەڵام پێویستە گوتاریان فراوانتر و كراوەتر بێ لە خەمە ئایدیۆلۆجییەكانی خۆیان، دەبێ هەوڵ بدەن لەگەڵ كۆمەڵگەكەیان سازش بكەن و بگەنە خاڵێكی ناوەند، نەك سوور بن لەسەر ئەوەی خەڵك لە چوارچێوە تایبەتەكەی خۆیاندا لە قاڵب بدەن.

**- ئاخۆ ئیسلامییەكان بەم وەزعەی خۆیان ڕازی دەبن كە هەر چوار ساڵ جارێك چەند كورسییەك زیاد بكەن و بەو شێوەیەش بێ بە دەیان ساڵی تر ناگەنە دەسەڵات؟**

* ئەگەر پرسیار لە من دەكەی، ئەز پێم وایە ئیسلامییەكان تووشی سڕبوون هاتوون و زیاد ناكەن، حزبە ئیسلامییەكان قۆناغی زێڕینی خۆیان بەجێ هێشتووە كە تێیدا لە هەڵوێستی هێرشبەرێكی بەهێزدا بوون و ڕۆژ بە ڕۆژ حزبەكانی دەسەڵاتیان بچووكتر دەكردەوە، زیاتر لە دە ساڵە

ئەوان لە هەڵوێستی بەرگریکردن لە قەبارە و پێگەی خۆیاندان و بەراورد بە ئەوەندە ساڵەی تەمەن و ئەزموونیان نەچوونەتە پێش، زیادبوونی چەند هەزار دەنگێك ناکاتە زیادبوونێکی شایانی باس مادام زیادبوونەکە بەشێوەیەك نەبێ قورسایی سیاسییان زیاد بکا و ببنە رەقەمێکی قورس. حزبێك ١٥-٢٠ ساڵ نەبێتە رەقەمێکی قورس و رەگەزێکی کاریگەر لە پرۆسەی سیاسیدا مانای وایە ئەو هێزە لە گەشە وەستاوە. حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان سەردەمێك خەریك بوو دەبوونە رەقەمێکی قورس، بەڵام تەوژمە جیهادییەکە بەهۆی بوغرایی و لەخۆڕازیبوونێکی زیاد لەحەد و پشتبەستنی تەنیا بە زمانی زبر و چەك و سەرکێشییە حساب بۆ نەکراوەکانی و ململانێی ناتەندروستی نێوان باڵەکانی، تەوژمە مەدەنی و ئیخوانییەکەیش لەلایەك بەهۆی لەخۆڕازیبوون و بوغرایی و بێمنەتبوونی لە ئەنجامی ئەو گەورەبوونە ناسروشتییەی لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا بەخۆوەی بینی لەلایەك و ڕاڕایی و شەرمنی و ترسنۆکییەکی زیاد لە پێویست و خۆبواردنی لە مومارەسەکردنی لای خواری موعارەزەکردنی دەسەڵات لەلایەکی ترەوە، هەموو ئەمانە وای کرد ئەو تەوژمە پاشەکشە بکا و هێز و پێزی کز ببێ و ببێتە رەقەمێکی لاواز و فەرعی لە هاوکێشەی سیاسیی کوردستاندا.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕانیش ئەگەرچی بەدیوێکیدا ئەوانی خستە کەڵکەڵەی موعارەزەکردن و بەو هۆیەوە هەندێ هۆشیان بەبەردا هاتەوە، بەڵام بەدیوێکی تردا ئێستە ئەوان بوونەتە رەقەمێکی لاواز لە موعارەزەدا و رەقەمە قورسەکە گۆڕانە و ئەوان هێندە حسابیان بۆ ناکرێ، چونکە بەبێ گۆڕان ناتوانن هیچ هەنگاوێکی جیاواز و نەوعی بهاوێژن. تا ئەو کاتەیش لە سێبەری دەسەڵات یان لە سێبەری هێزی سەرەکیی موعارەزەدا بن، هەر بە لاوازی دەمێننەوە، ئەمەیش بەو مانایە نییە کە ئەگەر لە هەردووك دوور بکەونەوە بەهێز دەبنەوە، چونکە بەهێزبوونەوە

پێداویستیی خۆی هەیە.

**- بۆچی لایەنە عەلمانییەکان دەتوانن لەگەڵ سەلەفی و سۆفییەکاندا مامەڵە بکەن ، بەڵام ئیسلامییەکان ناتوانن؟**

* پێم خۆش نییە پرسیارێك تایبەتە بە ئیسلامییەکان لە من بکرێ، دروستتر وایە ئەو پرسیارە لەوان بکرێ، بەڵام ئەگەر وەك چاودێر و نووسەرێك پرسیار دەکەن، ئەوە دەڵێم بەدڵنیاییەوە ئەو کێشەیە یەك هۆکاری نییە، دەکرێ هۆکاری زۆر بن، ئەوە جۆری مامەڵەکە دیاری دەکا، ئیسلامییەکانیش دەتوانن مامەڵە لەگەڵ سۆفی و سەلەفی بکەن، بەڵام چ جۆرە مامەڵەیەك؟

لەبەرئەوەی لایەنە ئیسلامییەکان و سۆفی و سەلەفی هەموویان تەوژمی ئاینین و خوێندنەوە و تێگەیشتنی جیاوازن بۆ کاری ئاینی، هەروەها لەبەرئەوەی وەك هاوپیشەکانی تر رکابەری یەکترن و هەمووان کار بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەری موسڵمان دەکەن، بۆیە حەساسیەت و خانەگومانییان بەرامبەر یەکتر زیاترە و زۆرتر تێك دەگیرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ هەموو هەوڵ بدەن لای خواری لێك تێگەیشتن و یەکتر قبووڵکردنیان هەبێ و لە چوارچێوەی جیاوازیی ئیجتیهادەکاندا مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن و رێز لە تایبەتمەندیی یەکتر بگرن، هەروەها خۆ دوور بگرن لەوەی خۆیان بە (فیرقەی ناجیە) و (جماعة المسلمين) و ئەوانی تر بە گومڕا و سەرلێشێواو و فاسق و مونحەریف و بەکرێگیراو دابنێن.

**- جیاوازی لە نێوان هەرسێ لایەنە ئیسلامییەکەی کوردستاندا چییە کە هەرسێکیان لە زۆر ڕووەوە لە یەکتر دەچن، بۆ هەوڵ نادەن لە یەکتر نێزیك ببنەوە؟**

* ئەو سێ لایەنە ئێستە لەیەك دەچن و مومارەسەی هەمان شێوازی

کاری سیاسیی مەدەنی دەکەن، کۆمەڵ و بزووتنەوە هەر دەبێ لە رووی فیکری و سیاسییەوە زۆر لەیەك بچن چونکە هەڵقوڵاوی هەمان فیکر و مەدرەسە و مێژوون، لەگەڵ یەکگرتوویش ئێستە لەیەك دەچن، وردترە بڵێم ئەوان بەهۆی بارودۆخی کوردستانەوە مەکتەب عەسکەرییان هەڵوەشاندەوە و بە ناچاری هاتنە سەر رێڕەوە کلاسیکییەکەی یەکگرتوو، کە کاری مەدەنییە.

بەڵام هێشتا دەتوانی ئەو دوو تەوژمە (جیهادی و ئیخوانی) جیا بکەیتەوە، هێشتا رۆحییەتێکی یاخیگەرانە و ئینقیلابی بەئەندامان و گوتاری کۆمەڵەوە ماوە کە پاشماوەی پەروەردەی قۆناغی رابردووە، لە بزووتنەوەدا کەمترە چونکە بزووتنەوە زۆر چووەتە ژێر باڵی دەسەڵات و زیاتر لە حزبێکی ئاینی-رەسمی دەچێ، بەڵام یەکگرتوو هەمان رۆحییەتی نەرمی و خۆگونجاندن و خوێنساردیی پێوە دیارە. زیاد لەوەیش تا ئێستە نەفەسی ئاینی بە گوتاری کۆمەڵەوە زاڵترە، لە کاتێکدا لە یەکگرتوودا ئەو نەفەسە کاڵترە.

لە هەموو بارەکاندا پێم وایە ئەوەندەی حەساسیەتە مێژوویی و حزبی و شەخسییەکان رێگرن لەوەی ئەو سێ هێزە ببنە یەك، هێندە هۆکارە فیکری و سیاسییەکان رێگر نین، چونکە هیچ کام لەو هێزانە متمانەیان بەوی تر نییە، بێمتمانەییەکەشیان لە جێی خۆیدایە، چونکە ئەگەر بشبنە یەك هەریەکەیان هەوڵ دەدا حزبەکەی خۆی بەسەر قەوارە نوێیەکەدا زاڵ بکا و ئەوانی تر پەراوێز بخا و بیانتوێنێتەوە، نەك هەوڵ بدا، وەك کە پێویستە، هەمووان لە قەوارە نوێیەکەدا بتوێنەوە و ببنە یەك و کۆتایی بەو جیاوازییە بێنن. ئەزموونی یەکگرتنی بزووتنەوەی راپەرینی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی لە ساڵی **١٩٩٩دا** باشترین نموونەیە، کە یەکگرتنەکە دوو ساڵ تەمەنی نەکرد و لەبەریەك هەڵوەشا. ئەزموونی حزبە کوردییەکانی تریش هەر هەمان شتمان پێ دەڵێن، هەر بۆیە

باسکردن لە یەکگرتنی حزبە ئیسلامییەکان جگە لە موزایەدە و وشکە تەقوا بەخەرجدان هیچی تر نییە و هیچیشی لێ سەوز نابێ، بگرە رەنگە ئەگەر سەریش بگرێ، خراپتری لێ بکەوێتەوە، ئەوە بوو لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لە ٢٥ تەمووزی ٢٠٠٩دا، کە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بە هاوبەشی لە لیستی چوار حزبەکە (چاکسازی و خزمەتگوزاری)دا دابەزین و دەنگەکانیان وەك پێویست نەبوو، هەریەك لە کۆمەڵ و یەکگرتوو دەیانوت ئەو دەنگانەی هاتووە زیاتر هی ئێمەیە و حزبەکەی تر دەنگی لە کەمی داوە و هەریەکەیان ئەوی تری بە هۆکاری پاشەکشەی کورسییەکانی لایەنەکان تۆمەتبار دەکرد، تا کار گەیشتە ئەوەی دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو و کۆمەڵ لە راگەیاندنەکاندا هێرش بکەنە سەر یەکتری، هەروەها دواتریش چەند نووسەرێکی ئەو دوو حزبە، بەناوی خوازراو کە گومان دەبرا بەرپرس بن، لە رۆژنامەی "رووداو" لە بریی ئەو دوو حزبە شەڕێکیان کرد، کە ئەوەی خراپ بوو بە یەکتریان وت. ئیدی شەڕەکانی نێوان کۆمەڵ و مەلا نەجمەدین کرێکار با بوەستێ. بۆیە بەبڕوای من دەست بۆ ئەو پڕۆژەیە نەبرێ و هەریەك لە ماڵی خۆی بێ بۆ هەموویان زۆر باشترە، چونکە ئەنجامەکەی لەوەی ئێستە خراپتر دەبێ. کورد وتەنی "دووری و دۆستی!".

* سایتی ئیسلام پەیك، لە ٢٠١١/١٠/٢٦

## ناسنامەی ئیسلامی و داهاتووی یەکگرتووی ئیسلامی

### پاش کۆنگرەی شەش

**- چۆن دەڕوانیتە کارکردنی حزبە ئیسلامییەکان، هەست ناکەیت ئیسلامیبوونی ئەو حزبانە خەریکە تەنیا لەناودا دەمێنیتەوە و هاوشێوەی حزبە عەلمانییەکان مامەڵە دەکەن؟**

* لە راستیدا تەنیا حزبە ئیسلامییەکان نین کە سنووری ناسنامە و تایبەتمەندیی فیکر و ئایدیۆلۆجیای خۆیان نازانن و بە زانین بێ یان بە نەزانین، ئەو سنوورانە دەبەزێنن و دەچنە بازنەی فیکر و سیاسەت و ئایدیۆلۆجیای ئەوانی تر. حزبە عەلمانییەکانیش سنوورەکانی خۆیان تێ دەپەڕێنن و ناو بەناو لەو کاتانەی بەرژەوەندییان بیخوازێ پێ دەنێنە نێو بازنە ئاینییەکە و هەمان کار و رەفتاری ئەوان دەکەن، هەردوولا وەك دوو بازنەی تێهەڵکێش پێیەکیان لەمدیو و پێیەکەی تریان لەودیوە.

هۆی ئەمەیش بۆ چەند شتێك دەگەڕێتەوە، لەوانە نەبوونی بەرچاوڕوونییەکی فیکری و مەعریفیی تەواو لەبارەی جەوهەری ئەو فیکرەی ئیدیعای دەکەن، واتە نە ئیسلامییەکە بەتەواوی فیکرەکەی خۆی لەلا روونە کە چییە و سنوورەکانی تا کوێن و جێکەوت و وردەکارییەکانی لە بوارە جۆرەوجۆرەکانی ژیاندا چین و چۆنن، نە عەلمانییەکانیش دیدێکی رۆشنیان لەبارەی ئەو عەلمانییەتەی ئیدیعای هەڵگرتنی دەکەن هەیە، هەر بۆیە ئیسلامییەکە چەند شتێك لەلای بووەتە سیمبولی پەیامەکەی وەك قەدەغەکردنی مەشروب و سفور و جێبەجێکردنی حەدە شەرعییەکان لەسەر هەندێ رەفتاری ناشەرعی و بەگژداچوونەوەی هەر رەخنەیەك لە سیمبولە ئاینییەکان، لای عەلمانییەکەیش دەتوانین بڵێین

پێچەوانەی ئەوانە بووەتە سیمبول، هەرچی بوارە فراوانەکانی تری ژیانە ئەو دوو هێزە زۆرجار تێکەڵ دەبن و دەبنە کۆپیی یەکتر.

بەڵام هۆی سەرەکی بۆ ئەو تێکەڵبوونی سنوورانە بەبڕوای بەندە ئەوەیە حزب، ئایدیۆلۆجیای هەرچی بێ، پیرۆزی یەکەم و سەرەکی لەلای بەرژەوەندییە سیاسییەکانە، هەر بۆیە هەموو هەڵوێست و بڕیارەکانی لەژێر رۆشنایی ئەو بنەما پیرۆزە سیاسییەدا دادەڕێژێ. با هیچ بەرەیەکیان پۆز لێ نەدات، ئەم ڕێسایە هەمووان دەگرێتەوە.

بەدرێژاییی چوار ساڵی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥-٢٠٠٩) و کابینەی پێنجەم لەگەڵ ئەو هەموو گلەیی و گازندانەی لە شەقامدا بەرامبەر دەسەڵات هەبوون، کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی لەپاڵ دەسەڵاتدا بوون و شەریکی سیاسەتەکە بوون و بە جاروبار نەبێ بۆ (دەفعی ئیحراج) بە شەرمەوە وردە گلەییەکیان دەکرد، دەنا بەگشتی لەگەڵ سیاسەتی گشتیی حکوومەت و پەرلەماندا کۆك بوون و (بەڵێ)یان بۆ دەیان یاسا کرد کە لەو خولەدا دەرچوون، کە هەندێکیان جێی رەخنەی جیدین (کە یاسایەکی زۆری تێدا دەرچوون لەوانە یاسای وەبەرهێنان و کاری رۆژنامەوانی و فرە ژنی و تا دەگاتە پەسندکردنی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان)، تەنیا یاسایەك کە ڕای جیاوازیان تێیدا هەبوو یاسای فرە ژنی بوو کە سوور بوون لەسەر ئەوەی قەدەغە نەکرێ، ئەو یاسایەش بابەتێکی کۆمەڵایەتی و لاوەکی بوو لە چاو سیاسەتی ستراتیجیی وڵات. هەروەها لە سەودایەکدا دەنگیان بە پرۆژەیاسای دەستوور دا، کە هەر فراکسیۆنەکانی ئەو دوو حزبە لە خولی ئێستادا کە بوونەتە ئۆپۆزسیۆن، بە یاسایەکی ناباشی دادەنێن و داوای هەموارکردنەوەی دەکەن. ئەگەر تۆی ئیسلامی بتوانیت بە درێژاییی چوار ساڵ لە کوردستانێکی پڕ لە کێشە و کەموکووڕی و بێزاریی ئەو کاتەدا هەست بە جیاوازبوونی خۆت لە سیاسەتی گشتیی دەسەڵات کە دوو حزبی

لائیکی سەرکردایەتی دەکەن نەکەیت تەنیا لە بابەتی فرە ژنیدا نەبێ، ئیدی ئەوە لە کۆپیبوونی یەکتر زیاتر چی لێ دەخوێنرێتەوە؟

بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لە ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩ دروشمی (تاکە لیستی ئیسلامی) بەرز کردبووەوە و بەو دروشمە ختوکەی هەستی ئاینیی خەڵکی دەدا لە دژی کۆمەڵ و یەکگرتوو کە لەگەڵ دوو حزبی عەلمانیی بچووک چووبوونە لیستێکی هاوبەشەوە (لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی) گوایە فەزیحەتیان کردووە و هاوپەیمانییان لەگەڵ عەلمانییەت کردووە. بزووتنەوە لە دروشمەکانیدا دەیوت (دەنگ بدەن بە میحراب، دەنگ بدەن بە نوێژ، دەنگ بدەن بە مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز)، واتە ئەو ئیسلامیی رەسەن و پوختە، کەچی خۆی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا ئەو هەموو قسە و دروشمانەی ٢٠٠٩ی بیر چووەوە و چووە ناو هاوپەیمانیی کوردستان لەگەڵ دوو حزبە عەلمانییە گەورەکە.

من بۆ خۆم شەرم لەو جۆرە سیاسەتە و ئەو جۆرە مامەڵەکردنە پراگماتییە لەگەڵ ئاین دەکەم. ئیدی با ئەوە بوەستێ بە داخەوە کەسایەتی و سەرکردە ئیسلامییەکان نەیانتوانی تەجاوزی هەندێ ئەخلاقیاتی دزێوی کارەکتەرەکانی دنیای دزێوی حزبایەتی بکەن، وەك لێدان لە کەسایەتیی یەکتر بەهۆی جیاوازیی بۆچوون و بەرژەوەندییەوە، بڕوانە لەم دواییەدا مەلا کرێکار لەلایەك و مامۆستا عەلی باپیر و کۆمەڵی ئیسلامی لەلایەکی تر چ پەتپەتییەکیان بە یەکتر کرد کە تا دوێنێ هاوسەنگەر بوون. ئیدی باس لە شەڕە قسەی ئەم دواییەی نێوان دوو باڵی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی (باڵی مەلا محەمەد عومەر) و باڵی کوڕەکانی مامۆستا عەلی عەبدولعەزیزی ئامۆزای مەکە.

کاتێ بە پلەی یەکەم رەخنە لە ناجێگیریی پێوەرەکان لای رەوتی

ئیسلامی دەگرین، ئەوە دیارە زیاتر لەو رووەوەیە ئەوان خۆیانیان وەك پـڕۆژەیـەکـی چـاکسازی و گـۆڕانـکـاریـی بـەدیـل بـۆ حـزبـە عـەلمـانـیـیـە تـەقـلـیـدیـیـەکـان عـەرز کـردووە و بـاس لـە بـوونـی فـیـکـر و پـڕۆژە و ئـایـدیـۆلـۆجـیـایـەکـی جـیـاواز لـەوانـی تـر دەکـەن، ئـەگـیـنـا مـەلـەفـی عەلمانییەکانیش لەو رووەوە هەمان تاس و حەمامە و خراپتر نەبن باشتر نین. عـەلمـانـیـیـەکـان وەك ئـەو کـابـرایـەیـان لـیّ هـاتـووە کـە لێیـان پـرسـی: خورما دەخۆیت یان مێوژ؟ وتی: خورمژ، واتە هەردووکیان. ئەوانیش کاتیّ کاریان بە ئاین و پیاوانی ئاینی و فەزای ئاینی نەبیّ ئیدیعای عەلمانییەت و مۆدێرنیزم و سەردەمیبوون دەکەن، بەڵام کاتیّ هەست دەکەن ئاین رەگەزێکی گرینگی هێزی سیاسییە، لارییان نییە بۆ ئاینیترین ئاستەکانی سیاسەت و رەفتاری سیاسی دابەزن، دروستکردنی رێکخراوی زانایان لەلایەن ئەو حزبانەوە بەشێکە لەو پڕۆژەیە کە هەڵگری هەمان زەینی ئاینین کە حزبە ئاینییەکان کردوویانەتە بناغەی کاری خۆیان. زۆرجار ئەو رێکخراوە و کەسایەتییەکانی دەبنە زمانحاڵی ئەو حزبانە و بە زمانی ئاین بەرگری لە سیاسەتی حزبەکانیان دەکەن، یان چالاکییە ئاینییەکان بۆ پێدانی رەواییەکی ئاینی بەو حزبانە ئەنجام دەدەن. ئەمە جگە لە پەنابردنی ئەو حزبانە بۆ ئەنجامدانی رێورەسمە ئاینییەکانی وەك قوربانیکردن و نوێژەبارانە و خولی پەروەردەی ئاینی، کە ئەوە زیاتر بارگانییەکی سیاسییە نەك دینداریکردن کە کاری حزبی سیکیولار نییە.

**- چۆن دەڕوانیتە دۆخی ئێستای یەکگرتوو، پێت وایە کۆنگرەی شەشەم دەتوانیّ چارەسەری تەنگژەکان و چەقبەستنی ئەو حزبە بکات؟**

* یەکگرتوو پێی وایە ئێستا لە دۆخێکی زۆر باشدایە و گەشەی باشی کردووە و هیچ تـەنگژەیـەکی نییـە، ئـەمـە لـە دەقـی نـامـەکـەی ئـەمینداری پێشووی یەکگرتوو (م. سەڵاحەدین محەمەد) لە ٥ی ئاداری رابردوو کە

تێیدا خۆنەپاڵاوتنەوەی لە کۆنگرەی داهاتوو ڕاگەیاند، دووپات کراوەتەوە کە بە متمانەوە دەڵێ "ئەمڕۆ یەکگرتوو لە قۆناغێکی جوان و چاکدایە و لە گەرمەی کار و لە ئاستی چاوەڕوانیدا هەنگاوی جیدی دەنێ... زۆربەی ئاستەنگ و کۆسپەکانی بڕیوە و جێگەی ئومێدی زۆربەی گەلی کوردستانە".

وەك بەڵگەی ئەو ساخڵەمییەش ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆنگرە گشتییەکانی لە کاتی خۆیدا بەشێوەیەکی ئاسایی و دوور لە بەرەنجامی نەخوازراوی وەك لەتبوون و ناکۆکیی قووڵیان لێ بکەوێتەوە، بەڕێوە چوون، بەڵام مەرج نییە چاودێرانیش هەمان بۆچوونیان هەبێ.

یەکگرتوو لە ڕووی ڕێکخستنەوە هێشتا حزبێکی تۆکمەیە، بەڵام لەبەر زۆر هۆکار ئەو تۆکمەییە هێندەی بایسی پاراستنی بووە لە لەتبوون هێندە نەبووەتە مایەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی و قەبارەی ئەو حزبە لە چاو ١٨ ساڵی تەمەنیدا قەبارەیەکی بچووکە و هێشتا نەبووەتە ڕەقەمێکی قورس و بەلانسێکی بەهێز بۆ هاوکێشەی سیاسیی کوردستان، دەبوو ئێستا لانی کەم ٢٠ کورسیی پەرلەمانی هەبوایە.

یەکگرتوو هەندێ جار داهێنان دەکات، وەك داهێنانی کاری سیاسیی بێ میلیشایی لە ساڵی ١٩٩٤ و هەروەها بڕیاری ئەمینداری مێژوویی حزبەکە بە خۆنەپاڵاوتنەوە بۆ کۆنگرەی شەشەم لە ١–٣ ئایاری ٢٠١٢، کە ئەوە لەناو حزبە کوردییەکاندا دەگمەنە و نەبووەتە کولتوور، بەڵام نەیتوانیوە داهێنانێك بۆ بەردەوامیی گەشەی خۆی بکات، هەر بۆیە لە مەودایەکی زۆر بەرتەسکدا دەجووڵێ و گەشە دەکات.

هەر بۆیە بەبڕوای بەندە پاش کۆنگرەی شەشەمیش گۆڕانکارییەکی شایانی باس لە ڕەوتی ئیشکردن و گەشەی ئەو حزبەدا نایەتە کایە، چونکە کۆنگرە هیچ میکانیزمێکی نوێی بۆ ئەو کارە پێشنیاز نەکردووە،

ئـەوەی کـردوویـەتـی زیـاتـر پـێوەنـدیـی بـە پـەیـکـەری ئـیـداریـی حزب و چـارەسـەرکـردنـی کێشەکـانـەوە هـەیـە، وەك سنـووردارکـردنـی خـولـەکـانـی ئەمیندار و ئەندامێتیی مەکتەبی سیاسی بە دوو خول و داهێنانی دەستەی باڵای بەدواداچوون کە دەورێکی ریقابی و قەزاییی هەیە و هەمان دەوری مەکتەبی قەزا و مافی مرۆڤ دەبینێ کە زیاتر لە دە ساڵە هەیە.

بۆ دەرچوون لەو چەقبەستنە، کە تا ئێستایش هەندێ لە سەرکردایەتیی یـەکگـرتـوو نـکـوولـّیـی لـێ دەکـەن، دەبـێ بـەرنـامـەیـەکـی نـوێی هـەبـێ بـۆ راکێشانـی سەرنجی شەقـام، کـە ئـەو کـارە تـەنـیـا بـە ئۆپـۆزسیـۆنـبـوونـیش ناکرێ چونکە لەم قۆناغەدا ئەوان لە پشت قەبارە و قورساییی گۆڕانەوە کـەمـتـر دەبـنـە جـێ سەرنـج و دەسـتـپـێشخـەر، بـگـرە دەبـێ جـۆری مـوعـارەزەبـوونـەکـەیـان جیـاواز و بـەشێوەیـەك بـێ کـە بـە گـۆڕان نـەکرێ، چونکە تا ئێستا ئەوان لە گوتاری ئیعلامییاندا لاساییی گۆڕان دەکەنەوە تەنانەت لە هەڵەکانیشدا و سیمایەکی یەکگرتووانەی تایبەت بە جۆری موعارەزەبوونیانەوە نابینرێ لە کاتێکدا ئەوان تەمەنێکی زیاتریان هەیە ئۆپۆزسیۆنبوون ئەگەرچی ئۆپۆزسیۆنێکی کارایش نەبووبن.

**- یەکگرتوو چی بکا بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە ببینێ و گەشەی خێرای بۆ بگەڕێتەوە؟**

* پرۆژەیەکی ئامادە بۆ ئەوە شك نابەم، بەڵام پێم وایە یەکگرتوو بە "زوهدی سیاسی" دەتوانێ تا رادەیەکی باش ببێتە جێ سەرنجی شەقام، بەو واتایەی پەروەردەی رۆحی – سیاسیی خۆی بەو شێوەیە دابڕێژێتەوە کە بەهاکان پێش بەرژەوەندییە سیاسییەکان بخات و نموونەی حزبێکی سیاسیی خاکی و لەخۆبوردە و سەرسەخت بەرامبەر ئیغرائاتی پۆست و پارە و سازشنەکەر لەسەر بەها ئینسانی و ئەخلاقییەکان پێشکێش بکات و لەو روانگەوە دژ بە ناوەندە گەندەڵکار و ستەمکارەکاندا بچێتەوە، کە

ماشەڵایان لێ نەبێ لە عێراق و کوردستان زۆرن. خۆکاندیدنەکردنەوەی ئەمیندار و ژمارەیەك لە ئەندامانی دێرینی سەرکردایەتی و بەستنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك و سەرکردەکان لەم کۆنگرەیەدا، ئەگەرچی پاڵنەری تریشیان لەپشتەوەیە و شتەکە تەنیا مەسەلەی زوهدی سیاسی نییە، بەڵام دەکرێ بکرێتە دەسپێکێکی سەرەتایی و کاڵ بۆ ئەو پرۆژەیە، بەتایبەت کە کەلەپووره ئاینییەکە لەو مەیدانەدا دەوڵەمەندە و نموونەی جوانی تێدایە، وەك نمونـەی چـەنـد خـەلـیـفـەیـەکـی راشیـدی وەك عـومـەری کـوڕی عـەبـدولـعـەزیـز، بـەڵام کـێشە لـەوەدایـە وێنـەی زاڵ لـە مێژووی سیـاسیـی ئـیسلامـیدا "چـڵـێسی سیـاسی" بـووە نـەك "زوهـدی سیـاسی" و دەسەڵات پیاوێکی زاهیدی وەك ئەبوزەڕی غەفاری سزا دەدا و دووری دەخستەوە لەسەر ئەوەی داوای لە بەرپرسان دەکرد چاو لە پێغەمبەرەکەیان بکەن و سادە و گەدایانە و دوور لە بریق و باق بژین، نەك شاهانە و فیرعەونانە.

بە نیسبەت حاڵەتەکەی یەکگرتوویشەوە ئەز وای دەبینم کەم نین ئەو سەرکـردانـەی یـەکـگـرتـوو کـە حـەز دەکـەن حزب لـەو ڕووبـەڕووبـوونـەوە سەرسەختە لەگەڵ دەسەڵات کە لە ۲۰۰۹ەوە لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ دەستی داوەتـێ، واز بـێنـێ و بـەشداریـی حـکـوومـەت و دەسەڵات بـێ، تـا لـە ئیمتیازاتەکان بەشدار بن و ببنە وەزیر و سەفیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و... هتد، ئەوە ئەگەرچی حەزێکی سروشتیی مرۆڤە و پێویست ناکات لەسەر ئەو حەزە سەرکۆنەیان بکەین، بەڵام کێشە لەوەدایە بۆ حزبی سیاسیی دەرەوەی دەسەڵات، سەروەری و متمانەی شەقام بە قوربانیدان و بوێری و زوهدی سیاسی و پێنان بە حەز و بەرژەوەندییە زاتـیـیـەکـاندا دێتـە دی، نـەك بـە بـەشداریکردنێکی شکڵـی و پـەراوێزی لـە حکوومەتدا و دەرکەوتنی ئەندامە وەزیر و بەرپرسەکانت لە شاشەکانەوە بە پرچ و سمێڵی بریقەچەورکراو و قات و ریباتی گرانبەها و کەشخە و قسەکردن بە پۆز و فیز و ناز و خۆهەڵبرین بە پۆستەکەوە و خۆدابڕین لە

خەڵکی ئاسایی.

هەر بۆیە یان ئەمەیان هەڵدەبژێریت و قوربانی بە مادە دەدەیت و دڵی شەقام بەدەست دێنیت، یان ئەوەی تریان هەڵدەبژێریت و دەبیتە حزبی بازرگانی و لە خەڵك دادەبڕێیت. بۆ دەسەڵات هەڵپەی پارە کۆکردنەوە باسکی بەهێز دەکات چونکە خەڵکی پێ دەکڕێ، بەڵام بۆ ئۆپۆزسیۆن هەڵپەی پارە سووکی دەکات چونکە هەرچی خەڵکە خۆنەفرۆشەکەیە لێی دەتەکنەوە، خەڵکە خۆفرۆشەکەیش دەچن خۆیان بە دەسەڵات دەفرۆشن نەك بەو چونکە پارەی زۆرتر و زامنتریشە، هەروەها دوور نییە حزبەکە خۆیشی ببێتە بەشێك لەو خەڵکەی دەسەڵات بە پارە دەیانکڕێ. ئەوەیش ئیتر داوگە بکوژەکەیە.

**– ئەوەی دەبینرێ یەکگرتوو لە پۆستە باڵاکاندا هەولێری و دهۆکییەکانی پشتگوێ خستووە، هۆی ئەمە چییە؟**

* بوونی هەندێ کێشە و حەساسیەت لە نێوان ناوچە و شارەکانی کوردستاندا شتێکی نوێ نییە و تایبەتی یەکگرتوویش نییە بەتەنیا و لەنێو هەموو حزبەکان و بگرە لەنێو زۆربەی دەزگا و دامەزراوە رەسمی و حزبییەکانیشدا هەیە، بەڵام ئێمە پێمان وابوو یەکگرتوو دەتوانێ بەهۆی باکگراوندە ئاینییەکەیەوە بەسەر ئەو حەساسیەتەدا زاڵ بێ، بەڵام ئەویش ئەوەی پێ نەکرا، ئەگەرچی دیاردەکە تا رادەیەك لەناو یەکگرتوودا بە عەیبە و نەنگیش سەیر دەکرێ و تا ئێستایش توانیویەتی لە ئاستێکی وادا رای بگرێ مەترسیی بۆ سەر یەکڕیزیی حزبەکە و دروستبوونی ناوچەی نفوز و کوتلەکاریی قووڵ دروست نەکات. حزب لە کۆنگرەی سێدا پێنج ئەندامی سەرکردایەتیی بە تەزکیە، نەك بە هەڵبژاردن، لە هەندێ ناوچە دانا تا ئەو ناوچانە رازی بکات کە گلەییان لە باڵادەستیی ناوچەی هەڵەبجە لە سەرکردایەتیی حزبدا هەیە، بەڵام لە کۆنگرەکانی داهاتوودا

ئەوە دووبارە نەکرایەوە.

هەرچۆن بێ رەنگە بەشێکی کەمی و لاوازیی ناوچەی هەولێر و دهۆك لە سەرکردایەتیدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بنکەی جەماوەریی حزبەکە لە ناوچەی سلێمانی و هەڵەبجە فراوانترە و ئەوەیش رۆڵی خۆی هەیە لەوەی زاڵتر بن، ئەوەیش شتێکی سروشتییە و ناوچەکانی تریش ئەگەر بتوانن بنکەی حزبەکە فراوانتر بکەن دەتوانن هاوکێشەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان پارسەنگ بکەنەوە.

**– هەست ناکەیت بەگۆڕینی ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو پرسی لێك نێزیکبوونەوەی حزبە ئیسلامییەکان کۆتاییی پێ دێ؟**

* نا بڕوا ناکەم ئەو مەسەلەیە هیچ پێوەندییەکی بە کەسی ئەمیندارەوە هەبێ، بەڵام خۆی لە بنەڕەتدا بیرۆکەی یەکگرتنی حزبە ئیسلامییەکان بیرۆکەیەکی لاواز و بێ بناغەیە و لەبەر زۆر هۆکار ئیمکانی بەدیهاتن و سەرکەوتنی زۆر لاوازە، ئەگەر ئەو حزبانە بتوانن دەست بەیەکپارچەییی ئەو سێ حزبەوە بگرن و زیاتر لەبەریەك هەڵنەوەشێن شتێکی گرینگیان کردووە، چونکە ئەوەتا بزووتنەوە کە لە ٢٠٠١ لێك ترازا و بوو بۆ سێ چوار گرووپ، وا خەریکە جارێکی تر ئەو بەشە بچووکەیشی کە ماوەتەوە لەت دەبێتەوە.

پێش لە یەکگرتنی بزووتنەوەی ئیسلامی و بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی (نەهزە) لە ساڵی ١٩٩٩ و پێکهێنانی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، یەکگرتوو و بزووتنەوە لێژنەی هاریکاریی ئیسلامییان هەبوو بۆ هاوئاهەنگیکردن و بەرگرتن لە رووداني کێشە لەناو رێکخستنەکانیاندا کە هەردوولا لە نەوەدەکاندا زۆر چالاك بوون بەتایبەت لە مزگەوتەکاندا. بزووتنەوە زۆر حەزی دەکرد یەك بگرن لەبەرئەوەی یەکەم خۆی بە ئەسڵ دەزانی بەتایبەت کە هێزی سەربازیشی

هـەبـوو، دووەم لـەو کـاتـەدا بـزووتـنـەوە لـە شەڕدا بـوو لـەگـەڵ یـەکێتـی و پێویستی بە ئەندام (چەکدار)ی زیاتر هەبوو تا بەلانسەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بشکێنێتەوە و یەکگرتوویش ئەندامی زۆری هەبوو، سێیەم زۆر لە سەرکردە و مەلاکانیان باوەڕیان وا بوو دەبێ تەنیا یەك حزبی ئیسلامی لـە کـوردستـان هـەبـێ و فـرە حـزبـی جـائـیز نـییـە تـەنـانـەت فـرە حـزبـیـی ئیسلامیش.

بەم هۆیەوە یەکگرتوو لەژێر پاڵەپەستۆیەکی دەروونی و فیزیکیدا بوو بۆ نـێزیـکـبـوونـەوە لـە بـزووتـنـەوە تـەنـانـەت لـەلایـەن هـەنـدێ ئـاسـتـی ڕێکخستنەکان و توێژی گەنجانی خۆیشییەوە کە دەکەوتنە ژێر کاریگەریی شەڕەکە و گوتاری بزووتنەوە و حەزیان دەکرد هەردوولا نێزیك ببنەوە، هـەر بـۆیـە لـە نـاوەڕاستـی نـەوەدەکـان مـەولـوود بـاوەمـوراد بـەرپـرسـی ئـەو کاتی مەکتەبی باس و لێکۆڵینەوەی یەکگرتوو کە توێژەر بووم تێیدا، داوای لـە مـن کـرد بـاسێك لـەسەر ڕەوایـیـی فـرەیـی (تـەعـەدودیـیـەت) لـە ئـیسلامـدا بـنـووسم وەك وەڵامـێك بـۆ ئـەو مـەیـل و ڕەوتـەی بـزووتـنـەوە. بـابەتێکم نووسی کە مامۆستا مەولوود پێی جوان بوو، بەڵام چاپ نەکرا.

یەکگرتوو لەگەڵ یەکگرتن نەبوو لەبەرئەوەی لەلایەك لە ڕووی فیکری سیاسی و مەنهەجی کارەوە بڕوای بەچەك هەڵگرتن نەبوو وەك بزووتنەوە، لەلایەکی تریش متمانەی بەو یەکگرتنە نەبوو. بەبڕوای من یەکگرتوو لەوەدا دروست و عاقڵانەتر بیری دەکردەوە، چونکە ئەزموونی یەکگرتنی ئەو دوو حزبە ئیسلامییە (بزووتنەوە و ڕاپەڕین) دەری خست ئەو دوو ڕێکخستنە ناتوێنەوە و سەرەنجام دوای تێپەڕبوونی مانگی هەنگوینیی یـەکـگـرتـنـەکـەیـان، کـێشەکـان و مـەرامـە کـەسی و حـزبـیـیـەکـان سەرهەڵدەدەنەوە، وەك کە بینیمان.

دوای لـێکـتـرازانـەکـەی بـزووتـنـەوەی یـەکـبـوونـیش لـە ساڵـی ٢٠٠١ و

دروستبوونی کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر داروپەردووی ئەو حزبە، برادەرانی کۆمەڵ ناو بەناو بە حەماسەوە داوای یەکگرتن لە یان لانی کەم دروستکردنی بەرەیەکی ئیسلامی لە یەکگرتوو دەکەن، ئەو داوایە لە هەستێکی عاتیفییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بیرکردنەوەیەکی عەقڵانیی لەگەڵدا نییە، چونکە هیچ کام لە سەرکردەکانی هەردوولا، بەتایبەت کەسی یەکەمیان، ئامادە نییە ببێتە برا بچووکی ڕکابەرەکەی دوێنێی، زۆرجار لە میدیاکان بینیومانە سەرکردەیەکیان دەڵێ من ئامادەم ببمە برا بچووکی هەر برایەك، بەڵام ئەوە تەنیا قسەی میدیایە و ئەگەر گریمان یەکگرتن رووش بدات، دوای مانگی هەنگوینیی یەکگرتنەکە، ئەو نەفەسە بەریئە لە بیر دەکرێ. ئاخر کۆمەڵی ئیسلامی تا ئێستە تەجاوزی دوو سەرۆکییە تەوافوقییەکەی خۆی پێ نەکراوە کە بوونی ئەمیر و پێشەوایە لە یەك کاتدا، ئیتر چۆن ئەوان یان یەکگرتوو دەتوانن لەگەڵ دەستبەرداری پۆستی یەکەم ببن بۆ ئەوی تر؟.

پاش ٢٠٠٣ کۆمەڵی ئیسلامی لەژێر پاڵەپەستۆی ئەمەریکا و دەستگیرکردنی مامۆستا عەلی باپیری ئەمیری حزبەکە مەکتەبی عەسکەریی هەڵوەشاندەوە و دروشم و ئارمی خۆی گۆڕی و وەك یەکگرتووی لێ هات، ئەمەیش وای کرد چ لەناو ئەو دوو حزبە و چ لە دەرەوە باس لە یەکگرتنی ئەو دوو حزبە بکرێ مادام کە هەردوو ئیسلامین و بێ چەکیشن و جیاوازییەکی جەوهەرییان نییە لەمپەر بێ لە بەردەم ئەو یەکگرتنەدا، هەندێ کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی هەردوو حزب و لێدوانی ئاماژەداریش بەو بیرۆکەیە کەوتە سەر سەکۆی میدیاکان، بەڵام تا ئێستا بەهیچ نەگەیشتووە و ئەز بە دووری دەزانم بتوانن یەك بگرن، بەتایبەت پاش ئەوەی ئەزموونی هاوپەیمانییان لە لیستی چوار حزبەکە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لە ٢٠٠٩ تاقی کردەوە و لەسەر ئەنجامە نەخوازراوەکەی کە زۆر کەمتر بوو لە پێشبینیی خۆیان، محەمەد

حەكیم ئەندامی مەكتەبی سیاسیی كۆمەڵ و مەولوود باوەمراد ئەندامی مەكتەبی سیاسیی یەكگرتوو لە میدیاكاندا راشكاوانە رەخنەیان لە یەكتر گرت و بەرامبەریان بە هۆی پاشەكەی دەنگەكانی لیستەكە تۆمەتبار كرد، دواتریش لە رۆژنامەی (رووداو) زنجیرەیەك دژە وتار لەلایەن ئەندامانی ئەو دوو حزبەوە دابەزین.

**- بوونی باكگراوندی ئیخوانیی یەكگرتوو تا چەند كاریگەری هەبووە لەسەر سنووردار‌كردنی كارەكانی ئەو حزبە؟**

* یەكگرتوو حزبێكی ئیخوانییە و ئەوە ناشارێتەوە، بەڵام ئەو ئیخوانیبوونە ئێستا زیاتر لای جیلە دامەزرێنەرەكانی وەك ئەمینداری پێشوو و ئەحمەد حەمەدەمین و حەسەن شەمێرانی و جەعفەر مستەفا و هادی عەلی و سەید ئەحمەد عەبدولوەهاب و هیوا میرزا سابیر ئەوانە ماوە و نەوەكانی دواتر كەمتر خۆیان بە وابەستەی ئیخوان دادەنێن و زیاتر لە چوارچێوەی واقیعە كوردستانییەكە و دۆخی تازەی ناوچەكەدا دەبزوون و چاویان لە ئەزموونی پارتی داد و گەشەپێدانی توركیایە، نەك ئیخوانی میسر.

* كۆواری (چركە) ژمارە (٧١) ئایاری ٢٠١٢

## بەهاری عەرەبی: ئیسلامی سیاسی و دیموکراسی

**- "ئۆلیڤەر روا" شارەزا و پسپۆڕ لە بواری سیاسی، سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ولاتانی عەرەبی و ناوچەکە پێی وایە، ئەوە بەهۆی ئیسلامییەکانەوە نییە، بگرە بەهۆی دیموکراسییەوەیە و دەڵێ دەبێ ئیتر باس لە پۆست ئوسوڵی ئیسلامی بکەین؟**

* مەرج نییە ڕووداوەکان هەمیشە یەك تاکە هۆکار یاخۆ یەك لایەن لەپشتیانەوە بێ کە دووەم و سێیەم و چوارەمیان نەبێ، بگرە سروشتی شتەکان و ڕووداوەکانی دنیا بەزۆری وایە کە فرە ڕەگ و ڕیشە و فرە ڕەهەند و فرە هۆکار و فرە پاڵنەرن و لێرەشەوە فرە خوێندنەوە و فرە ڕاڤە هەڵدەگردن نەك تاکراڤە و تاکخوێندنەوە، کە بەزۆری خوێندنەوەی کاڵ و ڕووکەشانە و هەندێ جار ئایدیۆلۆجییانەی نابابەتییە کە شتەکان و ڕووداوەکان بە سادە و ئاڵۆزیانەوە بۆ یەك تاکە هۆکار و پاڵنەر و لایەن دەگێڕێتەوە، ئەوەیش میتۆدێکی نازانستییە بەتایبەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوێکی ئاڵۆزی مێژوویی فرە پەلوپۆل و ریشەقووڵی وەك ئەو ڕاپەڕین و گۆڕانکارییانەی لە ساڵی ۲۰۱۱دا ناوچەی عەرەبی گرتەوە و لە کەفوکوڵێکی جەماوەریی سەرتاسەریی یاخۆ نیمچە سەرتاسەریی بێ پێشینە لە مێژووی ناوچەکەدا، کە بە ناوچەیەکی لە رووی دیموکراسی و ئاڵوگۆڕی سیاسییەوە نەزۆك و چەقبەستوو ناوی دەرکردووە، لە ماوەی نزیکەی ساڵێکدا چوار سەرۆکی مێژوویی و موعەممەر (تەمەندرێژ) لەسەر کورسیی دەسەڵات لە تەخت دوور خرانەوە.

بەدڵنیاییەوە دوو دەیەی ڕابردوو سەدەی دیموکراسیەتی لیبراڵییە، کە پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆجیاکانی راگەیاندن و کۆمیونیکەیشنیش پەلهاویشتن و بالادەستبوونی ئەو کولتوور و سیستمەی لە دنیادا خێراتر

کرد و دەکرێ سەرکەوتنی دراماتیکیی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و دۆشدامانی هێزە ئەمنی و سەربازییە زەبەلاحەکانی ئەو ڕێژیمانە، کە لە سەرکوتکردن و کپکردنەوەی نەیاری و یاخیبوونە ناوەخۆیییەکاندا وەستا و هونەرمەند بوون، لە بەرامبەر جەماوەری ڕاپەڕیو، کە ڕەنگە بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان و تەنانەت بە بەراورد بە جەماوەری ڕاستەقینەی حزبی دەسەڵاتداریش ژمارە و ڕێژەیان سنووردار بووبێ، بەشێکی پێوەندیی بەو هێزە ڕۆحی و مەعنەوییەوە هەبێ کە دیموکراسییەت لە بیست ساڵی ڕابردوودا بەشێنەیی لە شەقامی عەرەبیدا دروستی کردووە و هێز و هەیبەتی بە گەل و شەقام بەخشیوە، بەشێوەیەك چیی تر بەڵانسی هێز لەسەر بنەمای هێزی سەربازی و ژمارەی لایەنگران دیاری ناکرێ و شەڕەکان تەنیا بەوانە یەکلا ناکرێتەوە.

عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی سەرۆکی لادراوی یەمەن لە گەرمەی خۆپیشاندانەکانی شەقامی ئەو وڵاتەدا لە دژی دەسەڵاتەکەی، لە وتارێکیدا بە متمانەوە وتی "ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بیست هەزار کەس دێننە سەر شەقام، ئێمە دەتوانین سەد هەزار بێنین"، هێنایشی. حوسنی موبارەکی سەرۆکی کەنەفتی لەکار لادراوی میسر ئێستەیش جەماوەرێکی زۆری هەیە، ئەو ٤٨٪ی ئەحمەد شەفیقی دواین سەرۆك وەزیرانی موبارەك لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی حوزەیرانی ڕابردوو لە بەرامبەر محەمەد مورسی کاندیدی ئیخوان موسلیمین کە گەورەترین هێز و ڕێکخستنی جەماوەریی میسرە کە نێزیکەی ٥٢٪ی دەنگەکانی هێنا، هی موبارەکە و بەڵگەی ئەوەیە ئەوەی لە بەهاری عەرەبیدا هەرەسی هێنا، زیاتر لەوەی هەرەسی زەینولعابدین بن عەلی و حوسنی موبارەك و موعەممەر قەزافی و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح و بەشار ئەسەد بێ، هەرەسی سیستمی دیکتاتۆری و تاکڕەوی و سەرکەوتنی دیموکراسییەت بوو.

بەڵام ئەم پێگە و بایەخ و ڕۆڵە جومگەیییەی دیموکراسییەت لە

گۆڕانکارییەکانی دنیادا بەو مانایە نییە کە تاکە هۆکار یان تەنانەت هۆکاری یەکلاکەرەوە بووبێ لە گۆڕانکارییەکاندا، چونکە گۆڕانکارییەکە گۆڕانکارییەکی ئاشتییانە یان لانی کەم تەواو ئاشتییانە نەبوو، بگرە لە ڕێی شۆڕش یان نیمچە شۆڕشەوە روویان دا و بەتوندوتیژی وەڵام درانەوە ئەگەرچی نەگەیشتە ئەو ئاستەی چاوەڕوان دەکرا، بەتایبەت لە تونس و میسر، بەڵام وەك بینیمان لە لیبیا بوو بەجەنگێکی راستەقینەی چەکداری لە نێوان قەزافی و شۆڕشگێڕاندا و تەنانەت پەیمانی ناتۆیش هاتە ناو جەنگەکەوە و بەزەبری هێز کۆتا بە رژێمی قەزافی هات. لە سووریا تا ئێستا زیاتر لە دە هەزار کەس کوژراون و ململانێکە بووەتە جەنگێکی راستەقینەی سەربازی لە نێوان هێزەکانی ئەسەد و نەیارانیدا، کە وەك لە شاشەکانیشەوە دەبینین، چ لە حاڵەتەکەی لیبیا و چ لە سووریایش گرووپە ئیسلامییەکان سەری ڕم و هێزی سەرەکین لەنێو شەڕوانانی دژ بە ڕێژیمدا.

بەم پێیە گۆڕانکارییەکان زادەی هەم دیموکراسییەت هەم کێش و چالاکیی ئیسلامییەکانیشە بەتایبەت ئەگەر قۆناغی پاش رووخانی ڕێژیمەکانیش لە بەرچاو بگرین، کە ئەو هێزە ئیسلامییانە بوونەتە هێزی سیاسیی یەکەم و لە هەریەك لە مەغریب و تونس و میسر دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست. ڕەنگە گەلێك هۆکاری تریش هەبن جگە لەو دوو هۆکارە.

بەڵام ئەوە راستییەکی روونە کە بەشێکی زۆر لە ئیسلامییەکانی قۆناغی دەسەڵات ئەو بیرکردنەوە ئوسوڵییە رادیکاڵییەی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانیان نییە کە راشکاوانە داوای ئەسلەمەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە و سەپاندنی شەریعەت و حوکمەکانی دارولحەرب و دارولسلمیان دەکرد، بگرە ئەوانیش، بەتایبەت تەوژمە ئیخوانییەکە، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی شەپۆلە دیموکراسییە گەردوونییەکەی سەردەم و ئێستا هێندەی باسی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسییەت و

ئـــازادیـی سیــاسی و دەستــاودەستـکـردنـی ئــاشتـیـیــانــەی دەسەڵات و پێکەوەژیـانـی جیـاوازەکـان و گەشەی ئـابـووریـی بـنـبڕکردنـی بێکاری و گەندەڵی و ئاشتیی ئیقلیمی و جیهانی دەکەن، بەو ئەندازەیە باس لە چەمکە کلاسیکییەکانی ئەدەبیاتی فیکری سیاسیی ئیسلامیی ئوسوڵی ناکەن. محەمەد مورسی سەرۆکی حزبی ئازاد و دادی ئیخوان موسلیمینی میسر و سەرکۆماری ئێستەی ئەو وڵاتەن لە ٢٩ی حوزەیرانی رابردوو پاش بەرێوەچوونی خولی یەکەمی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکە، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی ئامانجی "دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی دیموکراسی دەستووریی نوێیە لەگەڵ جیاکردنەوەی دەسەتەکان" و "بەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەری و سەقامگیری و ئاسایش و کەرامەتی مرۆڤە". مورسی هەروەها جەختی کرد "سەردەمی جەنابی سەرۆك و سەرۆکی تاکەکەس کە هەموو شتێك بکات و بڕیار بدات بۆ هەتاهەتایە بەکۆتا هات و ناگەڕێتەوە".

لەبارەی قیبتییەکانیشەوە، کە بەپێی کەلەپوری سیاسی و فیقهیی کلاسیکی ئیسلامی (ئەهلی زیممە)ن، مورسی گوتی "قیبتییەکان لەم وڵاتەدا شەریکن و تەواوی ئەو ئەرك و مافانەیان هەیە کە موسڵمانان هەیانە و رۆڵیشیان لە دەزگای سەرۆکایەتیدا دەبێ". ئاژانسی دی پی ئەی. بە هیچ شێوەیەك بەلای ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی" و لق و پۆپەکانیدا نەچوو.

بەم واتایە رەنگە بکرێ ئەم قۆناغە بە سەرەتای قۆناغی پۆست ئیسلامی ئوسوڵی دابنرێ.

**– وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دەڵێت لە بەهاری عەرەبیدا سێ مەترسی چاوەڕێ دەکرێ: یەکەم گەڕانە دواوە و شکست لە بوارە جیاوازەکان، دووەم شکستی ئابووری کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی بارگرژی دروست**

**دەکا. سێیەم هەوڵدانی ئیسلامی سیاسی بۆ بەکارهێنانی دیموکراسی و کودەتاکردن بەسەریدا، ئاخۆ شۆڕشێکی نوێ و بەهارێکی عەرەبی دژی ئیخوان و ئیسلامییەکان لە ڕێدایە؟**

* ڕەنگە هێشتا زوو بێ باس لە سروشتی قۆناغی پاش سەرکەوتنەکانی بەهاری عەرەبی و ڕۆڵی ئیسلامی سیاسی، کە تا ڕادەیەکی زۆر جڵەوی دەسەڵاتی لەدەستدا دەبێ، لەم قۆناغەدا بکرێ، چونکە هێشتا ئەو وڵاتانە لەژێر کاریگەریی پاشلەرینەوە (الهزات الارتدادیة)کانی پاش بوومەلەرزە مێژووییـیەکە رزگاریان نەبووە و کەفوکوڵی دۆخی نوێیەکە دانەمرکاوەتەوە، لە میسر پاش زیاتر لە ساڵێك لە رووخانی رێژیمی حوسنی موبارەك هێشتا پرۆسەی سیاسیی ئەو وڵاتە نەکەوتووەتەوە سەر سکەی خۆی و جادە بۆ ئیخوان تەخت نەبووە تا بزانین چۆن چۆنی ئیدارەی وڵات و دۆسیە ئاڵۆزە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی دەکا. هێشتا پاشماوە ئەمنی و سەربازی و سیاسییەکانی رێژیمی پێشوو لەپشت پەردەوە دەسەڵاتێکی گەورە مومارەسە دەکەن، کە دیارترین هەنگاویان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی تازە هەڵبژێردراوی گەلی میسر (پەرلەمان) بوو لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای دەسەڵاتی سەربازییەوە لە دوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتی خۆیدا لە ناوەڕاستی حوزەیرانی رابردوو، کە ئیسلامییەکان زیاتر لە ٦٠٪ی کورسییەکانیان بەدەستەوە بوو.

ئاساییـیە نیگەرانی هەبێ لە داهاتووی ناوچەکە لە سەردەمی باڵادەستیی ئیسلامییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەلومەرجی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانە، یەکەم لەبەر بێ ئەزموونییان لە دەوڵەتداریکردن و دووەمیش لەبەر دنیابینیی فیکری و سیاسیی جیاوازیان لە پرسی ئازادییە کەسی و سیاسییەکان و پرسی ئەسلەمەکردنی دەوڵەت و سروشتی پێوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا، بەڵام

نابێ لەو رووەوە زیادەڕەوی لە رەشبینیدا بکرێ، چونکە وەك لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەمان پێ دا ئیسلامییەکان و بەتایبەت رەوتە ئیخوانییەکە زیاتر بەرەو عەقڵانییەت و پراگماتیەتی سیاسی هەنگاوی ناوە و سروشتە عەقائیدییە رادیکالانەکەی کاڵ کردووەتەوە، هاوکات ئەو سەرکوت و چەپاندنەی لە دەیان ساڵی رابردوودا لەسەر دەستی رێژیمەکانی پێشوو چەشتوویەتی وای لێ دەکا هەموو شتێك لە پێناو نەگەڕانەوەی ئەو رابردووە و مانەوەی ئەو دەسەڵاتەی پاش ئەو مێژووە لە رەنج و قوربانیدان بەدەستی هێناوە لە دەستی نەداتەوە، ئەویش بە نەورووژاندنی ئەو هێزانەی لە توانایاندایە بەرەکە لەژێر پێی دەربکێشنەوە، لەپێشیانەوە شەقام و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمەریکا، کە دوو کۆڵەکەی بەهێزی بەهاری عەرەبی بوون و لەسەر شانی ئەوان ئیسلامی سیاسی خەونی مێژینەی هاتە دی.

راشد غەنووشی سەرۆکی حزبی نەهزەی ئیسلامیی تونس کە حزبەکەی سەرۆکایەتیی کابینەی حکوومەت دەکات راشکاوانە رای گەیاند ئەوان لەو ئازادییانەی بەدەست هاتوون پاشەکشە ناکەن و دەست ناخەنە ئازادییە شەخسییەکانی خەڵك و ئەگەر رێژیمەکە بن عەلی بەزۆر حیجابی لەسەر ئافرەتان دادەماڵی، ئەوان بەزۆر نایکەنە ملی ئافرەتان و شانازیی بەوە دەکرد کە ژمارەیەك ئافرەتی بێ چارشێو لە ریزی کاندیدەکانی حزبەکەیدان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەو وڵاتەدا، تەنانەت قەراغ دەریاکانیش قەدەغە ناکەن.

محەمەد مورسی سەرۆکی ئیخوانیی میسر پاش بردنەوەی لە خولی دووەمی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەدا پابەندبوونی خۆی بە سەرجەم رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتەکەی دووپات کردەوە، کە پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل (کامپ دێڤید) یەکێکە لەوانە، لە کاتێکدا ئیخوان لە هیچ جێیەکی دنیادا دانی بە ئیسرائیلدا نەناوە و

بزووتنەوەی حەماسی دوژمنی سەرسەختی ئیسرائیل بزووتنەوەیەکی ئیخوانییە. سەعد ئەلکەتاتنی سەرۆکی پەرلەمانی هەڵوەشاوە و سەرکردەی ئیخوانی بەتوندی دژ بەبانگدانی پەرلەمانتارێکی سەلەفی لەناو پەرلەمان وەستایەوە لەبەرئەوەی، وەك ئەو وتی، بانگدان و نوێژکردن کات و شوێنی خۆیان هەیە و پەرلەمان شوێنی یاسادانان و چاودێریکردن و سەروکاریکردنی کاروباری خەڵکە.

مەبەست ئەوەیە ئیخوان و ئیسلامییەکان لە دەسەڵاتدا ئیسلامییەکانی سەردەمی ئۆپۆزسیۆنبوون و شەقام نابن، سروشتی دەوڵەت خۆی سروشتێکی پراگماتی و عەقڵانیی هەیە و هەر هێزێك بیگرێتە دەست بەم یان بەو رێژە ئەو بەهایانەی بەسەردا دەسەپێنێ. سەیری لێدوانەکەی سەرەوەی مورسی بکە لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەی لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەی پێ درا.

جگە لەوەیش تەوژمی ئیسلامی و ئیخوان هێشتا دەسەڵاتێکی ناتەواو و ناکامڵ و تەوقکراویان لەو وڵاتانە هەیە کە جیاوازە لەو دەسەڵاتە رەها و تاکرەوانەی بۆ نموونە حزبی کۆنگرەی نیشتمانیی دەسەڵاتدار بەسەرۆکایەتیی عومەر حەسەن بەشیر لە سودان، یان هێزە ئاینییە شیعەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، یان بنەماڵەی شاهانە لە عەرەبستانی سعوودی هەیانە. بۆیە گەر بشیانەوێ ناتوانن جڵەوی دەسەڵات و ئیدارە بەو شێوەیەی ئەوان دەیانەوێ تاکرەوانە هەڵسووڕێنن، بۆیە بەندە لەو بڕوایەدام ئیسلامییەکانی دەسەڵات بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، نەك پەنا بۆ کودەتاکردن بەسەر دیموکراتییەت نابەن، بگرە هەوڵ دەدەن سیمایەکی دیموکراسی بەخۆیان بدەن و لە مەودایەکی لانی کەم نێزیکدا، ئاستەمە بیر لە دەسەڵاتێکی تاکڕەو و تۆتالیتاریانەی عەقائیدی بکەنەوە، چونکە ئەوە دیموکراسییەت و دەنگی شەقامە ئەوانی گەیاندووەتە دەسەڵات و ئەگەر خیانەتیان لێ بکەن، بەهارێکی تری

عـەرەبـی دژ بـەو تـەوژمـە سەرهـەڵدەداتـەوە و چـارەنـووسیـان هـەمـان چارەنووسی ڕێژیمەکەی بن عەلی و موبارەك و قەزافی دەبێ.

**– ئاخۆ هەموو ڕاپەڕینێك دیموکراسی بەرهەم دەهێنێ، یاخۆ هەندێ جار لەژێر پەردەی دیموکراسیدا حزبی ئوسوڵی بەرهەم دێنن؟**

* بەدڵنیاییەوە نەخێر. دیموکراسییەت شێوەیەکی پێشکەوتووە لە هزری سیاسیی مەدەنیی لیبراڵ و جێگیربوونیشی پێویستی بە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتیی باڵا و سەقامگیرییەکی ئەمنی و سیاسی هەیە، کە ئەمانە لە دۆخی ڕاپەڕین و شۆڕشدا، بەتایبەت لە دنیای سێ، بزر یان نیمچە بزرن، هەر بۆیە دەبینین پاش نێزیکەی ساڵێك لە کوژرانی موعەممەر قەزافی و ڕووخانی ڕێژیمەکەی، تا ئێستایش دەسەڵاتی دەوڵەت جێگیر نەبووە و میلیشیاکانی گرووپە سیاسییەکان و هۆزەکان لێرە و لەوێ بە زەبری چەك گژبەری (تحدی)ی دەسەڵاتی نوێ دەکەن و هەژموونی خۆیان دەسەپێنن. لە بارێکی وادا، کە بەرهەمی ڕاپەڕینێکی جەماوەری بوو، ئاستەمە دیموکراسییەتێکی سەقامگیر و بەهێز بچەسپێ، ڕێك وەك ئەزموونی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ کە بەهۆی ڕاپەڕینێکی جەماوەرییەوە دەسەڵاتیان لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر سەندەوە، بەڵام تەنیا ڕاپەڕینەکە کافی نەبوو بۆ ئەوەی ئەزموونێکی دیموکراسی لەسەر داروپەردووی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییە بێتە کایە، چونکە هێشتا زەینە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە لەبار نەبوو، هەر بۆیە شەڕی ناوەخۆ و جارێکی تر سەرکوتکردنی ڕکارەبە سیاسییەکان و بەرتەسکبوونەوەی ئازادیی ئینتیما و دەربڕین و چالاکی و تەنانەت سەفەرکردنی نێوان شارەکان و دووکەرتبوونی هەرێمی لێ کەوتەوە. زۆری ویست تا ئەو کولتوورەی سەردەمی عەقڵیەتی شۆڕشگێڕی و تاکحزبی، کە پاشماوەی کولتووری دەسەڵاتی سیاسیی مێژوویی و دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی بلۆکی سۆشیالیستی و ڕێژیمە

کۆنەپەرستەکان بوو، وردە وردە لە قۆناغی ئاشتیی پاش شەڕدا پاشەکشە بکا و سیماکانی دیموکراسییەت بە شێنەیی و پلە بەپلە لە واقیعەکەدا جێ بگرن، کە پاش زیاتر لە ٢٠ ساڵ ئەزموون هێشتا هەر دەڵەمە و بەدەربڕینی بەرپرسە حزبییەکان، هەر "ئەزموون" و "ساوا" و "ناسك"ە!.

هەمان ئەزموون لە عێراقی دوای رووخانی رژێمی سەدامیشدا دەبینین.

هەر بۆیە ئەسڵی ڕاپەڕین خۆی لە خۆیدا گەرەنتیی بەرهەمهێنانی دیموکراسییەت ناکا، بگرە لە رووی لۆجیکەوە بەپێچەوانەوە چاوەڕوان دەکرێ ڕاپەڕین دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە و سەرکوتکردنی لایەنگرانی دەسەڵاتی پێشوو و بەرتەسککردنەوەی ئازادیی سیاسیی لێ بکەوێتەوە، بەڵام ئەوەی وا دەکا ئومێد لە ڕاپەڕینەکانی ئەم سەردەمە و بەتایبەت ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی بکرێ دیموکراسییەتیان بەدوادا بێ، سروشتی قۆناغە مێژووییەکەیە، کە قۆناغی بالادەستیی سەربازگەی دیموکراسییەتی لیبراڵیی رۆژئاوایە، کە کولتوورەکەی لەسەر باڵە زەبەلاحەکانی شۆڕشی تەکنەلۆجیا و ئامرازەکانی راگەیاندن و پەیوەندیکردن بە دنیادا بەخێرایی بلاو دەبێتەوە و هەنگاونان بەرەو دیموکراسییەت بووەتە پلیتی پەڕینەوە بۆ نێو دنیای سەردەم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆیە هێزەکان، بە ئایدیۆلۆجییەکانیشەوە، ناچارن گوتار و سیاسەتیان لەگەڵ ئەو ئاوازەدا هاوئاهەنگ بکەن.

بەبڕوای بەندە ئەگەر سروشتی قۆناغەکە بەجۆرێکی تر بوایە و سەربازگەیەکی جیهانیی زلهێزی تر هەبوایە پشتگیری لە تاکرەوی و دیکتاتۆریەت بکا، نەك دوور نەبوو، بگرە زۆر چاوەڕوانکراو بوو ڕاپەڕینەکان دەسەڵاتی شمولییان لێ بکەوێتەوە نەك دیموکراسی، وەك کە لە سەدەی رابردوودا نموونەی لەو شێوە لە کودەتا و ڕاپەڕین و

شۆڕشەکانی وڵاتاندا زۆر دەبینرێن.

**– هێزە ئیسلامییەکان و ئۆپۆزسیۆن تا چەند دڵخۆشکەرن بۆ نەهێشتنی نادادپەروەری و هێنانە ئارای سیستمێك جیاواز لەمە، یاخۆ جێگەی مەترسین؟**

* کەس و هێزە خاوەن پرەنسیپە رۆحی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکان، چ ئاینی بن یا نائاینی، بەگشتی، نەك بە رەهایی، لە کەس و هێزەکانی تر زیاتر لێیان چاوەڕوان دەکرێ لە ژیانی رۆژانە و بەڕێوەبردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بەهاکانی خاکیبوون و زوهد و جیدییەت و لێبڕان و دڵسۆزی و دەستپاکی و مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەری و قوربانیدان بەرجەستە بکەن. ئەمانە رەقیبێکی زاتییان هەیە کە بە پاڵنەری پرەنسیپە رۆحی و فەلسەفییەکەیان بە بەهاکانی خۆیانەوە پابەند دەبن، نەك پێویست بکا وەك خەڵکە بێ پرەنسیپ و بێباکەکە بە زەبری یاسا و پۆلیس پابەند بن بە یاساوە.

دەڵێن عەبدولکەریم قاسم کە بوو بە سەرۆك وەزیرانیش سادە و گەدایانە دەژیا. ئایەتوڵڵا خومەینی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران تا مرد لە خانوویەکی سادەدا دەژیا، تەنانەت مەحموود ئەحمەدی نەژادی سەرکۆماری ئێستەی ئێران وا بڵاوە کە هێشتا مووچەی مامۆستای زانکۆیەکەی وەردەگرێ و هەر سەیری سەروسیما و جلوبەرگی بکەیت بۆت دەردەکەوێ پیاوێکی خاکییە. مورسیی سەرکۆماری ئیخوانی میسر، وەك میدیاکان بڵاویان کردەوە، بڕی ١٦٥٠ دۆلاری وەك مووچە بۆ خۆی دیاری کرد و داوای لە دەسەڵاتە ئەمنییەکان کرد ڕێوشوێنە ئەمنییەکان و ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانی کەژاوەی سەرۆك کەم بکەنەوە تا هەستی ئیستفزاز نەبن و لە کاتی تێپەڕینی کەژاوەکەیدا ترافیك نەوەستێ. هەروەها فەرمانی دا وێنەی ئەو لە داوودەزگاکانی دەوڵەتدا هەڵنەواسرێ

وەك كە سەرۆكەكانی پێشوو كردبوويانە نەريت و ئەو وێنە هەڵواسينە بووبوو بەسيمبولی بەكەسيكردنی دەوڵەت و پيرۆزكردنی سەرۆك.

لەم روانگە سادەيەوە دەكرێ چاوەڕوان بكرێ هێزە ئيسلامييەكان لە دەسەڵاتدا تا رادەيەك هەندێ ديـاردەی گەندەڵـيی زەق، وەك لـرفـدان (اختلاس) و قۆرخكاری كەم بكەنەوە، بەڵام كێشە لەوەدايە ئەم بەهايانە لەلايەك تاكەكەسی و گوێرەيين و بەپێی رادەی بەهێزی پرەنسيپەكان لای هەر كەسێك دەگۆڕێ و ناكرێ هەمان چاوەڕوانی لە هەموو كەسەكانی سەر بەو هێزە بكرێ، وەك ئەوەی مەرج نييە هەموو سەركردەكانی رەوتی ئيسلامی وەك خومەينی و نەژاد و مورسی بير بكەنەوە و زاهيد و خاكی بن، بەتايبەت كە لە رووە ئاينييەكەيشەوە رێگرييەكی روون و كۆنكريتی لەوە نەكراوە كە مرۆڤ و سەركردە خۆش بژين و ئەوەيش دەرگەی لە بەردەم بـڕ و بيانوو و پاساوی جۆرەوجۆر بۆ خۆدەوڵەمەندكردن كردووەتەوە. زۆر كەم لە سەركردە ئيسلامييەكانی كوردستان ئەو خاكيبوونەيان پێوە ديارە.

لەلايەكی تريشەوە ئەو بەهايانە هێندەی لەسەر ئاستە كۆمەڵايەتييە مىللييەكە كاريگەرن، هێندە لەسەر ئاستی سياسی و ئيدارەكردنی كۆمەڵگە كاريگەر نين، بە دەربڕينێكی تر سياسەت و دەسەڵات و پۆست ئەو بەهايانە تا رادەيەكی زۆر پاشەكشە پێ دەكەن و بەها پراگماتی و نەفعييەكانی خۆيان بەسەر كارەكتەرە سياسييەكاندا دەسەپێنن هەر بۆيە دەبينين سەركردە ئيسلامييە شيعە و سوننە و عەرەب و كوردەكانی عێراق لە سايەی پاسايەكدا كە پۆل برێمەری حاكمی مەدەنيی ئەمەريكا دايناوبوو، كە پاسای مووچەی تايبەتی گەورە بەرپرسان و خانەنشينكردنيانە، مووچە و ئيمتيازاتی خەياڵی وەردەگرن لە كاتێكدا هێشتا نەيانتوانيوە پێداويستييە بنچينەييەكانی ژيانی هاووڵاتييانيان دابين بكەن. ئەوان كە هەر خۆيان دەسەڵاتەكەی برێمەريان بە (دەسەڵاتی

ئـیـحـتـیـلال) دادەنـا دەبـوو لـەگـەڵ گـێڕانـەوەی سەروەری بـۆ عـێراق لـە حـوزەیـرانـی ٢٠٠٤، وەك جـۆرێك لـە ئـابـڕووشۆری، بـۆ نـیشانـدانـی نیشتمانپەروەرییان ئەو یاسایەیان هەموار بکردایە و بەشی زۆری ئەو ئیمتیازاتانەیان بۆ خەزێنەی دەوڵەت بگێڕایەتەوە. مەحموود مەشهەدانی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق، کە کەسایەتییەکی ئیسلامییە، کاتێ لە ٢٠٠٩ لە پۆستەکەی لادرا بە ٤٠ هەزار دۆلار خانەنشین کرا. ئەو و سەدانی تری وەك ئەو بەو شێوەیە. لەم دواییەدا رۆژنامەی "دەیلی میل"ی بەریتانیایی لە راپۆرتێکیدا لە بەغداوە باسی لەوە کردووە سیاسییەکانی عێراق بۆ هەر خولەکێك هەزار دۆلاریان دەست دەکەوێ بەبێ ئەوەی تاکە یاسایەك دابنێن بە کەڵکی وڵات بێت و لە گرانترین هۆتێلەکانی بەغدا پاڵی لێ دەدەنەوە. (بڕوانە:

http://www.almannarah.com/Mobile/NewsDetails.aspx?CatID=21&NewsID=35314)

تـا "شەڕ نـەکـەوتـە کـۆڵان" و بـەهـاری عـەرەبـی مـەترسیـی لـەسەر کـورسیـیـەکـانـیـان دروست نـەکـرد، ئەو پرەنسیپـانـە وای لـە بـەرپرس و پەرلەمانتارانی عێراقی، کە رەنگە زۆربەیان سەر بە رەوتی ئیسلامی بن بـەتـایـبـەت شیعـەکـان، نـەکرد خـۆبـەخـۆ ئـەو زوهـدە عومـەری و عـەلـەوییە بەخەرج بدەن و سنوور بۆ ئەو شڵپوڕێژکردنە بە سامانی وڵات دابنێن، کە هێشتایش زۆر نەگۆڕاوە.

عەقڵی ئیسلامی کوشتەی دەستی نەریتی پاساوهێنانەوە (تبریر)یە، هەر کارێك حەزی لێ بێ و بیکا پاساو و تەئویلێکی بۆ ئامادە دەکا، هەر لێرەوەیە بیرمەندێکی ریفۆرمخوازی ئیسلامی عەرەب ناوی ئەو جۆرە تەوژمانەی ناوە "حزب التبریر الاسلامی".

خۆ دەکرێ و لە رووە ئاینی و نیشتمانییەکەشەوە رەنگە زۆر کێشە نەبێ

لە وڵاتێکی دەوڵەمەندندا بەرپرسەکانیش بە ئەندازەی پێگە و ماندووبوونی خۆیان بەپێی یاسا لەو سامانە کەڵك وەربگرن، بەڵام سروشتی شتەکان وا هاتووە کەم ڕێك دەکەوێ ئەو بەرپرس و سەرکردانەی بەو شێوەیە بە ناز و فیز دەژین برپرسیاریەتییە ئەخلاقییەکەیان لە بیر نەکەن و دنیای بزنس و ڕابواردن خەمی بەرقەرارکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی نابەرامبەری و بنبڕکردنی قۆرخکاری و گەندەڵیی لە بیر نەبردبنەوە، هەر بۆیە دەڵێن عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی خەلیفەی ئومەوی کە لەبەر دادگەرییەکەی بە پێنجەم خەلیفەی ڕاشیدی دانراوە، پێش لەوەی ببێتە خەلیفە یەکێك بوو لە گەنجە زۆر بەناز و خۆشخۆرەکان، بەڵام کاتێ دەسەڵاتی گرتە دەست ۱۸۰ پلە ژیانی خۆی لە ناز و نیعمەتەوە بۆ کەمخەرجی و زوهد و خاکیبوون گۆڕی و تەنانەت زێڕ و زیوی هاوسەرەکەیشی خستە خەزێنەی دەوڵەت و کە مرد هیچ سامانێکی لە شوێن بەجێ نەما، کاتێ بەهۆی ژەهرخواردنەکەیەوە لە جێگەدا کەوتبوو هەندێ کەس گلەییان لێ دەکرد کە بۆچی سامانێك بۆ ژن و منداڵەکانی بەجێ ناهێڵێ تا پاش خۆی بە هەژاری نەژین، ئەویش وەڵامی دایەوە "ئەگەر منداڵەکانم ڕێگەی ڕاست بگرن خوا پەکیان ناخا، ئەگەریش ڕێگەی خراپ بگرن نامەوێ سامانێکیان بۆ بەجێ بێڵم کە بۆ خراپە سوودی لێ ببینن".

ئەم حاڵەتە ئێستا لەنێو بەرپرسانی ڕۆژئاوادا زیاتر ڕەنگی داوەتەوە تا بەرپرسانی ئێمەی موسڵمان، کە جگە لە سنووردارییی مووچە و ئیمتیازاتەکانیان، بە سادەیی دەژین و هەندێ جار بە پایسکیل دەچنە سەر کارەکانیان دەڵێن جێمی کارتەری سەرۆکی پێشتری ئەمەریکا کاتێ کۆشکی سپیی بەجێ هێشت نیتاقی کارکردنی لەپشتی بەست و چەکوشێکی پێدا کرد و هەندێ بزماری خستە گیرفانی تا دەست بە کارەکەی پێشووی بکاتەوە لە دروستکردنی کۆخی تەختەیی شان بەشانی

چاندنی فستق.

میخائیل گۆرباچۆڤی دواین سەرۆکی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو کە دووەم زلهێز و سەربازگەی دنیا بوو، لەگەڵ ئەوەی لە قووڵاییی سیستمێکی تاکڕەویی تۆتالیتارییەوە هاتبووە دەرێ، بەڵام هاوکات هەڵگری ڕۆحیەتێکی خاکی بوو، هەر بۆیە پاشتر پێی سووکایەتی نەبوو بچێ بۆ پەیداکردنی بژێویی خۆی ڕێکلام بۆ کۆمپانیاکان بکا، کەچی بەرپرس و پەرلەمانتارەکانی لای ئێمە پێیان سووکایەتی و کاری نەکردەیە کە پاش ساڵێك دوو ساڵ یان چوار ساڵ پەرلەمانتاری، لە جۆشی گەنجێتییاندا بە مووچەیەکی خەیاڵی خانەنشین نەکرێن و پاشتر ناچار بن بێنەوە سەر کارەکەی پێشوویان.

کێشە لەوەدایە حزب و ڕەوتە ئیسلامییەکان ئێستایش بە باسکردنی ئەو شێوە ژیانەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و هاوشێوەکانی خەڵك بۆ لای خۆیان بانگ دەکەن وەك ئەوەی ئەمان میراتگری ئەو کەڵەپیاوانە خاکییانە بن، کەچی بە کردەوە خۆیان لە دەسەڵاتدا لەسەر مەزهەبی ئەوانە ناڕۆن و بگرە بە باسکردنی ئەو هەڵوێستانەیان قەڵس دەبن و گەدەیان دەگیرێ و دڵیان دەگوشرێ و بەبیرکردنەوەیەکی ناواقیعی دادەنێن.

کێشەیەکی تری تەوژمی ئیسلامی ئەوەیە ڕاستە ئەو بەها ئەخلاقییانە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتییاندا هەیە، بەڵام ئەمە ڕێی لەوە نەگرتووە سیاسەتێکی ناتەبا لەگەڵ کۆی ئەو سیستمە بەهاییە پەیڕەو بکەن، وەك ئەوەی – بۆ نموونە – ئەحمەدی نەژاد لەگەڵ ئەو خاکیبوونە شەخسییەی، هاوکات بەلایەوە ئاساییە قووتی خەڵکی وڵاتەکەی بگرێتەوە و سامانێکی زۆر لە خۆپڕچەککردن و پشتیوانیکردنی ئەو هێز و گرووپانەی هاومەشرەب و هاوپەیمانین بەفیڕۆ بدا، یاخۆ لە ڕووی سیاسییەوە

نەیارانی، تەنانەت ئەو نەیارانەی کە هەر لە ڕۆڵەکانی شۆڕشن، سەرکوت بکا، یاخۆ خۆی لە مافە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی ملیۆنان کورد و عەرەب و هەرکەسی نەبان بکا.

بەگشتی دە ساڵی داهاتوو بۆ ئەو هێزە ئیسلامییانە سەنگی مەحەکە، تا دەربکەوێ ئاخۆ دەتوانن دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی و گەشەی ئابووری بێننە کایە و گەرەنتیی مانەوەی خۆیان بە بەهێزی و نمرە یەکی لە گۆڕەپانەکەدا بکەن، وەك کە پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا بەسەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە دە ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی بیکا، یان ئەوەتا شکست دێنن، جا یان بەخۆشی لە کورسییەکانیان دێنە خوارەوە، یاخۆ ملەجوڕێ بکەن و بەهارێکی تری قڕتێخستنی دیکتاتۆرەکان بەزۆر دایاندەگرێتە خوارەوە.

- **ئۆلیڤەر هەروەها پێی وایە ئەم هێزە ئیسلامگەرایانە لە ئاست کولتوور و ئاینیدا حزبێکی کۆنزەرڤاتیڤن، بەڵام لە رووی ئابوورییەوە لیبراڵ و لە رووی سیاسیشەوە یاسایین، ئەم بۆچوونە چۆن دەبینن؟**

* ئەم قسەیە تا رادەیەکی زۆر راست و وردە، ئەوەیش بەشێکی بۆ سروشتی فیکری ئاینیی ئیسلامیی کلاسیك دەگەڕێتەوە لە مەسەلەی شتە جێگیر و ناجێگیرەکان، نەگۆڕ و گۆڕاوەکان یان عیبادات و عادات لە ئاینەکەدا. هۆشی ئاینی، کە ئیسلامییەکان بەرفراوانترین توێژی کۆمەڵایەتی و هێزی سیاسین کە بە گەل هەڵگری ئەو هۆشەن، لەو بابەتانەدا کە بە دەقی بنبڕ لە سەنەد و دەلالەتدا یەکلا کراونەتەوە، وەك بنەماکانی باوەڕ و شتە حەرامکراوەکانی وەك زەواجی مەحرەمەکان و زینا و قەتڵ، هەروەها ئەرکە ئاینییە واجبەکان وەك نوێژ و ڕۆژوو و پۆشتەیی ئافرەت و سزا شەرعییەکان و ئەو شتانە، کۆنەپارێز (کۆنزەرڤێتیڤ)ە، ئەوەیش بە روونی رادەگەیەنن و حاشایان لێ نەکردووە

و نایکەن و پێیان وایە ئەمانە بناغە فیکری و رۆحی و ئەخلاقییەکانی ئاینەکەن کە خوا و پەیامبەرەکەی قسەی کۆتایان تێدا کردوون و مۆری ئەبەدیەتیان وەرگرتووە و تا دنیا دنیایە کەس بۆی نییە بیانگۆڕێ. دیارە ئەم حوکمانەیش بە ژمارە سنووردارن و بەراورد ناکرێن بەو هەزاران دەق و حوکمانەی لەبارەی بوارە گۆڕاو و ناجێگیر و ئازادەکانەوە هاتوون.

لەبەرئەوەی هەنگاوەکانی ریفۆرم لە فیکری ئاینیی ئیسلامیدا زۆر هێواش و شەرمنانە و ڕاڕان، ئەو فیکرە نەیتوانیوە ریفۆرمێکی جەوهەری لەو کەلەپوورە فیکرییەدا بکا کە زاناکانی سەدە بەراییەکانی ئیسلام لەو بوارە "جێگیر و نەگۆڕ"انەدا بەرهەمیان هێناوە، هەر بۆیە عەقڵی ئاینیی نوێ و هاوچەرخیش، چ وەك خەڵکە رەشۆکییەکە و چ وەك هێز و گرووپ و رێکخراوەکان، لەسەر هەمان کەلەپوور و ریتم دەڕۆن و وەك قسەی کۆتایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

بەڵام لەبەرئەوەی بوارە سیاسی و ئابوورییەکە زیاتر تایبەتە بەبواری ئەوەی پێی دەوترێ "موعامەلات" کە بازنەی گۆڕاو و بیر و بۆچوونی جیاواز و دەستپێشخەری تێیدا فراوانترە و دەست تێیدا کراوەترە، ئیسلامییەکان بە سوودوەرگرتن لەو رۆحییەتە ئاینییە پەیامدارانەیەی هەڵیان گرتووە و هانیان دەدا بۆ جیدییەت و خزمەتکردنی کۆمەڵگە و بەگژداچوونەوەی رەفتارە کۆمەڵایەتییە ناپەسندەکان، لەباریاندا هەیە لە رووە ئابووری و سیاسییەکەوە هەندێ ریفۆرم بکەن، چونکە ئەوان خۆیان بە هەڵگری پەیامی چاککردنی کۆمەڵگە دادەنێن، هەر بۆیە لای ئەوان پابەندبوون بە یاسا بەگشتی دەبێتە ئامرازێك بۆ بەرجەستەکردنی فەلسەفەکەیان، ئەڵبەت ئەمە بەو مەرجەی سیاسەت پێشوەخت گۆڵی نەدابن و لەو رۆحییەتە ئینسانییە ئەخلاقییەی باس کرا خاڵی نەکردبنەوە، ئەمە لەلایەك.

لەلایەکی تریشەوە بۆ سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکی دەوڵەت، لەوانە بەرنامەی ئابووری، پاکی و شارەزایی دوو مەرج و پێداویستیی سەرەکین، واتە پێویستیان بە کەسی دەستپاك و جیدی، هەروەها پسپۆڕ هەیە کە لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بە جێمتمانە و شارەزا (الموثوق و المظطلع) ناو براوە. بەو واتایەی دەکرێ پرۆژەیەك بدرێتە دەست کەسانێکی پاك و جیدی کە سەرراستانە هەموو توانای خۆیانی بۆ تەرخان بکەن، بەڵام پرۆژەکە شکست بێنێ لەبەرئەوەی لە تەکنیکی کارەکاندا شارەزا و پسپۆڕ نەبوون. هەروەك دەکرێ پرۆژەکە بدرێتە کەسانێکی شارەزا و پسپۆڕ بەڵام دیسان شکست بێنێ لەبەرئەوەی ئەو کەسانە بە پاکی و جیدی و دڵسۆزانە کارەکانیان نەکردووە و لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان بە لارێیاندا بردووە.

لێرەوە تەنیا بنچینە رۆحییەکە بەس نییە بۆ هێنانە کایەی گەشەی ئابووری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بگرە لەگەڵ ئەوەدا بوونی پسپۆڕیش گرینگە کە مەرج نییە ئیسلامی سیاسی خۆی هێندە کادیری تەکنیکیی پسپۆڕی هەبێ بتوانێ ئیدارەی پرۆژەکانیان بخاتە ئەستۆ، هەر بۆیە ناچارە پشت بە وزە لۆکاڵییەکانی وڵات و پسپۆڕانی دەرەوە ببەستێ کە ئینتیمایان بۆ ئەو مەرجەعیەتە بەهاییەی ئەو لە بواری کارکردندا نییە و پێویستە میکانیزمێکی نوێ بۆ وەگەڕخستنی پرۆژەکانی بدۆزێتەوە، کە پێویستی بە وابەستەییی ئایدیۆلۆجی و رۆحی نەبێ، یان لانی کەم لەسەر ئەوە پەکی نەکەوێ.

**- د. محەمەد سەبیلا دەڵێ "مۆدێرنیتە دژی ئاین نییە، بگرە هۆکاری پاراستنی مومارەسەی ئاینییە"، ئاخۆ لە کوردستاندا بەم شێوەیە یاخۆ ئیسلامی سیاسی مۆدێرنیتە بە شەڕێکی نوێ لە دژی دەزانێ؟**

* ئاین چەمکێکی ئەبستکرات (مجرد) و ئاڵۆز (مرکب)ە نەك سادە تا بە دێرێك باس لە هەڵوێستی لە بابەتێکی سادەشدا بکەین، چ جای بابەتێکی

بەمشتومڕی جەوهەری و مێژوویی وەك مۆدێرنیتە كە وەرچەرخانێكی مێژووییە سەراپاگیرە لە فیكر و جیهانبینی و وێنا و سیستمی ئەخلاقیی كۆمەڵگەدا. ئاین لەلایەن عەقڵە جیاوازەكانەوە تەفسیر و تەئویلی جیاواز دەكرێ و وێنەی جیاواز وەردەگرێ. بەلای هەندێ تەوژمی ئاینیی رادیكاڵەوە تەنانەت بەكارهێنانی بەرهەمە تەكنیكییە زۆر سادەكانی مۆدێرنیتەیش، وەك كەوچك و چەتاڵ و مێزی نانخواردن و چاكەت و پانتۆڵ، جێی مشتومڕ و ناكۆكین چ جای بابەتە گەورەكانی وەك پێوەندیی ئاین و مۆدێرنیتە بەگشتی، كە لە سەرەتاییترین پێناسەیدا پرۆژەیەكە بۆ گێڕانەوەی سەروەری و یەكەمایەتی لە فیكر و سیاسەت و ئابووری و كۆمەڵایەتیدا بۆ عەقڵ و مادە و دنیا و سەندنەوەی لە وەحی و میتافیزیكا و دامەزراوەی ئاینی.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین مۆدێرنیتە بەلای بەشێكی بەرفراوانی ناوەندە نوخبەوییە ئاینییەكەوە وەك تەكنیك و زانستە ئەزموونگەرییەكان و میكانیزمەكانی كاركردنی سیاسی، وەك میكانیزمی هەڵبژاردن، قابیلی قبووڵكردنە و كێشەیەكی ئەوتۆی لەگەڵیدا نییە و بەبێ سڵەمینەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەكا، بەڵام لە بنەما فەلسەفییەكان و بنچینە و پێوەرەكانی ئەخلاقدا لەگەڵی ناكۆكە و بڕوای وایە ئەو لایەنانە لە شەتەحاتەكانی مۆدێرنیتەن و پێویستە لەوەدا ڕەت بكرێتەوە و كار بە سیستمە ئاینییە "ڕەسەن"ەكە بكرێ.

مۆدێرنیتە، بە هەموو كەموكووڕییەكانییەوە، زادەی كێشە و تەنگوچەڵەمە و نەهامەتی و خەون و كۆشش و پێویستییەكانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و وەك هێزێكی زەبەلاح خۆی بەسەر دنیای نوێدا سەپاندووە و گەلان ناتوانن بەتەواوی ڕەتی بكەنەوە، جا یان پێی سەرسام دەبن و بە یەكجاری خۆ بەدەستییەوە دەدەن، یان هەوڵ دەدەن هاوئاهەنگییەك لە نێوان سروشتی مۆدێرنیتە و سروشتی كۆمەڵگە لۆكاڵییەكە دروست بكەن.

هاوکات ئاینیش، بە چاوپۆشین لە ناو و ناوەڕۆکەکەی، لە پێویستییە رۆحی و ئەخلاقییەکانە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەیتوانیوە دەستبەرداری بێ ئەگەرچی ئەوە پاش هەموارکردن و ریفۆرم و لە قاڵبدانێکی بەرچاویش بووبێ. لەم پێگەیەی ئاینیشدا کۆمەڵگەکان جیاوازییان هەیە و هەندێکیان لە هەندێکی تریان زیاتر چوونەتە ناو کایە ئاینییەکەوە.

**- لە نێوان ئیسلامی سیاسی و دیموکراسیدا خاڵی هاوبەش هەیە؟**

* ئیسلامی سیاسی یەك تەوژم نییە، وەك هەموو هێزە ئایدیۆلۆجییەکان لە توندڕەوی و میانڕەوییاندا لە سفرەوە دەست پێ دەکەن تا سەد. بەڵام بەگشتی بەسەر دوو هێزی سەرەکیدا دابەش بووە، هێزێکیان کە گرووپە سەلەفی و رادیکاڵەکانن، هێڵێکی چەپوچواریان بەسەر دیموکراسییەتدا هێناوە، بە کوفری دادەنێن و پێیان وایە لە ئیسلامدا حوکم بۆ خوایە نەك بۆ گەل و فرە لایەنی و دەنگدان و بنەمای شەرعیەتی رای زۆرینە رەت دەکەنەوە. (بڕوانە: حكم الاسلام فی الدیمقراطیه والتعددیه الحزبیه، عبدالمنعم مصطفێ حلیمه (ابوبصیر)، لا ۷، لا ۹٦ و لا ۱۱۲. بڕوانە: سەرەتایەك لەبارەی جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی، عومەر عەلی غەفوور، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس لا ۱۸۱-۱۸۲).

لە بەرامبەردا تەوژمێکی تریان کە رەنگە بەرفراوانترین رەوتی تەوژمی ئیسلامی سیاسی بێ، لە سەروویانەوە ئیخوان موسلیمین کە بە دایکی بزووتنەوە ئیسلامییەکان ناوزەد کراوە، ئەمانە پێیان وایە ئەگەرچی لە بیری ئیسلامیدا جیاواز لە بیری لیبراڵی کە پێی وایە حوکم لە گەلەوە و بۆ گەلە، حوکم وەك بنەڕەت و تیۆر و مەرجەعیەت بۆ خوایە، بەڵام لە پراکتیکدا ئەوە گەلە کە لەسەر بناغەی بەها و پێوەرە ئیسلامییەکان، نەك بەها لیبراڵییەکان بە رەهایی، حوکمڕانەکان هەڵدەبژێرێ و چاودێرییان

دەکـات و ئـەگـەر سـتـەمـکـاریـیـان کـرد لایـان دەدا. واتـە چـوارچـێوە و میـکـانـیـزمـەکـانـی دیموکراسییـەتـی لیبرالّی بە ناواخن و مەرجەعیەتێکی ئـایـنـی پڕ دەکـەنـەوە. (لـەبـارەی ئـەو ڕەوتـە ئـیسلامـییـانـەیش کـە چـەمکی دیموکراسییـەتیـان قـبـووڵ کردووە، خـوێـنـەر دەتوانـێ سـەیری کتێبـەکانی ڕاشد غەنوشی، یوسف قەرزاوی، تەها جابر ئەلعەلوانی و جەودەت سەعید بکا).

بەڵام کێشە لەگەڵ ئەم تەوژمە لەوەدایە لای ئەمانیش هێشتا لە رووی تـیـۆریـیـەوە بـەتـەواوی ورد نـەکـراوەتـەوە ئـاخـۆ قـبـووڵـکـردنـی ئـەو دیموکراسییەتە تەنیا جۆرێك لە خۆپارێزی (توقیە)یە، ئاخۆ کارتێکرانە بە کـولـتـووری زاڵـی سـەردەم کـە دیموکـراسیـیـەت یـەکـێك لـە چـەمـکـە جـەوهـەریـیـەکـانـیـیـەتـی و لـێرەشەوە قـەنـاعـەتـەکـەیـان قـەنـاعـەتێکی قـۆنـاغـبـەنـدە، یـان هـەر بـە ڕاسـتـی ئـەوان بـاوەڕیـان بـە کـۆی بیرۆکـەی دیموکراسییەت – بەواتا لیبراڵییەکەی– هەیە و کێشە فیکرییەکانیان لەو خـاڵانـەی لـەگـەڵ ئـەو جـۆرە لـە دیموکـراسیـیـەت تـێك دەگـیـرێ سـاغ کـردووەتـەوە، هـەروەهـا ئـاخـۆ سنـووری ئـەو دیموکـراسیـیـەتـەی ئـەوان بـاوەڕیـان پێیەتی چەندە و چ بوارێك دەگرێتەوە و تا کوێ بڕ دەکات و ئاخۆ تەنیا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و دواتر تێی هەڵدەدەن، وەك زۆر لە ڕکابەرە عەلمانییەکانیان باوەڕیان وایە، یان تا سەر پێوەی پابەند دەبن و دیموکراسییەتێکی کراوە بەرهەم دێنن. ئەمانە و چەندین لایەنی تریشی هێشتا بە تەمومژاوی و کرچ و کاڵی ماوەتەوە و زانیاریی وردمان لەبارەیەوە نییە.

لـەلایـەکـی تـرەوە لـە ڕووە پـراکـتـیـکـیشیـیـەوە ئـەزمـوونـە سیـاسیـیـە ئیسلامییەکان نموونەیەکی گەشیان لەبارەی دیموکراسییەتێکی ئیسلامی پـێشکـێش نـەکـردووە تـا بـیـکـەیـنـە نموونـە بـۆ نـاسینـی ئـەو ئـەزمـوونـەی پـێشکـێشی دەکـەن. بـۆیـە دەبـێ زیـاتـر چـاوەڕوان بین تـا بـزانین پـاش

گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی و باڵادەستیی ئیسلامی سیاسی لەم قۆناغەدا چۆن سیاسەت دەکەن.

میسر (ئیخوان)

* بنیامین بن الیعازر دەڵێ "وەزیری پێشووی ئیسرائیل پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ ئیسلامییەکاندا بکەین، بەڵام بەر لەمەش دەبێ خۆمان بۆ شەڕ ئامادە بکەین، چونکە مورسی هەر لە ئێستاوە لەگەڵ ئێران نێزیک بووەتەوە و داوای گەڕانەوەی هاوسەنگی دەکا بۆ سیاسەتی دەرەوەی میسر.

* ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵی رابردووی گفتوگۆکانی پرۆسەی ئاشتیی عەرەب – ئیسرائیل و ئیسرائیل – فەڵەستین پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان بە ئاراستەی ئاساییکردنەوەی بوون و پێوەندییەکانی ئەو قەوارە عیبرییە لەگەڵ دەوروبەری عەرەبی و ئیسلامییەکەی، بەتایبەت لەسەر ئاستی جەماوەر و شەقام و بەتایبەتتریش لەسەر ئاستی بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی لێ نەکەوتووەتەوە، بۆیە تا ئێستا وەك تەنێکی نامۆ ماوەتەوە و تەنانەت ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەیش کە پێوەندیی دیپلۆماسییان هەیە وەك میسر و قەتەر و ئوردن ئەو پێوەندییە زۆر زەق ناکەنەوە و بەرگریی لێ ناکەن. پێوەندییەکانیشی لەگەڵ تورکیا کە هاوپەیمانی ستراتیجیی تەلئەبیب بوو لە ناوچەکەدا لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٠ەوە بەهۆی کوشتنی نۆ هاووڵاتیی تورك لە کەشتیی ئازادی لە ئاوەکانی کەرتی غەزە لەلایەن هێزە تایبەتەکانی ئیسرائیلەوە، لە دۆخێکی زۆر خراپدایە و تورکیا ئامادە نییە ئەو پێوەندییانە ئاسایی بکاتەوە تا ئیسرائیل لەسەر ئەو رووداوە داوای لێبووردن نەکات و قەرەبووی زیانلێکەوتووانی نەکاتەوە، کە تا ئێستا تەلئەبیب بەو مەرجە قایل نەبووە.

تا ئێستا جگە لە پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتداری تورکیا کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا دانی بە ئیسرائیلدا ناوە، هیچ هێزێکی ئیسلامی سیاسی یاخۆ پاشخان ئاینی لە ناوچەکەدا دانی بەبوونی ئیسرائیلدا نەناوە و بزووتنەوەی حەماسی ئیسلامیی فەڵەستینیش بەرەی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزانەیە لەگەڵ ئیسرائیل. هەر بۆیە لەگەڵ بەهێزبوونی پێگە و دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا ئیسرائیل دەکەوێتە قۆناغێکی سیاسیی دژوار و ڕووبەڕووی گژبەرییەکی گەورە دەبێتەوە، کە ئەویش گەیشتنی ئەو هێزانەیە بە دەسەڵات کە دان بەبوونیدا نانێن و بەگژداچوونەوەی بە بەشێك لە ئەرکە عەقائیدییەکانی خۆیان دەزانن، بۆیە ستراتیجیەتی داهاتووی ئەو قەوارە عیبرییە سەخت و دژوار دەبێ، چونکە راگەیاندنی نەیاری بۆ ئەو واقیعە نوێیە گۆشەگیرییە ئیقلیمییەکەی زیاتر دەکا، هەر بۆیە ناچارە هەوڵ بدا دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو واقیعەدا نەرم بکات، هاوکات دەبێ هەست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی قووڵیش بکا لە داهاتوویەکی نادیار لە سایەی ئەو دۆخە نوێیەدا.

بەڵام دیسان دەمێنێتەوە ئەوەی ئاخۆ ئەو هێزە ئیسلامییانە لە دەسەڵات و دەوڵەتیشدا بە هەمان نەفەسی ئۆپۆزسیۆن و هێزی سیاسیی دەستکراوە لەگەڵ گرێی ئیسرائیل، کە هاوپەیمانی ستراتیجیی ئەمەریکایە و واشنتۆن پاراستنی ئاسایشی ئەو وڵاتە بە بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەییی خۆی دادەنێ، مامەڵە دەکەن، یان پراگماتییانە و بەو شێوەیەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هەلومەرجی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەیخوازێ رەفتار دەکەن.

بەبڕوای من ئیسلامی سیاسی ناچێتە جەنگێکی سەربازییەوە لەگەڵ تەلئەبیب و هەوڵیش نادا لە یەکەم ئەزموونی دەسەڵاتداریی خۆیدا ململانێکردن لەگەڵ ئیسرائیل بکاتە ئەولەویەتی کارنامەی خۆی و

بەوەیش لە نۆبەرەی حوکمڕانیکردنیدا ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە بخاتە مەترسییەوە، بەتایبەت کە حەماسی فەڵەستینی خۆی، ئەگەرچی بە ڕەسمی دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا نەناوە، ئاگربەستێکی کراوەی بەناوی هێورکردنەوە (التهدئە) لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگەیاندووە و وتووێژی تەکنیکی و ئیداری لە نێوان هەردوولادا هەیە. هەر بۆیە نێزیکترین سیناریۆ لە واقیعەوە ئەوەیە ئەو هێزانە سیاسەتی "من لە ماڵی خۆم و تۆ لە ماڵی خۆت" لەگەڵ ئیسرائیل پەیڕەو بکەن و لانی کەم تا مەودایەکی دوور یان نیمچە دووریش نایکەنە کێشی پلەیەکی خۆیان و زیاتر بایەخ بە مەلەفەکانی ناوەخۆ دەدەن، لە سەروویانەوە چارەسەری هەژاری و بێکاری کە بەهۆیانەوە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی تەقینەوە. بۆیە نە ڕێککەوتننامەی ئاشتیی لەگەڵ ئیمزا دەکەن، نە جاڕی جەنگیشی لەگەڵ دەدەن، بەڵام ئاساییە کە سیاسەتی بایکۆتکردن بووبووژێننەوە و کار بۆ گۆشەگیرکردنی تەلئەبیب لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە بکەن.

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، هەروەها کۆواری (ئایدیا)، ئابی ٢٠١٢

## پەراوێزەکان

١. ئەو شۆڕشە شۆڕشی گەلانی ئێران بوو بەگشتی و لە یەك دووساڵی سەرەتایشدا هەموو هێزە جیاوازەکان، بە ئاینی و عەلمانی و نەتەوەییەوە لە چالاکیی سیاسییان بەردەوام بوون، تەنانەت یەکەم سەرکۆماری ئێران کە ئەبولحەسەن بەنی سەدر بوو و لە ٤ی شوباتی ١٩٨٠ تا ٢١ حوزەیرانی ١٩٨١ سەرکۆمار بوو سەر بەپیاوانی ئاینی نەبوو و دواتریش لە ئێران هەڵات، بەڵام ئەو هێزانە نەیانتوانی پێکەوە هەڵبکەن و کەوتنە پاکتاوکردنی فیزیکیی یەکتر و سەرەنجام شەڕەکە لە بەرژەوەندیی تەوژمە ئیسلامییە شیعییەکەی ئیمام خومەینی کۆتاییی هات. فەهمی هوەیدی دەڵێ لە دیمانەیەکمدا لەگەڵ یەکێك لە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی رەخنەم لەوە گرت کە ئەوان بە زەبروزەنگ ڕکابەرەکانیان لە گۆڕەپانەکەدا پاکتاو کرد و کردە دەرەوە، ئەویش وەڵامی دایەوە "ئەگەر ئێمە وامان لەوان نەکردایە، ئەوان وایان لە ئێمە دەکرد". بڕوانە: ايران من الداخل، فهمي الهويدي.

ئەوە بوو لە ٢٦ حوزەیرانی ١٩٨٦ لە تاران تەقە لە عەلی خامەنەیی ڕابەری باڵای ئێستەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا و بەهۆیەوە دەستی ڕاستی پووچ بوو، هەروەها لە تەقینەوەیەکدا کە لە ئابی ١٩٨١ تەلاری ئەنجوومەنی وەزیرانی کردە ئامانج، محەمەد عەلی رەجائی (١٩٣٣–١٩٨١) دووەم سەرکۆمار کە پاش بەنی سەدر پۆستەکەی وەرگرت کوژرا.

٢. خەلافەتی عوسمانی لە قۆناغەکانی کۆتاییدا بڕستی لەبەر بڕابوو و لێرە و لەوێ شۆڕشی ناوەخۆیی لە دژی دەسەڵاتەکەی دەکرا، بەڵام لەو قۆناغەدا هێشتا ئەسڵی دامەزراوەی خەلافەت لەلایەن شەقامە موسڵمانەکەوە وەك دامەزراوەیەکی سیاسی–ئاینیی پیرۆز سەیر دەکرا کە وەك عەلی شەریعەتی دەڵێ– گەلانی موسڵمانی کردبووە یەك قەوارەی سیاسیی ناودەوڵەتیی گەورە و شەڕەکە زیاتر لەسەر خاوەنداریەتیی خەلافەت بوو، هەر بۆیە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ئەستەمبوڵ، لێرە و لەوێ جموجوڵ بۆ گێڕانەوەی خەلافەت دەستی پێ کرد، ئەوە بوو حوسێن کوڕی عەلی خۆی وەك خەلیفەی موسڵمانان ڕاگەیاند. لە میسر

زانـاكـان بـەسـەرۆكـايـەتـيـی شێخـی ئـەزهـەر كـۆبـوونـەوەيـەكـيـان بـەست و لـە بـەيـاننـامـەيـەكدا داوای بـەستنی كۆنگرەيـەكی ئـاينيی ئيسلامييـان بـە بـەشداريی نـوێنـەرانـی گشت نـەتـەوە مـوسڵـمـانـەكـان كـرد، تـا وتـووێژ بـكـەن لـەبـارەی ئـەوەی خـەلافـەتی ئيسلامی بە كێ بسپێرێ. (بڕوانە: الاسلام والخلافة في العصر الحديث، د. محمد ضياء الدين الريس، ل٥-١٢).

تەنانەت باسی ئەوە دەكرێ بیرۆكەی دامەزراندنی رێكخراوی كۆنگرەی وڵاتانی ئيسلاميش هەر زادەی ئەو بۆشاييیە بوو كە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتەوە سەری هەڵدابوو.

هەروەها كۆمەڵی ئيخوان موسليمين كە ٤ ساڵ پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لەلايەن حەسەن بەنناوە دامەزرا و بە دايكی بزووتنەوەكانی ئيسلامی سياسی و بەرفراوانترينيان دادەنرێ، گێڕانەوەی خەلافەتی لە سەروو ئەركەكانيەوە داناوە. بەننا دەڵێ "ئيخوان باوەڕيان وايە خەلافەت رەمزی يەكەتيی ئيسلامی و رواڵەتی پـێكـەوە بـەسـتـرانـی نـەتـەوەكـانـی ئـيسلامـە، شەعـيرەيـەكـی ئـيسلامـيـيـە و لـەسـەر موسڵمانان واجبە بيری لێ بكەنەوە و بايەخی پێ بدەن. خەليفە بناغەی زۆرێك لە حوكمەكانی ئاينی خوايە.." بڕوانە: مجوعة رسائل الامام البنا، ج٢ ل٧٠-٧١.

بڕوانە: جەدەلی ئيسلامی و عەلمانی، عومەر عەلی غەفوور، چاپی دووەم، ٢٠٠٩، چاپخانەی ئاراس، ل٧٤-٧٩.

٣. فـۆكـۆ شكـانـدنـی شتـە بـاوەكـان و نـاعـەقڵانـيـيـەتـی داهـێنـەرانـەی لـە كـەسايـەتـيـی خومەينيدا دەبينی، هەر زۆر بەحەماسەوە پشتيوانيكردنی خۆی بۆ دەربڕی.

بۆ يەكەم جار لە ئەيلوولی ١٩٧٨ سەردانی ئێرانی كرد، پێشتريش لە تاراوگە خومەينی ديبوو. لە تشرينی دووەم/نۆڤەمبەری هەمان ساڵيش سەردانی ئێرانی كرد و لـە هـەردوو سەردانـەكـەدا وەك پـەيـامـنـێری رۆژنـامـەی ئـيـتـاڵـيـايـی نـاسراو (كورير ديلا سيرا) كاری دەكرد.

فۆكۆ پێی وابوو ئێران شۆڕشێكی تاكانە بەخۆوە دەبينێ كە هاوشێوەی شۆڕشە نوێكان نييە و بەدەوری پنتێكدا دەخولێتەوە كە تەواو جياوازە، ئەويش "سياسەتی رۆحانييە".

دوای ئەوەی خومەينی لە شوباتی ١٩٧٩ دەسەڵاتی وەرگرت، فۆكۆ لە وتارێكيدا

بۆ رۆژنامەی کوریر دیلا سیرا بەناوی "بەرمیلە باروودێك ناوی ئیسلامە" دەڵێ "ئیسلام تەنیا ئاینێکی رووت نییە، بگرە رێگەی ژیانە، پابەندبوونە بە مێژوو و شارستانیەتێکەوە و دەرفەتی ئەوەی لە بەردەمدایە ببێتە بەرمیلێکی زەبەلاح لەسەر ئاستی ملیۆنان کەس".

بۆچوونەکانی فۆکۆ لەبارەی خومەینی و شۆڕشی ئیسلامییەوە لەلایەن زۆر لە بیرمەندەکانی ئەورووپاوە رەت کرایەوە بە (نافۆکۆیی) و شاز و ناکۆك لەگەڵ تێزی بیرکردنەوەی فۆکۆ و بەرەنجامی (حساباتی هەڵە)یان لە قەڵەم دا، هەندێکیش ئەویان بە "بانگخوازی خومەینیزم" وەسف کرد، تەنانەت فەیلەسووفی سیاسی جیمس میلەر نووسینەکانی فۆکۆی لەبارەی ئێرانەوە بە"گەمژەیی" دانا.

فۆکۆ لە وەڵامی ئەوانەی رەخنەیان لە بۆچوونەکانی لەمەڕ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەگرت جەختی کرد "یەکەم مەرج بۆ مامەڵەکردنێکی زیرەکانە لەگەڵ ئیسلام، دوورکەوتنەوەیە لە رق".

سەیری لێکۆڵینەوەیەکی هەردوو توێژەر جانیت ئافاری و کیفن ئەندرسۆن بکە، کە بەشیر سەعید کردوویەتییە عەرەبی و لە سایتی بیرمەندی ئیسلامیی سووری (جەودەت سەعید)دا بڵاو کراوەتەوە: http://jawdatsaid.ten.

و دەقە ئەسڵییەکەی لەم لینکەدا هەیە: www.wpunj.edu.

٤. لە ٢٩-٢-٢٠٠٩ ئەردۆگان هۆڵی مونتەدای داڤۆسی بەجێ هێشت پاش ئەوەی لە سیمینارێکدا کە شیمۆن پێریزی سەرۆکی ئیسرائیلیش ئامادە بوو، رەخنەی توندی لە هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزە و کوشتنی فەڵەستینییەکان گرت و وەك نارەزایی لە دژی پێنەدانی کاتی تەواو بۆ قسەکردن لەلایەن بەڕێوەبەری کۆڕەکەوە هۆڵەکەی بەجێ هێشت و بەو هۆیەوە لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتەکەی وەك پاڵەوانێك پێشوازیی لێ کرا. ئەمە جگە لەوەی هەڵوێستەکەی بوو بە مایەی خۆشحاڵیی شەقامی عەرەبی. عەمر مووسا کە ئەو کات ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی بوو و لە هەمان کۆڕدا ئامادە بوو، وەك لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا دیارە، لەگەڵ هەستانی ئەردۆگان لەبەری هەڵدەسێ و بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ دەکا.

٥. لەبارەی سامانی دەوڵەمەندەکانی جیهانەوە سەیری ئەم لینکانە بکە:

http:///ar.wikipedia.org
http://forum.sa-l.com/t40661.html
http://maghreb.me/showthread.php?t=24636
http://www.dostor.org/society-and-people/variety/10/july/22/23036

٦. رەنگە باسکردن لە کودەتاکانی وڵاتانی عەرەبی و رۆهەڵاتی ناوەڕاست هێندە سەرکردن بەناو سەرچاوە مێژوویییەکانی نەوێ، چونکە لە زۆربەی وڵاتان کودەتای سەربازی باو بووە، بۆ نموونە کودەتای زوباتی ئەحرار (محەمەد نەجیب و جەمال عەبدولناسر) لە میسر لە ٢٣ تەمووزی ١٩٥٢، کودەتای قەزافی (سەرکردەی فاتیح) لە لیبیا لە ١ ئەیلوولی ١٩٦٩ کە تا مردیش بە عەقید قەزافی ناسرابوو، تا کودەتای بەعس لە سووریا لە ٨ ئاداری ١٩٦٣، کودەتای محەمەد زیائولحەق لە ٥ تەمووزی ١٩٧٧ و کودەتای پەروێز موشەڕەف لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ لە پاکستان، کودەتای نومێری لە ٢٥ ئایاری ١٩٦٩ و عومەر بەشیر ٣٠ حوزەیرانی ١٩٨٩ لە سوودان، کودەتای محەمەد ولد عەبدولعەزیزی مۆریتانیا لە ٦ ئابی ١٩٨٨، کودەتاکانی سوپا لە تورکیا زنجیرە کودەتاکانی عێراق:

لە ساڵی ١٩٣٦سوپای عێراق یەکەم کودەتای بەسەرکردایەتیی فەریق بەکر سدقی فەرماندەی فیرقەی دووەم کرد و حکوومەتێکی نوێی پێك هێنا. لە ١٤ تەمووز/یۆلیۆی ١٩٥٨دا سوپا کودەتایەکی بەسەرکردایەتیی عەبدولکەریم قاسم لە دژی سیستمی پاشایەتی ئەنجام دا، لە ١٩٦٣دا سوپا کودەتای بەسەر قاسمدا کرد و لە ١٩٦٨یشدا کودەتایەکی تری کرد و حزبی بەعسی گەیاندە دەسەڵات.

٧. حەسەن بەننا دامەزرێنەر و یەکەم مورشیدی ئیخوان کە لە نێوان ١٩٢٨-١٩٤٩ رابەرایەتیی کرد، کۆمەڵەکە ٧ مورشیدی هەبووە، ئەوانیش حەسەن هوزەیبی کە زۆرترین ماوە لە پۆستەکەیدا بووە (١٩٤٩-١٩٧٣)، عومەر تەلموسانی، محەمەد حامید ئەبونەسر، مستەفا مەشهوور، محەمەد مەئموون هوزەیبی کە کەمترین ماوە لە پۆستەکەیدا بووە کە تەنیا دوو ساڵ بووە، محەمەد مەهدی عاکیف و دواینیان کە مورشیدی ئێستە محەمەد بەدیعە و لە ١٦ حوزەیران/یۆنیۆی ساڵی ٢٠١٠ پۆستەکەی وەرگرت.

لەبارەی فیکری ئیخوانەوە، حەسەن بەننا لە پەیامیدا  بۆ کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەکە، کۆمەڵی ئیخوان موسلیمین پێناسە دەکا بەوەی "کۆمەڵێکی ئیسلاحیی هەمەگیرە و تێگەیشتنێکی هەمەگیری بۆ ئیسلام هەیە و هەموو بوارەکانی چاکسازی لە ئۆمەتدا دەگرێتەوە"

ئەنجا پێناسەکە ورد دەکاتەوە و دەڵێ "بانگەوازی ئیخوان:

بانگەشەیەکی سەلەفییە و بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ ئیسلام و بنەما پوختەکانی قورئان و سوننە دەکەن، تەریقەتێکی سوننییە و خۆیان پابەند دەکەن بە سوننەتی پاکەوە لە هەموو شتێکدا. هەقیقەتێکی سۆفییانەیە و پێیان وایە بناغەی چاکی پاکیی دەروونە و سینەسافی و برایەتیی خواییە. دەستەیەکی سیاسییە و داوای چاکسازیکردن دەکەن لە دەسەڵاتدا. کۆمەڵەیەکی وەرزشییە و بایەخ بەتەندروستی دەدەن و بڕواداری بەهێزیان لە هی لاواز پێ باشترە. دامەزراوەیەکی زانستیی رۆشنبیرییە، چونکە لە ئیسلامدا بەهرەمەندبوون لە زانست فەرزە. کۆمپانیایەکی ئابوورییە و پێیان وایە ئیسلام بایەخ بە کاروباری دارایی دەدا. بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتییە و بایەخ بە کێشەکانی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنیان دەدا. واتە بیری ئیخوان لەسەر بنەمای هەمەگیریی واتای ئیسلام دامەزراوە، کە هەمەگیرە و بایەخی بە هەموو بوارەکانی ژیان و دنیا و دین داوە".

٨. سزاکان برێتی بوون لە قەدەغەکردنی گەشتی بەرپرسانی سووریا بۆ هیچ وڵاتێکی عەرەبی و بلۆککردنی سامانەکانیان، راگرتنی هەموو جۆرە مامەڵەیەك لەگەڵ بانکی ناوەندی و بانکی بازرگانیی سووریا و هەموو جۆرە مامەڵەیەکی بازرگانی لەگەڵ سووریا، بلۆککردنی سامانەکانی حکوومەتی سووریا.

عێراق و لبنان بەهۆی رەهەندە مەزهەبییەکەی حکوومەت لە عێراق و پێگەی حزبوڵڵا لە حکوومەتی لوبنانیدا دەنگیان بەو بڕیارە نەدا.

لە ١٥ کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ٢٠١١ رێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ (هیومان رایتس وۆچ) ناوی ٧٤ بەرپرسی رێژیمی سووریای بڵاو کردەوە، کە بەگوتەی رێکخراوەکە، بەرپرسن لە توندوتیژییەکانی رێژیم دژ بەخۆپێشاندەران لە نۆ مانگی رابردوودا و داوای لە ئەنجوومەنی ئاسایش کرد فایلی تاوانی ئەو بەرپرسانە رەوانەی دادگەی باڵای تاوانی ناودەوڵەتی بکا بۆ

لەدادگەدانیان.

هەریەك لە وەزیری بەرگری و سەرۆكی ئەركانی سوپا و بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی و سەرۆكی هەواڵگریی هێزە ئاسمانییەكانی سووریا لە ریزی ئەو ٧٤ بەرپرسانەدان لەلایەن هیومان رایتس ووچەوە تۆمەتبار كراون.

٩. بڕوانە ئەم لینكە: http://syrian.banouta.net/t2020-topic

١٠. لە مانگی كانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠١١وە خۆپێشاندانی نارەزایی بۆ داواكردنی چاكسازیی سیاسی و ئابووری لە ئوردن دەستی پێ كرد.

لە سەرەتاكانی نیسانی ٢٠١١ نێزیكەی ٢ هەزار كەس كۆ بوونەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و گۆڕینی دەستووریان كرد و بزووتنەوەی "لاوانی ٢٤ ئادار" بانگەشەیان بۆ كۆبوونەوەكە كرد كە لاوانی ئیسلامی و چەپ و سەربەخۆی لەخۆ گرتبوو.

شای ئوردن لە حوزەیرانی ٢٠١١ بەڵێنی دا چاكسازیگەلێك بكا كە ببێتە مایەی پێكهێنانی حكوومەتی زۆرینە و ئاماژەی بەپێكهێنانی لێژنەیەك بۆ لێكۆڵینەوە لە چۆنیەتیی هەمواركردنی دەستوور كرد، بەڵام خشتەیەكی زەمەنیی بۆ چاكسازی دانەنا. هەروەها بەڵێنی دا بەگژ هەموو شێوەكانی گەندەڵیدا بچێتەوە.

لە ٢٦ نیسانی ٢٠١١ شا لێژنەیەكی مەلەكی بۆ پێشنیازكردنی هەمواركردنی دەستوور پێك هێنا و لە ١٢ حوزەیرانی ٢٠١١ پێشنیازەكانی لێژنەكەی وەرگرت.

بەرەی كاری ئیسلامی (ئیخوان) كە گەورەترین هێزی ئۆپۆزسیۆنە، رای گەیاند ئەو هەمواركردنە دەستوورییانەی لێژنەیەكی مەلەكی پێشنیازی كردووە، وەڵامی خواستەكانی گەلی ئوردنی نییە و داوای هەمواركردنی مادەی ٣٥ی دەستووری كرد بەشێوەیەك "شا نوێنەری لیستی زۆرینە بۆ پێكهێنانی حكوومەت رابسپێرێ، هەروەها مادەی ٣٦ هەڵبوەشێتەوە ومادەی ٦٣ هەموار بكرێ و ئەنجوومەنی ئەعیان بەهەڵبژاردن بێ و تەنیا رۆڵێكی راوێژكارانەی شا نەبێ".

ئەنجوومەنی ئوممەی ئوردن لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی ئەعیان پێك دێ، ئەوەی یەكەم لە ١٢٠ ئەندام پێك دێ و هەر چوار ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێن، ئەنجوومەنی ئەعیانیش لە ٦٠ ئەندام پێك دێ و شا دایاندەنێ.

بڕوانە:

http://www.bbc.co.uk/arabic/middleeast/2011/06/110612_jordan_king_reform.shtm

١١. بڕوانە ئەم لینکانە:

http://jordanzad.com.print.php?id=72680
http://www.shihannews.net/article.aspx?articleno=21446

١٢. بۆ نووسینی ئەم مێژووە سوودم لە کتێبی "لە هەناوی ئیخوانەوە بۆ چەخماخەی چەك" ئامادەکردنی ئیدریس سیوەیلی، وەرگرتووە، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دەرچووە و بریتییە لە زنجیرەیەك دیمانە لەگەڵ ژمارەیەك لە کەسایەتی و سەرکردەکانی تەوژمی ئیسلامیی کوردستان، تێیدا ئەزموون و بیرەوەرییەکانی خۆیان لەبارەی سەرەتاکانی کاری ئیخوان موسلیمین و بزاوی ئیسلامی لە کوردستان دەگێڕنەوە.

١٣. لە رووداوەکانی ٢٠٠٥ی بادینانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسیاریەتیی هێرشەکانی گرتە ئەستۆ و بەو هۆیەوە نێچیرڤان بارزانی ئەندامی ئەو کاتی مەکتەبی سیاسیی پارتی و سەرۆکی کابینەی پێنجەم سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی کرد و داوای لێبووردنی کرد لەو رووداوە و لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە رێك کەوتن. بەڵام لە سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە ناوچەی بادینان لە ٢ کانوونی یەکەمی ٢٠١١، کە پاش سووتاندنی ژمارەیەك دوکانی مەساج و مەشرووب فرۆشتن لە زاخۆ لەلایەن سەتان نوێژخوێنی مزگەوتێکەوە هاتە کایە، یەکگرتوو ئەستۆپاکیی خۆی لە سووتاندنی ئەو شوێنانە دووپات کردەوە و لایەنگرانی پارتی و بەرپرسانی ئەمنیی ناوچەکەی بە بەرپرسیار دانا لە روودانی ئەو هێرشانە و بەو هۆیەوە شەڕێکی راگەیاندن لە نێوان هەردوو حزبدا سەری هەڵدا و بەرپرسانی پارتی رەتیان دەکردەوە ئەوان وەك حزب بەرپرس بن لە هێرشەکان، بەڵام نکووڵییان لەوە نەدەکرد کە ئەندامانیان کارەکەیان کردبێ. مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێم لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لەو رووداوە پێك هێنا کە لە راپۆرتەکەیدا لە ٢٥ دیسەمبەری ٢٠١١ ئاماژەی بەبوونی حاڵەتی هەڵنان لە میدیاکانی یەکگرتوو لە دژی مەساجەکان و هەروەها کەمتەرخەمیی بەرپرسانی ئەمنیی ناوچەکە و پارتی کرد لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو.

ماوەیەك پاش رووداوەکان بە میانگیریی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی

بڕیار بوو هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکگرتوو لە نووسینگەی باپیر لە هەولێر بۆ قسەکردن لەبارەی کێشەکەوە کۆ ببنەوە، شاندێکی باڵای پارتی بەسەرۆکایەتیی مەسروور بارزانی سەردانەکەیان کردن بەڵام شاندی یەکگرتوو نەهاتن و جەختیان لەوە کرد تا ئەندامە گیراوەکانمان ئازاد نەکرێن و پارتی داوای لێبووردن نەکات کۆ نابینەوە.

ساردیی نێوان هەردوو حزب بەردەوام بوو. لە کۆتاییی شوباتدا نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی لە وتارێکیدا کە لە ژمارەیەك لە ڕۆژنامەکانی پارتیدا بڵاو کرایەوە، ئامادەییی پارتی بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ یەکگرتوو دەربڕی و باسی لە بایەخی یەکڕیزیی کورد کرد، لە ١ ئاداری ٢٠١٢ شاندێکی باڵای پارتی بە سەرۆکایەتیی ناوبراو سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوویان کرد و لەگەڵ سەلاحەدین محەمەدی ئەمینداری گشتی و مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو کۆ بوونەوە. پاش کۆبوونەوەکە نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەش لەگەڵ ئەمینداری یەکگرتوو، کە ئەمەی دوایی هیچ قسەی تێدا نەکرد، ڕای گەیاند سەردانەکەی ئەوان لە داوای لێبووردن گەورەترە و بەڵێنی دا بەکردەوە هەموو کێشەکان چارەسەر بکەن.

١٤. دیاردەی خۆتەقاندنەوە یان خۆکوژی لە نیوەی دووەمی نەوەکاندا لە ڕێی فتوای هەندێ لە زانایانی ئاینییەوە و بەمەبەستی زەبروەشاندن لە ئیسرائیل ڕێگەی پێ درا و لەو کاتەوە بووە لای گرووپە ئیسلامییە جیهادییەکان لە سەرتاسەری دنیادا، لە سەروویانەوە ڕێکخراوی قاعیدە، کە یەکەمین کاری گەورەی لەو شێوەیە لە خۆپێداکێشانی دوو باڵەفڕەکە بە هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانیی جیهانی لە ١١ سێپتەمبەری ٢٠١١دا دەرکەوت، کە لەلایەن چەند ئەندامێکی خۆکوژیی قاعیدەوە ئاراستە کران و خۆیشیانی تێدا کوژران.

بە درێژاییی نێزیکەی سێ ساڵ شەڕی بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکێتیی نیشتمانی، کە سەتان چەکداری بزووتنەوەیان تێدا کوژرا، سەرکردایەتیی بزووتنەوە بەبیریدا نەهات پەنا بۆ هێرشی خۆکوژی ببا کە بەدڵنیاییەوە لە رووی سەربازییەوە سوودی لێ دەبینی. لە شەڕی نێوان موجاهیدینی ئەفغان و سۆڤیەت لە هەشتاکاندا شتی وا رووی نەدا، لە شەڕی نێوان موسڵمانانی بۆسنە و سربییەکان لە سەرەتای نەوەدەکان شتی وا رووی نەدا، لە شەڕی نێوان

گرووپەكانی جەماعەی ئیسلامیی جیهادی لە میسر و جەزائیر دژ بەحكوومەت رووی نەدا، تەنانەت بزووتنەوەی حەماسی ئیسلامیی فەڵەستین، كە بوو بە رچەشكێن و سەرقافڵەی ئەو شێوازە هێرشە، لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزرا، تا نیوەی دووەمی نەوەدەكان و دەرچوونی ئەو فتوایە، كە دڵنیا نیم كێ یەكەم كەس دەری كردووە، پەنای بۆ كاری خۆكوژی نەبرد.

هۆی ئەوەیش شتێكی سادەیە، ئەویش ئەوەیە لە شەریعەتی ئیسلامیدا خۆكوشتن تاوانێكی گەورەیە و بە دەقی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر (د.خ)، خۆكوشتن حەرامە.

١٥. بڕوانە: اصول الدعوة، عبدالكريم زيدان، لا ٩١.

١٦. خالید ئەبوڕیشە لە كردەیەكی خۆكوژیدا كوژرا و ئەحمەد ئەبوڕیشەی برای جێی گرتەوە. پێش لە كوژرانی، جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆكی ئەمەریكا بەتایبەتی سەردانی كرد.

١٧. داود ئۆغلۆ لە كتێبی "قووڵاییی ستراتیجی- پێگەی توركیا و ڕۆڵی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا"، شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوەی توركیا لە سەدەی بیستەم و سەرەتاكانی سەدەی بیست و یەكەمدا دەكا. ئەم كتێبە لەلایەن محەمەد جابر ئەلسەلجی و تاریق عەبدولجەلیلەوە كراوەتە عەرەبی و ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن سەنتەری جەزیرەوە بۆ لێكۆڵینەوە چاپ كراوە. ڕۆژنامەی (الحياة)ی لەندەنی بە سێ بەش لە ڕۆژانی ٧ و ٨ و ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٠ پوختەی كتێبەكەی بڵاو كردەوە.

پەیامی كتێبەكەی ئۆغلۆ ئەوەیە كە توركیا لە ڕابردوودا سیاسەتێكی دەرەكیی عەقڵانی نەبووە و پێویستە چاو بەو سیاسەتەدا بخشێنرێتەوە بەشێوەیەك ئەو سیاسەتە گەرەنتیی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییە ستراتیجییەكانی ئەنقەرە بكا.

هاوكات جەخت لەوە دەكا كە پێویستە توركیا و عەرەبەكان پێوەندییەكانیان لە كاریگەرییەكانی خڵتەوخاڵە سایكۆلۆجییە مێژووییە كەڵەكەبووەكان پاك بكەنەوە و لەسەر بناغەی عەقڵانییەت و بەرژەوەندیی دووسەرە پێوەندییەكانیان دابمەزرێننەوە.

بڕوانە: كۆواری (واتە)، ژمارە (٣)، نۆڤەمبەری ٢٠١٠.

١٨. بڕوانە ئەم لینكانە:

http://turkeyto.day.net/node/5721

http: // www. iq-Ic.com/vb/showthread.php?t=1023

١٩. بڕوانە:

http://ww.is1ammemo.cc/cu1ture-and-economy/2011/12/12/139807.htm1.

٢٠. ئەمەریکا لە هاتنی بۆ عێراق تا ئێستە (٢٠١٢)، پێنج باڵوێزی لە عێراق دەستبەکار بوون، بەم شێوەیە:

* جۆن نیگرۆپۆنتی (حوزەیرانی ٢٠٠٤ – نیسانی ٢٠٠٥).
* زەلمای خەلیلزاد (نیسانی ٢٠٠٥ – ئاداری ٢٠٠٧).
* رایان کرۆکەر (ئاداری ٢٠٠٧ – شوباتی ٢٠٠٩).
* کریستۆڤەر هێڵ (شوباتی ٢٠٠٩ تا تەمووزی ٢٠١٠).
* جێمس جیفری (تەمووزی ٢٠١٠–....).

٢١. رۆژنامەی (The Independent)ی بەریتانیایی لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی رۆژی ٢٠ حوزەیرانی ٢٠٠٦دا برووسکەکەی بڵاو کردووەتەوە.

٢٢. بڕوانە دیمانەکەی رۆژنامەی (هاوڵاتی) لەگەڵ نووسەر لە کۆتابەشی ئەم کتێبەدا.

٢٣. لە ٢٦ شوباتی ٢٠١٠ راپرسی لەسەر هەموارکردنی دەستووری سووریا بەڕێوە چوو و لە ٢٧ی مانگدا وەزارەتی ناوەخۆی سووریا رای گەیاند ٥٧,٤٪ی دەنگدەران بەشداریی راپرسییەکەیان کردووە و بە ٨٩,٤٪ بە بەڵێ دەنگیان پێ داوە و ٩٪ بە نەخێر. هەمان رۆژ ئەسەد لە مەرسوومێکدا رای گەیاند هەر لەمڕۆوە کار بەو دەستوورە دەکرێ.

٢٤. وەك رۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت)ی لەندەنی لە ١٩ ئادار بڵاوی کردووەتەوە، شای سعوودیە بڕیاری داوە مووچەی دوو مانگ بۆ گشت فەرمانبەرانی دەوڵەت بە مەدەنی و سەربازییەوە، هەروەها دەرماڵەی دوو مانگ بۆ هەموو قوتابیانی خوێندنی باڵا خەرج بکرێ.

مانگانە ٢ هەزار ریاڵی سعوودی (نێزیکەی ٦٠٠ دۆلاری ئەمەریکایی) بدرێتە

ئـەوانــەی بــە دوای کــاردا دەگــەڕێن لــە هــەردوو کــەرتــی گشتـی و تـایـبـەتـدا و ئاسانکاریی تەواویان بۆ بکرێ. لای خواری مووچەی فەرمانبەر و کرێی کرێکار بکرێتە ٣ هەزار ریاڵ (نێزیکەی هەزار دۆلار).

لە بڕیارەکان، تەرخانکردنی بڕی ٢٥٠ ملیار ریال بۆ دروستکردنی ٥٠٠ هەزار یەکەی نیشتەجێکردن لە سەرانسەری وڵاتدا بەمەبەستی دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتییاندا. دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کە راستەوخۆ بە شا عەبدوڵڵاوە پێوەست دەبێ و هەموو کەرتەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە.

دابـیـنـکـردنـی ٦٠ هــەزار پـلــەی وەزیـفـیـی سەربـازی لـە وەزارەتـی نـاوەخـۆ، تـەرخـانـکـردنـی بـڕی ٥٠٠ مـلـیـۆن ریـال بـۆ نـۆژەنـکـردنـەوەی مـزگـەوتـەکـان، تەرخانکردنی ١٦ ملیار ریاڵ بۆ کەرتی تەندروستی و پڕۆژە تەندروستییەکان و، تەرخانکردنی ٥٠٠ پلەی وەزیفی لە وەزارەتی بازرگانی بۆ چاودێریکردنی نرخی شتومەك لە بازاڕەکاندا، بەشێکی ترن لە بڕیارەکانی شا عەبدوڵڵا.

٢٥. بۆ نموونە بڕوانە: (المستقبل لهذا الدين) و (نحو مجتمع اسلامي) سەید قوتب، هەروەها نامیلکەی "المستقبل للاسلام" لە زنجیرەی "مفاهیم اسلامیة" بکە، کە وەك مەنهەجی پەروەردەیی و لە ئوسرەکانی یەکگرتووی ئیسلامیدا دەوترایەوە.

٢٦. لـە سەرەتـای ١٩٩٥ کـە هـێشتـا نـێزیـکـی سـاڵـێك بـوو یـەکـگـرتـووی ئـیسلامـیـی کـوردسـتـان وەك حـزب خـۆی راگـەیـانـدبـوو، لـە هـەڵـەبـجـە لـقـی هـەبـوو، من وەك ئیعلامی لەگەڵ ئەندامێکی لق (بە رەحمەت بێ عەبدوڵڵا حەمەتۆفیق بوو) وەك شانـدی لـق بـەشداریـی ڕێوڕەسمـی یـادی دامـەزرانـدنـی حزبـی شیـوعیـمـان کـرد و برووسکەیەکی پیرۆزبـاییمـان نووسی و خوێنرایەوە. لەسەر ئەوە بوو بە هەرا لەناو رێکخستندا کە چۆن دەبێ شاندی لق پیرۆزبایی لە حزبی شیوعی بکەن؟ کێشەکە گەیشتە مەڵبەند، کە بارەگای لە سلێمانی بوو و (هادی عەلی) بەرپرسی مەڵبەند بوو. بەرپرسی لق بانگ کرا و لە دانیشتنی مەڵبەنددا ئەو کێشەیە بەجیدی باس کرابوو. ئەوەی بوو بە شەفاعەت بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەوە بوو دەقی برووسکەکە (کە من نووسیبووم) خوێنرابووەوە و بەوە دڵیان سووکنایی هاتبوو کە ئەوە پیرۆزبایی نییە و رەخنەیە. راستییەکەی ئەو کات خۆیشم هەمان بیرکردنەوەم

هەبوو کە دروست نییە پیرۆزبایی لە حزبی شیوعی بکەین، بۆیە بەشێوەیەك برووسکەکەم دارشت کە لە مەقامی پیرۆزباییدا بێ، بەڵام بە ناوەرۆك رەخنە بێ.

جا وەرە بیر لەو جۆرە بیرکردنەوە ئوسووڵی ئاینییە رادیکاڵانەیەی سەرەتای ئیعلانی حزب و سیاسەت و ستایلی کاری ئێستەی یەکگرتوو بکە، کە ئەو مۆرکە ئاینییەی زۆر کاڵ بووەتەوە و زیاتر بەپێی لۆجیکێکی پراگماتییانەی سیاسی کار دەکا.

٢٧. وەك نووسەرێکی خاوەن ئیهتیماماتی فیکری، بەلای هەندێ لە حزبییەکانی یەکگرتووەوە لە نوێخوازەکان نزیك بووم، تا ئەو رادەیەی برادەرێك پێی وتم "کورەکەت لە خۆشیی ئەوان ناو ناوە ژیار". بەلای ژیارییەکانیشەوە ئەو کەسە بووم کە لە رووی فیکرییەوە تەنزیر بۆ حزب دەکەم و لە هێڵی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی رەوتی ژیاردام لەنێو توێژی قوتابیان و لاوانی یەکگرتوودا، بەتایبەت دوای ئەوەی لە سەرەتاکانی جیابوونەوەیاندا، لە هەفتەنامەی (یەکگرتوو) وتارێکی سێ ئەڵقەییم بەناونیشانی (قۆرخ و بەئایدیۆلۆجیاکردنی ئاین لە نێوان مدعی و مدعی علیە-دا) بڵاو کردەوە، کە تێیدا بەبێ ناوهێنان رەخنەم لە هەندێ لە بیرکردنەوەکانی ئەو رەوتە گرت. برادەرانی ژیار لە دانیشتنێکیاندا لەگەڵ چەند برادەرێکی ئەندامی ستافی کۆمەڵەی نووسەرانی یەکگرتوو نیگەرانییان لەبارەی ئەو وتارەوە دەربڕیبوو. لە بەرامبەردا یەکگرتوو پێی خۆش بوو، هەر بۆیە یەکگرتووی قوتابیان وتارەکەیان کردە نامیلکە و هەزار دانەیان بەناو ئەندامانی خۆیاندا بڵاو کردەوە. بەڵام راستییەکەی من نە لەو رەوتە نزیك بووم و نە پارێزەریم بۆ حزبیش دەکرد، تەنیا بۆچوونی خۆم دەردەبڕی.

٢٨. بڕوانە: الموسوعة السياسية. اشراف: د. عبدالوهاب الكيالي، وشەی: الثيوقراطية.

٢٩. بڕوانە: الطاغية، امام عبدالفتاح امام، لا ١٦١-١.

٣٠. بڕوانە: المال والحكم في الاسلام، عبدالقادر عودة لا١٤٠/ حول تطبيق الشريعة، محمد قطب لا ٣٤/ معالم في الطريق، سيد قطب لا١٠٥.

٣١. بڕوانە: الاسلام بين الشرق والغرب، علي عزت بيجوفيتش.

٣٢. مقدمة ابن خلدون، لا٩١-